# هێمن و بۆنی غەریبی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# هێمن و بۆنی غەریبی

محەمەد فەریق حەسەن



ناوی کتێب: هێمن و بۆنی غەریبی – لێکۆڵینەوە
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨١٣
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧٦ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# ئەحمەدییەی حەڵەب

ڕەنگە ئەحمەدییەی حەڵەب ١١٦٦ی کۆچی

یەکەمین ئامۆژگەی کوردیی بێ لە مێژوودا

## نەقابەی وجاخزادەکانی حەڵەب:

بەرلەوەی بێینە سەر کرۆکی باسەکەمان، واچاکە شتێک لە بارەی نەقابەی وجاخزادەکانی (نقابە الاشراف) شاری حەڵەبەوە بدوێین. چونکە لە سەرچەمی ئەو کتێبانەدا، کە ئەم کورتە مێژووەیان لەبەر ڕۆشنایی نووسراوە، ناوی هاتووە. ئەم نەقابەیە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، بەوەی خەڵکی هان داوە چاوی لێ بکەن و شوێنپێی هەڵبگرن، کاریگەریی زۆر و جێدەستی دیاری لەسەر ڕەوشی پەروەردە و فێرکردن داناوە.

دیارە ئەندامانی ئەم نەقابەیە، کەسانی تەواو دەستڕۆیشتوو بوون و قسەیان بڕی کردووە. ئەم تواناو دەستەڵاتەشیان بە سوودو چاکە بۆ خەڵکی شاری حەڵەب شکاوەتەوە.. مستەفای کوڕی تەها، کە لەساڵی١٠٩١ی کۆچیدا، لە حەڵەب کۆچی دوایی کردووە، نەقیبی وەجاخزادەکانی حەڵەب بووە. نەوەی زۆری لێ کەوتۆتەوە. وەچەکانی، کە بە تەهازادە ئال چەلەبی ناسراون و دامەزرێنەری ئەحمەدییەی حەڵەبیش یەکێکە لەوان؛ بەردەوام ئەندام یان سەرۆکی ئەم نەقابەیە بوون. گەورە شاعیرانی سەردەمی خۆیان شیعری پەسەندان و





پیاهەڵدانیان بۆ نووسیون. لە مەرگیشیاندا شیوەنیان بۆ گێڕاون. بۆ نموونە شاعیر، عبد السلام النابلسي، شیوەننامەیەکی بۆ کۆچی دوایی (طه زادە) نووسیوە، تێیدا هاتووە:

علی روح طه العطر روح وریحان

وفي جنة الفردوس یلقاه رضوان

ئەم بنەماڵەیە بەچەلەبی ناسراون، نەهۆ، واتە ساڵی (٢٠٠٥) بەتەمەنترین وەچەیان (هیشام چەلەبی)ی (٧٧) ساڵەیە، کە لە وڵاتی دانیمارک دەژی.

## ئەحمەدەفەندی تەهازادە کێیە؟

قازیی، ئەحمەدەفەندی تەهازادەی ناسراو بەچەلەبی، کە لە ساڵی ١١٨٧ی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە، دامەزرێنەری ئامۆژگەی ئەحمەدییەیەو خانەدانێکی ئەم بنەماڵەیە بووە.. ئەم زاتە، زانایەکی بەخشندەی زانست دۆستی ئەوتۆیە، شیاوی ئەوەیە تەرجەمەی حاڵی بنووسرێ و کورد لە ئێستاو داهاتووشدا بیناسێ و بەمێژووی ئاشنابێ. ئەم پیاوە کورد دۆستە ساڵی ١١٤٧ ک، بۆتە سەرۆکی نەقابەی خانەدانەکانی شاری حەڵەب و شاعیر (محمد بن علي الجمالي) بە قەسیدەیەک پیرۆزبایی ئەم پلە و پایەیەی لێ کردووە.

لە ساڵی ١١٤٩ دا، جارێکی دی ئەم پلەیەی پێ بەخشراوەتەوە. ناوبراو لە ١١٥٩دا، بۆتە قازیی شاری قودس. پاشان لە ١١٦٣دا بۆتە قازیی شاری بەغدا.

## کتێبخانەی ئەحمەدییە:

ئەم پیاوە وەک خۆی زانا بووە، زۆریشی ئارەزوو لە کڕینی کتێبی بەنرخ بووە. وێڕای ئەوە، هاتووە بەدەستخەتی خۆی، ژمارەیەکی زۆر کتێبی بەنرخی کۆپی کردووە.. لە ساڵی ١١٦٥ دا، گەڕاوەتەوە بۆ حەڵەبی زێدی و لەوێ لە گەڕەکی جەللوم (محلة الجلوم) دەستی بەدروستکردنی قوتابخانەیەک کردووە. یان ڕاستتر وایە لەبەر ئەو هۆیانەی، کە پاشان باسیان لێوە دەکەین، بە(ئامۆژگە) ناوی بێنین.

شوێنی ئامۆژگەکەیش بەرامبەر بەمزگەوتی (بەهرامییە) هەڵکەوتووە. ناویشی ناوە (ئەحمەدییە) و وەقفی کردووە. هەموو ئەو کتێبانەشی، کە کۆی کردبوونەوە، لەوێ دایناون و ئەوانیشی دەستووری ئامۆژگەکە وەقف کردووە.. وێڕای کتێب گەلێک ئامێری فەلەکیی دەگمەنیشی بۆ ئامۆژگەکەی پەیدا کردووە.. ژمارەی کتێبەکانیش (٣٠٠٠) بوون و هەمووشیان جزوبەند کراون.

ئەحمەدەفەندی تەهازادە، لە یەکەم لاپەڕەی پێڕستی کتێبخانەکەدا نووسیویێتی: (ئەم کتێبانە تایبەتن بە مەدرەسەی ئەحمەدییە. هیچ کەسێک بۆی نییە بەنیازی خوێندنەوە، یان لەبەرگرتنەوەیان. لەم کتێبخانەیە بیانباتە دەرەوە. ئەو کەسەشی دەخوازێ بیانخوێنێتەوە، یان لەبەریان بگرێتەوە، با لەو چوار ڕۆژەدا، کە بۆ کتێب خواستن تەرخان کراون: یەکشەممە، دووشەممە، چوارشەممەو پێنجشەممە؛ سەری کتێبخانەکە بدات و بەئارەزووی خۆی بخوێنێتەوە یان لەبەریان بنووسێتەوە.) مێژووی نووسینی ئەم پێشەکییە گرنگەیش ١١٦٦ی کۆچییە.





## ئامۆژگەی ئەحمەدییەی حەڵەب:

ئەحمەدەفەندی تەهازادە، ناسراو بەچەلەبی، لە وەقفنامەکەیدا، ساڵی ١١٦٦ ک، کۆمەڵێک پێشمەرجی داناوە و نووسیویێتی، کە لەسەر حسابی ئەو وەقفە زۆرانەی، کە بەرەوڕووی دەکرێنەوە دەبێ چاکسازیی لەم مەدرەسەیەدا بکرێ، هەرکاتێک تووشی زیان هات. هەروەها دەبێ مووچەی مامۆستا و تەواوی کارمەندانی ئەحمەدییە؛ هەر لەو وەقفانە دەربچێ. دەبێ پاش مەرگی، نەوەی خۆی سەرپەرشتیی بکات. بەمەرجێک نێرینە بێ.. لەبری بەڕێوەبەر یان ڕاگری ئامۆژگە، وشەی (متولی) ی بەکارهێناوە. مێینەکان بۆیان نییە سەرپەرشتیی ئەم دامەزراوەیە بکەن. دەبێ مامۆستایانی ئەم قوتابخانەیە (زانا) بن و هەموو زانستە عەقلی و نەقلییەکانیان خوێندبێ. دەبێ مامۆستاکان تەنیاو تەنیا لە کوردەکانی پشتی موسڵ (ماوراء الموصل) و کۆیسنجەق و سنجەقی بابا (صنجق بابا)؛ یاخود ناوچەی سۆران (صوران)، یان لە غەیری ئەوان بن بەڵام بەمەرجێ زانای کورد بن...

دیارە مەبەستیشی لە سنجەقی بابا، ئیالەتی بابان، یاخود ئیمارەتی بابانە، کە دروست لەو سەروبەندەدا، سەلیم پاشای بابان لە قەڵاچوالان میر بووە. چونکە نێوبراو لە نێوان ساڵانی ١١٦٤ ــ ١١٧٢ ی کۆچیدا میرایەتیی کردووە.. بڕوانە: (شهرزور السليمانية. العزاوي، عباس، راجعه وعلق عليه: محمد علي القرداغي، بغداد، ٢٠٠٠، ص/١٨٩)

ئەحمەدەفەندی نووسیویێتی: دەبێ ڕۆژانی دووشەممە و پێنجشەممە، وانەی تەفسیر بڵێنەوە. ڕۆژەکانی دیکە، بێجگە لە هەینی، ئەو بابەتانە

بڵێنەوە، کە خۆیان دەخوازن و لەناو زانستەکاندا هەڵیاندەبژێرن.

ئەحمەدەفەندی بەرامبەر بەم ئەرکە، ڕۆژانەی بە عوسمانیی زیو بۆ دیاری کردوون. جێی باسە بەوردیی مووچەی بۆ هەموو مامۆستاو کارمەندانی ئامۆژگە دیاری کردووە. یەکەم مامۆستای ئەم ئامۆژگەیەش، کە بە فەرمانی خۆی دامەزراوە، محەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی عومەری کوردیی خەڵکی کۆیسنجەقە.. بەڵێ ئەم زانایە مامۆستای یەکەمی مەدرەسەکە بووە.

ئەحمەدەفەندی تەهازادەی ناسراو بەچەلەبی دەڵێ: هەرکاتێک مامۆستای یەکەمی ئەم مەدرەسەیە، لەبەر هەر هۆیەک دەستی کێشایەوە، ئەوا مەرجەو دەبێ جڵەوی وانە وتنەوە بدرێتە دەستی یەکێک لەو مامۆستا کوردانەی، کە باسمان لێوەکردن..

وەک بەدیار دەکەوێ ئامۆژگەکە (١٠) ژووری وانەوتنەوەی هەبووە. بەم پێیە. دە زانای کورد مامۆستاو دەی دیکە جێگر (معید) بوون... تەهازادە دەفەرموێ: ئەگەر لە خودی مەدرەسەکەدا، کەسێکی پایەداری لەوجۆرەی باسمان کرد دەست نەکەوت، ئەوا دەبێ لە حەڵەبدا لە دووی زانایەکی کوردی لەوجۆرە بگەڕێین و کاری وانە وتنەوەی پێ بسپێرن. ئەگەر شایەدا لە شاریش دەست نەکەوت. دەبێ ئەو ئەندامی بنەماڵەیەی وا سەرپەرشتی وەقف دەکات (متولی) بە بریکاریی وانە وتنەوە بسپێرێتە مامۆستایەک، تا ئەو کاتەی مامۆستایانی کوردی ئەوتۆ، کە ئەو سیفەتانەیان تێدایە پەیدادەبن و دەگەنە شارەکەمان.. حەزرەتی چەلەبی دەفەرموێ: دەبێ هەر مامۆستایەو (معید)ێکی هەبێ.. مامۆستایان بۆخۆیان دەتوانن (معید) دامەزرێنن.. چەلەبی بۆخۆی کار و کرێی ڕۆژانەیانی دیاری کردووە.





هەروەها مەرجی داناوە. دەبێ هەموو ئەو خوێندکار و شاگردانەی لەو دە ژوورەی مەدرەسەکەدا دەخوێنن بەنەژاد کورد بن و لە کوردەکانی ئەو دەروبەرانە بن، کە باسمان کردن. نابێ کەسێکی خەڵکی ئەم شارەیان (حەڵەب) تێدابێ.. مەرجە ژنیان نەهێنابێ، ئەو قوتابییەشی ژنی هێنا، مافی خوێندنی لەم ئامۆژگەیەدا دەفەوتێ! هەر قوتابییەکیش بڕی هەشت عوسمانی ڕۆژانەی بووە. هەر بە مەرجێک ئامادەی وانەکانی بێت و ڕۆژانە جزمێک قورئان لە گۆڕستانی ئەم بنەماڵەیە بخوێنێ. مەرجیشی داناوە؛ دەبێ کتێبخانەکەی بەردەوام ئەمینداری جێی بڕوا بەڕێوەی ببات. تاکو کتێبەکان لە فەوتاندن پارێزراوبن. دەکرێ بڵێین: ئامۆژگەی ئەحمەدییەی حەڵەب، هاوزەمانە لەگەڵ مەدرەسەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ١١٦٤ی کۆچی و مەدرەسەی مەلا محەمەدی مەرگەیی ١١٦٧ی کۆچی. بڕوانە: (شهرزور السليمانية، ص/٢١٤ – ٢١٦).

## دیسان کتێبخانەی ئەحمەدییە:

محمد راغب طباخ، لە جزمی حەوتەمی کتێبەکەیدا بەناوی (اعلام النبلاء) دەڵێ: ئەم کتێبخانەیە گەورەترین و بەنرخترین نامەخانەی ئەو سەردەمەی شاری حەڵەبی شەهبایە. دەستی زەمان پاراستبووی. تەنیا چەند کتێبێکی نەبێ، وەک (بحر الانساب)، کە یەکێک بووە لە کتێبە هەرە بەنرخەکانی. لەودەمەدا، کە حاجی عەبدولقادر ئەفەندی چەلەبی، ئەمینداری بووە، ئەم کتێبەی بۆ (إبن الهدي أفندي الصيادي) ناردووە، لە ئەستانە، تاکو دانەیەکی لەبەر بنووسێتەوە و پاشان بۆی بنێرێتەوە. بەڵام ناوبراو نەیناردۆتەوە و بەسەریدا کۆچی دوایی کردووە.

لەم دواییەدا، کتێبخانەکە بەزۆریی داخراوە. ئەمیندار، کلیلەکانی داوەتە دەست کارگوزاری (خادم) مەدرەسەکە. ئەویش هەر کاتێک داوایان لێ کردبێ، دەرگەی کردۆتەوە. ئەمەیش پێچەوانەی مەرجی خاوەن وەقفە، کە دەبوایە لە هەفتەیەکدا چوار ڕۆژ دەرگەی ئاوەڵابێ و ئەمینداری کتێبخانە خۆی بەڕێوەی ببات نەک کارگوزار. هەروەها وەک پێویستیش لەسەر شێوەی نوێ پێڕست و پۆلێن نەکراوە. تاکو ئەم گەنجینە بەنرخە بەباشی و وەک پێویست سوود بەخوێنەر بگەیێنێ.

وەک هیشام چەلەبی دەڵێ: لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، کلیلی کتێبخانەکە کەوتە دەست ئەندامێکی بنەماڵە، کە گیرۆدەی ماددە سڕکەرەکان ببوو. ئەو لە ژێرەوە دەستی بە فرۆشتنی کتێبەکان کرد. کاتێ پێمانزانی مابووەوە سەر نزیکەی (٨٠٠) کتێبێ..

لەوەبەدوا بنەماڵەی چەلەبی بەدیاریی دایانە ئەوقاف.. تا لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، یاسای وەقف لە وڵاتی سوریا هەڵوەشایەوە. خانووبەرەکان درانەوە بە خاوەنەکانیان. کتێبخانەکەش ئێستا بەشێکە لە کتێبخانەی (ئەسەد) لە دیمەشق. ئەگەر ماڵپەڕی ئەسەد بکەیتەوە، ئەوا دەتوانی کتێبخانەی ئەحمەدییەش وەک بەشێک لەو نامەخانە گەورەیە ببینی.

سەبارەت مەدرەسەکەیش، محمد راغب طباخ دەڵێ: گومانی تێدا نییە، کە خاوەن وەقف مەبەستی بووە کوردان لە وڵاتی خۆیانەوە بێن و لەم مەدرەسەیەدا فێربن و ببنە خاوەنی زانست و بەڵگەنامە، تاکو لەو وڵاتە، یان لە شوێنانی دی زانست بڵاو بکەنەوە.

ئەوەی لەم چل ساڵەی دواییدا دیمان ئەوە بوو، کوردانی ئەو وڵاتە





ڕوویان دەکردە ئەم مەدرەسەیە و ئێرەیان کردبووە خانەی بێکاریی و بڕێکی کەمیان بەجۆرێکی وەها خۆیان بەخوێندنەوە خەریک دەکرد؛ بتوانن بچنە ڕیزی زانایانەوە و لە ئایندەدا سوودیان لێ ببینرێ. جا چونکە خاوەن وەقف ماوەی مانەوەیانی لەم مەدرەسەیەدا دیاریی نەکردووە، دەبینین یەکێکیان نزیکەی (٣٠) ساڵ، یان زیاتریشی لێرە بەسەربرد. ئەو جگە لەوەی جێبگرێ و هەتا دەمرێ لەوێ بمێنێتەوە هیچ مەبەستێکی دیکەی نەبوو. ئەو هیچ فێر نەبوو. نەسوودی گەیاند و نەسوودیشی وەرگرت. بەڵکو مانەوەی لێرە، مانەوەی بوو لەسەر بێکاریی. ئیدی ئەوەبوو وردە وردە ڕەوتی وانەبێژیی لەم مەدرەسەیەدا تێکچوو، کاروبارەکانی بەدروستی بەڕێوە نەدەچوون. بەڵێ ئەگەرچی داهاتێکی زۆریش لە وەقفی ئەو ئاپارتمانانەی بەرەوڕوو کرابۆوە، کەچی لەم ماوەی دواییەدا سوودی بۆ ئۆمەتەکە نەمابوو. مەبەستەکانی خاوەن وەقفیشی بەجێ نەدەگەیاند. تا وای لێ هات لە بریی ئەوەی مەڵبەندی خوێندن و زانست بێ، بە یانەی پەککەوتووان ناودەبرا. لە لایەکی دیکەوە، لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەم ئامۆژگەیە پەکی کەوت. لە کار وەستا و بە تەواویی چۆڵ بوو. بەڕادەیەک یەک قوتابیشی تێدا نەدەبینرا، وەک شاعیر دەڵێ:

مدارس آيات خلت من تلاوته
ومهبط وحي مقفر العرصات

ئەمجا دەڵێ: لە جەمادی یەکەمی ساڵی ١٣٤٠ی کۆچیدا، بەرانبەر کانوونی دووەمی ١٩٢٢زاینی، کاتێ بەنوێنەر لە ئەنجومەنی ئەوقافی دیمەشق دامەزرام. دۆخی ئەم مەدرەسەیەم بۆ بەیان کردن. چۆن خاوەن وەقف مەرجی داناوە، دەبێ مامۆستاو قوتابییانی مەدرەسە

کوردی غەیری ئەم وڵاتەبن و مووچەیان بۆ دیاریی کراوە، کەچی ئەوە چەند ساڵێکیشە لە کار وەستاوە. جا لەبەر ئەوەی ئێستا ئەو مەرجانە بەدی نایەن، کەواتە ئامانجی خاوەن وەقفیش بەجێ نایەت. ئیدی ئەوەبوو بڕیاردرا داوا لە (متولی) ئەم مەدرەسەییە بکرێ تا کاتی گەیشتنی ئەو جۆرە قوتابییانەی، کە مەرجی خاوەن وەقفیان تێدایە، بەرەورووی قوتابییانی هەژاری بکاتەوە و بەپێی یاسای ئەنجوومەنی باڵا، مووچەیان بدرێتێ. بەڵام ئەوەبوو دیسان سەرکەوتن بەدەست نەهات. چونکە پرۆسەی خوێندن تێیدا بەرێکوپێکی بەڕێوە نەدەچوو. هەروەک نەتوانرا کاروباری قوتابییانیش رێک بخرێ.

جێی باسە بە رێزێکی زۆرەوە ناوی گەلێک لەو زانا کوردانەی هێناوە کە لەوێدا کاریان کردووە. وەک: (مصطفى الحفسرجاوي والعلامة محمد الكوردي الزعفراني والشيخ الياس الكوردي...)

جێی ئاماژەپێدانە تاکو نەهۆش بینای ئەم ئامۆژگەیە، کە بە بەردی حەڵەبیی زەرد دروست کراوە هەر بەپێوە ڕاوەستاوە و (نازرێک) ئاگادارێتی. بەڵام ئەوەندە هەیە پێویستیی بەدەست پێداهێنان و نۆژەنکردنەوە هەیە. دوای ئەم کورتە دێرووکە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە دەکرێ ئەحمەدییەی حەڵەب، بە یەکەمین ئامۆژگەی کوردیی لە مێژوودا دابنرێ، چونکە:

یەکەم: یاساو دەستوورێکی توندوتۆڵی ئەوتۆی هەبووە، زۆربەی لایەنەکانی گرتۆتەوە، وەک: ڕۆژەکانی دەوام، ژمارەی مامۆستای وانەبێژ، ژمارەی یاریدەدەر (معید) و مووچەی دەستنیشانکراوی باش و بەردەوام و لەکاتی خۆیداو هەرکەسە بەپێی پلەو پایەی خۆی، لە مامۆستاوە تا (معید) و ئەمینداری کتێبخانەو کارگوزار و بانگبێژ.





واتە بودجەی مسۆگەری خۆی هەبوو، کە لە داهاتی تەلارە وەقفەکان دەرچووە و بەرەوڕووی کراوەتەوە. هەروەسا پرۆگرامی دەستنیشانکراوی خوێندنی هەبووە. ئاستی بەرزی زانستی لەکن مامۆستاو قوتابی ڕەچاو گیراوە.. لەپاڵ گەلێک مەرجی دیکەدا، کە وەک پەیڕەوی ناوخۆی مەدرەسەکە نووسراوەتەوە و پاتەکردنەوەیان بە پێویست نازانم. پێم وایە ئەم پەیڕەوە نووسراوە ئاستی مەدرەسەکە بۆ پلەی ئامۆژگە بەرز دەکاتەوە.

دووەم: خاوەنی کتێبخانەی ڕەسمیی خۆی بووە، کە لە (٣٠٠٠) کتێبی بەنرخی ئەو سەردەمەدا خۆی بینیوەتەوە. وێڕای ئامێرە فەلەکییەکان. ئەم کتێبخانەیە خزمەتی پێشکەش بە خەڵکانی دەرەوەی ئامۆژگەیش کردووە و ئەمیندار، بە ڕێکوپێکی بەڕێوەی بردووە.

سێیەم: هەموو مامۆستاکان لە کوردستانەوە هاتوون و هەمووشیان زانابوون. بەڵکو ئەمە مەرجی سەرەکیی بووە.

چوارەم: مەرج بووە هەمیشە، هەموو قوتابییەکان کورد بن و لە کوردستانەوە هاتبن. ئەوەی ئاشکرایە خانەوادەی چەلەبی کورد نین. ئەوان بەرەگ و ڕیشە خۆیان دەبەنەوە سەر بنەماڵەی هاشمی. کاتێک لە هیشام چەلەبیم پرسی: چی پاڵی بەباپیرانتەوە ناوە، ئامۆژگەیەکی وەها تایبەت بەکوردان بنیات بنێن؟ ناوبراو لە دڵسۆزییان بۆ کورد بەولاوە هیچی دیکەی بەخەیاڵدا نەهات. جێی وتنە، هەمیشە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی نەقابەی خانەدانەکانی حەڵەب (نقابة الاشراف) کورد بوون. لە سوریای دوای حوکمی عوسمانلیشدا هەندێ بنەماڵەی کوردی حەڵەب توانیویانە بەرزترین پلەوپایەی ڕەسمیی بەدەست بێنن.

سەرچاوەکان:

١- مشيخة طه أفندي طه زاده، وأجازها لولده السيد أحمد أفندي حفظة اللة.

٢- أعلام النبلاء، الجزء الرابع والسادس والسابع، محمد راغب طباخ.

٣- أتحاف فضلاء البشر في المكتبة الاحمدية، رقم: ١٤١

٤- نهر الذهب في تأريخ الحلب، كامل الغزي.

٥- شهرزور السليمانية. العزاوي عباس، راجعة وعلق علية: محمد علي القرداغي، بغداد، ٢٠٠٠



## شۆرتیز، ژانرێکی نوێیە

ئەوەتا چیرچیرۆک، یان (وردیلە چیرۆک) بۆتە ژانرێکی نوێ و بەدنیادا بڵاوبۆتەوە. وادیارە وەک چۆن هونەرەکانی درامای تیڤی، فیلمی سینەماو ڤیدیۆکلیپ نوێن و خەڵکیش بەسینگی کراوە و بەپەرۆشەوە بەپیریانەوە چوون؛ هەمان دەستوور، ئەگەری ئەوەش لەئارادایە ژانری دیکەی نوێی بینراو و بیستراو و نووسراو بێنە ئاراوە، بینەر و خوێنەری سەردەمیش خێرئامای گەرمیان لێ بکەن.. خۆ هونەری ڤیدیۆ ئەوەندە نوێیە. زۆرمان بەبیرمان دێ کەینێ داهات. جێی باسە لە نیویۆرکی وڵاتی ئەمریکا و لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوودا، بۆ یەکەم جار سەری هەڵدا و بەگورجی پەڕییەوە ئەورووپا. پاشان بەجیهاندا بڵاوبۆوە.. ئێستا وای لێ هاتووە، لە ڕێی تەلەفوونی دەستییەوە، لە باخەڵی هەموو لاوێکدا هەیەو کەسیش لێی تێر و وەڕس نابێ!

ئەگەر بڵێی چیرچیرۆک لە کوردستانی زێدی ئێمەشدا، کە پاژێکی گرنگی میزۆپۆتامیا پێک دێنێ، لەخۆڕا هەڵنەتۆقیوە. بەڵکو سەرەتایەکی هەیە، با ئەو سەرەتایە زۆر تۆکمە و هونەرییش نەبووبێ. ئەو سەرەتایەش لەتەواوی ئەو حیکایەتە هەرە کورت و پڕ ماناییانەدا بەدیار دەکەوێ، کە بەرلە هەر شوێنێک لە دۆڵی میزۆپۆتامیادا و لە سەروەختی سۆمەرییەکاندا سەریان هەڵداوە. لەو دەمەشدا هەر لە سنووری چەند دێڕێکدا خۆیان بینیوەتەوە. دەشێ ئەوانە بکرێنە

دەستپێک بۆ ئەم هونەرە. وەلێ تۆ چیت لەگەڵ مێژوودا پێدەکرێ، کە ئێستا ئەم ناوچەیەی ئێمە، لە هەموو ڕوویەکی شارستانییەوە، بە ئەدەبیشەوە لەدوایە. دەنا دەبوو وردیلە چیرۆک وەک ژانرێکی نوێی ئەدەبیی، هەر لە دۆڵی میزۆپۆتامیاوە، واتە لە زێدی ڕەسەن و لەمێژینەی خۆیەوە وەک فاکت، بە بەرگ و ستایلی نوێوە سەری هەڵبدایەتەوە. (دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە بگەڕێیتەوە سەر کتێبی. تکایە دەست بەشیعرەوە بگرن، لاپەڕە ١٥٥–١٦٣ هەشت حیکایەت لە دۆڵی میزۆپۆتامیاوە).

ئەگەرچی لە دەوروبەرماندا، بەتایبەت لای نووسەرە عارەبەکان وردیلەچیرۆک، ئاسایی دەنووسرێ و بڵاودەبێتەوە و هەن پێشوازیشی لێ دەکەن؛ کەچی هێشتا دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەرە و هەندێک وەک ژانرێکی سەربەخۆ سەیری ناکەن.

ئەوی ڕاستی بێ، چیرچیرۆک وەک هونەرێکی نوێ لە لاتین ئەمریکاوە سەری هەڵدا . هەر لەوێشەوە بەرەو ئەوروپا، پاشان بەرەو ئاسیا پەڕییەوە. جێی سەرنجە هونەرەکانی ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شانۆ، سینەماو تیڤی، داهێنراوی هزری خۆرئاوان، کەچی ئەمجارەیان ژانرێک بەفەرمی و بە ئیمتیاز خەڵکی لاتین ئەمریکایەو خۆرئاواش سینگی بۆ کردۆتەوە و لاریی لێی نییە. وادیارە جیاوازیی جوگرافیا و ڕەگەز و ڕەنگ ناتوانن پێش بەداهێنان و بڵاوبوونەی بگرن. هەرە دیارترینی ئەو نووسەرانەی لاتین ئەمریکا، کە ناویان وابەستەی ئەم هونەرەیە ئەمانەن (بابلۆ ئوربانی، خوان ئەرماندۆ، خوان خۆزێ، خۆلیۆ کورتۆزار، ئیدواردۆ گالینۆ، فابیان بیکی، ڕاووڵ براسکا، لویس بریتو گارسیا، خوان سابیار... و هی ترن).

جێی سەرنجە، زۆربەی ئەو کورتەچیرۆکانەی خۆمان، کە بە درێژایی







سەدەی بیستەم و پێشتریش نووسراون وەک (چلچیرۆک) ی لەمەڕ مەلا مەحموودی بایەزیدی، کە لەلایەن خودی چیرۆکنووس و توێژەرانیشەوە هەر بە ناوی کورتە چیرۆکەوە ڕۆیشتوون و ناسراون، (وردیلە چیرۆک) بوون نەک چیرۆک. ئەوەندە هەیە، ئێمە خۆمان پێمان نەزانیوە. چونکە لە پۆلێن و ڕێسای ئەم ژانرە نوێیە بێ ئاگابووین. خودی ناولێنانەکەش نوێیە. دەنا پێشتر فۆرمی وەها لەلایەن نووسەرانی کوردیشەوە نووسراوە و بەرچاوکەوتووە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە (ناولێنان)ی وەک ژانرێکی سەربەخۆ و بە فەرمی ناسینی و جیاکردنەوەی (چیرچیرۆک) لە (کورتەچیرۆک) یەک لەباری هەموو دنیا هەر نوێیە. دیارە هەردەم سەرەتا، داهێنان هاتۆتە ئاراوە؛ دوای کەڵەکەبوونی ئەوجا توێژەر هاتوون، لەبەر ڕۆشنایی کاری خودی داهێنەرانیشدا تیۆریزە هاتۆتە ئاراوە و ڕەهەندەکان دیاری کراون.

بەڵێ، بەشی هەرە زۆری چیرۆکی کوردیی (چچ)ن، بەرلەوەی خودی چیرچیرۆک وەک ژانرێکی نوێی ئەدەبیی ناسرابێ و بڵاو بووبێتەوە. چونکە بەشێکی زۆریان هەروا لە سنووری پێنجسەد وشە تێناپەڕن. ئەم قەبارەیەش دەچێتە سنووری (چچ)ەوە، نەک (کچ). پێموایە کەمی دەرفەت و دەرەتانی بەرتەسکی بڵاڤۆک و گۆڤارە کوردییەکان، بەدرێژایی سەدەکانی ڕابردوو ئەم سنوورە تەسکەیان بەسەر چیرۆکی کوردیدا سەپاندووە، نەک خواستی خودی نووسەران. چونکە کارێکی سەختە هەفتەنامەیەکی تاقانەی گشتیی، بۆ سەرانسەری کوردستان، یان بۆ باشووری کوردستان، کە لە هەموو ئاشێکی کردبێ و لە هیچکامێکیان نەیماڵیبێ، ئامادەیی تێدابووبێ و دەرەتانی ئەوەی هەبووبێ بیکاتە باو، چیرۆکی سێهەزار وشەیی بڵاو بکاتەوە!

***

لێرەبەدواوە هەوڵ دەدەم بەهەردوو بارەکەدا، واتە لە هەمبەر ڕووی گەش و ڕووی لاوازی ئەم ژانرە نوێیە بدوێم. دەبێ ئەو ڕاستییەش لەبەرچاوبێ، کە تاکو نەهۆ تۆژینەوەی بەرچاو، وەک سەرچاوە لەبەر دەستدا نییە، یان بەرچاوی من نەکەوتووە، تاکو بچمەوە سەریان و کەڵکیان لێ ببینم. مەگەر جاروبار، لێرەو لەوێ، برووسکەیی قسەی لەسەر کرابێ و نووسەرانی ئەم ژانرە بۆ خۆیان هاتبن ڕایان لەم بارەیەوە دەربڕیبێ..

ئەم تەرزە هونەرە بەرەو بڵاوبوونەوە دەچێت. ژمارەیەک نووسەر لە وڵاتی مەرۆکۆ سەریان تێ کردووە و ناوبەناو گفتوگۆی لە هەمبەر سازدەکەن. لەپاڵ خۆشماندا نووسەرگەلێک لە سوریا و عەرەبستانی سعودی هەن دەینووسن. هەرە دیارترینی ئەو نووسەرانە (زەکەریا تامر)ە، لە سوریا. جێی باسە لەو وڵاتەدا، هەواداری زۆری هەیە و ساڵانە دیداری بۆ چێدەکرێ. وەلێ لای خۆمان لە باشوور، بەدەگمەن لە دووتوێی بەرگێکدا بڵاودەبێتەوە. بەڵکو هێشتا هەر وابەستەی کورتەچیرۆکی ئاساییە. بەو مانایەی زیاتر لەتەک کورتە چیرۆکدا، یانژی وەک پاشکۆی ئەو، لە بەرگێکدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

یەک لەباری کورد، ئەگەر (چل چیرۆک)ەکەی (مەلا مەحموودی بایەزیدی) بە چیرۆکگەلی هونەریی بێنە ژماردن، واتە بەفۆلکلۆر نەیەنە ناساندن، ئەوا هەر هەموویان دەچنە ژێر چەتری کورتیلە چیرۆکەوە. زۆرێک لە چیرۆکەکانی (جیهان عومەر و تاهیر ساڵح سەعید و حەمەکەریم عارف و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و سەلام مەنمی و...) دەچنە ڕیزی کورتیلە چیرۆکەوە. ئەمە ڕایەکە، زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. وەلێ لە درێژەی هیچکام لەو توێژینەوانەدا، کە





لەمەڕ چیرۆکی کوردیی نووسراون ئاماژەی پێ نەدراوە.

لەلایەن مەرۆکییەکانەوە زۆر ناویشی لێنراوە وەک: ترووسکە چیرۆک، کەپسوولە چیرۆک، گرتە چیرۆک، برووسکە چیرۆک، زۆر کورتەچیرۆک. لەلای خۆشمان دیسان زۆر ناوی لێنراوە؛ هەرە کۆنترینیان (چیرچیرۆک)ە، کە لە (فەرهەنگی خاڵ) دا هاتووە. جێی لەسەر ڕاوەستانە، ژانرێک هێشتا بەفەرمی لەنێو خودی نووسەراندا نەناسرابێ کەچی، لە فەرهەنگی زماندا زاراوەی بۆ چێکرابێ! دواتر لەکن خۆمان گەلێ ناوی دیکەی بۆ پێشنیاز کراوە، کە هەموویان لەجێن، وەک: ڕۆژانە چیرۆک، ڕۆژنامە چیرۆک، کورتیلە چیرۆک، برووسکە چیرۆک و وردیلەچیرۆک.. ئەم هەموو ناوەش مانای ئەوەیە، ژانرێکە نەک هەر لەکن خۆمان بەڵکو لە زۆر شوێن هێشتا بەتەواویی نەمەییوە و سەقامگیر نەبووە. یان ساغ نەبۆتەوە. دەبێ بیدەینە دەست مێژوو، سا یان بەتەواویی وەک ژانرێک دەیچەسپێنێ یانژی وەک مۆدەیەکی وەرزی دێت و دەڕوا، بەسەر دەچێ و ڕاست و چەپێکی بەسەردا دێ.

دەبێ ڕەچاوی ئەوەش بکەین، کە لەوڵاتی خۆشماندا لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە لێرەو لەوێ بەرچاو کەوتووە. ئێستاش بەردەوامەو بەشی خۆشی خوێنەری هەیە. ڕەنگە لەگەڵ هەڵمەهەڵم و خێرایی ئەم سەردەمی عەولەمەیەشدا گونجاو بێ. بەو مانایەی تاکی ئێستا هەردەم بەهۆی پرکاری و سەرقاڵییانەوە پەلەیانە. بۆیە بەدەم ڕێوە بۆ شوێنی کار، لە پاس و قەتار و میترۆکاندا دەیخوێننەوە و بەئاسانیش تێیدەگەن و چێژی لێ دەبینن، بەتایبەتی ئەم ژانرە زیاتر مرۆڤی تاک و پەراوێزخراوی نێو کۆمەڵ دەکاتە قارەمانی خۆی..

ئەم ژانرە زیاتر پشت بە گێڕانەوە دەبەستێت هەتا دایەلۆگ، ڕستەی وەسفیی درێژ و، مۆنۆلۆگ، گەڕانەوە و هانا بۆ فێڵەکانی دیکەی گێڕانەوە بردن. چونکە خودی ژانرەکە وەها هەڵکەوتووە لە کورتیی بیبڕێتەوە و هەرچی زووترە مەبەست بە دەستەوە بدا.. بۆیە چەند بکرێ ڕستەکانی کورت و چڕو ئاماژەن و مانای دیکەی ژێرەوەیان هەیە. لە ڕەوانبێژیش بێبەش نین. بڕێ جاران لە پەخشانی هونەریی چڕەوە، یان لە پەخشانەشیعر نزیک دەبێتەوە. وەکیدی بابەتی (چچ) دەکرێ هەر هەمان بابەتی (کچ)بێ.. گرینگ لێرەدا ستایلی خستنەڕووی بابەتەکەیە، کە گەرەکە خوێنەر بهەژێنێ و بیورووژێنێ و دووچاری سەرسامییەکی کاتی بکات. ئالیکاریی زمانی چڕ و وێنەی سەرنجکێش و هێما و ئاماژە، پێکەوە دەتوانن ئەم کاریگەرییە لەسەر زەینی خوێنەر چێ بکەن.

ئەوانەیان، کە لەچەند ڕستەیەکدا شکڵگیر دەبن، لە پەندی پێشینان، یان لە وتەی فەلسەفە ئامێزی پیاوە ناودارەکانی مێژوو نزیکن. خۆ ئەگەر (ئیرونی) واتە (پلار، تەوس، تیز، گاڵتە، توانج و جەفەنگ) ی تێدابێ، ئیدی لە ساتیر نزیک دەبێتەوە. لێرەوە ڕەنگە زۆرێک لە قسە خۆشەکانی (ڕشتەی مرواری)، کە هونەری گێڕانەوەیان تێدا زاڵە و سەجادی بۆ خۆشی لە ڕیزی چیرۆکنووسە بەراییەکاندایە و تەواو بەسەر زمانی گێڕانەوەدا سوارە، بچنە خانەی کورتیلە چیرۆکەوە. لە ڕاستیشدا ئەو ڕەگەزەی وای کردووە بابەتەکانی ڕشتەی مرواریی بەگشتیی، بەو ڕادەیە سەرنجکێش و بەتام بن، لەپاڵ ئیرونیدا هونەری گێڕانەوەکەیەتی.

خۆ ئەگەر کۆکردنەوەی هەمان ئەو بیرۆکانە بەکەسێکی دیکە





بسپێردرانایە، ئەوا بێگومان ئەم چێژەی ئێستایان نەدەبوو. هەردەم توانای زمان و فێڵەکانی گێڕانەوە، لە هەرکام لە توخمەکانی کورتیلە چیرۆکەوە بگرە هەتا بە هونەری ڕۆمان دەگات (بەنزیکەی) سەرلەبەری ژانرەکە پێکدەهێنێ.

(موفارەقە) ڕۆڵی گرنگ لە گێڕانەوەی وردیلەچیرۆکدا دەبینێ. موفارەقە بەو واتایەی ڕووداوێک لەسەر حسابی ڕووداوێکی دیکە کۆتایی پێبێ، کە ئێمە ئەمەی دواییمان لەلا مەبەستە. بەزۆریی قارەمان بێ ئاگایە چی لە دەوروبەریدا ڕوودەدا، بۆیە نابەڵەد دەکەوێتە ناو کوتوپڕیی و بۆسەی ڕووداوە نوێیەکەوە. ئەو لە پەیجۆڕی کار و ئامانجێکدایە بەڵام لە پڕ بەرەوڕووی ڕووداو یان فاکتێکی دیکەدەبێ، کە ئەم خۆی بۆ ئامادە نەکردووە و چاوەڕوانیشی نەکردووە. زۆر جارانیش بەپێکەنین، یان بەپێکەنینێکی تاڵ دەشکێتەوە. وەک (شووتی)ی لەمەر زەکەریا تامر.

مەلا نەسرەدین کاتێ دەست دەداتە سێوێک و لە شاگردەکانی دەپرسێ ئەمە چییە؟ چاوەڕوانی ئەوە نییە شاگردێکی هەبێ کوڕە وەزیر بێت و تا ئاستێکی وەها ناماقووڵ ڕای پێچەوانەی ئەوانی دیکەی هەبێ، یان بەو ڕادەیەش خۆی لەوانی دیکە بەجیاواز بزانێ و سێویان لێ بکاتە شووتی و لەسەر ڕای خۆیشی پێداگر بێ.. ئەم وەڵامەش چارەسەرێکی مامناوەندیی لەوە سەیرتر بەشوێن خۆیدا دەهێنێ، کاتێ مەلا ناچار دەبێ بڵێ، (پێویست بە ناکۆکی ناکا. هەمووتان ڕاست دەڵێن. ئەم میوەیە دوو ناوی هەیە. زستانان پێی دەوترێ سێو، هاوینانیش پێی دەوترێ شووتی!) لێرەدا زۆر پرسیار لەلای خوێنەر دەڕسکێ وەک (ئەگەر کوڕی وەزیر بەم ڕادەیە لەسەر

شاردنەوەی ڕاستی پێداگر بێ، داخۆ خودی وەزیر چلۆن بێ؟)

ئەم دەقەی زەکەریا تامر، پشت بە کەسایەتییەکی ناو کەلەپووری ڕۆژهەڵات دەبەستێ، کە مەلا نەسرەددینە و لای خۆمان بەمەلای مەشهوور، یان مەلای مەزبووره ناسراوە. بەسەرهاتەکانی ئەم کەسێتییە میللییە لە خۆیدا تژییە لە ئیرونی. واتە لێرەدا سێو و شووتی مەسەلەیەک نین. بابەتەکە ڕەخنەیەکی تەوس ئامێزە لە کۆمەڵگەی لای خۆیان و ڕۆژهەڵاتی. کوڕە وەزیر هەر درێژەپێدانی دەستەڵاتی وەزیرە. قسەی خۆی سەردەخات و (سێو) لە قوتابییەکان دەکاتە (شووتی) و مەلاش دەستەوستانە. چونکە پرسەکە چاری مامناوەندیی (کۆمپرەمایز) هەڵناگرێ.

بۆ گوزارشت پشت بەدایەلۆگی زۆر کورت بەستراوە. مەبەستی پێ ئێستایەو باسی ئەوسا دەکا. مەلای مەشهووری وەک دەمامکێک لە کەلەپووره، بۆ ناو بەرهەمی هاوچەرخ، گواستۆتەوە. هیچ خوێنەرێک چاوەڕوانی ئەو کۆتاییە ئەنتیکەیە ناکا، کە نووسەر هەڵیبژاردووە. ئەم چارەسەرە مامناوەندییەی نووسەر، کە ڕاستگۆیی هونەریی تێدایە و کەش و سەمتی (چڕ)ەکە خولقاندوویەتی، تەواو سەیر و ئەنتیکەیە. ئەوەی بیخوێنێتەوە، تووشی کورتە شۆکێک دەبێ.

سەبارەت بەکورتی و درێژیی، دیسان پێوەرێک لەئارادا نییە. ئەوی ڕاستی بێ هونەر بەهەموو لکەکانییەوە ئەوەندە گوێ بەقەبارە نادا. بەڵکو چلۆنایەتیی بەلاوە بایەخدارە. تابلۆ (میناتۆر)ەکان لە مێژووی هونەری شێوەکاردا بایەخی خۆیان هەبووە و ئێستاش ئەو بایەخەیان لەدەست نەداوە. (چڕ)یش هەیە لە چەند ڕستەیەکدا چڕبۆتەوە، هەشیانە لاپەڕەیەک یان پتر داگیردەکا. وەلێ بەهەموو بارێکدا، لەم





ژانرەدا ڕستەسازی و ستڕەکتۆر، (داڕشتن و ساختومان) لە ڕستەگەلی کورتە چیرۆک و ڕۆمان چڕتر دەخوازێ.

نووسەر هەناسەیەکی کورت وەلێ چڕو تژی لە بەهاو مانای ژیان و جوانیی دەگمەن؛ هەندێ جاران جیوەیی ئەوتۆ، کە چاوی تیژو گوێی سووکی هونەرمەندێک هەستی پێدەکا، وەلێ برووسکەیی و بەشێوازێکی وەها دڵفریو دەیخاتە ڕوو، سیحرێکی تێدابێ، بتوانێ بۆ هەناسەیەک زەینی خوێنەر کێش و سەرسام بکا. گەرەکە سەبارەت هەر پرسێک بێت خوێنەر دووچاری ڕاڕایی و دڵەخورپەی کاتی بکا. یان وەهابێ بتوانێ مگێزو خەیاڵی وەستاوی خوێنەر بۆ تاوێکی کورتیش بێ، ڕاتڵەکێنێ و بڕێ گەشتر و چالاکتری بکا.

ئەمڕۆ هەندێ لە ژانرەکان بەیەکداچوون و تێکچڕژاون. سنوورێکی دەستنیشانکراو و دیاریان لەنێواندا نەماوە. بۆیە دەکرێ ئەم ژانرەش لە ساتیر و شیعر و حیکمەت و پەندو گرتەو دیمەنە سینەماییەکان بەهرەمەند بێت و لەسەر هیچیشیان نەبێتە ماڵ. بەڵکو تەنیا خودی کورتیلەچیرۆک بێ.. یەک لەباری خۆم گەلێ جاران لەو سۆنگەیەوەیە، کە بە زمانی شیعر چیرچیرۆک دەنووسم، بەو مەبەستەیە تاکو خۆم و نووسەرانی دیکەش لەژێر هەژموونی هەزاران ساڵەی شیعر ئازادبکەم. بۆ ئەوە شیعر بەکارناهێنم، کە گوایە بەلامەوە هونەرێکی زۆر باڵاو کاریگەر و گرنگە.. بەڵکو ئاسان دەیخەمە خزمەتی کورتیلە چیرۆکەوە. تاکو بەبڕێک درەوشانەوە و چالاکیی زیاتر بارگاویی بکەم. لەبەرگێکی جوانتری هەڵبکێشم و بەشیعریش دەڵێم: (جەناب تۆ ئەوە نیت کەس پێت نەوێرێ! ئەوەتا زۆر بەئاسانی ڕاوت دەکەم و بە خۆڕایی دەتخەمە خزمەتی چیرچیرۆکەوە!) لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا

هەر لە نێوان شیعرایەتیی شیعر و شیعرایەتیی چیرۆکدا جیاوازیگەلێک لەئارادان.

ئەوەندە هەیە تۆ لێرەدا ناتوانی وەک (چیرۆکی باو) باس لە دەسپێک، رووداو، قارەمان، پەرەگرتن بەرەو لووتکەو دواجار خاڵی رۆشنکردنەوە و تەواوی ئەم ئەلەمێنتانەش لەبۆتەی کاتشوێندا بکەی. وەلێ ئەوەندە هەیە کۆتاییەکان بەزۆریی کراوەن و لەبەردەم فرە لێکدانەوە و فرە ئەگەریدان.

ئەوەی لەم ژانرەدا نەگۆڕو جێگیر بێ، تەنیا کورتبڕییەکەیەتی. هەردەم چڕو کورت.. ئیدی پێشمەرج لەئارادا نییە. لەلای خۆمان لەکەم کەسم دیتووە سەرکەوتنی تەواوی تێدا بەدەست هێنابێ. هەندێکیش وەک مۆدە، بەدیاردەیەکی (کاتیی) و بە لاساییکردنەوەی دەهێننە ژماردن. بەڵام رۆژهەڵات بەدەر لەشیعر چیدیکەی لە هونەری نووسراو و بینراو هەبووە؟ ئەی گوایە بەشانۆ و سینەماو تیڤی و بالێ و رۆمان و کورتە چیرۆکیشەوە، هەر هەموویان لاساییکردنەوەی خۆرئاوا نین و لەوێوە نەپەڕیونەتەوە؟

د. جمیل حمداوی، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا لەمەڕ چیرچیرۆکەکانی عزالدین الماعزي، کە لە (الحوار المتمدن)دا بڵاوی کردەوە، سەبارەت چیرچیرۆک بەگشتی دەڵێ: (چیرچیرۆک لەگەڵ گەشەی بلەزی ژیانی مرۆڤ و داهێنراوە دیگیتاڵە بێشومارەکان و خێرایی رەزم و لەگەڵ شتە مەعنەوی و زەینی و رەوانییەکاندا، بەبێ رکابەر دەبێتە ژانری ئایندە.)

ئەم تەرزە چیرۆکە لەوڵاتی مەغریب باوە و ژمارەیەک چیرۆکنووس بەجدیی خۆیان پێوە سەرقاڵ کردووە. نوێترین کۆچیرچیرۆکێک لەوێ





هاتبێتە چاپکردن (حب علي طريقة الكبار)ی چیرچیرۆکنووس (عزالدین الماعزي)یە، کە سی و شەش چیرچیرۆکی لەخۆگرتووە و ساڵی ٢٠٠٦ هاتۆتە چاپکردن. درێژییان لەنێوان چوار تا شانزە دێڕدایەو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ –٢٠٠٤ دا نووسراون.

لە نموونەکەی ئەلماعزی دا قارەمان بۆیاخچیی پێڵاوە. مێرد منداڵە. گێڕانەوە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانەیە، نیشانەکانی خاڵبەندیی دانەناوە و ڕستە زۆر کورتەکانی لەیەکداوە. تێکڕا (فرمانی) زۆری تێدایە. واتە بزاڤ و لڤینی زۆری تێ کەوتووە. لەم چیرۆکەدا وەستان لەئارادا نییە. لەجێیەکدا چەند خاڵیکی داناوە تاکو خودی خوێنەر بەرووداوی لەبار پڕی بکاتەوە. دەنا بێ نیشانەکانی خاڵبەندییە. بەمشتێ وشە کێشەیەکی گەورەی وروژاندووە. منداڵ لە کۆمەڵگەی هەژاردا ناچار بەکارکردن دەبێ. منداڵەکە پێڵاو پاک دەکاتەوە و بۆیاخیان دەکا. ئەمەش لەخۆیدا کارێکی کەرامەت رووشێنەو پیشە نییە. بەڵکو بێکارییەکی دەمامکدارە. بەڵام منداڵەکە ئەو دۆخەشی بۆ ناچێتە سەر. منداڵەکە و سەگە بێ خاوەنەکە (خوێڕیی) هەردوو لایان لە دووی بژێوی دەگەڕێن. منداڵەکە بۆئەوە کەوتۆتە سەر شەقامەکان هەتا پارووە نانێک پەیدا بکات، کەچی پێڵاوەکانی خۆی و سەندووقی بۆیاخەکەی کە نانی پێ پەیدادەکا دەدۆڕێنێ. منداڵەکە نیگەرانە، بۆیە خۆی بەسەگەکەدا دەکێشێ. ئەم چیرچیرۆکە زۆری بۆ خوێنەر جێهێشتووە تاکو بەمەزندەی خۆی تەواوی بکا. چاو لەدووی پێڵاوی خەڵک دەگێڕێ هەتا بۆیاخیان بکات کەچی تاکی پێڵاوەکەی خۆی دەدۆڕێنێ. کە تاکێکیشی دۆڕاند وەک ئەوەیە جووتە پێڵاوەکەی دۆڕاندبێ.

## شۆرتیز چییە؟

ئێمە لێرەدا لەبەردەم ژانرێکداین داهێنراوی (ئێستە)ی ئەوروپایە. تەواو پێچەوانەی ژانرەکانی دیکەیە، چونکە داهێنەرانی هاتوون بەحساب و کیتاب سنووریان بۆ کێشاوە. تۆ ئەگەر گەرەکت بێ شوێن پێیان هەڵبگری، بەو مانایەی تۆش بتەوێ شۆرتیز بنووسی، ئەوا لەسەرتە وەک قوتابییەکی گوێڕایەڵ، تەواوی ڕێنماییەکانی ئەوان لەمەڕ ئەم ژانرە نوێیە بەهەند بگریت و بیانخەیتە واری جێبەجێ کردنەوە، دەنا ناتوانی بەو کارەی خۆت بڵێی شۆرتیز..

ئیڤا ڕۆسنڤۆڵد، لەکتێبەکەی خۆیدا بەناوی (سیستمی پاسۆرد، ساڵی ٢٠٠٥)، ئاوا باسی شۆرتیز دەکات: یەکەم یاسایەک کە ئێمە هەمیشە بە نووسەرانی (چیرۆکی ٥٥ وشەیی) دەڵێین ئەوەیە، کە دەبێ ڕوون بنووسن. گەرەکە لەیادیان بێ ئێمە سەبارەت چیرۆک قسان دەکەین، نەک وتار یانژی شیعر یان هزر.. زۆرکەس هەن لەکاتی تەنگانەدا ڕاستەوخۆ دوچاری دۆخی وەها دەبن، ئەمە گومانی تێدا نییە، چونکە تەنگانەی وەهایان تووش دێ، لەو بڕوایەدابن، کە نووسینی ئەم تەرزە چیرۆکە کارێکی مومکینە.. ئەوان عادەتەن بەتەنیا بەشێکی چیرۆکەکە کۆتایی پێ دێنن. واتە شۆرتیز لەخۆیدا پاژێکە لە چیرۆکێک. بۆ هەموو ئەوانەی، کە پێناسەی ئاڵۆزیان بۆ چیرۆک هەیە، مەبەستی ئێمە ڕوونە. چیرۆک کاتێک دەبێتە چیرۆک، کە ئەم توخمانەی تێدابێ:

١- ژینگەیەک لەئارادابێ. Setting

٢- بوونی قارەمان یان چەند قارەمانێک





٣- ملانێ Conflict

٤- چارەسەر، یانژی ئەنجام و کۆتایی چیرۆک

هەموو چیرۆکەکان دەبێ لە (شوێن، یان لە ژینگەیەک)دا ڕوویاندابێ. ئەمەش مانای وایە دەبێ لە چوارچێوەیەکدا شکڵگیر بووبن. تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەک لەشێوەکان لەودیوی گەردوونیشەوە بووبێت یان لەناخی مرۆڤ یان لە پێش دەرگەی ماڵەکەی ئەولامانەوە ڕوویاندابێ. دەشێ بێسنوور قارەمان هەڵبژێرین. خەڵک، گیانداران، هەور، میکرۆب، هەر شتێک بن.. مەبەستمان پێ لەملانێ تەنیا ئەوەیە، لە سەمتی (سیاق) چیرۆکەکەدا دەبێ هەندێ شت ڕووبدەن. دەمەتەقێی عاشقانە. ئاسکێک هەڵدێ. خەیاڵاتی فڕۆکەوانێک کاتێ لەچاوەڕوانیدایە بەرەو بۆشایی ئاسمان بفڕێ. تەنانەت لەم نموونەیەی دواییشدا هەندێک شت هەر ڕوودەدەن، ئەگەرچی هێشتا کەسیان لەجێی خۆیان نەجووڵاون، یان هێشتا هەر بەقسەش نەهاتوون، کەچی ملانێ لە ئارادایە.. هەر ئەمەشە بە ئەنجامی چیرۆکەکەمان دەگەیێنێ. هەروەها بە یەکلایی کردنەوەش ناسراوە. ئەمە بەو مانایە نایەت، گوایە دەمانەوێ پەیڕەوی مۆراڵ بکەین و بخوازین دادپەروەریی سەربکەوێ و لەکۆتاییدا خۆشەویستیی گرەو بباتەوە. هەروەک ئەوەش ناگەیێنی گوایە ملانێکە خۆی چیرۆکەکە یەکلایی دەکاتەوە. دەشێ کارێکی وەها ڕوویدا، یان بەپێچەوانەوە. ئێمە لەوە حاڵین، کە قارەمانەکان دڵدارن بەڵام نووسەرەکەی هەرگیز شتی وەهامان لەکن باس ناکات. هەروەها ئێمە دەزانین، کە تفەنگێک لە چیرۆکەکەدا هەیە، بەڵام نووسەر هەرگیز ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ نەداوە.

گرنگترین پێشنیازێکی بەسوود، سەبارەت گواستنەوەی بیرۆکەو

زانیارییەکان ئەوەیە، کە دەبێ پەیڕەوی دەستگیرۆیی بکرێ. کاتێ خوێنەر پێدەزانێ تۆ باسی چی دەکەی بێ ئەوەی هیچت سەبارەت بەو شتە وتبێ. ژمارەیەکی کەمت وشە پێویست دەبێ. لێرەدا لایەنی نەرێنی ئەو دەمە بەدیاردەکەوێ کاتێک خوێنەر نەتوانێ شوێنت بکەوێ و زەینی لێ تێکبچێ. ئاماژەپێدانی زۆریش دەبێتە مایەی ناڕوونی و سەرلێشێوان. ئەوەش هەڵەیەکی باوە، ئەگەر بتەوێ چیرۆکێکی ئاڵۆز لە جێیەکی بەرتەسکدا بگێڕیتەوە. چیرۆکی پەنجاو پێنج وشەیی داوای فۆکۆس و چڕیمان لێ دەکا. تۆ دەتوانی باسی هەرچییەک دڵت دەخوازێ بکەی، بەڵام ناتوانی لە ٥٥ وشە پتر بەکاربهێنی. ئەوەشی لە فەرهەنگی زماندابێ ئیتر بەوشە دێتە ژماردن.

ئەو وشانەی هایفن (ـــ) یان لەنێواندا بێ ناکرێ بەیەک وشە حسابیان بکەیت وەک:(blue green dress) کە بە سێ وشە حسابن نەک دوو. چونکە کاتێ هایفنەکەی نێوانمان لابرد ئیدی جووتە وشە لکاوەکە دەبن بە دوو وشە. بەڵام ئەگەر وەها ڕێککەوت هایفنەکەمان لابردو دوو وشەی فەرهەنگیی سەربەخۆیان دروست نەکرد، ئەوا هەر بە یەک وشە حسابە. وەک (re- en-rty) کە ئەگەر هایفنەکانمان لابرد، دەمێنێتەوە تەنیا یەک وشە. دەبێ ئەوەش بزانی، کە ناونیشانی چیرۆک لەگەڵ دەقەکەدا حساب ناکرێ. بەڵام بیرت بێ ناونیشانی چیرۆک نابێ لە حەوت وشە تێپەڕێ. تۆ هەمیشە دەبێ دەستگیرۆیی لە وشەدا بکەی. ئەگەر بنووسی:"He will jump" ئەوا سێ وشەت بەکار هێناوە. بەڵام ئەگەر بنووسی:"He’ll jump" ئەوا تەنیا دوو وشەت بەکارهێناوە.

شێوەی کورتکراوەی وشە وەک وشەی تەواو دێتە ژماردن واتە " em





"وەک "them" بە وشەیەک بۆت حسابە. هەروەک پیتی سەرەتای وشە بە وشەیەک دێتە ژماردن چونکە کورتکراوەی وشەیەکی تەواوە وەک: . " A .S. Hornby " یان ". G. W.Bush " هتد

تەنیا هاوێردەیەک کە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێ ئەو وشەیەیە کە لە پیتی سەرەتای چەند وشەیەکی دیکە پێکدێت وەک: "NASA, NATO, IBM" بەفراوانی بەکارهێنانی ئەم کورتکراوانە بۆتە هۆی ئەوەی حسابی وشەیەکیان بۆ بکرێ. بیرت بێ ژمارەش هەروەها بەوشە حسابن، جا ئەگەر بە ژمارە وەک"١٩٨٤ , ٥٠٠ . ٢٨ , ٨," گوزارشتیان لێ بکرێ یان بەوشە وەک: "eight, twenty - eight..." بەڵام دەستووری وشە هایفندارەکانت لەبیربێ"twenty - eight" بەدوو وشە دێتە ژماردن کاتێ وەک وشە دەنووسرێ بەڵام بەیەک وشە حسابە کاتێ بەژمارە بنووسرێ.. سەبارەت نیشانەکانی خاڵبەندیی، ئەوانە بە وشە نایەنە ژماردن. بەئارەزووی خۆت بەکاریان بهێنە ئەگەر کاریگەرییان بۆ سەر دەقەکە هەبوو. جێی باسە لەکاتی وەرگێڕانی دەقی شۆرتیزە ئینگلیزییەکاندا لەلای منیش، واتە بەکوردیش هەر (٥٥) وشەیان گرتۆتەوە.

ئەم نموونانەی لای خوارەوە، (خێڵەکان و شووتی) ی زەکەریا تامر و (پێڵاوی شەتایبە)ی ئەلماعزی، (پەناگە) ی لویس یەنسن، (خۆشەویستیی خوێناویی)ی پیتەر ئەدوەڵفسن، وردیلە چیرۆکن. هەرچی (ئاهەنگە دە ملیۆن دۆلارییەکە، سۆلەتییە، قەراخشار لە٥:٢٥دا) هەیە شۆرتیزن. واتە تەنیا (٥٥) وشەن و هەموو ئەو مەرجانەیان تێدا ڕەچاو کراوە کە لەسەرەوە باسمان کردن. تەواوی نموونە بیانییەکانیشم ڕاستەوخۆ لە زمانانی عەرەبی و ئینگلیزی و

دانیمارکییەوە وەرگێڕاوە.

وەک دەبینی لەسیاقی ناونیشانی شۆرتیزی (قەراخشار لە ٥:٢٥ دا) نووسەر کاتشوێنی دیاری کردووە. هەروەک لە سەرەوە باسمان کرد، ئەو چەند وشەیەی ناونیشان پێکدێنن لەسەر ژمارەی وشەکانی شۆرتیزەکە ناکرێنە ماڵ. لێرەدا دەستگیرۆیی کردووە و لەناونیشاندا پرسی کاتشوێنی بڕاندۆتەوە، تەنیا ناو قیتارەکەی بۆ دەقەکە هێشتۆتەوە. دیاریکردنی شوێنی ڕووداویش یەکێکە لە مەرجەکانی چێرۆک بەهەموو جۆرەکانییەوە.. شۆرتیز نووسەکانیش جەختی لەسەر دەکەن. کات عەسرێکی درەنگە، واتە دەمی گەڕانەوەی قارەمانی شۆرتیزەکەیە لە کار. زۆرینەی کارگەکانیش دەکەونە کەناری شار.

قارەمان لەسەر کار لابراوە. ئەمەش بۆ هەر کرێکارێکی ئەوروپایی کارەساتە. هۆی دەرکردنەکەش کە (نائارامی) یە، دیاریکراوە، . واتە ئەگەری ئەوە هەیە گرفتی سایکۆلۆجیی هەبووبێ. لەهەمان واگۆنی قەتارەکەدا ژنێک هەیە. کرێکاری لەکار دەرکراو ڕووی لەوە کاتێ دەردی دڵ دەکا. بەڵام ئەو ژنە هاوسۆزیی دەرنابڕێ.. کەشوهەوای باراناوییە، واتە دنیا تاریکە و کەش خەماوییە، ئەوروپایی بەگشتیی بەباران بێتاقەتن و لە ڕوویاندا دەیخوێنیتەوە. تەواو پێچەوانەی لای خۆمان، کە هەندێ جاران نوێژە بارانەی بۆ ڕێکدەخەن و بە (ڕەحمەت) ناوی دەبەن. کورد ئەوەندە مەتووی بارانە، ڕەنگە لەفۆلکلۆری خۆیدا لە دە جۆر گۆرانیی پتری بەناوی (بارانە)وە هەبێ. هۆیەکەشی دیارە.

قارەمان لێوی دەلەرزێ، واتە لەوەدایە بداتە هاڕەی گریان. چونکە





کەسێک خەمی ئەوی بەکوڵدا نەداوە و تەنیایە. بەڵام لەکۆتایی شۆرتیزەکەدا وەها بەدیاردەکەوێ، کە دەرکردنی ئەم کرێکارە کاری لە ژنەی سەرنشینی قەتارەکە کردبێ. چونکە دواتر کاتێ ئەم ژنە لەگەڵ دۆستەکەیدا بۆ شێوکردن کۆدەبنەوە، خەم بەڕوویەوە دیارە. کاتێ کوڕە لێی دەپرسێ (هیچی خراپ ڕوویداوە؟) ژنە بەپەنجەکانی ئاماژە بۆ دۆستەکەی دەکات و وتەکانیشی پچڕ پچڕن. پێدەچێ ژنەکە (لاڵ)بێ..

کەواتە ئەو کاتێک لە قەتارەکەدا هاوسۆزیی بۆ کرێکاری قاودراو دەرنەبڕیوە، لە سۆنگەی بێدەربەستییەوە نەبووە. بەڵکو ئەو نەیتوانیوە بەڕەوانی سۆزبەندیی خۆی بۆ دەربڕێ. یان دەشێ نەیویستبێ ئەو کرێکارە پێبزانێ کە ئەم ژنێکی لاڵە، بۆیە بەم بێدەنگییەی کەموکوڕییەکەی خۆی شاردۆتەوە.. بەوەدا کە دەڵێ (ژنە پەنجەکانی سەمایان دەکرد) دەشێ تۆی خوێنەر وەهای لێکبدەیتەوە، گوایە ژنەکە ویستبێتی بەهاوکاریی زمانی جەستە، واتە بەدەم سەماوە ڕووداوەکە بگێڕێتەوە..

تۆ هەروا زەینی بدەرێ. ئەم نووسەرە لە دەقێکی (٥٥) وشەییدا دنیایەک کێشەی ورووژاندووە، کە گەلێک ماناو شرۆڤە هەڵدەگرێ. هیچکام لەم پرسانەی لەسەریان دوام ڕاستەوخۆ باس نەکراون، بەڵکو تۆی خوێنەر لەبندێڕی شۆرتیزەکەدا دەیانخوێنیتەوە.. کاتێک لەزۆرینەی وردیلەچیرۆک و شۆرتیزەکاندا قارەمان وەک (پیاوێک، ژنێک، منداڵێک) دەناسرێن و ناویان لێ نەنراوە، مانای وایە، ئەو قارەمانانە تاکی پەراوێزخراوی کۆمەڵن و ناو و ناوبانگێکی ئەوتۆیان نییە.. وردەکاریی لێکدانەوەی وردیلە چیرۆک و شۆرتیزەکانی دیکە بۆ

خودی خوێنەر جێدێڵم..

زەکەریا تامر چیرۆکی خێڵەکانی داوە بەڕاناوی کەسی یەکەم تاکو بیگێڕێتەوە. بەڵام هەموو ئەوانی دیکە لەلایەن کەسی سێیەمە دەگێڕدرێنەوە. حیکایەتخوانەکان لەدیوی دەرەوەی کارەکتەرەکان دەدوێن و ڕستەکان کورت و گێڕانەوەن، دەگمەن دەنا وێنەی شیعریی و میتافۆریان تێدانییە. بەڵام حیکایەتخوانەکەی لەمەڕ (مارلی) باس لە دیوی ناوەوەی قارەمانیش دەکات. واتە هەست و سۆزی ناخیمان پێدەڵێ. هەرچی حیکایەتخوانی لەمەڕ ماعزییە ڕستەکانی درێژن. وەهای دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی دیمەنێکی شانۆیی یان سینەماییمان پیشان بدات.

سەبارەت چیرۆکەکەی پیتەر ئەدوەڵفسنی دانیمارکی (خۆشەویستیی خوێناوی)، باس لەکلتووری دانیمارک دەکات. لەکلتووری کۆنی ئەم وڵاتەدا دیاردەی بڕینی پەنجە، لەلایەن کوڕەوە و ناردنی بەدیاریی بۆ دڵخوازەکەی، نیشانەی پیشاندانی ئەوپەڕی خۆشەویستییە. ئەم دیاردەیە، لە ئەدەبیاتی دانیمارکیدا دووبارە بۆتەوە. بۆ نموونە لە کورتە ڕۆمانی (قەشەکەی ڤایلبی)ی (ستین ستینسن بلیکە دا ١٧٨٢–١٨٤٨)، کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی(١٨٢٩)دا چاپ بووە و تائێستا سێ جاران بەفیلم کراوە، جووتیارێک دەچی پەنجەی پیاوێک، کە بە درەختێکدا هەڵواسراوە و گیانی لەدەست داوە دەبڕێ و دەیبات، پێشکەش بەکچەی خۆشەویستی خۆی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا کچەکە هەر لووتی پێدا داناهێنێ، ئەنجام کوڕەی جووتیار لەداخانا خۆی هەڵدەواسێ.





**خێڵەکان** - زەکەریا تامر

داوامان لە شەو کرد هەروا بە ئەنگوستەچاوی بمێنێتەوە. بەسەر لمدا بەرەو خێوەتەکانیان کشاین.. لەسەر ئەوە ڕێککەوتبووین تا ئەو کاتەی شمشێرەکانمان بەخوێنیان ڕەنگ دەکەین فرزەمان لێوە نەیەت. بەڵام یەکێکی لەخۆباییمان پەتی پساندو نەعرەتەیەکی دوور و درێژی لێدا. ئیدی ژنەکانیان بەدەم لەرزی تۆقینەوە، لە خێوەتەکانیان دەرپەڕین. وەک بیانەوێ ببنە جەستەیەک، کۆبوونەوە و خۆیان پێکەوە نووساند. بەگوێی یەکدا چپاندیان. ئەمجا خۆیان ڕووت کردەوە.. ڕووت و قووت بەرەوڕووی شمشێرەکانمان وەستان و وتیان: (ئابڕووچوون لە مردن باشترە!) کاتێ خۆمان کوتایە دەوارەکانیانەوە، دیمان پیاوەکانیان لەپرخەی خەودان. لەبەر چاوماندا وەک مردوو دەیاننواند. سەرمان بڕین و لە ڕەشماڵەکانیان دەرهاتین. جلکی ئافرەتەکانیانمان بەتاڵان هێناو شەکەت و ماندوو گەڕاینەوە خێڵەکەی خۆمان.. خەومان دەهات. هەرچەند بەرگریمان کرد بێهوودە بوو. خەو، خپ ئێمەی بەزەویدا دا و چاومان نووقاندو چووینە شیرین خەوەوە.. پیاوانی خێڵێکی دی دایان بەسەر ڕەشماڵەکانماندا و سەریان بڕین. ژنەکانیشمان نەیانتوانی ڕزگارمان کەن.

**شووتی** - زەکەریا تامر

مەلا نەسرەددین سێوێکی لەسەر مێزە تەختەکە داناو بەپەنجەیەکی باریک و درێژ ئاماژەی بۆ کردو لە قوتابییە بچکۆلەکانی پرسی: (چی دەبینن؟)

قوتابییان بەچاوی برسییەوە بۆیان ڕوانی و هاواریان کرد: (سێو)

بەڵام قوتابییەک، لە تووڕەییدا ڕووی سوور هەڵگەڕاو وتی: (نەخێر ئەوە سێو نییە، بەڵکو شووتییە!)

مەلا نەسرەددین لێی پرسی: (کێ پێی وتی ئەوە شووتییە و سێو نییە؟)

قوتابییەکە وتی: (باوکی وەزیرم پێی وتم!)

مەلا ساکا.. قوتابییەکانیش هاواریان لێ هەڵساو جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە سێوە و شووتی نییە. بەڵام کوڕە وەزیر هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە شووتییە.

مەلا بە قوتابییەکانی وت: (پێویست بە ناکۆکی ناکا. هەمووتان ڕاست دەڵێن. ئەم میوەیە دوو ناوی هەیە. زستانان پێی دەوترێ سێو، هاوینانیش پێی دەوترێ شووتی!)

### **پێڵاوی شەتاییە** - عیزەدین المعازی

شەتاییە شەبقە لەسەر دەنێ و چاویلکە ڕەشەکانی لەچاو دەکا و وێڵی شەقامەکان دەبێ بەچاوان سمتی کچان دەدووڕێتەوە گەردی کۆڵان و کورسی و چایخانەکان دەماڵێ. شەتاییە پێنازانێ ئەوەی دووچاری بووە دڵڕاوکێیەکی بێدەنگە و دڵی دەگوشێ... شەتاییە سەندووقەکەی بەدەستەوەیە بەنێوان چایخانەکاندا ڕێ دەکا چاو بۆ ئەو پێڵاوانە دەگێڕێ کە هەوەسیان لە بۆیاخە... بەدەم ڕێوە خۆی بەسەگێکدا دەکێشێ کە ئەویش لەدووی ئێسکێک یان کوتە بەرماوەیەک لەپێش دەرگەی چایخانەکەدا دەگەڕێ ئاوڕی لێ دەداتەوە چغەی لێ دەکا لاقی بڵند دەکا تا تێیهەڵدا سەگەکە گوێکانی قوت دەکا و کەڵبەکانی دەردەخاو لمۆزی بەش دەکا منداڵەکە هاوار دەکا تووڕە دەبێ لاقی





هەڵدەبڕێ سەگەکە دەیقۆزێتەوە پڕبە تاکە پێڵاوەکەیدا دەکا و دەیفڕێنێ شەتاییە سەندووقەکە فڕێدەدا غاردەداو غاردەدا سەندووقەکەو تاکە پێڵاوەکە بزر دەبن...

### **ئاهەنگە ملیۆن دۆلارییەکە** - دیک سکین

بەدوایین دۆلار، چارڵی ١٠,٠٠٠,٠٠٠ $ ەکەی بە یانسیب بردەوە. ئەو ئاهەنگەی لەگەڵ هاوڕێیانی شەقامەکەیدا بەدوای بردنەوەکەدا گێڕای دوو هەفتەی خایاند، کە لەو ماوەیەدا بەهۆی زیادەڕۆیی لەخوارنەوەدا ماڵئاوایی کرد.

حکوومەت ئیدیعای خاوەندارێتیی ملیۆنەکانی دەکرد، بەڵام ناوی ئەو هەتا هەتادێ وەک مەزنترین کەسێک تاکو نهۆ لەو شەقامە سەرەکییەدا زۆرترین پارەی لەئاهەنگدا خەرج کردبێ، بەزیندوویی دەمێنێتەوە...

.... بەڕاست ناوی چی بوو؟

### **سۆڵەتییە** - مارلی سویرزیک

ژنە، بارگە دوای بارگە ئاخنییە جلشۆرە چاوچنۆکەکەوە، کە پڕ نەدەبوو. پێی ئاغز بوو تاکە خولەکێکیش بەفیڕۆ بچێ. دایبیی پیس، بووتی تاکەوتاکی لە قوماش چێکراوی منداڵان، پێجامەی باتمان، جلکی تەنکی جگەریی، کراسی خەتخەتی گیایی، گۆرەویی تا ئەژنۆ درێژ، بەروانکەی منداڵان، جینز، بلووز، تەنوورە، پانتۆڵ.

ئێستاش، بەم دواییی، هەفتانە بارگەیەکی گچکە دەشوات. لەوە سەری سووڕماوە، بۆچی ڕۆژگار هێندە درێژە.

سۆڵەتییە: جۆرە یارییەکە بەیەک کەس دەکرێ

**قەراخشار لە ٥:٢٥ دا** - مارک کۆهێن

پیاوێک بەرامبەر ژنێک دانیشت.

(ئەمڕۆ لەکار دەریانکردم. وتیان من نائارامم.)

ژنەکە بێدەنگ لەوێ دانیشتبوو. پیاوەکەش ڕووی وەرگێڕا، سەیری بارانەکەی دەکرد، کە بەلاری دەباری. لێوەکانی دەلەرزین.

(پێدەچی کەسێک بەلایەوە گرنگ نەبێ.) پیاوەکە وەهای وت.

دواتر لەدەمی شێوکردندا دۆستی ژنەکە پرسی، (هیچی خراپ ڕووی داوە؟)

ژنە پەنجەکانی سەمایان دەکرد کاتێ ئاماژەی دا، (ئەو پیاوە – لە قەتارەکەدا– پەشۆکاو – دیاربوو.)

**پەناگە** - لویس یەنسن

لەوێندەرێ شوێنێک هەیە مرۆڤی لێ ڕاودەکرێ. لیمۆرەکان مرۆڤیان ڕاو دەکرد و دەیانخواردن. ناوچەکە شاخاوی و بەردەڵانی بوو. دۆڵەکانی بەدارستانی چڕە گەلا بوون. لەو دەڤەرەدا توخمی مرۆڤ بێهووده لەدووی پەناگەیەک دەگەڕان خۆیانی لەوەزەنی لیمۆرە ترسناکە دڵڕەقەکان تێدا وەشارن. لیمۆر خاوەنی ناوچەکە بوون و یەکتریان خۆشدەویست، بۆیە پیاوە سەر لەدوونراوەکان لە حەشارگەی خۆیانەوە گوێیان لە دەنگی نامۆی ئەو لیمۆرە دڵدارانە بوو، وەختێ ئەو گەلە ڕاوچییەکە لە پەناگەکەیان نزیک بوونەوە.

لیمۆر: جۆرە مەیموونێکە لە چڕە دارستاندا دەژی و لە شەودا دێتە دەر و کارایە. لە(مەدەگاسکە) دەژی و دەبینرێ.





**خۆشەویستیی خوێناویی** - پیتەر ئەدۆلفسن

پیاوێک هەبوو، ژنێکی خۆشدەویست، وەلێ ئەو پیاوەکەی خۆش نەدەویست. پیاوە پێی وت: (من مەرگم دەها بەلاوە باشترە وەک لەوەی بێ تۆ بژیم.) ژنە وەڵامی دایەوە: (لاکەوە هەی بتڕپێنم بەریشی بابتا!) پیاوەکە لەبەرخۆیەوە مرتاندی: (دەنا من بە بەڵگەوە دەیسەلمێنم.) وەلێ ژنە خێرا لێیدا ڕۆیی. هەر هەمان ئێوارە پیاوەکە بەچەقۆیەک جومگەی سەرەوەی پەنجەی شایەتومانی دەستی چەپی خۆی لێ کردەوە و لەگەڵ تێبینییەکدا، کە بەخوێنی پەنجە بڕدراوەکە نووسرابوو، خستییە پاکەتێکەوە و بۆی نارد: (منت خۆشبوێ دەنا ئەم جارە بێتەوە نۆرەی دەستمە.) پاش مانگێک ژنە بەستەیەکی پێگەیشت، دەستێکی بڕدراوی تێدابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر پیاوەکەی قەبووڵ نەبوو.. هەنگاوی داهاتوو نۆرەی ئەوەبوو هەموو باڵی بەجارێک لێبکاتەوە، وەلێ ژیوان بووەوە. بەم شێوەیە دەبوو پاشماوەی ژیانی یەک دەست و تەنیاباڵ بەسەربەرێ.. ئەم دووانە جارێکی دیکە بەپیر و خەڕۆیی یەکدییان بینییەوە. ژنەکە پێی وت: (ئەوەتا وەک دەبینی تۆ بەبێ منیش هەر نەمردیت و هێشتا هەر لەژیاندای!) ئەویش وتی: (بەڵێ وایە، ئەوە لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا هەستم پێکرد.) ژنەکە وتی: (چەند کابرایەکی سەیری، دوای ئەوەی دەستێکت...) ئا بەم شێوەیە بەئاوەزی پیاوەکە پێکەنی و ڕۆیی بەرێی خۆیەوە.

سەرچاوەی دەقەکان:

خێڵەکان، شووتی: (زکریا تامر)، نداء نوح، ط(١) لندن، رياض الريس للكتب والنشر، ١٩٩٤

پێڵاوی شەتایبە: (عزالين الماعزي)، حب علي طريقة الكبار، ٢٠٠٦

ئاهەنگە ملیۆن دۆلارییەکە: (دیک سکین)، سۆلەتییە: (مارلی سویرشیک)، قەراخشار لە٢٥:٥ دا : (مارک کۆهین)،

The worlds shortest stories, Steve Moss, Running Press Book Publishes, .1998. USA

پەناگە، لویس یەنسن،

Louis Jensen, At laene sin kind mod verden, Danmark 1991.

خۆشەویستیی خوێناویی (پیتەر ئەدوەڵفسن)،

.Peter Adolphsen, Sma historier (2), Danmark, 2000, s 73

سوودی زۆرم لەم سەرچاوانەش وەرگرتووە:

١- جميل حمداوي، شعرية القصة القصيرة جدا عند عزالدين الماعزي، الحوار المتمدن، العدد (١٤٢٨)، ٢٠٠٧/٢/١٢

2- Eva Rosenvold, Password system, Narayana Press, Gylling, 2005.



# هێمن و بۆنی غەریبی

## دەستپێک:

لە ڕیزی شاعیرانی ئەمڕۆی کورددا، هێمن جێگەیەکی دیار و تایبەتیی بۆ خۆی کردۆتەوە. دڵنیام هیچکام لەوانەی، کە ئێستا لە ژیاندان هێندەی هێمن شیعریان لەلای جەماوەر ئاشنا و خۆشەویست نییە... شیعری هێمن گەورەترین ڕووبەری لە خاکی کوردستان داپۆشیوە. باوەڕم نییە خوێندەوار هەبێ لانی کەم چەند دێڕێک لە بەرهەمی ئەوی لەبەر نەبێ. خەڵک لەم کارەیاندا بەهەڵەدا نەچوون. لەم سەردەمەدا، کاتێک خوێنەری هوشیار نووسەرێک دەنرخێنێ، گرنگییەکی تەواویش بە هەڵوێستی دەدا، ئەوجا هۆگری بەرهەمی ئەو دەبێ. هێمنیش بەرلەوەی شاعیر بێ، خاوەنی هەڵوێستی پاکی خۆیەتی..

شیعرەکانی بەخێرایی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان جێ دێڵن و بەیەکجاریی لە یادەوەریی خەڵکەکەدا جێی خۆیان دەکەنەوە. ئەو خاوەنی ئەزموونی تایبەت بەخۆیەتی و کۆپی شاعیرانی دیکەی هاوچەرخ یان پێش خۆی نییە. ئەو کەمتر وێنەی هونەریی و وشەگەلی هاوچەرخەکانی بەکاردەباو دەجوێتەوە. واتە لێیان جیادەبێتەوە. ئەم جیابوونەوەیەش لە خۆیدا بەهرەی شاعیر پیشان دەداو دەیخاتە سەر ڕێگەی داهێنان.

هێمن لە توخماتی گۆرانە، هەتا بەتەمەندا هەڵبکشێ شیعرەکانیشی ڕووەو هەوراز هەڵدەکشێن. زیاتر سرووش لە

بەرەنگاریی و ژیانی ڕۆژانەی تاکی کورد و لە چاوەندازەکانی سروشت و دێهاتی کوردەواری وەردەگرێ و دەیانکاتە هەوێنی شیعر. وەک جووت و گێرە، شوان و بێری، هۆبە و هەوار. من لێرەدا ناتوانم سنوورێکی ئەوتۆ بۆ بەرهەمەکانی شاعیر بکێشم پڕ بەپێستی بێ. چونکە داهێنان لەخۆیدا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و مرۆڤ هەروا بە ئاسانی پەی پێ نابا. (کارێکی سەیرە! بەڵکو کردەنی نییە، بەرهەمی هونەرمەندێک بترنجێنینە چوارچێوەیەکی سنووردارەوە، بیهاوینە سەر مێزی نەشتەرگەریی، تاکو لە نهێنی بیرکردنەوەی ئاگادار بین. مۆرسەکانی بدۆزینەوە و بیگێڕینەوە سەر توخمە سەرەتاییەکانی، ئەمجا لەوێوە بزانین چلۆن بەرهەمەکەی داڕشتووە؟ دواجار بێین لەسەر ئەو پێ و دانگە هەڵیبسەنگێنین.)[١]

هەر هونەرمەندێکیش جیهانێکی تایبەتی و شێوازی نووسینی تایبەت بەخۆی هەیە. جیاوازیی نێوان هونەرمەندێک و یەکێکی دی جیاوازیی بەهرە و ئاستی ڕووناکبیری و قووڵیی بۆچوونیانە بۆ ژیان و دەوروبەر و جووڵەی مێژوو. هەر بۆیەکا هیچ هونەرمەندێک فۆتۆکۆپی ئەوی دیکە نییە.

لەم باسەدا دەست لەسەر ژیانی هێمن بە مانگ و ساڵ داناگرم، مەگەر ئەوەندەی پێوەندیی بە باسەکەوە هەبێ، کە کاریگەریی (غەریبی)یە لەسەر داهێنان و شیعری هێمن. (تەمەنی شاعیر بە ساڵ حساب ناکرێ. بەڵکو ئاستی داهێنان و هێزو پێزی بەرهەمەکەی بۆ حساب دەکرێ، کە دواجار دەیخاتە پاڵ سامانی ئەدەبیی نەتەوەکەی.)[٢]

هەرچۆنێک بێ، هێمن شاعیری ئازادی و خۆشەویستییە پێکەوە.





خاوەنی سامانێک وشەی ناسک و جوانی موکریانە و فەرهەنگی نووسینی دیوی ئەمدیویشی دەوڵەمەند کردووە. نووسەرانی کوردی دیوی عیراق بە تاسوقەوە وشە ناسکە شیعرییەکانی وەک: (ئۆخژن، بەردەبێر، خرمژن، کازیوە، هەڵکورمان، نواڵە، هەڵەمووت، زنوێر...)، کە لەوەوە فێری بوون، دووبارە دەکەنەوە.

هێمن بە ئەزموونێکی دوور و درێژەوە شارەزای کلتوور و ترادشیۆن و نەریتی باو و خۆزیا و بریای گەلەکەیەتی و لەگەڵ ئاوات و ئازارەکانیدا دەژی. بۆخۆی دەڵێ: (دەبێ بڵێم من دەستکردی فەوزیم. ئەو هەڵیوەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە.)[٣] لەو نووسەرانەیە، کە شیاوی ئەوەیە بدرێتە پاڵ نەتەوەکەی و پێی بوترێ شاعیری گەورەی کورد. ڕەنگە بەهەڵەدا نەچووبم ئەگەر بڵێم: دووربا بە مردنی هێمن لەوانەیە ئیدی لای ئێمەی کورد شیعری ستوونی بە یەکجاریی لەبەین بچێ و کۆتایی پێ بێ.

## هێمن و نامۆیی:

هێمن یەکەم بەهرەمەندی ئەم دنیایە نییە، کە پەڕیوەی هەندەران بووبێ و لە غەریبی ژیانی گوزەراندبێ. زۆربەی ئەو نووسەرە گەورانەی، کە جیهان یادیان دەکاتەوە و دیار و لەبەرچاون، بەشێک یان هەموو ژیانیان لە غەریبی بەسەربردووە. لە هەندەرانیش بەرهەمە نایابەکانیان نووسیوە. ئەوان لە وڵاتی خۆیاندا ڕاونرابوون و نەیانتوانیوە لەسەر خاکی خۆیان بژین و بئەفرێنن؛ وەک نازم حیکمەت و یەشار کەمال، ئۆسترياس و میلان کۆندێرا، ڕافائیل ئەلبەرتی.. یان شێوەکارەکانی وەک کاندینسکی، شاگال.. مارکیزی ڕۆمانووس

(کەس نامە بۆ کۆلۆنێل نانووسێ) ی لە پاریس نووسیوە. ڕافائیل ئەلبەرتی کە ڕاوەدوونراوی دەستەڵاتی فاشیی فرانکۆ بوو، بۆ خۆی دەڵێ (لە سییەکانی تەمەنمدا بووم کاتێ کۆچم کرد. لە تەمەنی حەفتاو پێنج ساڵیدا گەڕامەوە. ئەمەش هەر بەڕاستی کارەساتە.)

سوودی نیشتمان بۆ نووسەر و داهێنەران چییە، کە ئەوان نەتوانن داهێنانی تێدا بەرپا بکەن و هەردەم گەردنیان لە ژێر ڕەحمەتی شمشێری میرغەزەبەکانی ولاتدابێ؟ نزیکەی تەواوی نیشتمانەکانی رۆژهەلات بەهەشتی دز و گێل و دیکتاتۆرەکانن! بۆ زانا و داهێنەر و ڕووناکبیرانیش دۆزەخگەلێکن نێڵە نێڵ دەسووتێن. نالی و حاجی قادر و کێ و کێش، پەڕیوەی هەندەران بوون و لەوێش مردوون و کەسیش گۆڕەکانیان پێنازانێ. دوای ئەوەش خەیاڵی داهێنەرانە سنوورەکان بە فەرمی ناناسێ.. داهێنەر پێویستی بە ژینگەیەکی ئارام هەیە.. لە نێو چەقەچەق و شەڕە تۆپدا داهێنان نایەتە ئاراوە. لەبن سێبەری شمشێری میرغەزەبدا داهێنان چێ نابێ. داهێنەر چی لە نیشتمانێک بکا، کە نەتوانێ تێیدا پرپە مێشکی خۆی بیر بکاتەوە؟ خۆ (لۆرکا) و (نیرۆدا) یان لە نیشتمانەکەی خۆیاندا کوژران! (جێمس جویس) هەمیشە لە دبلن بێزار بوو..

سەختترینی نامۆییش ئەو جۆرەیانە، کاتێک تاکی داهێنەر لە ولاتی خۆیدا دووچاری دەبێ. نووسەرانی دنیاش بە خواستی خۆیان نیشتمانیان جێ نەهێشتووە. یان ئەوەتا بەزۆی زۆردارەکی وەدەرنراون. یاخود لە ولاتی خۆیان دەست و پێ بەستراو بوون. مقەست و چاوی سووری سانسۆر نەیهێشتووە بەئازادیی بئەفرێنن و لە ترسی ژیانی خۆیان هەلاتوون. بەلام لەکوێ ژیانێکی ئارامی دوور





لە سترێس و فشار بۆ داهێنەر بلوێ، ئەو لە وێندەرێ کاری خۆی جێبەجێ دەکا.

زۆرێک لەو داهێنەرانە، کاتێ پەڕیوە و نامۆ بوون، لە ژینگە نۆێیەکەیاندا پتر لەجاران بەهرەیان هەڵکشاوە.. هێمن یەکێکە لەوانە. دەتوانم بڵێم ئەو شیعرانەی، کە لە غەریبی، لە ژێر کاریگەری نامۆییدا، لە دیوی عیراق وتوونی ناسکتر و بەسۆزتر و هەڵکشاوتر و کاملترن. لەتافی هاڤیبووندا مرۆڤی ئاساییش چ جای شاعیر، ئەزموونی خۆی دەوڵەمەندتر دەکات و تێکەڵ بە کلتووری میللەتانی دیکە دەبێ و لەگەڵ ڕۆشنبیریی گەلانی دیکەدا کۆنتاکت پەیدا دەکات و نوێ دەبێتەوە. نووسەری ناوداری دانیمارک هانس کریستیان ئەندەرسن، کە خۆیان بەکورتی بە (هۆ سی ئەنەس) ناوی دێنن وتوویەتی (سەفەر ژیانە).

کۆچبەر سەری لە خەونی ڕەنگاوڕەنگدا تژییە. ئەو پێشەکی نازانێ لەکوێندەرێ دەگیرسێتەوە. پێنازانێ زەمانە چ بۆسەیەکی بۆ ناوەتەوە. ئەو بەو نیازە زەمین لە پێوەدەدا تاکو بە تەواوی بەهاکانی وەک خۆشگوزەرانی، زانست، ئاسوودەیی و ئازادییەکان، کە لە زێدی خۆیدا ئەستەم بوون بگات و بتوانێ لەولاتی غەریبایەتی بەدەستیان بهێنێ. ئەو گەلانەشی، کە ڕۆڵەکانیان بەزۆریی سەفەردەکەن، ئەوانە خاوەنی خەونی جوانی ڕەنگاوڕەنگ و فراوانن.

ئەوانە بۆیەکا ڕێی هات و نەهات دەگرنەبەر و سەری خۆیان هەڵدەگرن تاکو لە گۆشەیەکی ئەم دنیا بەرینەدا خەونەکانیان بخەنە واری پراکتیکەوە. ئەوان بەنیازی ئەزموونێکی نوێن، کە شارەزای وردەکارییەکانی نین. بەرەو ولاتێک مل دەنێن لە نهێنییەکانی بێ

ئاگان. ئەوانە سەرمایەیان تەنیا خەونە و دەیانەوێ لەوێندەرێ بیهێننە دی. تاکو لە ئایندەدا وەک کۆڕی حەکایەتەکان بەسامان و ناوواداو و ڕێزەوە، بە کچە پاشای دڵخوازیانەوە، بە سەربەرزیی بگەڕێنەوە ئەو نیشتمانەی بەهاو ئۆرتێکی بۆ ڕۆڵە داهێنەرەکانی خۆی دانەنابوو!

## نامۆیی هێمن لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

هێمن کەسێکی ڕووناکبیرە. کەواتە ئێمە دەبێ لەو هۆکارانە بگەڕێین، کە دەبنە مایەی ورووژاندنی هەستی غەریبی لەلای تاکی ڕووناکبیر. وەلێ زاراوەی ڕووناکبیر بەتەنێ بەس نییە بۆ ئەوەی پێناسەی تاکێکی وەک هێمنی پێبکەین. چونکە ئەو شاعیریشە بەهەمووو پاشخانەکانی شیعر و ئەدەبەوە. وێڕای ئەوەی هێمن خەونێکی گەورەی هەبووە نەیتوانیوە بیهێنێتە دی، کە ڕەنگە ئەمەیان کاریگەرترینی هۆیەکانی هاڤیبوون بێ لەکن ئەم تاکە هوشیارە.

وەک ڕووناکبیر، دیارە کەرەستە و سەرچاوەی سەرەکی بۆ کەسێکی شاعیر، زمان و کلتوورە. ئەو نیشتمانێک یان با بڵێین جیهانێک لە وشە ڕۆدەنێ. دەیەوێ بەخواستی خۆی لە سەرچاوەکانی مێژوو، زمان و کلتوور هەڵگۆزێ و ئەم جیهانەی پێ بڕازێنێتەوە. بەڵام وەرە سەدان وشەت بۆ ڕیزبکەم، کە لە نیشتمانەکەی ئەودا دەستبەسەرن و ئەوی شاعیر ناتوانێ ئازادیان بکات و لە ساختمانی ئەو جیهانە ڕازاوەیەدا، کە گەرەکێتی بەرزیان بکاتەوە، بەکاریان بهێنێ. بەڵکو زمانی کوردیی، کە کەرەستەی خاوی سەنعاتەکەی لەمەڕ هێمنە، لەماڵی خۆیدا بێ ئۆرت و بێ ئیعتیبار کراوە.

زمانی خوێندن و نووسین نییە. نافەرمییە و وەک دراوێک وایە





بەفرمانێک لە توانای کڕین بەتاڵ کرابێتەوە و چیدیکە مامەڵەی پێ نەکرێ. بگرە خەڵکێکی زۆری کورد لەوێندەرێ زمانی کوردییان پێ ناخوێندرێتەوە. کەواتە ئەوان لەوێ، لەو شیعرە جوانانەی هێمن دەیاننووسێ بەهرەمەند نابن. هەرچی کلتوور و مێژووەکەشێتی شێوێندراوە. دیارە ئەم لەباردڵیدا خۆی بەڕەنج بە با دەزانێ.. مرۆڤی ڕەنج بە با، لەماڵی خۆشیدا غەریبە.

**سیمبول:**

هەرەسی کۆماری کوردستان و ئاوابوونی بەپەلەی ئەو ڕەمزە گەورەیەی، کە ئەم بە بڕوابەخۆبوون و شانازییەوە شیعرەکانی لەپێشدا دەخوێندەوە، کە ئەویش پێشەوا قازیی بوو، هۆیەکی دیکەی نامۆبوونی شاعیرە. چونکە دواجار هێمن ئەم ڕەمزە گەورەیە بەپەتی سێدارەوە دەبینێ. ئەمەش مانای وایە (خۆزیاو بریا)کانی شاعیریش بەدارەوە کراون. بەتایبەت پەیداکردنی سیمبولێکی دیکە، کە توانا و زاخی قازیی هەبێ، کات و سەبری ئەیووبی گەرەکە و لە حاڵی حازردا (ناپەیدا)یە.

**لەچوارچێوە گرتن:**

شاعیر تاکێکی هوشیارە، دەیەوێ ئازاد بێت و بەباڵی وشە بفڕێ. وەلێ لە جڤاکێکی پاشڤەرۆدا، ئەمیان ترنجاندۆتە نێوان چوارچێوەیەک، یانژی جوغزێکیان بەدەوردا کێشاوە، گەرەکە لێی دەرنەچێ. بەدەیان بەند و پەرەگرافی یاسایی بەستوویانەتەوە. ئەم بەندانە پڕن لە مەکە و بڤە و قەدەغە. هەر یاسا شکێنییەک بە گران لەسەری دەکەوێ و بەرەورووی سزای توندی دەکاتەوە. لەدۆخی

وەهادا وەک ئەوە وایە تۆ باڵی کۆترەکانت کردبێ و داوای فڕینیشیان لێ بکەی. بۆیە لەهەل و مەرجی وەهادا ئەفراندن چێ نابێ.

**جڤاکی ناحاڵی:**

هێمن وەک ڕووناکبیرێک حاڵییە و کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە. سەر لەو پیلانانە دەردەکا، کە دوژمن بۆ کەویکردنی ئەم گەلە ئامادەی کردووە و ڕەنگی بۆ ڕشتووە. کەچی زۆرینەی خەڵک لێی بێ ئاگان، یان زۆرێک هەن ئەو خەمەیان بەکۆڵیاندا نەداوە و بەهەندیان نەگرتووە. یان وەک پێویست لەئاستی مەترسیی ئەو پیلانەدا نین، کە مەحکەم بۆیان تەنراوە. بەدەنگ خەمە گەورەکانەوە ناچن و تەنیا بەتەنگ ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوەن. ئەم هەر بانگ دەدا و ئەوان نایبیستن. ڕەنگە هەندێ جار وای هەست کردبێ، کە ئەم و هەڤاڵانی، ئاسنی سارد دەکوتن و گوێڕایەڵی و سۆزبەندیی خەڵک لەگەڵ پرسە گرینگەکەدا، لەئاستی پێویستدا نییە.

**جیاوازیی لە چەندێتی و چلۆنایەتیدا:**

هەندێ لەم شیعرانە لە ڕووی چەندێتی و چلۆنایەتیشەوە تەواو لەوانە جیاوازن، کە لەوێندەرێ لەسەر پشت و لە زێدی خۆی نووسیونی وەک (ناڵەی جودایی)، کە درێژترین شیعری هێمنە و لە سەد دێڕ پترە، لە دیوی عیراق نووسیوێتی. شیعری (مەولەوی)ی بەڵخی تێکەڵ کردووە و کاری تێ کردووە. یان ڕاستتر وایە بڵێم خەمەکانیان تێکەڵ خەمی یەکدی کردووە. پێم باشە لێرەدا ڕای تایبەتی هێمن لەسەر ئەم تێکەڵکردنە تۆمار بکەم: (مەولەوی کاری نەکردۆتە شیعرەکانم، بەڵام کاری کردۆتە دەروونم و هەژاندوومی. ئەگەر ئەو شیعرەی مەولەویم





نەبیستایە، باوەڕ ناکەم ناڵەی جودایی ـ م وا بەڕەوانی گوتبا.)

جگە لەوەی لەم شیعرە درێژەدا، کە داستانێکە بۆ خۆی، سوودی لە بەیت و داستانەکانی کوردەواریی وەرگرتووە و بەفراوانی خەیاڵی لەکاردایە و هیچ لەمپەرێکی لە ڕێدا نییە. خەیاڵی مەی و خەیاڵی شاعیرانە و سرووش وەرگرتن لە داستانە دڵدارییەکانی کوردەواری و لە شیعری مەولەوی، بەیەکدا چوون و شاکارێکیان پێکهێناوە. ناوی لێناوە (ناڵەی جودایی)، کە دیسان بەو زمانە شیرینە باس لە دابڕان و غەریبی دەکا.

لەت و پەت بوون، برینداربوونی دەروونی کەسانی ناو شیعرەکانی هێمن، بێ نەوایی و کڕووزانەوەیان، حاڵی چەند کەسانێکی زەبوون و خەستە نین، شاعیر هەڵیبژاردبن، یان زادەی وەهم و خەیاڵی شاعیر خۆی بن. بەڵکو ئەوە حاڵی زۆرینەی تاکە هوشیارەکانە.. ئەو بەرزی و نزمییانەی لە شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون. جارێک داڕمان و جارێکی دیکە سەرکەوتنی ئاوات و ئارەزووەکان، کتومت لەو سەرکەوتن و ژێرکەوتنانە دەچن، کە شاعیر لە ژیانی سیاسی و خەبتینی دوور و درێژی خۆیدا تووشیان هاتووە.

هونەری گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا جیاوازە تاکو شیعر. ئەگەرچی حیکایەتخوان بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاکیش (من) بدوێ؛ هێشتا هەر لەبەر زۆر هۆ، کە ئێرە جێی شرۆڤەکردنی نییە، ناکرێ خوێنەر ئەو (من)ی چیرۆک یان ڕۆمانە بەرێتەوە سەر خودی ڕۆماننووس یان چیرۆکنووس. لێبەلێ لە هونەری شیعردا، کارەکە پێچەوانەیە. کاتێک هێمن ڕاناوی کەسی یەکەم بەکاردەبا، ئەوا دروستە بڵێین ئەم (من)ە خودی شاعیرە و مەبەستی پێ دەربڕینی

خەم و کۆڤان، یان سۆز و خۆشەویستیی خۆیەتی.

مرۆڤی غەریب کەسێکی نەناسراو و بێ ناو و داوە. بێ ناوونیشانە. دڵی لەجێدا نییە و ئاسایشی دەروونیی لەدەست داوە. لەوێ کەس غەریبێک بە ناوی خۆیەوە بانگ ناکا! ئەو لە خزم و خوێش دابڕاوە. ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەشی، کە بەدرێژایی تەمەنی خۆی پەیدای کردبوون لە غەریبی دەپچڕێن. بۆیە ناچارە سەرلەنوێ لەگەڵ کەسانی دیکەی نەناسدا پەیوەندیی ببەستێ.

هێمن بەپیریی ئاوارە بووە، کە جیاوازە لەوانەی بە تەمەنی لاوی دەپەڕنە تاراوگە. لە ژن دوور کەوتۆتەوە، کە بۆ هەموو پیاوێکی بەتەمەن، بەتایبەتی زۆر گرنگە.. هێمن وەک ئەو پیرەدارەیە بەڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەندرابێ و گوێزرابێتەوە ژینگەیەکی دیکەی نامۆ. بە ئاسانی لەگەڵ ژینگە نوێکەدا ڕانایەت. ئەم بەنەمامی نەگوێزراوەتەوە هەتا سانا خۆی بگونجێنێ. مەگەر قەرەبووی ئەم دۆخە نوێیەی وا تێی کەوتووە، هەڵکردنەوەی شریتی یادگارییەکان و پەنابردن بێ بۆ خەیاڵی مەی!

جابۆ ئەوەی هەڵبسێتەوە و قەرەبووی ئەو تێکشکانە بکاتەوە و بێتەوە مایە، هەوڵ دەدات بە داهێنان ئەو کەمایەسی و ناجۆرییانەی ژیانی پڕبکاتەوە. نووسەری نامۆش کەسێکە خاوەنی ڕابردووە. ئەو ڕابردووەش هەمیشە لەلای ئەو ئامادەیە و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. وەلی هەردەم وا هەست دەکات تاکێکی بێ ئایندەیە. یان خاوەنی ئایندەیەکی تەماوی و نادیارە. بۆیە دیسان هەوڵ دەدات قەرەبووی ئایندەش بکاتەوە. واتە کارێک بکات بەهۆی بەرهەمەکانییەوە زۆرتر بژی. بۆیە هەمدیس لە هەوڵ و کۆششدایە تا





ئەو کەمایەسییەش (نەبوونی ئایندە) بە بەرهەمی زیندووتر قەرەبوو بکاتەوە. هەر هێمن بەتەنیا وەها نییە. ئەو نووسەرانەی وا لە پێشدا ناوم هێنان، هەموویان هەر وەها ژیاون.

سایکۆلۆجیای مرۆڤی غەریب وەهایە؛ هەردەم کەس و کار و دۆستانی خۆی لەبیرە و یادیان بەخێر دەهێنێ. ئەو پێی وایە گوایە ئەوانیش هەردەم ئەمیان لەیادە. بەڵام ئەم بۆچوونە دەستکردی وەهمی غەریبییە و بڕێ جاران پێچەوانەکەی ڕاستە. بە دووری مەزانە ئەگەر زۆرێک لەوان، ئەمیان بیر چووبێتەوە. دەشێ لە نێویاندا هەبێ حەز بە گەڕانەوەشی نەکەن. بەڵام بەگشتی لەکن کوردەوای سۆزبەندی لەگەڵ غەریبدا هەیە.

خەڵکی سادە و خاکی تەبع پێیان وایە مرۆڤی غەریب دووعا و نزای گیرایە. کورد تەنانەت سۆزی بەرانبەر باڵندە کۆچەرییەکانی وەک پەڕەسێلکە و تەیرەن ئەبابیلە و قازوقوڵنگ و لەکلەکیش، لە باڵندەکانی دیکە پترە چونکە ئەمانە کۆچبەرن و گەرمیان و کوێستان دەکەن. هەندێ جاران بە موبارەکیشیان دەزانن!

ئەوی نامۆ، واتە (من)ی شاعیر، هەمیشە باخ و شاخ و ڕێ و بان و چاوەندازەکانی وڵاتی لەیادە. غەریبییان دەکات و یادی دیمەنە جوانەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری دەکا. وەک لە شیعری (فریشتەی پەریوە)دا هاتووە.

لەمەیدان دیومە نێسکەی ئەسپی خۆشبەز
لەگەڵ دەست و جلیتی شۆڕە سواران
گەڕی شاییم لەپێش چاوی گەڕاوە
لەرەی مەم، سووکە ڕەوتی گوێ بەگواران

لە شیعری (یادم بکەن)یشدا داوا لە ئازیزانی دەکا لەساتە جوان و خۆشەکانی ژیانیاندا، کە وەک گرتەی سینەمایی بەرجەستەی کردوون و لە شێوەی مۆنتاجی سینەمادا دەمیەکی داون، ئەمیان بێتەوە یادو فەرامۆشی نەکەن. وەک (کۆڕی بادە، بەرکۆژە ترازاندن، گەڕی ڕەشبەڵەک، گوشینی پەنجە و گوڵمەی ڕان، جێژوان، تێکەڵبوونی هەناسە، مژینی لێو، تێپەڕینی پۆلی بێری، چاواگرتنی کیژ، گوێ هەڵخستن بۆ قەتاری ماملێ...)

هێمن گەرەکێتی لەم جوانییە ڕێژەییانەی جڤاکی کوردەوارییە جوانی ڕەها دەستەبەر بکات. وەها، کە هیچکاممان یان زۆربەمان لاریمان لێیان نەبێ. ئەمەیش شیعرەکەی لەڕووی ستاتیکییەوە جوان و بەرز ڕاگرتووە. بەتایبەتی ئەو لەسەر گرتەیەک ڕاناوەستێ تاکو ئێمە لێی وەڕس ببین. بەڵکو خێرا خێرا وەک کامێرامانێکی شارەزا لە دیمەنێکەوە بازدەداتە سەر دیمەنێکی دیکەی نوێ و بینەر یانژی خوێنەر دەوروژێنێ. گرتەکان هەمەڕەنگن. لە زرەی پیاڵەوە، بەچێژ و موسیکییەوە بۆ بەرکۆژە ترازاندن و لەوێوە بۆ گەڕی ڕەشبەڵەک و... هتد

هەموو ئەم دیمەن و گرتە سینەماییانە، ڕیشەی کلتوورییان هەیە و لە نەستی ئێمەی کورددا بنیان ناوەتەوە. واتە نابێزرێن. جگەلەوەیش چێژی سکسییان تێدایە. بەڵام ئەو چێژی دەروونی و ڕووحیشی تێهەڵکێش کردوون، بەوەی هاتووە (تار و قەتاری ماملێ)ی ئاوێتەی دیمەنەکان کردووە. لێرەدا دەشێ بڵێم، وەک موسیکی پاشخانی گرتەکان بەدیار دەکەوێ. (موسيكي فيلم/ الموسقي التصويرية) لە کۆتایی شیعرەکەدا هۆکاری زیندووکردنەوەی ئەم یادانە بە دۆستانی





خۆی ڕادەگەیێنێ، چونکە ئەم (لە خۆشی بێ بەشە، دوورە وڵاتە، سەوداسەری ئازادییە).

وابزانم ئەم بیرخستنەوەیە زیادە بێت. چونکە ئەوانەی دۆستی شاعیرن بەچاکی هۆکاری ئاوارەبوونی هێمن دەزانن. ئەوێک، کە ڕێبواری ڕێگەی ئازادییە، بۆچی داوا لە دۆستانی دەکا تەنیا لەو ساتانەدا یادی بکرێتەوە و بەلای ساتە تراژیدییەکاندا نەچووە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە بۆخۆی لەدۆخێکی تراژیدیدا ژیان بەسەردەبا، یان چی؟

بەڵێ هێمن بەو یادەوەرییانە دەژی. کاتێ لە غەریبی خەونیش دەبینێ، لە خەونەکانیدا لە وڵاتە. چونکە مێژوویەکی لەگەڵ تاراوگەدا نییە شیاوی هێنانەوە یادبێ و وابێ لە نەستیدا بنی نابێتەوە و لە نائاگایی و خەوندا جارێکی دیکە سەر هەڵبدەنەوە. بۆیە ئەو لە غوربەتیشدا هەر بیر لە پرسەکانی نیشتمان دەکاتەوە. خەون بەکەونە مەفتەنەوە دەبینێ. ڕەنگە هەندێ جاران زێدەڕۆیی لە نامۆیی خۆیدا بکات و زیاد لەپێویست بێزاری و دەردی دڵ بکات و زاراوەی وەک (بێ بژێو، بەشخوراو، پەڕوەریو..) بۆ خۆی بەکاردەبا؛ کە لەو باوەڕەدام بەو ڕادەیەش بێ دەرەتان نەبێت.

بەڵام سایکۆلۆجیای مرۆڤی هاڤی هەردەم وەهایە، ئەو لە وڵاتی غەریبی، ئەگەر لە دۆخێکی باشی تەندروستیدا بێ، دەرامەتێکی کۆکیشی هەبێ و تەواویش ئازاد بێ؛ هێشتا غەریبی هەر غەریبییە و دووری نیشتمان دەردێکی گرانە. نیشتمان کاڵایەک نییە قەرەبوو بکرێتەوە.. ئەو بە ڕۆح و بە جەستە غەریبە. غەریبی ڕۆح خەرامانی نییە. هەرچییەک بکەی ئەو خەرەندەت بۆ پڕ نابێتەوە و ناشتوانی بازی بەسەردا هەڵبدەی.

لێرەوە بەرهەمی نووسەری غەریب، ئەگەر ڕۆمان و چیرۆک بێ یان شیعر؛ ئەو هەر سرووش لە خەم و کێشەکانی ولاتی خۆی وەردەگرێ و لەوان دەدوێ و لەگەڵیاندا خەریک و خجڵ دەمێنێ. ئەوی نامۆ وەک بۆ ئاگر هاتبێ، لە بیری دەرفەتێکدایە بۆ گەڕانەوە و مەیلی ولات نانێ. ئەگەرچی زۆر جاران تاراوگە دەبێتە دوا مەنزڵی و ئاو و گڵی ئەوێشی بە نسیب دەبێ.

نامۆبوونی مرۆڤ، بەتایبەت لەولاتی خۆیدا، هەست بەتەنیاباڵی کردنە. ونبوونە.. پلیشانەوەی ژێر زەبروزەنگ و فشارە. بەتایبەتی لە ژینگەیەکدا، کە مرۆڤی وشیار دوو جاران تێیدا چەوساوەیە، چینایەتی و نەتەوایەتی. مرۆڤی نامۆ لە ولاتی خۆیدا دەستەوستانە. هاونیشتمانیی پلە دووەمە. پێشەکی ڕەنگ بۆ تەفروتووناکردنی ڕێژراوە. هەرلە قەدەغەکردنی زمانەکەیەوە، کە دیارترینی سیمای نەتەوەیە بیگرە هەتا دەگاتە شێواندنی کەلەپوور و کلتوور و مێژووی و سڕینەوەی شارستانییەتی دێرینەی.. سنووردانان بۆ جموجووڵەکانی و تاساندنی دەنگی ئازادیخوازانە و بەشەر دۆستییەکەی. ئەو ناتوانێ پڕ بەزاری بدوێ. چونکە هۆیەکانی گەیاندنی لێ زەوت کراوە و دەنگی بەهیچ لایەکدا ناگا. هەر هاوارێکی خنکاویشی لێ بەرز ببێتەوە بەر دیوارێکی بەرزو هەڵکشاو دەکەوێت و شەپۆلە دەنگییەکان جارێکی دی بۆ لای خۆی دەگەڕێنەوە. هەندێ جاران مرۆڤ لە قەهری ونبوون، لەماڵ و زێدی خۆی، سەر هەڵدەگرێ و جارێکی دیکە لە ئاوارەیی خۆی ون دەکاتەوە.

ڕووناکبیری لە زێدی خۆدا نامۆ، تاکێکی بێ دەرەتانە. هەمیشە تارماییەکانی تەناف و زیندان سەرەتاتکێی لەگەڵدا دەکەن. بەبەر





چاوییەوە هەر ڕۆژەی ئازیزێکی دەبێتە خۆراکی جانەوەر و ئەم هیچی ئەوتۆی لەدەست نایەت. نە دڵی بەماڵ و حاڵ خۆشە، نە بەو دەزگەیەی کاری تێدا دەکا، کە وەک ئامێرێک دەیڕەتێنێ و دەیچڕووسێنێ. سەیر دەکا ئەمی زانا، لەو دەزگەیەی کە تێیدا کارایە بۆتە بورغوویەکی ژەنگن و هاکا فڕێیاندایە تەنەکەی خۆڵەوە.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕووت و ڕەجاڵیی خۆی و تێروتەسەلیی چینەکەی بەرامبەریدا دەبینێ. کردەی ئەم و بردەی ئەوانە. جا ئیدی تاکی هوشیار لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا چلۆن هەستی نامۆیی گەمارۆی نادات؟

بەشی کوردێکی زانا لەم ولاتە مەینەت و دەردە
ئەوی نەتویست بڵێ ڕەبی بەدەردی کوردی زانا چێ

تاکی زاناو هونەرمەند، لە ڕەشە خەڵکەکە زیاتر بەئاگایە، بۆیە غوربەتەکەیشی لەوان زیاترە. بڕێ جار، بەئاگاییەکەی دەبێتە تەناف و لە گەردنی دەئاڵێ. وەک قارەمانی شیعری (موو ناپسێنم)ی لێ بەسەردێ. هێمن وەک یەکێک لەو ڕۆشنبیرە بەئاگایانە، تاکێکی غەریبە! کاتێ شیعرەکانی دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت خەمی نەتەوەیەکی وا بە کۆڵەوە. یادی یارانی دەکاتەوە خەمەکانیان دەلاوێنێ. لەگەڵ کارەساتەکانی ڕابردوودا دەژی و خۆی لە ناویاندا دەبینێتەوە. ناوی قارەمانەکانی هەردەم لەیاد و لەسەر زارە. بیری دۆستانی دەکاتەوە. ئەوانەی (بارگەیان بۆ هەوار تێکنا) ئەوانەشیان، کە هێشتا ماون.

ئەم لە تاراوگەش پەلەیەتی هەرچی زووتر بە دیداری نیشتمانەکەی شاد ببێتەوە. نیشتمان لە دوورەوە ئازیزترە. لە دووریشەوە دەتوانی

وێنەیەکی تەواوی (پانۆراما)ی بکێشی. لە ئەنجامی ئەم غەریبییەدا کودەتایەک لە شیعرەکانیدا بەرپا دەبێ. وەک هەڵچوونێکی هوشیارانەی کەسێکی خاوەن بەهرە دەبێتە مایەی هەڵکشانی سەلیقەی شاعیرانەی ئەو. واتە لای ئەو غوربەت بە گەورەبوونی بەهرە دەشکێتەوە، نەک بە تێکشکان. (خاڵی دەستپێکی ئەم هەڵچوون و یاخیبوونە هوشیارانەیە لەوێوە سەر هەڵدەدا، کاتێ ئەم هەرچەندە دەکۆشێ، لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی ئێستایدا ناگونجێ و ڕانایەت. خۆی بە غەریب دەزانێ و لەگەڵ دەوروبەریدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە.)[٤]

ویست و ئارەزووی ئەمی تاکی ڕووناکبیر لەهی زۆرێک لەوانەی دەوروبەری جیاوازە، بۆیەکا ناکۆکیی نێوانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە دەستێنێ. تا وای لێدێ لە یەکتری تێناگەن. بۆیەکا هەتا ئەو ناکۆکییە بتەنێتەوە ئەو شیعری شاکار دەڵێ. کەواتە غوربەت بۆ هێمن، بۆتە سرووش بەخش و شیعری جوانی پێ دەبەخشێ. واتە غوربەت بەلای چاکەی شاعیردا شکاوەتەوە.

ئەگەر چاوێک بەتاریک و ڕوون و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بخشێنین، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە هێمن زۆربەی شیعرە شاکارەکانی لە تافی غەریبی و ڕاوناندا وتوون. بۆخۆشی دەڵێ: (لەو گەشت و گەڕانەدا بووم، کە پارچە شیعری بەهاری کوردستان ـ م گوت، کە بۆخۆم ئێستاش زۆرم خۆش دەوێ و بە شاکاری دەزانم.)

گرنگترین هۆی بوونی بەرهەمێکی ئەدەبیی یان هونەریی، بوونی خاوەنەکەیەتی. بۆیە گەڕان لەدووی بەسەرهات و باری دەروونی ئەو هونەرمەندە بۆی هەیە زۆر لایەنی نادیاری هونەرەکەیمان بۆ ڕۆشن بکاتەوە. لێرەوە هەرکاتێ پێویستی کرد پەنا وەبەر (لە کوێوە بۆ





کوێ؟) دەبەم، کە خودی شاعیر وەک بیرەوەری و هەم وەک پێشەکی، کردوویەتییە دەستپێکی دیوانەکەی.

وەلێ بەندە وەک هەندێک کەس ناڵێم پێشەکیی تاریک و ڕوون لە شیعرەکان بەهێزترە! بە پێچەوانەوە، چونکە ئەگەر هێمن شاعیر نەبوایە، نەدیوانی شیعری دەبوو، نە پێشەکیشی بۆ دەنووسی. ئەمە لە لایەک، لە لایەکەی دیکەوە ئەو پێشەکییە بیرتیژیی شاعیر پیشان دەدات. ئەوەتا دوای تێپەڕینی پترلە چل ساڵان بەسەر دەورانی حوجرە و قوتابخانەدا، وەک دوێنێ بووبێ، بەزەینێکی ڕوونەوە باسی پۆلی یەکەمی سەرەتاییمان بۆ دەگێڕێتەوە و هێشتا قسەی مامۆستاکانی خۆی لەیاد ماوە.

دوای ئەوەیش کاتێ ئێمەی خوێنەر، دێینە سەر شیعرەکانی، ئەوسا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هێمن چەند سوودی لە بیرەوەرییەکانی بینیوە؟ چەند بەجدی کاریان لە شیعرەکانی کردووە؟ (مردنی عیزەت و تۆرانی یاسەمەنم باش وەبیردێ. ئەم ڕووداوە یەکەم زەبری توند بوو، کە وە هەستی منداڵانەی من کەوت و یەکێکە لە بیرەوەرییە هەرە تاڵەکانی ژیانم.)

کە دێتە سەر مردنی باوکی، دەڵێ: (ئێستا، کە ئەو بیرەوەرییانە دەنووسم بە زەحمەت فرمێسکم بۆ ڕادەوەستن. ئەوەندە دەڵێم دەردی باوک مردن دەردێکی گرانە و پیاو لەهەر تەمەنێکدا بابی بمرێ هەست بە هەتیوی دەکات.) لە باسی ئاوارەیی خۆیدا دەڵێ: (ئەوە پێنج ساڵ و چەند مانگە ئاوارەو دەربەدەر دەخولێمەوە. هەژار گوتەنی هەر شەوە میوانی خانەخوێیەکم و هەر ڕۆژە لە جێیەک.)

بەم دێڕە بیرەوەرییانەدا، ڕادەی ناسکیی هەست و ئاستی

سۆزبەندیی هێمنمان بۆ ڕوونتر دبێ. ئەو تاکێکی تەواو هەستیارە. بۆیە کەسێکی دڵ ناسکە و تاڵ و سوێریی ڕۆژگار و ژیانی تاراوگە کاری زۆری لە شیعرەکانی کردووە و بە سۆز و هەستی ناسک بارگاویی بوون. لێرەڕا دیارە دووریی نیشتمان و ئازیزان دەتوانێ چەند کار لە ئەدەبەکەی بکات. ئەم لە وڵاتی خۆیدا و لە نێو کەس و کاری خۆشیدا هەستی بە غەریبی کردووە و گلە و گازندەی هەیە، چجای ئەوەی لە زێدی خۆشی هەڵبکەندرێ؟ ئەم وەک ساویلکەکان ئامادە نییە (تەپڵی ئەمان) لێبدات.

لە ماڵی خۆم دەکەم بۆنی غەریبی
کە بێزارم لە هەرچێکی هەمانە
ئەوەی خۆشم دەویست وەک گیانی شیرین
تەماشای بۆتە مشتەی ناو هەمانە

بەڵام شاعیر وەک لە ماڵی خۆشیدا بۆنی غەریبی دەکات؛ چارەسەریشی بۆ ئەو غوربەتە دۆزیوەتەوە. بۆیە ئامادە نییە چۆک دابدات و کۆڵ بدات.

بە شیوەن چاری کاری ئێمە نایە
خەبات، کەڵکی نییە مامە خەمانە
لەبەر تۆ چارەنووسی شووم و بەدفەڕ
ئەوی قەت لێی نەدەم تەپڵی ئەمانە

هێمن، وەک شاعیری میللەتێکی بێ پشت و پەنا، کەسێک، بەتایبەت لە گەورە گەورەکان ئامادە نییە گوێ لە داد و بێدادی بگرێ. ئەم بێکەسییە دەردێکی گرانە و غوربەتی شاعیری دووچا کردووە. لە هێلانەی بەتاڵدا دەڵێ:





نییە باکم ئەگەر زاڵم شکاندوویەتی باڵی من
ئەوە سەختە کەوا ناگاتە گوێی کەس ناڵە ناڵی من

ئەوەی بە خەیاڵی شاعیردا نەیەت (تەپڵی ئەمان)ە. زۆرداریش وا بە ئاسانی لێی ناگەڕێ. بۆیە لەو دوو ڕێگەیە دووەمیان هەڵدەبژێرێ و ناچارە سەری خۆی هەڵبگرێ. ئەو لە نیشتمان هەڵنایە، بەڵکو ئاوارەیی ئەو لە پێناوی نیشتماندایەو بەناچاری وڵاتی جێهێشتووە.

کوا بەخۆشی خۆم بەجێدێڵم وڵاتی خۆشەویستم؟
من لە ترسی زللەو باتووم و شەق هەڵاتم
هەر بەپێیان و بەکۆمە کۆمە گەیمە ئەم وڵاتە
ڕەنگە پێت وابێ بەسواری ماینی گوێ لەق هەڵاتم

غوربەت کاڵایەک نییە بەباڵای دەستەیەک یان گەلێکی تایبەت بڕابێ، بەڵکو جیهانییە. بەتایبەتی لەو جڤاکانەدا، کە لەسەر بناغەی چەوساندنەوە بنیات نراون و ڕووبەرێک بۆ ئازادی تاک لە ئارادا نییە. لەو وڵاتانەدا کە زوڵم و زۆر گەیشتۆتە ترۆپکی نامرۆڤایەتی. تاکە چارەسەریش بۆ گێڕانەوەی کەرامەتی مرۆڤ و بەدەستهێنانی سەربەستی و ڕزگاربوون لەو ڕاڕاییەی خەڵکانی هوشیار تێی کەوتوون؛ تێکۆشانی شێلگیرە بۆ هەڵتەکاندنی ئەو جۆرە ڕژێمانە و دەربازکردنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە لەژێر چنگیان. ئەم کارەیش هەر لەدەستی چینەکانی خوارەوە دێت. تاکە ڕێگەش بۆ ڕزگاریی لەکن هێمن، لەم دێرە شیعرەدا بەدیاردەکەوێ:

ئەو ڕق و قین و بەگژاچوونە
تاقە ڕێگایەکی ڕزگاربوونە

هێمن، بۆ ئەوەی پرسەکە بەلای سەرکەوتندا ساغ بکاتەوە، بڕوای بە

توورەبوونە پیرۆزەکە هەیە. بەتایبەتی لە سەردەمێکی وەها دژواردا، کە دۆست و دوژمن دیارن و دەستەویەخەن. دوژمنانی گەلانیش تەنیا گوێ لە دەنگی باروت دەگرن و هیچی دیکە. لە شیعری (ترۆپکی ڕزگاری) دا، سووره لەسەر هەڵسانەوەی دوای هەڵنووتان و کورتکردنەوەی ڕێ. باوەڕیشی بەتوانای خۆی هەیە:

دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگاربوون

(ئۆدن) گەورەیی شاعیر لە سێ خاڵدا کۆدەکاتەوە. (١- بەهرەیەکی زیندوو بۆ نووسینی زمانێک، کە لەبیر نەچێتەوە. ٢- تێگەیشتنێکی قووڵ لەو چاخەی شاعیری تێدا دەژی. ٣- ئاشنایەتی شاعیر لەگەڵ پێشکەوتووترین فەلسەفەی سەردەمەکەیدا.)[٥] بەش بەحاڵی خۆم، ئەم خاڵانە با بەتەواویش نەبێ، بەڵام لە هێمندا دەیانبینم.

## تارمایی مەرگ:

مرۆڤ کۆتاییەکی تراژیدیی هەیە. ئاوی حەیات بەکەس پەیدا نەکراوە. شاعیریش ڕۆژ لە دووی ڕۆژ تەمەنی هەڵدەکشێ. هەتا ڕۆژگار بچێتە پێش ئەویش لەمردن نزیکتر دەبێتەوە. سایکۆلۆجیای ئینسانی غەریبیش وەهایە، کە هەردەم لەوە دەترسێ خاکی غەریبی ئاوی گڵی بێت و لە غەریبی بنێژرێت، وەک دەڵێن: (گۆڕ غەریب بێت) بۆیە هێمن زۆر بێ ئۆقرەیە. لەوە ترساوە لە غەریبی سەر بنێتەوە و بەکامی دڵ نەگات. بۆیە ئەم دۆخە، ئەم ترسی مردنە لەو شیعرانەیدا، کە لە غەریبی وتوونی پاتە دەبێتەوە. ئەو لە شیعری (پەیامی ڕانەگەیەندراو)دا دەڵێ:





گوتی سەبرت هەبێ دووبارە دێمە دیتنت ئەمما
لە کورتیدا تەمەن، وا دیارە بەو دیدارە ڕاناگا

هەروەک لە شیعری (عیشق و ئازادی)دا، ئەوەندە لە تەمەنی خۆی بەگومانە، باوەڕی بەوە نییە فریابکەوێ شەوێکی تر بچێتەوە سەر مێزی بادە. یان مۆمێکی دیکە لە تەمەنی بکوژێنێتەوە و ساڵ نوێ بکاتەوە. هەردەم ئایندەی نادیار و پەی پێ نەبراو بۆ مرۆڤی غەریب لە بۆسەدایە و دەترسێ ئەو ڕۆژەی بە هیوایەتی و ڕەنجی بۆ داوە پێی نەگات و لە بەری ڕەنجی خۆی نەخوات.

لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەرسووتاو
بەچی دیارە کە دەیبینم شەوێکی تر ژەمێکی تر؟
ئەوەندە دەردەدار و بێ پەرستارم کە پێم وایە
لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر

بەڵام هێمن کە، ئەوەندە لە تەمەنی خۆی بەگومانە و بڕوای پێی نەماوە بیگەیێنێتە ساڵی نوێ. مەبەستی لەو تەمەن درێژییە نییە. کە کەسانی دیکە ئاواتی بۆ دەخوازن. بەڵکو ئەو بۆ ئەوەیەتی بەچاوی خۆی سەردەمێکی نوێ ببینێ، تێیدا وڵات ئازاد بێت و ئەمیش بەسەرکەوتوویی بگەڕێتەوە. دیارە (دەمێکی تر) بە دوو جۆر لێکدەدرێتەوە.

خدر نیم بۆ تەمەن شێت بم بە کانی ژینێدا نووسێم
ئەوەندەم ژین دەوێ تا دەم دەنێمە نێو دەمێکی تر

هەر چۆنێک بێ، ئەگەر مەرگ بتوانێ بەئاسانی کۆتایی بەژیانی مرۆڤ بهێنێ و لەبەر چاوان ونی بکا، بەڵام (وشە)ی هەندێک کەس نەمرەو بەرگەی زەمانە دەگرێ و نافەوتێ. بەو مانایەی دەشێ کتێبێک

لە وشەی جوان لەباریدا هەبێ قەرەبووی ونبوونی جەستەیی تاکی داهێنەر بکاتەوە.

کە باس لەسەر شیعری (عیشق و ئازادی) بێ؛ پێم باشە نەیشارمەوە، کە ئەم دێڕەی لای خوارەوە، لە وتەکانی (ڕەسووڵ حەمزاتۆڤ)ی شاعیری گەلی (ئاڤاری) لەمەڕ داغستان دەچێت، کاتێک دەڵێ: (گەلەکەی منیش ڕۆمیۆ و جولێتی خۆی هەبوو. کە خەڵکی ئەم دنیایە هیچیان لەسەر نەبیستوون، لە سۆنگەی نەبوونی شەکسپیرێکی ئاڤارییەوە بوو.)[٦]

نەما (خانی) هەتا چیرۆکی عیشقی ئێمە دارێژێ
دەنا هێشتا لە کوردستان دەژین زین و مەمێکی تر

## دووبارەکردنەوە:

دیاردەی پاتەکردنەوە، لەکن هێمن، دەشێ بڵێین تایبەتە بەو شیعرانەی لە تاراوگە و لەژێر کاریگەریی غوربەتدا وتوونی. ئەویش لە پاتەکردنەوەی واژەیەک یان دەستەواژەیەکدا خۆی دەبینێتەوە، کە لەسەرەتای نیوە دێڕی شیعرەکانەوە سەر هەڵدەدات. ئەگەرچی ئەم دۆخە لە خۆیدا وەک دیاردەیەک، لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکیی کوردییە. واتە دووبارەکردنەوەیەکی شیعرییە. بۆ نموونە لە (ماچی خودایی)دا[٧] چل جاران (وەرە) دەڵێتەوە و شیعرەکە کۆتایی دێ. بەڵام هێژا (عەزیز گەردی) ئەم دیاردەیە ئاوەها لێکدەداتەوە (ئەمەشیان بۆ ئەوەیە تا هەستی دەروونی بکەوێتە ڕیژگەی ئەو کێشەوە، کە دەیەوێ هەستەکەی پێ دەرببڕێ، هەروەها بۆ ئەوەی خۆ ئامادەکردنێکی دەروونی بۆ پەیدا ببێ و ڕێگەی بەردەمی تەخت و زنجیرەی هۆنراوەکە بەنەرمی و لووسی بێتە خوارەوە.)[٨]





وەرە! یارم وەرە ئەی تازە یارم
وەرە! ئەستێرەکەی شەوگاری تارم

ئەمەش خشتەیەکە بە ژمارەی ئەو وشە و دەستەواژانەی، کە شاعیر بەزۆری دووبارەی کردوونەتەوە:

ئارەق و تین: ٢٠ جاران(پێش ئەوەی)، ١٠جاران(من)، ٢٢ جاران (نە)
بناری هەڵگورد: ٧ جاران(جێ جێ) ١١جاران (یەک) ٧جاران (هێشتا)
یادم بکەن: ٢٢ جاران (لەو دەمەی دا)، ٤ جاران (یادی منی)
ناڵەی جودایی: ٢٣ جاران (ئەو کەسە)، ٣١ جاران (دێم)
ئێوارەی پایز: ٥ جاران (ئاخ)، ٤٢ جاران (بە)
دەسکەوتی خەبات: ١٦ جاران (نە)، ١٠ جاران (ئەویستاش)
مەتەرێزی شەرەف: ١٠ جاران (لێرەش)
ماچی خودایی: ٤٠ جاران (وەرە)
شەوی شاعیر: ٩ جاران (دەمەوێ)
ترۆپکی ڕزگاری: ٢١ جاران (دەڕۆم)
پەریی شیعر: ١٤ جاران (شیعرێک)
گەرمەشین: ٨ جاران (بۆ)

## ئارەق و تین، شیعرێکی ئاوارتە:

ئارەق و تین لە هیچکام لە شیعرەکانی تاریک و ڕوون ناچێ. نەباس لە غەریبی دەکات و نەوەک ئەوانی دیکە تژییە لە وێنەی ڕۆمانتیک و نە دڵداریشی بەهەند گرتووە. بەڵکو بەرگرینامەیەکە لە جووتیار. ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە بێ، کە بۆ خۆی وەک مگێز لە جووتیارەوە نزیکە و هەم

جوورتیاریش دەستەچیلەی شۆڕشی پارتیزانییە. وەک تیۆری جەنگی پارتیزانی دەڵێ: ئەو گۆمەیە، کە ماسییەکان دەگرێتە خۆ و ناهێڵێ لەبەین بچن. لەم شیعرە جوانەدا کێشەیەکی دیکە دەورووژێنێ، کە ملانێکە لەنێوان کەسانێکدایە ماندوو دەبن و ئارەقە دەڕێژن و ڕەنجدەرن، لەگەڵ چینێکی دیکەدا، کە ڕەنجبەرن و حازرخۆری بەر سێبەرن. ئەو کۆمەڵێ دیمەنی تایبەت بە ژیانی جووتیاری هێناوە، کە بۆ خۆی زۆر شارەزایانە و وەک دیمەنی سینەما لەیەکی داون و ئەنجام کورتە فیلمێکی لەسەر کاغەز دەرهێناوە. یان با بڵێین سیناریۆی کورتە فیلمێکی خستۆتە ڕوو.

لێرەدا هێمن جووتیاری خستۆتە ڕیزی (خۆر)ەوە و کردوونی بە هاوبەش. جووتیار بەئارەق، خۆر بەتین و ڕۆشنایی بناغەی ژین دادەڕێژن. ئەو هاتووە ئەم دیمەن و گرتانەی تێکەڵ بە خەیاڵی شاعیرانەی خۆی کردووە. بەهۆی خەیاڵەوە (توانیوێتی توخمەکان بەجۆرێک ڕێک بخات، تا مرۆڤ بتوانێ بەئاسانی ئەو پەیوەندییانە ببینێ، کە جاران نادیار بوون. بە شێوەیەکیش کۆیان بکاتەوە، کە پێشتر وەها ڕێک نەخرابوون.)[٩] ئارەق و تین، شیعرێکە لێوانلێوە لە هزر. باس لەهێزی کار دەکات، بەڵام بەزمانی هونەر. یان ڕاستتر وایە بڵێم هزر و هونەر لەم شیعرەدا تەواوکەری یەکترین.

پێش ئەوەی شەمی سەر چاکی
ئاخر فرمێسکی هەڵوەرێ
پێش ئەوەی گژەبای تووڕە
ژیلەمۆی پەپوولە بەرێ

***





من کاوی خۆم لە کار دیوە
من جەرگی زەویم دڕیوە
من شیلەگەم هەڵبڕیوە
من یەکسەریم ئاخنیوە

## ئاماژەیەکی گرینگ:

هێمن ژمارەیەک شیعری بۆ گەلانی دنیا و بۆ شۆڕشەکانیان نووسیوە. بەڵام بێجگە لە شیعری (کوردو ئازربایجانی)، کە لە هەرەتی کۆماری مەهابادا گوتوویەتی، هیچ کام لەو شیعرانە بەمیوانیش ڕێیان نەکەوتۆتە نێو دیوانی (تاریک و ڕوون). دیارە هێمن لێیان پەشیمانە. پێچەوانەی گۆران و دڵزار، ئەم شانازی بەو شیعرانەوە ناکات. ئەوەندە هەیە نەهاتووە ئاماژەیان پێ بدا و پێمان بڵێ بۆ؟ بەڵکو بەخشکەیی لێیان دەرچووە و باوەڕی پێیان نەماوە.

هێمن لە گفتوگۆیەکدا خۆی باسی ئەو شیعرانەی بۆ کردووم و بەڕاشکاوی پێی وتم: (من شیعر بۆ ئومەم ناڵێم) لێرەدا دەستخۆشی لێ دەکەم و هەڵوێستی ئەو بە ئەرێنی دەنرخێنم. چونکە باوەڕناکەم هیچ کام لەو گەلانەی، کە (گۆران و دڵزار) و کێ و کێ شیعری بۆ وتوون، ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرگرییان لە دۆزی کورد کردبێ. یان هەر کوردیان لەیاد بووبێ. باوەڕم وایە ئەو میللەتانە نەک هەر شیعرەکان بەڵکو ناوی خودی (گۆران و دڵزار و کامەران) یشیان بیستبێ.

سلێمانی/ ١٩٧٨

تێبینی: کاتی خۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە کۆڕێکی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی دا، خوێندۆتەوە، پاشان بە دووپاژ لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە

(٦٥ و ٦٦)ی ئابی ساڵی ١٩٨٠دا بڵاوبۆوە. ئێستاش دوای بۆ زیادکردن و پێداچوونەوە، جارێکی دیکە دەیخەمەوە بەر دیدەی خوێنەران.. جێی باسە بڕیار وابوو وەک نامیلکەیەک لەچاپی بدەم. تاکو ئێستاش نامیلکەکەم بەمۆری ڕەقابەی ئەو سەردەمەوە (١٩٧٨/٨/٢٨) پاراستووە.

سەرچاوەکان:

(١) دراسات معاصرة، منشورات المثقف الجديد، ص/٦٧
(٢) مايكوفسكي شاعر الثورة الاشتراكية، جلال فاروق الشريف، ص/١٠٨
(٣) تاریک و ڕوون، هێمن، ل/١٠
(٤) العبقرية في الفن، الدكتور مصطفى سويف، ص/١١٧
(٥) الادب والثورة، غازي العبادي، ص/١٩
(٦) الادب في المعركة، نقلها الي العربية، الدكتور جليل كمال الدين، بغداد، ١٩٧٧، ص/٤٧
(٧) هاوکاری، ژمارە (٣٠١)
(٨) ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، عەزیز گەردی، بەرگی دووەم. ل/٤٩
(٩) الابداع وتربيته، الدكتور فاضل عاقل، بيروت، ١٩٧٥، ص/٧١





## گفتوگۆیەک لەگەڵ هێمنی موکریانیدا

کات: ئێوارەی ١٩٧٦/٧/٦ شوێن: یانەی مامۆستایانی سلێمانی؛ کە لەو سەردەمەدا دڵگیرترین و بەخزمەتترینی یانەکانی شار بوو. هەر دەمێکیش هێمن لە بەغداوە بهاتایەتە سلێمانی، ئیدی نووسەران، بە تایبەت لاوەکان، بەو نیازەی لە ئەزموونی درێژو دەوڵەمەندی ئەو، دەرس وەربگرن، لە دەوری کۆدەبوونەوە. بە سەرێکی دی بینین و دانیشتن لەگەڵ هێمن، لە خۆیدا یادێکیش بوو لە پێشەواو کۆماری کوردستان. زۆرێک لەو زانیارییانەی ئەو، لەسەر هەل و مەرجی چێبوون و ئاوابوونی ئەو کۆمارە بۆ ئێمە نوێ بوون. ئێمەی نووسەرانی لاو، لەو ڕۆژگارەدا تەواو لەگەڵ هێمندا هاودەرد بووین. پەندە کوردییەکەیش دەڵێ: (دەردەدار بەحاڵی دەردەدار دەزانێ.) بەو مانایەی هەروا ساڵێک و دوو مانگ بوو شۆڕشی باشووریش بە سەرکردایەتی مەزنە پیاوی کورد مستەفا بارزانی، هاوکاری بەوەفای پێشەوا قازیی، دووچاری نسکۆ هاتبوو.

ئێمە هێمنمان بە ڕەمزی بەرگری و پشوو درێژیی و درێژەپێدانی شۆڕش دەزانی و لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا وورەی پێ دەبەخشین.. لەو یانەیەدا. کە باسم کرد، لە ژوورێکی تایبەتیداو لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکەدا، لەتەک هێمندا دانیشتبووین. باس باسی ئەدەب و زمان و گۆرانی بوو.. جێی ئاماژە پێدانە، دواتر نووسینێکی درێژم لەمەڕ لایەنێکی شیعری هێمن، بە ناونیشانی (هێمن و بۆنی غەریبی)،

لە باخچەی یەکێتی نووسەرانی کورد، کە ئەو حەلە بارەگاکەی لە گەڕەکی سابوونکەران بوو خوێندەوە. ئەوەندە خەڵکی ئەدەب دۆست ئامادە ببوون، لە باخچەکەدا جێیان نەدەبۆوە. بەشێکیان پەڕیبوونە سەر دیوارەکان.[١]

لەو دانیشتنەی یانەی مامۆستایانی سلێمانیدا، هێمنی ئاشنای مەی، تەواو لەگەڵ ئێمەدا کرابۆوە.. ئێمە، وەک چەند نووسەرێکی لاوی تاسەباری ئەو سەردەمە، چەندمان پێ شانازی بوو، کە لەگەڵ گەورە شاعیرێکی وەک ئەودا چەند ساتێک بەسەر دەبەین، ئەو دوو هەندەی پێخۆش بوو، کە چوار دەوری بە نووسەری لاو تەنراوە، مەجلیسی گەرمەو لە هەموو لایەکەوە پرسیاری ماقووڵی لێ دەکرێ.. لای خۆمەوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەرەوڕووم دەکردنەوە یاداشت دەکرد. ئەو بێ تەکلیف و دوور لە ڕەسمیات، تەواو ڕاشکاوانە دەدوا.. ئەمڕۆ کە نزیکەی ٣٠ ساڵێک بەسەر ئەو دانیشتن و گفتوگۆیەدا ڕەت دەبێ؛ وا لای خوارەوە (دەق وەک خۆی) بۆچوون و وەڵامەکانی گەورە شاعیر، هێمنی موکریانی بڵاو دەکەمەوە.. هەزار جار یادی بەخێر..

***

ئەو وەک پیشەی هەموو جارێکی، داوای لە نووسەرە لاوەکان دەکرد بە زمانی عارەبی نەنووسن و لای ئێمە بە ڕاشکاوی دەیگوت: (من تاقە شیعرێکیشم بە فارسی نەگوتووە.) ئەو دەیگوت: (شیعری من دەبێ ماملێ بیکاتە گۆرانی و ڕەحمانی قازیی بیکاتە تابلۆ..) یەکەم شیعرم ٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کردۆتەوە...[٢] ئەم شیعرانەم لەلای خۆم بەهێزن: بابردەڵە (لە غەریبی گوتوومە)، خونچەی سیس، (شیعرێکی ڕەمزییە)، بۆسەی ڕۆژگار، شەوگاری





تەنیایی، شەوی شاعیر، ئارەق و تین، (هاوەڵەکەم لە ئەمریکا بەنامە ئاگاداری کردم، کە ئەم هۆنراوەیەم زۆر بەهێزە.)

من نەرمیی دڵداری لەگەڵ ڕەقیی سیاسەت تێکەڵاو دەکەم.. ئەمن کاتێ لەوێ بووم، شیعرم بۆ ئومەم دەگوت.. مەهدی سوهەیلی، گەورەترین شیعرناسی فارسییە، (یان شیعرناسی فارسە؟!) ئەمما شاعیر نییە، زۆر بەهەڵەدا چووە، کە شیعری وتووە... بەقوربانی کتێبی شیخ ڕەزای تاڵەبانی بم، لە قەبریشدا کەس ناوێرێ باسی بکات، چونکە کێرەکەی ماوەتەوە!!..

لە یەکێتی سۆڤیەت شانامەی فیردەوسی بڵاو دەکەنەوە و سێ جاران چاپی دەکەن. فیردەوسییەکی شۆڤێنی، کە دەڵێ: (هنر نزر أیرانیان أست)[٣] هەروەها دەڵێ: (زن و أژدها هردو درخاک باد، جهان پاک أز هردو ناپاک باد.)[٤]

دوو نموونەی شیعر بۆ ئومەم:

هێمن (بۆ جەزائیر)[٥]

ئەو گەلەی کیژی وەک جەمیلەی بێ
کە نەترسا لە بەندو حەبس و دار
جا چلۆن نابەزێنێ زۆرداریی
جا چلۆن ناتەزێنێ ئیستیعمار؟[٦]

هێمن (بۆ کۆریا)

بۆم مەنێرە گوێدرێژی مانگر و کورتانی خوار
لێرە هێلکەم وێ مەدەو بۆمبا لەوێ ماوێرە خوار
لەوپەڕی دنیاوە دێیتە ئەو وڵاتە چی دەکەی؟
لۆردی ئەوروپا ئەتو لەو وڵاتە چی دەکەی؟

***

پەڕاوێزەکان:

١- بڕوانە: (هێمن و بۆنی غەریبی) بەیان، ژمارە (٦٦)، ، ئەیلوولی ١٩٨٠

٢- واتە یەکەم شیعری لەساڵی ١٩٤٦ دا بڵاو کردۆتەوە.

٣- فیردەوسی ڕای وایە: هونەر تەنیا لە ئێرانییەکان دەوەشێتەوە و هیچ میللەتێکی دیکە ڕایەکی ناکەوێ دەم لە هونەرەوە بدات!!

٤- دیسان فیردەوسی ڕای وایە: ئەگەر ژن و ئەژدیها بخرێنە چاڵ ئەوا جیهان





لەو دوو ناپەکە، پاک دەبێتەوە!!. ئەمەش مانای وایە فیردەوسی وەک ئەژدیها بۆ ژنی ڕوانیوە!!

٥- ئەم دوو شیعرە (بۆ جەزائیر و بۆ کۆریا)، لە هیچ کام لە دیوانەکانی هێمن دا نین. ئەو تەنها سەر و کۆپلەشی لەبەر بۆ وتم..

٦- جەمیلە: کچە پێشمەرگەیەکی قارەمانی شۆڕشی وڵاتی (ئەلجەزائیر) بوو، کە دژ بە ئیمریالیزمی فەرەنسا دەخەبتی.

# چرا پرشنگ هاوێژەکانی شاکەلی

مرۆڤ وەختایێ پەڕیوەی هەندەران دەبێ و هەستی غەریبی تێی دەئالێ، شیعر باشترین ئاشنایە کە بتوانێ گرێی دڵی خۆی لەلا بکاتەوە و لەوێوە هەناسەیەک بدات و گوزارشت لەو نامۆییەش بکات، کە تێی ئالاوە. هەروەک دەشتوانێ لێرەوە (تەسامی) بەو نامۆییەش بکات و هزر و ئەندێشەی دیکەی تێکەڵ بکات و خودی شیعریشی پێ دەوڵەمەندتر بکات.

بەسەرێکی دیکە، بۆ ئەوانەی وا لەبن فشاری ئەم کەشوهەوای نوێیەدان و لەگەڵیدا ڕانەهاتوون، شیعر دەتوانی دەربڕی خەم و ئاھ ونزوولەیان بێ.. زۆرێک لەو لاوانەی ڕۆژێ لەڕۆژان، لە کوردستانی زێدی خۆیان، ئەزموونێکیان لەگەڵ هونەری شیعردا نەبووە، کەچی کاتێ پەڕیوەی هەندەران دەبن و ئەو کەش و دۆخە نوێیە، وەڵامی پرس و بریاو داخوازییەکانیان، کە بە ئومێدەوە سەری خۆیان لەپێناودا هەڵگرت ناداتەوە، ئەوا سەردەکەنە شیعر نووسین و لێرەوە قەرەبووی خۆزیاو بریا بەدی نەهاتووەکانیان دەکەنەوە. وەلێ فەرهاد شاکەلی خاوەنی دەنگی شیعریی خۆی بوو کاتێ کۆچی کرد. لەوێ، لە کوردستانیش تێدەکۆشا سەدای ئەوانی دیکە نەبێ و بۆخۆی دەنگ بێ..

غەریبی بەدوور و نزیکی جوگرافیایی نییە. بەڵکو تاکی هوشیار لەزێدی خۆشیدا هەر ئالوودەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ڕووحییە.





دەکرێ وەک هونەرەکانی دیکە، بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دۆخە تژی لە دلاودڵ و نائارامەی ڕۆحدا، شیعر ئالیکاری بێ. بەسەرێکی دیکە ئەزموونی فرە دەوڵەمەندی سۆفیزم لەباریدا هەیە جۆرێک لە هاوسەنگی بۆ ناخە نیگەرانەکان بگێڕێتەوە. خۆ ئەگەر هاتو سۆفیزم، بەو فەرهەنگە دەوڵەمەندەی خۆیەوە ئامێتەی هونەری شیعر بوو، ئەوا دەشێ ماناو بەهایەکی قووڵتری پێ ببەخشێ.

سۆفیزم وەک ڕێبازێکی ڕووحانی لە دنیای ئیسلامدا، لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا سەری هەڵدا. سۆفییەکان بەدوای زوهدو خوداپەرستیدا وێڵ بوون.. ئەوان نەفسی خۆیان وەها پەروەردە دەکرد تاکو بگەنە ناسینی خواو خۆشەویستیی خوداوەند بەدەست بهێنن، پاشان ئەم ڕێبازە لق و پۆی زۆری لێ بووەوە.. لە جیهانی ئیسلامیدا ژمارەیەک ڕەمزی دیار و ناسراویان هەیە، ڕەنگە (حەللاج)، کە تا سەر، لەسەر ڕێبازەکەی خۆی پێداگریی کردو لەو ڕێیەشدا شەهیدبوو هەرە ناسراوترینیان بێ.

هەندێک ڕووناکبیری سۆفی، هاتن شیعر و چیرۆک و ڕۆمانیشیان وەک نێوەندێک بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ خواوەندو نزیکبوونەوە لێیەوە بەکارهێنا.. ئیدی لەگەڵ تێپەڕینی زەماندا لەنێو هونەرمەندو نووسەراندا بڵاوبۆوە.. دەکرێ شاعیران و... لەلای خۆیانەوە لە کارەکانیاندا سرووشی لێ وەربگرن و لەوێوە موعاناتی خۆیان پیشان بدەن.. لەتاوی کێشەی کۆتایی پێنەهاتووی نێوان خێر و شەڕ، سۆفییەکان هەندێ جاران بۆ ئەوەی پتر لەخوا نزیک ببنەوە، لە ئاپۆرەی خەڵک دوور دەکەونەوە و خۆیان ئالوودەی تەنیایی و دوورەپەرێزیی دەکەن.

ئێمە کە لێرەدا زۆر بەکورتیی و بەنیازی بەرچاوڕوونی باس لە سۆفیزم دەکەین، لەو سۆنگەیەوەیە، کە زۆرینەی شیعرەکانی ئەم کۆشیعرە، بە دیوانەکانی پێشووتری شاعیریشەوە، ئاو لەو کانییە دەخۆنەوە و دەقە شیعرییەکان بە سۆفیزم ڕووپۆشن. جیهانی دەقیش کراوەیە. خوێنەر دەتوانێ لەهەر گۆشەیەکەوە خۆی مەیلی لێ بێ بۆیان بڕوانێ، وەک سایکۆلۆجی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و چینایەتی. لە ڕووی شکڵ و ستایلی نووسەرەوە بێ، یان مینا کۆدەقێکی لە زمان ڕسکاو، وەک سەردەمێک بونیادگەران لەم ڕووەوە کارا بوون، دەقەکان بداتە بەر باس و دەمەتەقێیان لەسەر بکات.

وەلێ مادام ئەم کۆمەڵە شیعرە (ئەم چرایە دڵم ڕووناک دەکاتەوە و تەمەنم دەسووتێنێ) دەم لە سۆفیگەرییەوە دەدات، کەواتە وشەکان دەمامکن و لەودیو خۆیانەوە مانای دیکەیان هەڵگرتووە.. ئەو چرایەش نووری خوایەو چرا زۆر کەڕەت لەم دیوانە بەقەوارە بچکۆلەو بەناوەڕۆک دەوڵەمەندەدا دووبارە دەبێتەوە. جێی لەسەر وەستانە، لە کتێبەکەدا شیعرێک بەو ناوینشانە بەدی ناکرێ.. بەڵکو شاعیر هاتووە وەک ڕستەیەکی پڕمانای شیعریی لە (سیاقی) دەقێکدا هەڵیوژنیوە و بە ناونیشانی کتێبەکەی پەسەندی کردووە.. وەکوتر دەکرێ بڵێین، ئەم ڕستەیە چڕکراوەی کتێبەکەیە. ئەم جۆرە ناونیشان هەڵبژاردنەش لەخۆیدا بیرۆکەیەکی نوێیە.

لێرەدا، وشەگەلی وەک (چرا، دڵ، ڕووناکیی، سووتان) مانا فەرهەنگییەکانیان لەلای شاکەلی مەبەست نییە. بەڵکو ئەو هاتووە مانای دیکەی بەبالآ بڕیون.. شاکەلی بەنزیکەی، هەرچییەک دەڵێ، لەگەڵ خودادا ڕازو نیازێتی! لێرەدا منیش نەهاتووم دەقەکان شی





بکەمەوە و تۆژینەوەیان لەسەر بنووسم. بەڵکو هاتووم بەخوێنەر بڵێم، ئاسان بۆیان مەڕوانە، وێڕای ئەوەی ئەم شیعرانە لێوانلێون لەماناو هێما، بەزمانێکی هێندە جوان و شیعرییش نووسراون، خوێنەر دەخوازێ چەند جارێک بگەڕێتەوە سەریان.. لەم سەردەمەدا، فەرهاد شاکەلی یاریزانێکی مەعلانی وشەیە.. ئەو گوڵبژێریان دەکا و بەمانا بارگاوییان دەکا و لەجێی شیاوی خۆیاندا دایاندەنێ.

هاتووم لێرەدا بڵێم: لەم پاشاگەردانییەی ئەدەبدا، بەتایبەتی لە باشوور، ئەم دیوانەی شاکەلی چرایەکی پرشنگ هاوێژە.. لەلایەن توێژەرانەوە شیاوی خوێندنەوە و بەسەرکردنەوەیە، ئەگەر هێشتا لەوێ، شتێکی ئەوتۆ، بەناوی توێژینەوەی ئەدەب، لە ئارادا مابێ.

August 7, 2007

# شار ڕۆمان دەقی شارە زێدی ڕۆمانە

ڕۆمان ژانرێکە فۆکۆس لەسەر شوێن دەکات. ڕووداو و قارەمانەکان بەشوێنەوە گرێ دەدا.. شوێن نیشتمانەو جەختکردنیشە لەسەر نیشتمان، بەسەرێکی دی زێدی ڕۆمان شارستانە. بە پەیدابوونی ئامێرەکانی پیشەسازییەوە، بەدابەشبوونی کارەوە وابەستەیە. شوێنپێی جیابوونەوەی چینەکان هەڵدەگرێ. ڕەنگدانەوەی ئاکار و ئاوات و ملانێیانە. دەکرێ سەرهەڵدانی کێشەی نێوانیان بکرێتە بابەتی ڕۆمان وەک مەکسیم گۆرکی لە (دایک)دا کردی. ڕۆمان کتێبی مێژووی شارە. هەروەک جوگرافیای شاریشە.

لە کتێبێکی پێشووتردا باس لەڕۆمانی (پاژێک لە ئەوروپا)ی (ڕەزوا عاشوور) کراوە. ئەو ڕۆمانە پاژێکی لە دەوری (موشێ نەسیمی کورد) دەسووڕێتەوە. ئەگەر بگەڕێیتەوە سەری بۆت دەردەکەوێ، کە بڕیارە گرینگەکان لە شارەکانی ئەستەمبووڵ و پاریس و لەندەنەوە دەدرێن. هەر وەک فۆکۆس دەخاتە سەر شاری قاهیرەوە و ئوتێل و تەلارە بەنامێکانی.. باسیان دەکات چلۆن هەموویان لاساییکردنەوەی تەلاری شارە گەورەکانی ئەوروپان و ناوەکانیشیان هەر لەوان خواستووە. ڕۆمانەکەیش (پاژێک لە ئەوروپا) لەخۆیدا مەبەستی پێ شاری (قاهیرە)یە.

لە ڕۆمانی (هەڵکشان بەرەو لووتکە) دا، عەبدوڵلا سەڕاج لە وردەکارییەکانی جوگرافیای شاری کەرکووک ماندوو نابێ. لەوێدا دەق





یەکسانە بە نەخشەی شار، ئەو کەرکووکی کردۆتە تەوەر. دەستی خوێنەر دەگرێت و بەشەقام و کۆڵانەکانیدا دەگێڕێ.. بەڵکو ڕووبەرێکی بەرینی ڕۆمانەکەی بریتییە لە تۆبۆگرافیای ئەو شارە. فۆکۆ، لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەم زەمەنەی تێیدا دەژین لەوانەیە لەبناغەدا زەمەنی شوێن بووبێ.)

بەڵام لە جوگرافیاو جوگرافیای سیاسیی کوردستاندا کەرکووک شارێکی ناوازەو پڕ گرنگە، لەگشت شارەکانی دیکەی کوردستان جودایە، بەدرێژایی مێژوو شار بووە گۆڕەپانی ملانێی ئۆل و نەتەوەکان بووە و لە کۆنیدا، گەڕیدەکان باسیان کردووە، پەی بە مێژووی دروستبوونی نابرێ و وەکیدی بڕبڕەی پشتی ئابووری دەوڵەتیک بووە. هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەسازیی قورس لەناوچەکەدا، کەرکووکیش بۆتە جێی پێشبڕکێی کۆمپانیاکانی نەوت، پڕ بووە لە پسپۆڕی نەوتی بیانی و نوێترین ئامێری بیرلێدان و هەزاران کرێکاری خۆماڵیی و بیانی. هێڵی ئاسنی بۆ ڕاکێشراوە. ئەو کەرەسانەی لەوێدا بۆ ڕۆمان فەراهەم بوون، لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک هێشتا بەدەست نەهاتوون. لەکام شارێکی دیکەی کوردستاندا ئەو هەموو ئۆل و نەتەوەیە خڕبوونەتەوە؟ دەکرێ ڕۆماننووس لەدەقی کەرکووکی ڕۆماندا، جیهانێکی هاوتەریبی کوردستان یان یانژی هاوتەریبی وڵاتی بەزۆر چێکراوی عیراقیش بە هەموو ملانێ پەنهان و ئاشکراکانییەوە بخولقێنێ.

شار وەهایە.. شوێن دەبێتە کات و کات دەبێتە مێژوو؛ کۆمەڵێک ئاماژە لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێ.. ئێمە دەڵێین لە سلێمانی کات ئەوەندەیە؛ ئەدی لە لەندەن کات چەندە؟ واتە هەردەم کات بەشوێنەوە

دەبەستینەوە. بە سەرێکی دی دەق دەبێتە شار و شاریش دەبێتەوە بەدەقی ڕۆمان. لەڕاپەڕینی ئەم دواییەی گەلەکەماندا بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، ڕاپەڕین و شۆڕش لە شارەکانەوە سەری هەڵدا و بەرەو دێهات تەنییەوە، سەریشی گرت. ئەمەش مانای وایە مێژوو، یان لانی کەم مێژووی یەکلاییکەرەوە لە شاردا چێ دەبێ. کەچی پێشتر مەڵبەندی جەنگە یەکلاییکەرەوەکەی هەندرێن و جەنگەکانی دیکەی شۆڕشی ئەیلوول، کە دواتر ڕێکەوتننامەی ئاداری لێ کەوتەوە دێهات بوو.

لەکن ڕۆماننووسانی دنیاش هەر وەهایە.. وەک ڕۆمانەکانی (شطح المدینە)ی جەمال غیطانی و (مدن الملح) ی عەبدولڕەحمان مونیف دیسان شار تەوەرەو ڕۆمانەکان بە شارەوە ناودێرن. بەناوبانگترین ڕۆمانی ئەم دواییەی عارەب (تەلاری یاکوبیان)ی عەلاء ئەسوانیی نوژداری ددانە. لەماوەی شەش مانگدا سێ جاران چاپ کراوە. هیچ ڕۆمانێکی ئەم سەردەمەی میسریش ئەوەندەی لەسەر نەنووسراوە. کاتێکێش کرایە فیلم گەورەترین بودجەی لە مێژووی سینەمای میسردا بۆ تەرخان کرا.

شوێنی ڕووداوەکان تەلارێکی گەورەی سەنتەری شاری قاهیرەی بە ئاپۆراترین شاری عەرەبنشینە. لەوێدا کاکی (ئەسوانی) ژینگەیەکی هاوتەریبی ژیانی ڕاستەقینەی شاری قاهیرەی خولقاندووە. هەر لە قاتی یەکەمی تەلارەکەوە تاکو سەربان سیخناخە بە توێژە جیاوازەکانی جڤاکی قاهیرە. ئەم خێزانانە لەڕووی ئاستی ڕۆشنبیریی و چینایەتی و پاشخان و مگێزیانەوە جیاوازن. لێرەدا چەندین پرس و کێشەی گرنگ ورووژێنراوە. تەلارەکە لەخۆیدا





ڕەگەمای بۆ سەردەمی داگیرکردنی میسر دەگەڕێتەوە. واتە لەوێوە پەلی بۆ دەرەوەی ئەو وڵاتەش هاویشتووە.. بەم شێوەیە تەلارێکی شار بۆتە بۆتەیەک، یان دەکرێ بڵێین بۆتە پاڵەوانی ڕۆمانەکە.. چونکە هەموو ئەو توێژە کۆمەڵایەتییانەی لە هەناوی خۆیدا جێ کردۆتەوە و بەگژ یەکیدا داون. هەموو ئەو پێوەندییە جۆر و ناجۆرانەی لە زەمینەی خۆیدا خولقاندووە. خودی ڕۆمانیش ناوی تەلارەکەی هەڵگرتووە.

جەنگی پانزە ساڵەی نێوخۆی وڵاتی لوبنان ژمارەیەک ڕۆمانی لێ کەوتەوە، کە بەزۆری باس لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شاری (بێروت) لە سایەی جەنگدا دەکەن. لە دیارترینیان و نوێترینیان ڕۆمانەکەی (ربیع جابر)ە، بەناوی (بیریتوس مدینە تحت الارض) لێرەدا خوێنەر لە ڕێگەی (بطرس)ی پاسەوانی شەوی تەلارێکەوە، بە (بێروت) ێکی دیکەی هاوتەریب، کە ڕێک کەوتۆتە چەقی بێروتە ڕەسەنەکەوە، بەڵام لەژێر زەمیندا، ئاشنا دەبین. خەڵکانێک وەک مرۆڤی چاخێکی دیکە بن، لەژێر زەمینی تەلارە رووخاوەکاندا، بۆخۆیان لە سەنتەری شاردان، بەڵام وەکیدی دوور لە ژیانی شار و هەرچی ڕاژەیەک شار بەمرۆڤی دەبەخشێ دەژین.

بەڵکو ئەمان بە پەنامەکی تەمەن بەسەردەبەن. ئەم جڤاکە سەیرەی ژێرزەمین، ئەم بێروتە نوێیەش، ترس و کارەساتەکانی جەنگ دروستی کردووە. لێرەدا بێروت نانوێ. شەوانە لە ڕۆژ بێدارترە. هەروەک جوگرافیای بێروتی داوای هەڵسانەوەی لە جەنگی نێوخۆمان پێ دەناسێنێ، کە بریتییە لە کۆمەڵێ ئوتێل و کۆشک و مەیدانی کاولبوو. وشەی کاولە، (خربة) بۆتە پاشگری شوێنە گەشتیارییە جوانەکانی وەک کەلاوەکانی ئەللاعازارییە و کەلاوەکانی سینەمای سیتی پەلاس و

هتد. د. صلاح فضل، لە (شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی عەرەبیدا) دەڵێ: (ڕەزمی ڕۆمـان، لەبناغـەدا لە جـووڵەی کـات و شـوێنـەوە چێ دەبێ..)

لێرەدا تێدەگەین چۆن جەنگ سیمـای مـرۆڤ و شـاری بەجـارێک گۆڕیوە. جەنگ کاری کردۆتە سەر کێشیان و سەر تۆنی دەنگیشیان. ئەو سـینەمـایەی کـە جـاران یەکـێک بووە لە شـوێنە هـەرە دیار و جـوانەکـانی بێـروت، نـەک لەڕواڵـەت و مـەبەسـتـدا گـۆڕینـی بەسـەردا هـاتووە. کۆمەڵگەیەکی دیکە لە ژێرزەمینەکەیدا دروست بووە، لە دنیای سیحر و فەنتاسیا دەچێ.

کـاتێ ڕۆمـانەکان لەڕێکەی گـەڕانەوە و شـەپۆلی هۆشـەوە دەچنەوە سـەر یادەوەرییـەکـان، ئەوە مـانـای وایە، بەرلەوەی بۆ مـێـژوو (کـات) گـەڕابێـتنەوە. ئەوان گـەڕاونەتـەوە سـەر شـوێنی ڕووداوەکـان! هەندێ وەهای بۆدەچن، دەرکەوتنی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبیی سـەربەخۆ، بەڕەگ و ڕیشە دەچێتەوە سەر شوێن.

بەرلە سەڕاج (حسێن عارف) یش لە یەکەم ڕۆمانی خۆیدا، (شار)ی کردۆتە تەوەر. (شـار) مـەبەسـتی پێ سلێمـانییـە و ڕووداوەکان لەوێدا بەڕێوەدەچن. سلێمـانی مەکۆی ڕووداوەکانە، لەوێدا قوتابی و دەروێش و خـاوەن فیکر بـە خـۆیان و مگێـزو ئاست و مێژووی جـیـاوازیانەوە لە ملانێدان.

ڕۆمان، لە جموجووڵی خێرای شار و جەنجاڵیی شـار و کارگـەکانی شـارەوە سـەرهـەڵدەدا. کـەلوپەل و جل و بەرگی شـار. هـەڵچوونەکـانی شـار. ئوتێل و بـاڕو بازاڕ. بۆنە فـەرمـیـیـەکـانی شـار.. لەبریی ئەفسانەکانی سـەردەمی کۆن، نـەک ڕۆمان دێ گـەردوون لێکدەداتەوە و





هەندێ دەڵێن کـوڕی ئەفسـانەیە. بەمـێـژووی شـارسـتـانیـیـەتەوە وابەستەیە. گۆڕین و بادانەوەیەکی تیژە، لە زمانی خەیاڵاویی شیعرەوە بۆ زمـانی ڕیـاڵی پەخـشـان. لە شـیـعری زمـانی خـودەوە بۆ پـەخـشـانی زمانی ئەوانی دیکەش. لە زمانی زاتەوە بۆ زمانی مەوزوع. دیارە گرنگ ژێرخانی ڕۆمان و چیرۆکە. چەند قـووڵ ڕۆچووە. ئەمجا دەلالەتەکانی دەق..

لای دەسـتـۆیفـسکی بازنـەی ئەکـشن و لۆقڤین تەسک دەبێـتـەوە، لە بەرامبەر فراوانبوونی بازنەی سایکۆلۆجیاو هەڵچوون و ورووژاندا. لە شەپۆلی هۆش و گەڕانەوەکاندا، کاتەکان تێکەڵدەبن. ئێسـتا بـەوساوە گـرێ دەدرێ، هەروەک شـوێنەکـانیش تێکەڵ دەبن. وەک کـارەکـانی نووسەری ئیرلەندیی جێمس جویس، ناتالی ساروت و ڤەرجینیا وولف.

ئێـسـتـا دەکـرێ بڵێین ڕۆمـان مگێزو ویژدانی میللەتێکە. هەر وەک چۆن جــاران بـاپیـــرانمـان، ئەگـــەر وەک لایەنـی ئـەدەبی بیگری لە سـەردەمی شـیـعردا ژیاون و باقیـمـەنێی هونەرەکانی دیکە کەوتبوونە پەڕاوێزەوە. نـەک ئێمە لە سەردەمی ڕۆماندا دەژین. واتە ڕۆمـان دکارێ ئارمانج و ئاوات و خـۆزگەکانمان، تووڕەبوون و خۆشەویستییەکانمان لە خـۆیدا بەرجـەسـتـە بکا. لەم چاخـەدا ڕۆمـان سـەنتـەری ژانرە ئەدەبییـەکانە و ژانرەکانی دیکە، بە تایبـەتی شـیـعـر تەواو کـەوتۆتە پەڕاوێزەوە. چونکە لەم ســـەردەمـــەدا خـــەیاڵ و وەهـم هیـــچی لـێ نابەسـتـرێتەوە. ئێـمـە ئێسـتـاکە لەسـەردەمی ڕوونیـداین سـەردەمی دیجیتـاڵ، کە هەمـوو ئامارەکان؛ هەمـوو زانیارییەکان دەبنە (ژمـارە)و بەشێوەیەکی کۆنکریتی دیارن و لەبەردەستدان. ڕۆمـان ڕوون و ڕەوان دەم لە کێـشـەکانی ئینسـانی هاوچەرخـەوە دەدا. دوور لـە پێچ و پەناو

تەم و چڕە دووکەڵ، پرۆبلیمەکانی کۆن و نوێ وێنە دەکێشێ.

بەڵێ ڕۆمان هونەری شار و شارستانە. چونکە شار بۆی هەیە ببێتە بەهەشتی ڕاستەقینەی سەر زەوی. بۆشی هەیە ببێتە دۆزەخ؛ ئەشکەنجەی جەستەو ڕۆحیشمان بدا. بۆیە ڕۆمان باس لە شاری جەنجاڵی بەچراخان و ئاپارتمانی بۆ تاقی ئاسمان هەڵچوو، کە شەو و ڕۆژی تێدا چونیەکە دەکا. ژێرزەمینی کەمایەتییە ئۆلی و ئیتنییە چالاکەکانی شار، کە دوور لەچاوی زۆرینە، شەوانی کۆتایی هەفتە بە سەماو سرووتی تایبەتی بەسەردەبەن. هەر ئۆلەو ڕۆمانی خۆی هەیە. هەر کلووپەو ڕۆمانی خۆی هەیە. لە شارە گەورەکاندا شەو و ڕۆژ بۆ کار. شەو و ڕۆژ بۆ ڕابواردن و تەراتێنی باندی دزیی و مادده سڕکەرەکان و کوشتنی کتوپڕی بێ پێشینەی ناو کافییەو باڕەکان و بەیەکدا چوونی نەتەوە و ئۆل و ئایین و ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان. شار نانوێ.. شار ئەگەرچی فراوانترین پانتایی داگیر دەکا، کەچی جار هەیە بۆ لاوێکی هەڵوەدای ژیان ژوورێک دەچێتە قاتی. کاتێک بەخۆی دەزانێ فڕێدراوەتە سەر شەقامەکان..

لەمڕۆدا هەر شارێک ملی بگری جیهانێکی بچکۆلەیە. هەر بۆ نموونە ئەم شارەی منی لێ دەژیم نزیکەی ٦٠ نەتەوەی جیاوازی تێدا دەژی، کە سەر بەهەموو کەرتەکانی دنیان. لە شاردا ئیدی هاوسەرگیریی لە سنووری خزم و ناسیار تێدەپەڕێ و چەمکی خۆشەویستیی، کە لە جڤاکە داخراوەکاندا سنووری ئاینی و ڕەنگ و نەتەوەیی بۆ کێشراوە، لێرە چیتر سنوورێک نامێنێ. تۆ بۆت هەیە کورد بیت و ژنەکەت نیوزلەندی و گرونلەندی و ئیسپانی بێ.. یان وەک ئایین مەسیحی، جوو، بوودی و سیخ.. هتد بێت. شار فرە دەنگ و فرە



محەمەد فەریق حەسەن (٦)



ڕەنگ و فرە گۆشەنیگایە. ڕۆمانیش دەق وەهایە.

لادێ سادەو ساکار و کەم تەکلیفە. بەتایبەتی لادێی لای خۆمان، بێ گرێ و گۆڵە. دڵێکی زیندووی بە بەزەیی هەیە. لەوێ سۆزبەندیی لەو پەڕیدایە. وەک مەتەڵۆک و حەیران و یارییە فۆلکلۆرییەکان و قارەمانی حیکایەتەکانی سانایە. مرۆڤ و گیاندار و سروشت لەگەڵ یەکدا گونجاون و پێوەندییان بەهێزو زیندووە. وەلێ هەرچی شارە ئاڵۆزەو بەگرێ و گۆڵە. دڵڕەق و دڵساردو دڵمردووە، وەک قارەمانی فیلمەکانی ئەکشن. کوڕان و کچانی خۆی ون دەکا و لێیان ناپرسێتەوە. ناجووڵێ و کێوماڵیان بۆ ناکا.. زیندان و ژێرزەمینە ترسناکەکان و سێدارەو میرغەزەبیش خەڵکی شارن. هەندێ جاران لە زیندانەکانی شاردا مێژوو چێ دەبێ.

شار چراکانی ناکوژێنێتەوە. هەردەم شاشە ئەلکترۆنی و گڵۆپە نیۆنەکانی ڕیکلام جریوەیان دێ. شەوبەدەرەکان لە کلووبەکانیدا داناسەکنێن. شاری بە میترۆو شەمەندەفەر و وێستگەکانی، کە لەوێدا دڵدارەکان لەیەک دادەبڕێن و هەر لەوێشدا جارێکی دی ئامێز بۆ یەک دەکەنەوە. شاری بەگرمەگرمی هەڵسان و نیشتنەوەی سەدان فڕۆکەی فرەڕەگەز.. شاری جێی حەوانەوەی گەڕیدە و بەهەشتی سواڵکەران و ئەلکولیکەو سۆزانییە فرەڕەگەزەکان. سۆزانیی قژ زەرد و چاوشین. سۆزانیی ئەفریکایی هی تایلەندی و ڕۆژهەلات و ئەوروپایی بەکۆیلەکراو. شاری پێگەو بەرەسمی ناسینی هۆمۆساکسوالەکان. شار و بازرگانی بە بەکچۆڵەو پۆرنۆ فیلمەوە. شاری مەنزڵی کارەکەر و قەرەواش. هەموو ڕەنگەکان لە شاردا هەن.. سپی پێست و زەرد پێست و ڕەش پێست و گەنمڕەنگەکانی چینی خواری خوارەوەی

کۆمەڵ، کە هیچیان بەدەست نییە و ناتوانن ئەلف بگەیێننە با. هەر دەستەیەک لەمانە ڕۆمانی خۆیان هەیە کۆیان بکاتەوە و لەسەریان بدوێ.

له شاردا کار دابەش کراوە. لێرە پیزا ئیشی تورک و کوردە. سەوزە فرۆشیی و بەقاڵی کاری عارەبە، کویسک کاری پاکستانییە. پاککردنەوە کاری چینی و تایلەندی و فلیپینییە... هتد. دەوڵەت لە شاردا بەجەوهەرەو بۆ یەکەم جاریش هەر لەشاردا سەری هەڵداوە. هەر لە شاریشدا پیلان دەنرێتەوە. زمانی فەرمیش زمانی شارە.. پێداویستیی مادیی، یان ڕووحیی مرۆڤ، لە شاردا نەبێ زەمینەیان بۆ ناخولقێ و فەراهەم نایەن. بەردەوام سەری سەعاتەکان گوێت لە زایەڵەی زەنگی کەنیسە لە نوێژکەر بەتاڵەکانە.

ئەوانەی لای خۆمان کە ناوی شارمان بەسەردا بڕیون، لە ڕاستیدا گوندی بە حەشیمەت هەڵاوساون. هەر بۆیەشە ڕۆمان لەکنە مە درەنگ سەری هەڵداوە و بەژمارە کەمن و بە ناوەڕۆک هەژارن، تەواو وەک پێکهاتەی شارەکانمان.

لە هونەری ڕۆماندا گێڕانەوە زمانی زاڵە. گێڕانەوە (نەرەیشن) لەخۆیدا هونەرە. لە تافی گێڕانەوەدا بۆ وەسف و ڕەخساندنی وێنەی شیعری و لێکچوواندن و جیناس و خوازەو هەموو ئەلەمێنتەکانی دیکەی ڕەوانبێژیی لە شیعر دەخوازێ. چونکە بەباڵی خەیاڵ بەرزو دوور دەفڕێ؛ هەندێ دەبێژن گوایە لە منداڵدانی ئەفسانەوە پەیدابووە. بە سەرێکی دیکە ڕۆمان ژانرێکە وەک عەزیا وایە. هەموو ژانرەکانی دیکە هەڵدەلووشێ و لە هەناوی خۆیدا جێیان بۆ دەکاتەوە. بەمەبەستی تەسەلکردن و جوانکاری و ڕازاندنەوەی خۆی سوودیان





لێ دەبینێ. واتە شیعر و شێوەکار و سینەماو کورتە چیرۆک و گۆرانی و هەقایەت و ئەفسانەکان و لەخۆیدا جێ دەکاتەوە.. کەواتە پەراوێزیان دەکات! بۆچی ژانرەکانی دیکە کردەی وەهایان لەدەست نایەت؟

ڕۆمان لەگەڵ سەردەمی گڵۆبالیزمدا دەڕوات و دژبەیەک نین. چونکە ژانرێکی بەلەنگاز نییە. سوودی ماددی لێ دەبینرێ. واتە دەبێتە پارە. لەم چاخی عەولەمەیەدا، ئەو هونەرەی نەبێتە نەختینە، ئیدی دەدۆڕێ و دەپووکێتەوە. وەلێ ڕۆمان بۆی هەیە لە سیناریۆی فیلمێکدا شکڵگیر ببێ. هەروەک بۆی هەیە ببێتە شانۆو ئۆپێرا. وێڕای ئەوەی بۆخۆی خوێنەری زۆر و زەبەندی هەیە. ڕۆژانە لە میترۆ و ترەین و پاس و پارکەکاندا، لەناو فڕۆکەدا خەڵکانێک دەبینی ڕۆمانیان بەدەستەوەیە. پارەی پێ دەدەن، یان لە کتێبخانەکانی دەخوازن.

ڕۆمانیش پۆلێن دەکرێ. بەڵام ڕۆمانی کوردی نە بەچەندێتی نە وەک چۆنێتی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تاکو پۆلێن بکرێ. بەشێکی زۆر لە جۆرەکانی ڕۆمانی ئەوروپا هێمان نەک هەر نەگەیشتوونەتە کوردستان. بەڵکو نووسەری کورد هێمان نەیبیستوون. بەهۆی کەمی وەرگێڕان لەبواری توێژینەوەی ڕۆمانداو لەبەردەستدا نەبوونی ڕۆمان بەزمانە زیندووەکان، هێشتا نووسەری کورد زانیاریی تەواوی لەسەر ئەم ژانرە نییە. زۆربەشیان ناتوانن بەزمانە ئەوروپاییەکان ڕۆمانەکان بخوێننەوە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، بەنێرینی من، شارەکانی ئێمە هێشتا دەڵەمەن نە شارن و نە لادێ. ئەمەیان هۆکارێکی لەپێشە بۆ درەنگ سەرهەڵدانی ژانری ڕۆمان. دەنا ڕۆمان یەک تەرز نییە. هەر وەک شیعر و چیرۆک یەک تەرز نین.

ئەم تەرزانەیش هیچکامیان لەوی دیکەیان گرنگترنییە. دیارە کەسیش نەهاتووە بەڕاستەو پەرگال سنووریان بۆ دیاری بکا. وەلێ وەک پێودانگێک کتێبخانەکانی ئەوروپا بەم شێوەیە ڕۆمان پۆلێن دەکەن: ڕۆمانی مۆدێرن، ڕۆمانی خۆشەویستی یان سەرنجکێش، کریمینالیتی، سیخوڕیی، ژیننامە یان سێلبایۆگرافی، مێژوویی، ساینس فیکشن یانژی خەیاڵی زانستی، ساتیرەڕۆمان، ڕەخنەگر، ئاینی، دەروونی، پۆلیتیکە ڕۆمان یان سیاسی، ڕۆمانی هومۆریستیسک یان گاڵتەجاڕیی پێکەنیناوی، ترسناکە ڕۆمان، ڕۆمانی فەلسەفی، ئەزموونگەریی و حیکایەتئامێز؛ کە هەمیشە بەپێی ئەلفابێت ڕیز دەکرێن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم هیچکامیان لەوی دیکە گرنگتر نییە.

ئەگەر لادێ ڕۆمانێک هەڵبگرێ ئەوا شار هەزاران. سەدان ڕۆمان بۆ خۆشەویستی سەدان بۆ کریمینالیتی و سەدان و بۆ ئەکلکولیکە و سەدان بۆ خیانەتی ژن و مێردایەتی و سەدان بۆ مافیاو ڕۆک و باندەکانی تلیاک و سەدان بۆ نابەرانبەریی چینایەتی و ناکامی ژیان.. سەدانی دیکە بۆ ترس و ڕاڕایی.. سەدان بۆ گرووپەکانی ژێرزەمین. سەدان بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و ئەو بە خەمۆکی گرفتارانەی لە قاتی سەری سەرەوەی ئاپارتمانەکانەوە خۆیان هەڵدەدێرن، خۆیان دەخەنە دەریاوە. خۆیان بەژێر ڕەوڕەوەی ئاسنینی شەمەندەفەرەوە دەکەن و بێپەراو خۆیان دەرمانخوارد دەکەن و خۆیان لە ژوورەکانیاندا هەڵدەواسن. سەدان ڕۆمانی دیکە بۆ ئەو مرۆڤە بێکەس و تەنیایانەی لە شوققەکانیاندا دەمرن و دوای ئەوەی دەبنە ئێسکە پەیکەر ئەوجا پێیان دەزانرێ. سەدان بۆ ئەوانەی چون گرکان لە





پڕێکدا دەتەقنەوە. دەوروبەری خۆیان کاول دەکەن؛ سەریان دەبڕن و پاشان خۆشیان دەکوژن.. سەدانیش بۆ ئەو خێزانە کۆچبەرە موسوڵمانانەی، بەکوردیشەوە، هەر دوای ئەوەی گەیشتنە ئەوروپا ئیدی وەک کفتەی کەرەستە ناتەواو، لەبەریەک هەڵدەوەشێن و دەدۆڕێن. شار مگێزو ویژدانی مرۆڤی سادەو نەمەییو و ناسەقامگیر، بەرەو ئاڵۆزیی دەگۆڕێ. پێوەندییەکان سارد دەکا و مرۆڤ دەکاتە ئیگۆیست و پوولەکی.

نەخۆشییەکانی شار زۆرن. هەروەک لە نەخۆشی و ئاریشەکانی لادێ تەواو جیاوازن. پێویستییەکانی ژیانی لادێی لای خۆمان مشتێکن و بەئاسانی دابین دەبن.. خەڵک لەلادێ بە قنیاتن.. بەڵام مرۆڤی شارستانی بە هەراو هوریان و داواکاری و پەڵپ و بیانووی زۆریان هەیە.

شار و ئۆپێراو شانۆی بەردەوام. نمایش و ئاهەنگی پێشاندانی فیلمی نوێ و قردێلە برینی هێڵی نوێی میترۆو شەمەندەفەر و پردی خەیاڵیی دوو وڵات پێکەوە گرێدەر و تەلاری شەڕەقۆچ لەتەک هەورداکەر. شارستانی دڵڕەقەو لادێیی میهرەبانە. سادەو ساکارە و گرێ و گۆڵی دەروونیشی کەمترە. دراوسێتی دەفامێ و بەزۆریی خزمی یەکن و لەوانەیە یەک خێڵیش بن. کراوەن و بەدەم و دوون و سوێر قسەن. هەندێ جاران لەڕووی دەرامەت و دیدو ئارەزووەوە دەڵێی بەڕاستە کێشراون.

ونبوون و یاخیبوون لە شارەوەیە. شەڕی سەر جادەکان و یاریگەکانی تۆپانێ و کێبڕکێی تیمەکان. مانگرتن و ڕێپێوان و خۆپیشاندانەکان. مافی ژن و خۆنواندنی ژن و بزاڤی فیمینیستەکان.

گەندەڵیی سیاسی و ئابووری. بەرتیلدەر و بەرتیل خۆرەکان. دزە گەورەکان لە شاردان. لە شاردا بەپێی یاسا دزە گەورەکان دەستی دزە بچووکەکان دەبڕنەوە. ژمارەکان لە شاردا قەبەن و هەندێ جاران پێوانەیین. ژمارەی دانیشتوان؛ ژمارەی حسابی بانک و ئەکشەکان؛ لە چاو دێهاتدا بەراورد ناکرێن. بێکارەکان لە شارن. شۆڕشەکانیش هەر لە شارەکانەوە نەخشەیان بۆ دەکێشرێ کۆمۆنەی یەکەم لە پاریسەوە دەرکەوت. شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دیسان لە پاریسەوە سەری هەڵدا..

مافەکانی مرۆڤ و منداڵان هەر لە پاریسەوە.. پاریس شارە نە لادێ.. لادێ و شار بەراورد ناکرێن، بۆیە ڕۆمان لادێیی نییە شارییە. قوتابخانەو ڕێبازو میتۆدە جیاوازەکانیش هەر لە شارەوە سەر هەڵدەدەن. گوند ئارامە و داسەکناو. دەستی گۆڕان زوو پێیدا ڕاناگات. هەرچی شارە لە گۆڕاندایە لەوێشەوە گۆڕان دەگاتە دێهات. لە شارەوە ڕەنگ بۆ کشتوکاڵ و داهاتی ساڵانەی لادێ دەڕێژرێ. مۆدیلە سەیر و سەمەرەکانی سەرتاشین، جلک، ئوتومبیل و تەلەفوون، هەموو لە شارەوە سەر هەڵدەدەن. شار لە هەڵچوون و داچوون و گۆڕان و شکڵگیریی بەردەوامدایە، لە بزاڤدایە. کارگەو ڕیکلام بۆ کاڵای کارگەکان خەڵکی شارن. هەر کاتێ شارەکانی کوردستانیش ئاوا گۆڕانیان بەسەرداهات ئەوا بێگومان بە دەیان ڕۆمانی نایابیش سەر هەڵدەدەن.

ڕۆمان نە کورتە چیرۆکە و نەدرێژکردنەوەیەتی.. هونەرێکی سەربەخۆیە. دەتوانێ کورتەچیرۆک لە هەناوی خۆیدا هەرس بکا. نەیەکێک بەڵکو دەیان. کەچی ئەمانە دوو ژانرن بەراوردیان هەروا





ئاسان نییە. ئەگەر مەودای کورتە چیرۆک هەناسەیەک یان چەند هەناسەیەکی ژیان بێت؛ ئەوا ڕۆمان ژیانە. هەروەک زمانیشیان جیاوازە. تەمەن و زەمەنیان جیاوازە.

ڕۆمان کوڕی یان کچی خاوەنەکەیەتی. ئەو، بەتەکنیکی، بەزمانی پاراوی، بەمانای قووڵی سەرکەوتنی پێ دەبەخشێ. ڕۆمان زۆرترین وشە بەکار دەبا.. هەرگیز ڕۆماننووسێ سەرکەوتوو نابێ ئەگەر یاریزانێکی مەعلانی وشە نەبێ و خاوەنی پرۆژەو دیدی ڕوون نەبێ. لێرەوە ڕۆمان هەیە وەک ئەو خەرمانە پووشەیە، کاتێ دەسووتێ، ئاگرێکی مەزن و گڕێکی نارنجیی بەرزو جوان و ترسناکی ئەوتۆ بەرپا دەکا؛ لە دووری دوورەوە دەبینرێ.

هیچ کەس و ئامێرێکی ئاگر کوژاندنەوە فریای ڤەمراندنی ناکەوێ. بەڵام تەنیا چەند هەناسەیەک ئەو گڕو ڕووناکییە درێژەی دەبێ. تۆ ناتوانی چایەکی لەبەر دەم بکەی. ئەوەندە هەیە؛ هەراو زەنایەک دەنێتەوە. بەڵام ئەو ئاگرە، مەزنە پشکۆی لێ ناکەوێ! دەکرێ بەو ڕۆمانانە بڵێی ئاگری بێ پشکۆ!

ئەوانە تەواو وەک سووتانی چیایەکن لە پووش. ڕۆمانیش هەن لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا دەگەشێنەوە و بە نەمریی دەمێننەوە. بەڵام لەمڕۆی کوردستاندا تۆژینەوە بەگشتی و تۆژینەوەی ڕۆمان بەتایبەتی شتێکە، وەک وزەی ئەتۆم، لەوێ هەبوونی نییە.. کەس هەقی خۆی پێ نادرێ. نە خاوەن چیا پووشەکەو نە خاوەنی چیا گەوهەرەکە!

ڕۆمان، باری کۆمەڵایەتی لە گۆشەنیگای چەوساوەکانەوە دەخاتە ڕوو. بۆ چاکەو بەرژەوەندییان دەنووسێ ئەگەرچی ئەوان نەخوێندەواریش بن و نەتوانن یان لەبەر کاری تاقەتپڕووکێن فریا

نەکەون بیخوێننەوە. ڕۆمانی زیندوو زمانی نەتەوایەتیی ڕازاوەتر و دەوڵەمەندتر و چەسپاوتر دەکا. بەنیازی کۆمەڵگەیەکی باشتر و پێشکەوتووترە، کە هێشتا نەهاتۆتە ئاراوە و حاڵی حازر، بزرە. واتە ڕۆماننووس بەچاوی ڕەخنەگرێکی وردبین و تووڕەوە دەڕوانێ و مامەڵە لەتەک مێژووی مرۆڤایەتیدا دەکا و ڕەتی دەکاتەوە. چونکە مێژوویەکە لێوانلێوە لە غەدری کۆمەلایەتی و ئینسانی و بێدادیی! تەواو وەک مێژووی کورد.

مێژوونووس بەزۆریی بەلای هێزو دەستەلاتدا دایدەشکێنێ و زمانی دەستەلات بەکاردەبات، لێ هەرچی ڕۆماننووسە بەلای جەماوەردا.. ڕۆماننووس ڕاستی دەڵێ، بەڵام ئەویان شتێک دەڵێ، سوودی بۆ خۆی و بۆ دەستەلات تێدابێ. ڕاستی و سوود! بۆیە ڕۆماننووس مێژوو لەبەریەک هەڵدەوەشێنێ تاکو بەو شێوەیەی گەرەکێتی سەرلەنوێ بنیاتی بنێتەوە.



## پشتئاشان
## کاتێ جەنگی ناوخۆ دەبێتە بابەتی ڕۆمان

لە ئاداری ساڵی ١٩٩١دا، لەلایەن (عامر حسین)ەوە ڕۆمانێکی عارەبی ٣٥٠ لاپەڕەیی بەناوی (خلف الطواحين)ەوە، کە بە کوردییەکەی دەکاتە (پشتئاشان)، هاتۆتە چاپکردن. ناوی چاپخانە و شوێنی وەشانی لەسەر نییە. ئەوەندە هەیە نووسەرەکەی عارەبی عێراقە و نهۆ لەوڵاتی دانیمارک دەژی. دیارە هەر کاتێکیش ناوی (پشتئاشان) دێ، تۆ وەک کوردێک یەکسەر موچوڕکێک بەگیانتا دێت و جەنگی ناوخۆت بیردێتەوە، کە لەکورتترین پێناسەیدا کوردقڕانە بە دەستی کورد خۆی! نووسەری ڕۆمانەکە خۆی یەکێک بووە لە بەشدارانی ئەو جەنگە و قەدەر یان بابلێین ڕێکەوت وای هێناوە لەو دۆژە سەرسەلامەت دەرچێ..

جا چونکە ڕۆمانەکە بە عارەبییە و خوێنەری عارەب لە مانای (پشتئاشان) حاڵی نابێ، هاتووە وشە بەرامبەر وشە، ناونیشانی ڕۆمانەکەی وەرگێڕاوەتە سەر عارەبی و کردوویەتی بە (خلف الطواحين). دەنا بەدرێژایی ڕۆمانەکە، گوند و ناوچەکە (ناو بەناوێ نەبێ)، هەر بە پشتئاشانە کوردییەکە ناودەبا. ئەوەندە هەیە، عارەبی وەک زمانێکی: نەکارە، ناکارا، نەکردە واتە (قاصر) پیتی (پێ)ی نییەو (بێ)ی لەبری بەکارهێناوە. بەم پێیە ناوی گوند و ناوچەکە بۆتە (بشت آشان).

لەم نووسینەدا لەنێو دەقەکەوە دەدوێم. وەکوتر کەمتر بەلای جەنگەکە، هۆ و ئاکامەکانیدا دەچم. زیاتر ڕۆشنایی دەخەمە سەر ئەو لایەنەی داخۆ ئەم ڕۆمانە چۆن بۆ کورد دەڕوانێ؟ لەسەر تەکنیکی کارەکەیش شتێکی ئەوتۆ ناڵێم؛ ئەگەرچی ڕۆمانی نوێ بریتییە لە نواندنی هونەری گێڕانەوە و زمان پاراوی و تەکنیکی گێڕانەوەی فرەدەنگ و کەسێتییە ناکۆک و دژ بەیەکەکان. شانبەشانی سوودبینین لە هونەرەکانی دیکە و ڕێگومکێ و.. ئەوەندە هەیە دەکرێ لەخانەی ڕۆمانی تۆماریدا (تسجیلی) پۆلێنی بکەین. چونکە ڕووداوەکان وەک خۆیان، چۆن ڕوویان داوە و بینیوونی و بیستوونی، ئاوەها دەیانگێڕێتەوە. کەمتر بەلای خەیاڵ و فەنتازیاو هونەری دیکەی ڕۆماندا دەچێ..

ڕووداوەکانیش ئەوەندە دڵتەزێن و کارەساتبارن، هەر زوو باڵ بەسەر ئەندێشەی خوێنەردا دەکێشن و دەیخەنە بن هەژموونی خۆیانەوە. لە مەراق و چاوەڕوانیدا دەیهێڵنەوە. ناچاری دەکەن هەرچی زووترە و بێ وەستان بیخوێنێتەوە و بکەوێتە پەیجۆری ئەنجامەکانی. بەڵام نووسەر زیاتر لەسەر شێوەی کرۆنۆلۆژیا بەسەرهاتەکانی پشت ئاشانمان بۆ ڕیز دەکات و دەیانگێڕێتەوە. شتێکی ئەوتۆیش لەواقیع لانادا. بەڵکو هاتووە لەپەڕاوێزدا بەڕۆژو مانگ و ساڵ، مێژووی شەبەیخوونەکەی (کەرتی ڕۆستی)ی یاداشت کردووە، کە دەکاتە ڕۆژی دروستبوونی حیزبەکەی. مەگەر هاتبێ ناوی ڕاستەقینەی پاڵەوانەکانی گۆڕیبێ، ئەمەیش ڕۆڵێکی ئەوتۆ لە شاردنەوەیاندا ناگێڕێ.

چونکە بە هۆی پلەوپایە، ناوی حیزبیی، بیچم و خەدە، ئاکار و





تایبەتمەندییەکانیانەوە، کە نووسەر بەوردی ڕوونی کردوونەتەوە، کەسێتییەکان بە ئاسانی دەناسرێنەوە، وەک: (ئەبو شامیل)ی بەرپرسی نووسینگەی سەربازیی. ئەو کادیرەی گوایە زۆر دەست پاک باسیان دەکرد.. (مەلا)ی فەرماندەی بەتالیۆنی بیرۆی سیاسی، کە باس لە لایەنە نەرێنییە نائاساییەکانی دەکرێ و هەرچۆنێ بێ، دووکەڵ بەبێ ئاگر نابێ.. یان ئەو کادیرە بەرگ سپییەی، هەردەم خاوێن و باوێنە و جووتێ چەکمەی سووری مل درێژی لەپێدایە و هەندێ جاران بە (ئەبو سارە) ناوی دێ. یانژی (ئەبو حەلیم) ی ئەندامی بیرۆی سیاسی، بەتەمەنی سەر و سیما ساکاری خاکی.. یان (ئەبو ئەحمەد)، کە سەری سپییە و ڕواڵەتێکی گەنجانەی هەیە.. یاخود (ئەلشێخ)ی ئەندامی بیرۆی سیاسی، کە لەبیرۆی سەربازیش ڕاوێژکاری سیاسییە.

هەروەها وەک پۆلێن، دەکرێ ئەم ڕۆمانە لە خانەی ڕیالیزمی فۆتۆگرافیشدا جێ بکەینەوە. بە بۆچوونی من، ئەوە ڕاپۆرتی ڕۆژنامە و مێژووە، کە تاڕادەیەک بەم شێوەیە دەنووسرێن. بەندە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا چوومەتەوە بەگژ ئەو بۆچوونەدا، کە دەڵێ: گوایە ئەدەب و هونەر ئاوێنەی واقیعن، یان نووسەر و هونەرمەند شاهیدی سەردەمن و ئەم ڕایەم ڕەت کردۆتەوە.(*)

نووسەر ئەم وتەیەی کردۆتە دەروازەیەک بۆ چوونە نێو ڕۆمانەکەیەوە: (کۆمۆنیزم نان و ئازادییە، دەنا با وەلبێ بۆ دۆژ!) ئیدی تۆ وەک خوێنەرێک دەزانی لەکام دیدو گۆشەنیگای فەلسەفییەوە بۆدنیا دەڕوانێ. سەیرە، مێژوو لە هیچ شوێنێکی جیهاندا وەک کوردستان بەردەوام خۆی پاتە نەکردۆتەوە. ئەوەتا دیسانەوە مێژووی

ناکۆکییەکانمان، جەنگی ناوخۆمان (هەندێک ناویان لێناوە براکوژی) تەواو دەستووری سەدەکانی ڕابوردوو، لەلایەن بیانییەوە تۆمار دەکرێ. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێدا ڕۆمانەکە دەچێتە خانەی ڕیالیزمەوە.

جێی ڕامان و لەسەر ڕاوەستانە، ژمارەیەک نووسەری کورد، ساڵانێکی تەمەنیان لە چیا، لە تەک پێشمەرگەو جووتیاردا بەسەربردووە، وەکوتر چیرۆکی واقیعییان نووسیوە. تۆ لەوەی گەڕێ هەندێک فێری کوردیش نەبوون. کەسیشیان نەیانتوانیوە جەنگ، ژیان و مەرگ و گوزەرانی پێشمەرگەو گوندنشینانی کورد وەک ئەم ڕۆماننووسە عارەبە بە قووڵی بەرجەستە بکەن!

عامر حسین، بۆ ئەوەی کارەکەی واقیعی بنوێنێ، هاتووە چەندین ڕستەو دەستەواژەی ڕۆژانەی لەسەر زاری خەڵک و پێشمەرگەوە، بەزمانێکی تێکەڵ لە عارەبی و کوردی و بە ڕێنووسی عارەبی گواستۆتەوە نێو کارەکەی. دەکرێ لە ڕێیانەوە، بەهەندێ لایەنی ژیانی پێشمەرگەمان ئاشنا بکا. وەک: (باعتقادي ان حملة بدون كرتان و حبال لا يمكن أن يثبت و يقاوم.. به خودى أمن طاقتم نيا هاوري.. تعال كاكة.. آو نيا هاوري.. اي هاوار!!.. شمرة العصا عند العربي مثل البنج دقة عند الكردي.. اين تقع الفرشكاة؟.. الباكردان.. وضع باش نيا.. همو إنسحاب.. وأما في الدشت.. نان هيا؟.. ياخوا بخير بين.. تصوروا رجلا آليا يلف الجمداني علي رأسه و يطوق بطنه بعشرة امتار من البشتين..)

ڕۆمانەکە بەچالاکییەکی (کەرتی ڕۆستی)، بەبۆنەی تێپەڕینی ٤٨ ساڵ بەسەر دامەزراندنی حیزبی شیوعی عیراقدا دەست پێدەکا. لەم





ڕۆمانەدا کەرتی ڕۆستی هێزێکی دەست وەشێنە. بەهێزی دەست تێوەردانی خێرا (قوة التدخل السريع) ناوبانگی ڕۆییوە. لەم چالاکییەدا، کەرتی ڕۆستی، پێگەیەکی زۆر عاسیی ڕژێم، کە بەلووتکەیەکی ئەستەمەوە هەڵکەوتووە، لە ساڵانی حەفتاکانەوە بێباکانە ناوچەکەی خستۆتە ژێر چاودێریی وردەوە و تەقە لە کاروانەکانی پێشمەرگە دەکا و بەکەس نەگیراوە، دەکاتە ئامانج و دەیگرن.

بە دەستکەوتی زۆر و بە شەهیدێکەوە دەگەڕێنەوە گوند. لەدێ دەبنە جێی ستایش و سەرسووڕمانی جووتیار و تەواوی لایەنەکان. لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا، کە دەکاتە سەرەتای ئایاری هەمان ساڵ بارەگا سەرەکییەکانی حیزب، کە زۆر لەمێژ نییە لە ناوزەنگەوە گوێزراونەتەوە پشت ئاشان، دەکەونە بەر هێرشی بەربڵاو و نابەرامبەری (الأخوة الأعداء ـ برا دوژمنەکان). لە زنجیرەیەک هێرشدا بارەگاکانیان لێ وێران دەکرێن و هێزەکانیان تێکدەشکێن و زەبرێکی کوشندەیان بەردەکەوێ. پاشماوەی هێزی شکستخواردوویان، واتە ئەو جەنگاوەرانەیان، کە توانیویانە سەر دەرکەن، بەنێو کلیلەی بەفری قەندیلدا دەکشێنەوە وڵاتی ئێران.

لە ڕۆمانەکەدا ناکۆکی و مقۆ مقۆی نێوان سەرکردایەتیی حیزب و ئەندامانی حیزب بەڕوونی دیارە. بە ڕادەیەک، سەرکردایەتی لە شیوێک و جەنگاوەران لە شیوێکی دیکەن. جەنگاوەران تێکشکانەکە دەدەنە پاڵ سەرکردایەتی خۆیان. چونکە نەیانتوانیوە پێشبینی ئەم شاڵاوە بەهێز و لەناکاوە بکەن. هەمیشە لە بەرامبەر دوژمندا نەرمییان نواندووە و بەردەوام سیاسەتی (عفا الله عما سلف/ئەوەی

چوو چوو) یان لەگەڵیاندا بەکار هێناوە و هەڵبژاردنی کۆمیتەکانی حیزب نادیموکراسییانە بەڕێوەچوون و گەلێ هۆی دیکە.

وەلێ کادیرێکی حیزب، کە لە ئاستێکی بەرزدایە، هۆی ئەم تێکشکانە جەرگبڕە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، گوایە حیزب جەماوەرەکەی جارانی لەدەست داوە. ئەم دیاردەیەش لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە؛ گوایە پێشمەرگەکانی حیزب سەگیان لە بارەگاکانی خۆیاندا ڕاگرتووە و دەستیان بەسەری سەگەکانیشدا هێناوە. ئەمەیش کارێکی کردووە جووتیار لێیان بتەکێتەوە. هەر بۆیە دوای ماوەیەکی کورت بەسەر ئەو تێکشکانەدا، نووسینگەی سەربازیی بەتۆمەتی نەخۆشی (گەڕیی)، بڕیاری گوللە بارانکردنی دوو سەگ و چوار گوجیلە دەردەکا!

(ڕەحمان)ی قارەمانی سەرەکیی ڕۆمانەکە، لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە لەگەڵدایە و لە گرتنی پێگەکەی دوژمندا چاوی بەرکەوتووە. ئەو کەسێکی سەرڕاستە و دڵسۆزی حیزبە.. ئەوەندە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا ئامادەباش و هەتەرە ناخۆشی کردووە. ئەگەرچی گەلێک ڕای ناکۆک و دژبەیەک لەسەر کەسێتیی ئەم جەنگاوەرە هەیە، بەڵام ڕەحمان تۆمەتی سەگ ڕاگرتنەکە دەباتە سەر خۆی و ناتوانی هیچ بەرگرییەکیش لەو بەستەزمانانە بکا؛ چونکە بڕیاری گوللەباران کردنەکە بەبێ دادگایی دەرچووە!

لەم ڕۆمانەدا وێڕای بێزاریی جەنگاوەران بەرامبەر وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیزم، ڕەخنەی زۆریش لە سیاسەتی حیزب، بەتایبەتی تۆمەتبارکردنی بەلادان و ڕاسترەوی دەخوێنرێتەوە.. لە جێیەکدا، بە تانووتەوە بە سەددام دەڵێ: (حامل وسام الشعب الكوبي / هەڵگری





میدالی گەلی کووبا).

ڕۆمانی پشتئاشان چۆن دەڕوانێتە کورد؟

نووسەر، هەم وەک جەنگاوەرێکی عارەبیش، ڕۆژانە لەگەڵ جووتیاردا تێکەڵی و هامشۆ و ڕەوتی هەبووە. دیارە ئەوانیش، واتە جووتیارانیش، بەسەر خێڵەکاندا دابەش بوون. بۆیە زیاتر تێبینییەکانی لەسەر ئەم توێژە یان ئەم چینەی جڤاکی کوردەواریی چڕکردووە. ڕەحمانی جەنگاوەر پێی وایە: ئەو جووتیارانە کەسانێکی دواکەوتوون. گاڵتەیان بە هەموو چالاکییەکی سەربازیی یان پێشمەرگانە دێ، ئەگەر دوای چالاکییەکە دەستکەوتێکی باشیان پیشان نەدرێ. ئەگەر هەموو تەقەمەنیی دنیامان دەستکەوت بێ، بەوەنابێ تۆپێکمان (مدفع) پێ ببینن.

هەروەها شەهید جێهێشتن لەبەرەی جەنگدا، کارێکی نەنگ و شانکورتییە. قاسم، جەنگاوەرێکی سمێڵ بابڕی کوردە. لەچالاکییەکەی کەرتی ڕۆستی دا بەشدارە و لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکەیە، چاوساغیشیانە. بەلای جووتیارانەوە قاسم پیاوە نەگاڵتە. چونکە سمێڵە پڕەکەی و دەست و مەچەکی، کاتێ کلکی تەور دەگری و دار دەبڕێ، لەخۆیدا بەڵگە و نیشانەی پیاوەتین. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، ئەو خاوەنی قسەی خۆیەتی. چونکە ئەو پەیمانی دابوو هەم مێردی خوشکەکەی و هەم ئەو شایەتانەیش کە لە مەراسیمی مارەبڕینی خوشکیدا ئامادەبوون بکوژێ. چونکە خوشکەکەی ئەم کارە شەرماوەرەی بەبێ پرسی کەس و کاری کردبوو. بێئەوەی حسابێک بۆ ئەو سمێڵە چڕەی ئەم بکات، کە بەجارێ لچ و لێوی داپۆشیوە.. خێڵەکەی، هەموو هیوایەکیان ئەم بوو. هەردەم دنەیان

دەدا، قینیان لە ناخیدا دەچاند. تاکو ئەم کوڕە ئازایە ڕابێ و شەرەفی لەوتاویان خاوێن بکاتەوە و ئەو شەرمەزارییەیان لەسەر لابدا.

بەڵام قین، بەردەوام کنەی لەناخی ئەمدا دەکرد، بێئەوەی هیچی لە دەست بێت.. لە داخاندا لێوی خۆی دەکرۆشت و گرێی کەمسەریی و هەستی کەرامەت ڕووشاندن و پەیمان نەبردنەسەر وای لێ کردبوو ڕکی لە هەموو شتێکی دەوروبەری ببێتەوە. ئەو بەتێپەڕینی ڕۆژگار لاواز دەبوو. ڕوخساری تێکدەچوو. بە ڕادەیەک هەرچی سیمای ئینسان هەبێ تیایدا بەدی نەدەکرا..

لەم چالاکییەشدا ئەوەندە بەتەنگەوە نییەو وەک پێویست بەدەنگ هاوڕێکانییەوە ناچێ. لەکاتێکدا ئەوان نەشارەزان و پێمیمێکیان برینداره و شەهیدێکیشیان هەیە؛ دەبێ هەرچی زووە لە هێسترەکەی باربکەن. دەستکەوتەکانیش لەگەڵ خۆیاندا بگوێزنەوە، بێدەنگ لەو دەڤەرە بکشێنەوە و بگەنەوە گوند.

کات شەوە و چەپەرەکانی دوژمن بەلەوتکەکانەوەن، بە بان سەریانەوە. جەنگاوەران لەپێش ئەگەری هەموو جۆرە مەترسییەکدان. بەڵام قاسم لەو تەنگانەیەدا گیانی هاوکاریی تێدا نییە و ئاوا وەڵامیان دەداتەوە: (بە خودهی أمن طاقەتم نیا هاوري!) دەیەوێ پێمان بڵێ: شەرەف لەلای کورد لە مێینەدا کۆبۆتەوە. هەموو بڕیارێکی گرنگیش، ئەوەی پێوەندیی بەمێینەوە هەبێ بەدەستی پیاوە. هەر سەرپێچییەکی مێینەیش لە فەرمانەکانی پیاو، بەتایبەت شووکردن، بەبێ ڕەزامەندیی باب و برا، شانکورتیی بۆ خودی پیاو لەدوایە و ئەو کەرامەتە ڕژاوەیش تەنیا بەخوێن کۆدەکرێتەوە.. مادام قاسم، کە نموونەی تاکێکی جووتیاری خێڵەکییە و کوڕە هەڵکەوتووەکەیانە، نەیتوانیوە







تۆڵەی خۆی و خێڵەکەی بکاتەوە، ئیدی هەموو بەها جوان و ئینسانییەکانی دیکەش دەدۆڕێنێ! تەنانەت بیچمیشی دەگۆڕێ و ڕووی دزێو دەبێ.

سەبارەت ئافرەتی کوردیش، پێیوایە کورد کچ بەشیربایی دەدەن یان ڕاستتر ئەوەیە، کە دەیفرۆشن، کچان بەدڵی خۆیان مێرد ناکەن و کێ زۆرتریان پارە بداتێ بەوی دەدەن. بەسەرێکی دیکە، حیکایەتخوان، ئاوای هەڵدەسەنگێنێ: (هەموومان ئەوە دەزانین، کە جووتیار پاشڤەڕۆیە. بەڵام بەجەرگی و بەخشندەیی و ساکارییەکەی کارێ دەکا ئەم ئاکارە دزێوەی بشارێتەوە و لە چوارچێوەیەکی جواندا دەربکەوێ. بەڵام ئەگەر ئەم چوارچێوەیەمان لێ دامالی، چی بۆ دەمێنێتەوە؟ مەسەلەکە ڕوون و ئاشکرایەو پێویست بەخەیاڵ ناکا. بەڵکو من دەمەوێ لەوەی تێپەڕێنم و بڵێم: ئەگەر تەنیا بە دزێوییەوە بوەستێ هەر نەیسە. ئەدی ئەگەر هاتو ترسنۆکیی جێی ئازایەتیی گرت و ڕژدیی جێی بە چاو تێریی چۆڵ کرد و خۆپەرستیی هاتە جێی لەخۆبوردەیی؛ ئەوا لەم دۆخەدا، پاشڤەڕۆیی لەوپەڕی دزێویدا خۆی دەنوێنێ. ئیدی جووتیار چی بۆ دەمێنێتەوە؟. بێجگە لە پاشەرۆک هیچی تر..

ڕاستە نابێ هەموو ئۆباڵی دواکەوتنەکە بخەینە ملی خودی تاک، چونکە پاشڤەڕۆیی بەرهەمی دۆخێکی دیاریکراوە. بەڵام باوەڕم نییە خۆپەرستی و ترسنۆکیی بەرهەمی دۆخە دیاریکراوەکە بن... دواجار، کاتێ لە هاوکاریی قاسم ئومێدبڕاو دەبن. ڕەحمان پێی دەڵێ: (بڕۆ خۆت ڕزگارکە هەی ترسنۆک. با سوور بزانی، تۆ جووتیارێکی پاشڤەڕۆی هیچ و پووچی) بەڵام قاسم لەسەر ئەم جمێن و ناتۆرانە بەوەڵام نایە. لەو دەمانەدا ڕەحمان لەناخەوە ئاوا بیر دەکاتەوە: (تۆ

بڵێی ئەم دەبەنگە بیر لە چی بکاتەوە؟ بۆچی وەڵامی ئەم هەموو زماندرێژییەم ناداتەوە؟ خۆ ئەو جووتیارە و هیچ جووتیارێک ئامادە نییە جمێنی پێبدرێ و بەترسنۆک وەسپ بکرێ.. ئەم شتە پیسە بۆ وا بێدەنگە؟ تۆ بڵێی هەستی پێ کردبێ، بە وەڵامدانەوە دەمورووژێنێ؟ یان لەوانەیە لەبیری ئەوەدا بێ دزیمان لێ بکا. چۆن ئەمەیانم فەرامۆش کرد.. نێوانی ئەم جۆرە کەسانە و خیانەت پارچەیەک چەک، یان مشتێ دینارە.. لەوانەیە دەستکەوتەکان بشارێتەوە و شەڕێکمان بۆ بنێتەوە، تیایدا ئێمە ببینە قوربانی و هەر خۆی بمانکوژێ، بۆخۆشی دەتوانێ بەئاسانی لەم ناوچەیە بتەقێتەوە، چونکە ئەو بەباشی شارەزای ناوچەکەیە، بۆ سبەینێش خۆی دەبێتە پاڵەوان و بۆیان دەگێڕێتەوە چۆن لە ڕەبییەکەمان دا. چۆن هەموو شەهید بووین و تەنیا خۆی لە ناوماندا ڕزگاری بوو، ئەویش دوای بەرگرییەکی درێژخایەن. بەڵێ ئەمەیە مەبەستی و دەبێ چاوی لێ خافڵ نەکەم.)

ئەمە دیدو بۆچوونی ڕەحمانی قارەمانی ڕۆمانەکە بوو، ئەگەرچی ئیبراهیم ئامیر کەرتیانە نەک ڕەحمان. لەنێو ئەم کەرتەدا جەنگاوەرێکی دیکەی کورد هەیە (مام کاجیل)ی ناوە. ئەم پیاوە هەمان پاشخانی کۆمەڵایەتیی هەیە. وەلێ نموونەی جەنگاوەری لەخۆبوردە و دڵسۆزە. خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندی شەڕی پارتیزانییە و لە جەنگی پشت ئاشاندا هەتا دوا فیشەک دەجەنگێ و پاشان بەپێوە ڕادەوەستێ و برا دوژمنەکان لە هەموو لایەکەوە دەستڕێژی لێ دەکەن و شەهید دەبێ.

بەپێی ئەم ڕۆمانە بێ، جووتیارەکان بێجگە لە (جاجیک)، کە لە بەرهەمەکانی شیرەمەنییە و لە پەڕاوێزدا بە (تراب الجبن المعتق)





پێناسەی دەکا، هیچی دیکە بەپێشمەرگە ڕەوا نابینن. سەر بەهەر ماڵێکدا دەکەن، هەر جاجیکی نەفرەتییان لەپێشدا دادەنێن. دووبارەبوونەوەی ئەم جاجیکە بەڕادەیەک ناخۆشی کردووە، پێشمەرگە قین و بێزیان لێی دەبێتەوە.. ئیبراهیمی ئامیر کەرت دەڵێ: (تۆ بۆ هەرکوێ بڕۆی بێجگە لە جاجیک هیچی دیکە ناخۆی.)

دەربارەی فێربوونی زمانی کوردی، کە بەبەراورد لەگەڵ عارەبیدا گەلێک ئاسانترە؛ کەچی لەم بارەیەوە ئاوا باسی ڕەحمانی کەرەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە دەکرێ: (دوو ساڵی ڕەبەق بەسەر هاتنی ڕەحماندا بۆ چیا تێپەڕی و بێجگە لە چەند ڕستەیەکی باو هیچی دیکە فێرنەبوو.) ئەم دیاردەیەش لەخۆیدا، بەهەند نەگرتنی زمانی کوردی دەگەیێنێ. ئەوان هەرچەندە لە چنگی ڕژێمێکی بەنەژاد عارەبی نەتەوەپەرست هەڵاتوون و لە باوەشی کورددا جێیان بۆتەوە، کەچی وەک پێویست ڕێزی زمانی کوردی ناگرن. لەو چیاو چۆڵەی کوردستانیشدا هەر خۆیان بە نەتەوەی سەردەست دەزانن. دەبووایە لەوێ، خولی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ جەنگاوەرانی خۆیان بکردایەتەوە، تاکو هیچ نەبێ لە خانەخوێکانی خۆیان حاڵی ببوونایە.

بێئەوەی قەرداریان بن؛ لەنێو ماڵە کوردەکاندا گەرمیان دەبێتەوە، پشوو دەدەن و تێر دەخۆن، کەچی لەبری سوپاس و پێزانین، بێ منەت بەزمانی عارەبی جڵفە تەڵفیسیش بە خواردن و چایی و ئاکاریان دەکەن. باسی جوانیی کچەکەیان دەبێتە بابەتی دەمەتەقێیان و مژی لێ دەدەن. هەموو ئەمانە و بێئەوەی خانەخوێی کورد تۆزکاڵێک لێیان حاڵی ببێ. بەڵکو لێکدا لێکدا قسەیان پێدەبڕێ و پێیاندەڵێ: (یاخوا بخیر بێن) ئایا ئەم ڕەفتارەی پێمیمی پێشکەوتنخوازترین حیزبی

عێراقی دەینوێنێ، ئەوە ناگەیێنێ، ئێمە دوو نەتەوەین، لەیەکدی حاڵی نابین؟

لە شوێنێکدا ڕەحمان ئاوا ڕاستگۆیی جووتیاران هەڵدەسەنگێنێ: (جووتیارەکان وتیان ژمارەی دوژمنان لە بیست هەزار تێپەڕیوە. ئەمەیش مانای وایە دوو تا دوو هەزار و پێنجسەد جەنگاوەرن. بەهەرحاڵ ئەمەیش ژمارەیەکی زۆر گەورەیە!) دیارە دەیەوێ پێمان بڵێ جووتیار دەستی زیادەڕۆییان هەیەو بە ئارەزووی خۆیان سفر بۆ ژمارەکان دادەنێن و ڕووداوەکان لە قەبارەی خۆیان گەورەتر دەبینن و پیشان دەدەن.

کاکەشین، پێشمەرگەی لایەنێکی هاوپەیمانە. کەسێکی سادەلەوحە.. وەک هەموو جووتیارێکی سادە چەکی هەڵگرتووە و بەزگماک دژی دەسەڵاتە. بەڵکو ڕکی لە هەموو کەسێکە، کە لە غەیری نەتەوەکەی خۆی بێ. لەلای کاکەشین هەموو عارەبێک دژی هەموو کوردێکە. (بەداخەوە ئەمە بارودۆخەکە بوو، کە دەیدرکێنم، لەبەر ئەوەیە من شەرم لە وتنی حەقیقەت ناکەم.) هەروەها کاکەشین ڕاست و ڕەوان دەیخاتە مستیان و دەڵێ: (بۆیە ئێوەم خۆشدەوێ چونکە بۆ خۆتان عارەبن و کەچی عارەب دەکوژن!)

کاتێ لەو ڕەبیەیەی وا بەنیازن بیگرن نزیک دەبنەوە، حەکایەتخوان، کە جەنگاوەرێکی عارەبە ئاوا باسی ئەو پێگەیە دەکا (ئەم شوێنە نموونەی تیرۆرە لە چیادا. لێرەوە ڕێبوارەکان دەکرێنە نیشانەو مەرگیان بەسەردا دەبەخشرێتەوە. لێرەوە ڕاکێتەکان دەردەپەڕن و لووریان پێش ئاگرەکانیان دەکەون و مەرگ و لەبەینچوون بۆ ئەو کەسەیە ڕووی خۆی لەنێو خۆڵدا ناشارێتەوە. لێرەوەیە باخ و





بێستانەکان دەسووتێن و مەڕو ماڵاتەکان دەکوژرێن و ڕەشماڵەکان دەتەقێنرێنەوە. هەر لێرەشەوەیە، ڕێگەکان مسۆگەر دەکرێن و زرێپۆشەکان پشتیوانی دەکرێن. بەکورتییەکەی ئەم شوێنە ڕووی عارەبی خوێنڕێژ و درێوە، کە کوردەکان بێجگە لەمانە هیچی دیکە نابینن.)

دوای دوو ڕۆژ بەسەر ئەم چالاکییەدا، سەرخێڵ و پیاوماقووڵانی دەوروبەر، کەسانی ناسراوی حیزبەکان و جووتیارە بەساڵاچووەکان، بۆ پیرۆزبایی دێنە سەردانیان. (مام کاجیل) ی کورد، کە بۆخۆی یەکێکە لە بەشدارانی ئەم چالاکییە، بە سەری بەرز و سینگی دەرپەڕیوەوە دانیشتووە. بەرلەوەی پیرۆزباییکەران بگەن، ئەم بە جەنگاوەرانی هاوڕێی دەڵێ: (بوار نەدەن کەس تەڵفیسی بەتوانامان بکا. بە تایبەتی نوێنەرانی حیزبەکان. پێویستە ئێمە بەسەربەرزییەوە مامەڵەیان لەتەکدا بکەین. دەنا تەڵفیسییان بەقسەمان دێت و هەر کارێک بکەین گاڵتەمان پێدەکەن. با هەمیشە سەربەرزترین و باڵاترین بین، نەبادا پێ لەسەر شانمان دانێن.)

لەو دانیشتنەدا گاڵتەجاڕانە ئاستی شارستانی جووتیاری کورد پێشان دەدرێ. یەکێکیان گەمە بەجاڵجاڵۆکەیەک دەکا، تازەکی لە بنمیچەکەوە بەربۆتەوە. یەکێکی دی بە چەقۆیەکی تیژ نینۆکی پەنجەکانی پێی دەکات و بەوناوەدا بڵاویان دەکاتەوە و پارچە نینۆکێ دەکەوێتە نێولەپی ئەوەی تەنیشتییەوە، میوانێکی دی بەتیژایی گوللە لوولەی تفەنگەکەی تاقی دەکاتەوە. یەکێکیان کاتێ شەربەت دەخواتەوە، دەنگی فڕکردنی بەرز دەبێتەوە و لە قوڕگیدا سەدایەکی ناسازی (عوق عوق عوق) هەیە.. بەرپرسی ئاشپەزخانە، کەسێکی

قۆشمەیە، بەدەم پرمەی پێکەنینەوە بۆ دەرەوە هەڵدێ: (کوڕی زۆڵە دەڵێی بۆقی قووتداوە!)

لەم ڕۆمانەدا ئەوەش دەزانین، کە جووتیار، جەنگاوەر بەحیزبەکەیدا ناناسێ. بەڵکو بەمەسوول یان بە بەرپرسە سەربازییەکەیدا دەیناسێ. (مام کاجیل)ی جەنگاوەری کۆمۆنیستی کورد، ڕۆژێ لەڕۆژان وتوویەتی: (من هەستی پێدەکەم سۆسیالیزم چییە، بەڵام لە تێورەکەی ناحاڵیم!) هەروەها مام کاجیل ڕای وایە: (لە جەنگدا سەرکردە یەکەم کەسە پێشڕەویی دەکا و دواکەسە دەکشێتەوە. سەرکردە نابێتە سەرکردە، ئەگەر جێگرێ لەدوای خۆی جێ نەهێڵێ) کاتێ مام کاجیل دەبێتە ئامیر کەرتی ڕۆستی، بۆ پاراستنی کەرتەکەی لە تافی کشانەوەدا، کاتێ لە جەنگی پشت ئاشاندا، دوژمن بەهێزێکی زۆرەوە سەری لەدوو ناون، دەڵێ: (مادام من لەپاڵ ئەم زنارەدا دانیشتووم، ئەوا کەس ڕایەکی ناکەوێ لێرەوە تێپەڕێ، مەگەر بەسەر لاشەکەمدا.) مام کاجیل هەرچییەک دەڵێ بە کردەوەیش جێبەجێی دەکات. دەکرێ مام کاجیلی بەجەستە لاوازی خاوەن ورە، کە جەنگاوەران نازناوی (پیرەمێردی ئەفسانە)یان لێناوە، بە نموونەی جەنگاوەری کورد حساب بکەین.

لەم ڕۆمانەدا ئەوە دەخوێنینەوە، کە کورد ڕێز لەمرۆڤگەلی جەربەزە و ئازا، ئەوانەی بەژمارەیەکی کەمەوە بەگژ هێزێکی گەورەدا دەچنەوە، هەروەها ئەوانەشی لە بەرزایی و ئەستەمی چیا سڵ ناکەنەوە، ئەوانەشی سەرەڕۆن و کون لە جەرگیاندا نییە، دەگرن.. پیرە جووتیاریک، کاتێ سێ پێشمەرگەی لایەنێکی دی بەمیوانی لادەدەنە ئاشیانەکەی، ئاوا ڕای خۆی دەردەبڕێ: (ئەوانە ئەگەرچی بەدەڤەرەکە





نامۆن، نازانن جامەدانی ببەستن و سیگار بپێچنەوە و میزیش بەپێوە دەکەن؛ کەچی لەڕۆحی خۆیان ناترسن و دەچنەوە بەگژ حکوومەتدا و دەڵێی سەد ساڵە لێرە دەژین. کەچی ئەوانی دیکە هەر خەریکی جەولەن و چاوبڕکێ لەگەڵ کچاندا دەکەن. بیست ساڵە ئازووقەی منداڵەکانمان دەخۆن. کوا چیتان کردووە؟ لەپای چی چەکتان هەڵگرتووە؟ ئەرێ باشتر نییە چەک دانێن و بچن یارمەتیی کەس و کارتان لە کشت و کاڵ و چێوداریدا بدەن؟)

دوای ئەم چالاکییە، حیزبەکەی تر، کە جەنگاوەرەکانی خەڵکی ناوچەکەن، هەست دەکەن لەلایەن جووتیارانەوە بەکەم سەیردەکرێن. چونکە ئەوان کارێکی وا دلێرانە و لەم شێوەیەیان لەدەست نەهاتووە.. لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا هاتووە: (خضر حسین)، پێشمەرگەیەکی ئازای ئەم حیزبەیە و نوژدارەکانی لای خۆیان پێنازانن دوچاری چ دەردێک هاتووە و دەردەکەیان بۆ دیاری ناکرێ. جا بۆئەوەی لەژێر دەستی ئەواندا نەمرێ و بەسەریاندا ساغ نەبێتەوە، ڕەوانەی دیوی ئێرانی دەکەن. بەڵام بەرلەوەی بگاتە یەکەم شاری ئێران، هەر بەسەر هێستەرەکەوە دەمرێ. ئەم جەنگاوەرە چونکە دوژمن سڵی لێ کردۆتەوە و خاوەنی کەسێتییەکی داڕێژراو و بەهێز بووە، جووتیار سوێندیان بەسەری خواردووە و لە تەنگانەدا هانایان بۆ بردووە. ئەوانەیش نرخیان زانیوە، کە لەگەڵیدا بەشەڕ هاتوون.

لێرەشدا دەیەوێ پێمان بڵێ، جووتیار ڕێز لە پیاوی ئازا دەگرن. تەنیا پیاوی جەربەزەو زەبردەست دەتوانێ جووتیار و ڕێزی جووتیار بەلای خۆیدا بهێنێ.. لە شوێنێکی دیکەدا هاتووە، ڕەحمان لە هەموو کۆڕێکدا، هەڵکەوتنی شوێنی بارەگاکانی پشت ئاشان بە (بەهەشت لە

کەناری دۆزەخدا) وەسپ دەکات و پێیوایە، ئەم شوێنە نوێیە پێویستی بە جەنگاوەر هەیە. جەنگاوەری ڕاستەقینە، نەک گەڕیدە و شوانی پەزان. ئەم نەک تەنیا گلەیی لە جەنگاوەران هەیە، بەڵکو یەکلەباری سەرکردەکانیش هەر ڕەخنە و تێبینی هەیە. ڕەحمان دەیەوێ لەگەڵ سەرکردەکاندا بکەوێتە ملانێوە و دەڵێ: (هەست بە نائومێدی دەکەم کاتێ مەسوولێکی بێ توانا دەبینم سەرکردایەتیی کۆمەڵێک ئەندامی لەخۆی بەتواناتر دەکا.)

هەروەها ڕەحمان پێیوایە: (شۆڕش پێویستی بەکەسانی شۆڕشگێڕ هەیە نەک تەنیا بەدەستپاک و پیاوچاک.) لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکات، لە سەرکردایەتیی حیزبێکی هاوپەیماندا مەڕاسیمە خێڵەکییەکان پەیڕەو دەکرێن. سکرتێری ئەو حیزبە، لە کاتی جەنگی پشتئاشاندا، نامەیەکی پشتیوانییان بۆ دەنووسێ و ئەمانیش نامەکە دەدەنە بێتەلەکەیان تاکو بەپەلە بینێرێ، وەلێ نە بێتەل و نەهیچ کام لە جەنگاوەران نامەکەیان بۆ ناخوێنرێتەوە. بەختەتی بزماری و هێندیی دەچوێنن. دواجار بێتەلەکەیان، ئاوا چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە دەدۆزێتەوە، (بیکە بەخاتری خاوەنی کەعبە بۆی ببەرەوە و پێی بڵێ هیچی لێی تێنەگەیشتین، بایەکێکی دیکەمان بۆ بنووسێ و لەکورتی بیبڕێتەوە.) لێرەدا دەیەوێ پێمان بڵێ، پێکهاتەی حیزبە کوردییەکان، لەسەرەوە هەتا بەخوارەوەیان دەگات، کەسانی خێڵەکی و کۆلکە خوێندەوارن.

لەو دەمەدا، شالاوی برا دوژمنەکان خەریکە نزیک دەبێتەوە؛ ژمارەیەکی زۆری خێزانی جووتیار، ناوچەکە چۆڵ دەکەن. ئەمانیش ئەم دیاردەیە ئاوەها لێکدەدەنەوە: (زۆربەی ئەم جووتیارانە ئاژەڵ ئاسا





خاوەن غەریزەن. ئەم غەریزەیە، ئەو سروشتە دڵڕەق و دۆخە ناهەموارەی ساڵەهای جەنگی قڕکردن و خاشەبڕکردنی توخمەکەیان، کە لەلایەن حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانەوە لەدژیان بەڕێوەچووە، پێ بەخشیون. هەر لەگەڵ بۆنی مەترسییان کرد و هەستی ئەوەیان کرد مەترسی نزیک بۆتەوە، ئەوا قایمکاریی دەکەن و داوای دڵنیایی (ئەمان) بۆ خێزانەکانیان دەکەن. هیچ دڵنیاییەکیش لە کۆچ و پەنابردنە بەر تاشە بەردەکان باشتر نییە.. هەروەک کۆچی هەندێک لەو گوندنشینانەی، کە ڕۆژانی ئاشتی پێوەندیی ئاشکرایان بەدوژمنەوە هەبوو، باشترین بەڵگەیە، کە نەخشەی جەنگ ئامادەیە و ئەوەندەی ماوە بێتە واری جێبەجێ کردنەوە، کە بەتۆپبارانی بارەگای پشتئاشان دەستی پێ کرد.)

هەر لەڕوانگەی ئەم دیاردە خێڵەکییەوە، کە بەردەوام سەرکۆنەی دەکا و دەیکوتێتەوە، کەچی لەکن کەرتی (ڕزگە) ی لەمەڕ خۆیان ئەرێنی کەوتۆتەوە و بۆتە مایەی یەکدەنگی و بتەوی ڕیزەکانیان. ئەوەتا دەڵێ: (عەشایەرن و پەیوەندیی نێوانیان بەهێزە. جەنگاوەرانی جووتیارن و لە گوند و شارۆچکەکانی نێوان لووتکەکانی قەندیل لە دایک بوون. خۆبەخشانە لە دەوری مەسوولەکانیان کۆبوونەتەوە. لە فەلسەفە تێناگەن. هیچ لە شیکار و سیاسەت حاڵی نابن. بەڵام وەک نوێنەری هەژاران، یان لەبەرئەوەی یەکێک لە ئەندامانی حیزبەکەیان داوێتییە پاڵ حیزب، ئەوانیش حیزبیان خۆشدەوێ. دروشمی سەرەکییان ئازایەتی و نەبەردییە و کەسێ ئەم خەسڵەتانەی تێدا نەبێ لەکن ئەوان جێی نابێتەوە.)

وەک دەبینن ئەم ڕاگۆڕینە ڕێک (بانێکەو دوو هەوا)ی لەمەڕ

باپیرانمان بیر دێنێتەوە. کەچی ڕەحمان جارێکی دی ڕای پێچەوانەی هەیەو دەڵێ: (پێویستە لە هیچ شتێک دڵنیا نەبین مادام دوژمن لە پێشمانەوەن و جووتیار و شوانەوێڵە، کە نایانناسین لەناوماندان.. ئەوانە لەگەڵ ئەو لایەنەدان، کە بەهێزترە و زۆرتریان پارە دەداتێ. لەگەڵ ئەو لایەنەدان، کە دڵڕەقترە. هەر ئەوان نەبوون پێشتر گاڵتەیان پێ دەکردین؟ ئەوە نەبوو لەبەرئەوەی ئێمە زیاد لە پێویست مرۆڤانە لەگەڵیاندا دەجووڵاینەوە، پێمان پێکەنین؟)

هەروەها سەبارەت مامەڵەکردن لەگەڵ جووتیاردا ڕەحمان ڕای ئاوایە: (دەبێ کاتێ بەهێز بووین ڕوحمیان پێ بکەین. هەرکاتێکیش لە بەرامبەر دوژمناندا بێ هێز بووین دەبێ لەگەڵ ئەواندا دڵڕەق بین. ئەگەر وا نەکەین، ئەوا جەماوەر لەپێش دوژمناندا دەمانخۆن.) وەک دەبینین ئەم دوو تێزەی ڕەحمان سەبارەت مامەڵەکردن لەتەک جووتیاردا، کە دەبێ پەنا وەبەر ناڕەواییەکان ببەن بۆخاتری ئەوەی جەماوەر هەردەم لێیان بترسن و گوێڕایەڵیان بن، زیاتر لە تێزەکانی میکیاڤێللییەوە نزیکن نەک ئەو فەلسەفەیەی، کە بە حساب ئەو بڕوای پێیەتی و دەبێ لەخزمەتی هەژاراندا بێت و بۆ گەیشتین بەئامانجەکان، پەنا بۆ شێوازی دروست و گونجاو ببەن.

دوای ئەوەی تێکدەشکێن، بەناو زنجیرە چیای قەندیلدا بەرەو ئێران هەڵدێن، لەبەر نەشارەزایی ناچار دەبن ڕێبەر (دلیل) بەکرێ بگرن. دیارە ڕێبەریش هەر دەبێ لە جووتیاران بێ، چونکە هەر ئەوانن شارەزای تووڵەڕێ و کون و کەلەبەری وڵاتەکەن. بەڵام ئەم ڕێبەرە کەمفرسەتانە، بێمرووەتی دەنوێنن و هەنگاو بەهەنگاو حسابیان لەگەڵدا دەکەن و بیانوویان پێ دەگرن. بەڕادەیەک، ناوە ناوە دەوەستن





و پەڵپی کرێی نوێیان پێ دەگرن.

دیارە ئەمانی شکستخواردووی دوژمن لەدوو، ئەو زاخ و جەوهەرەی جارانیان نەماوە و ئیتر هیچیان لەدەست نایە. ئەوان ئێستا لەخەمی ڕزگارکردنی گیانی خۆیاندان. ڕێبواری هەڵەتەن، نەک جەنگاوەرە بەسام و شان و شکۆیەکەی جاران. لەدۆخی وەهایشدا، وەک نەناس مامەڵەیان لەتەکدا دەکەن و هەموو کارێک هەقدەستی خۆیان دەسەنن. جووتیار ئەم هەلە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەقۆزنەوە. هەیتا هەیتا داوای کرێیان لێ دەکەن. لێرەدا دیسانەوە دەیەوێ بێباری و کەمفرسەتیی جووتیارمان بۆ دووبارە بکاتەوە.

دیاردەی جاشایەتی و خۆناونووس کردن لەڕیزی دەزگە جۆراوجۆرە سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا بڕێ ڕۆشنایی لەسەرە. جاشایەتی شێرپەنجەیە، بەجەستەی کوردەواریدا بڵاو بۆتەوە.. لە دۆخێکی وەها کەس لەکەسدا، تۆ ناچاری گومان لە هەموو تاکێک بکەی. لێرەدا نەهامەتییەکە لەوەدایە ئەمان هەر جاشێک بەدیل دەگرن، دوای ماوەیەک، لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە دەکرێتە سەریان و داوای ئازادکردنی دەکەن بەو هەنجەتەی: (لەڕێکخراوی نهێنیی حیزبەکەیاندا کاردەکات و لەبنەوە لە گەڵیاندایە!) بۆیە لەسەر زاری کەسێکی ئەم ڕۆمانەوە هاتووە: (بە هەقی شەیتان. من تەواو دڵنیام ئەگەر هەر وەزیرێ بەدیلی بکەوێتە دەستمان، ئەوا حیزبە هاوپەیمانەکانمان دێن و داوای بەردانی دەکەن بەو حسابەی لە ڕێکخراوە نهێنییە پیرۆزەکانیاندا، کە لەنێو ڕیزی حکوومەتدا هەیانە، کاردەکا. ئایا ئەمە ماقووڵە! بەر نەفرەت کەون هەمووتان. تەوبە، ئیدی دیل ناگرین.)

دیارە جاشایەتی وەک ئافاتێکی کۆمەڵایەتی، کە لەنێو جەماوەرێکی پان و بەریندا ڕەگاژووە، دوای ڕاپەڕینیش هیچ بەرنامەیەک بۆ بنبڕکردنی دانەنراوە و هیچی وەهاشی لەسەر نەنووسراوە. دەردێکە کەس ئامادە نییە بیر لە چارەسەری بکاتەوە و هەردەم خۆی لێ مەڵاس داوین و لەسەر پێیە. هەر کاتێ دەرفەتی بۆ ڕەخسا، وەک تیراوێ هەڵبداتەوە و بتەنێتەوە.

سەرچاوە: خلف الطواحين، عامر حسين، الطبعة الأولي، آذار، ١٩٩١.

* بڕوانە: هونەرمەند و شاهیدی سەدەم، محەمەد فەریق حەسەن، بەیان، ژمارە ١٥٧، تەمووزی ١٩٨٩ .



## وەک زمان بونیادێکی زیندووە ئامێر بۆی مەڕوانە

### دەروازە

زمان سیستەمی گواستنەوە و گەیاندنی هزرە؛ هەر وەک دیوی دەرەوەشێتی. دەکرێ بڵێین: ئەو دەفرەیە، کە سەرجەمی هزرەکانی لە هەناوی خۆیدا جێ کردۆتەوە و دەیانپارێزێ. مەگەر بەزۆری زۆردارەکی؛ لە تەواوی بەهاو ڕەوشتە ئینسانییەکان ڕووت بکرێتەوە، دەنا مرۆڤی سەردەم ناتوانێ بەبێ زمان بژی. هەر بۆیەکا بە درێژایی مێژوو، هیچ داهێنانێکی گرنگ لەودیوی زمانەوە بەرپا نەبووە و نەهاتۆتە ئاراوە. چونکە یەک لەباری مرۆڤ، زمان گرینگترین هۆی گوزارشتە. لەم ڕووەوە وتەیەک هەیە دەڵێ: مرۆڤی بێ زمان زیندەوەرناس و مرۆڤی خاوەن زمان زانایانی ئەنترۆپۆلۆجیا و مرۆڤی سەردەمی نووسینیش زانایانی کۆمەڵناس لێی دەکۆڵنەوە. چونکە لێرە بەدواوە توانیوێتی کاروباری خۆی لەگروپ و دێ و شار و دەوڵەتدا ڕێک بخات. پرۆسەی ڕێکخستنیش پێویستی بەزمانی نووسین هەیە.

لێرەوە کۆڵینەوەکان و تێگەیشتن لەو کۆڵینەوانەش بەری هەر تشتێک کردە و پرۆسەگەلی زمانین. سەرلەبەری ڕووناکبیریی، کلتوور، یادەوەریی، بۆنە، خەون، خۆزگە و خەیاڵاتمان لە وشەگەل پێکهاتوون. لە ژیانی مرۆڤدا هیچ شتێک ناتوانێ لە وشە بەدەر بێت و ئەودیوی بکەوێ. بەبێ زمان دەگەڕێینەوە چاخی مەیموونەکەی لەمەڕ دارۆیین.

د. مبارك حنون، لە ژمارە(٤٩)ی گۆڤاری (الشعب العربي) دا دەڵێ: (زمان وەک ماڵی مرۆڤە، کە کاروباری ژیانی خۆی تێدا ڕێکدەخات.. ئاماژەو ڕەمزو سامانی خۆی تێدا هەڵدەگرێ.. زمانە، کە داڵدەی مرۆڤی داوە و تەواوی نهێنییەکانی بۆ دەپارێزێ...)

باڵادەستی زمان بەشێکە لە باڵادەستی ڕۆشنبیریی گشتگیر، کە هزر و ئابووری و سیاسەت و ڕشتەکانی دیکەی لێ بەدەر نییە. زمان بونیادێکی زیندووە؛ وەک ئامێر بۆی مەڕوانە. ئاسمانێکە بۆ هەناسەدان و ژیان.. بەبێ زمانێک بۆ گفتوگۆ و نووسین، لەم جیهانە بەرینەدا جێمان پێ لێژ دەبێت و دەخنکێین. لەم چاخەدا، ئەو گەلەی زمان غەریب بژی، ئەوا وەک کلتوور و ڕۆشنبیری و مێژووش نەناسراو و نامۆیە. کەسیش ڕێزی لێ نانێ.

ئەدەب بە گشت لکەکانیەوە دەست پێداهێنان، پەرەپێدان، ڕازاندنەوە، تیفتیفە و باڵاپێکردنی (تسامي) زمانە. بەڵێ هەموو لکەکانی ئەدەب بریتین لە گەمەی زمان. جۆزیف کیرز، لەمیانەی سەردانێکیدا بۆ وڵاتی مەکسیک سەبارەت (ئۆکتاڤیو باث)، بە شاعیرانی ئەو دەڤەرە دەڵێ: (بەمانا سیاسییەکەی، ئەم کۆمەڵە هۆنراوەیە، سەر بە شیعری شۆڕشگێڕیی نین. بەڵام ئۆکتاڤیو باث تاکە شاعیری شۆڕشگێڕە لە نێوان ئێوەدا، چونکە لە شیعرەکانیدا تەقەللا بۆ گۆڕینی زمان دەدۆزینەوە.)

بەڵام گەلۆ ئەوەی زمان کوڵەواربێ لەکوێ دەتوانێ گەمە بە وشە بکا؟ چلۆن دەکارێ ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و وتار بنووسێ و بە چی بینووسێ؟ بیر و فەلسەفە و ئەدیۆلۆجیا بە چی دەربڕێ؟ وشە فیگەرێکە قەڵاچنە لە سیحر و سیحریش دەبێە مشتێک وشە. وشە





وەک زێڕوزەمبەر پارە دەکات و کڕیار و بازاڕی هەیە. سەرنج بدە چۆن مرۆڤێک لە تەنیا وشەیەکدا چڕدەبێتەوە، کە نێوەکەیەتی و هەتا مردن لێی جیا نابێتەوە! مرۆڤ هەن، وەک جەستە مردوون، کەچی نێویان، کە تەنیا وشەیەکە، مینا ئەستێرە دوورەکان پرشنگ داون. بەڵێ درشت و وردی کێشەکان ئەوەتان لەزماندا خۆیان مات داوە.

زمان شیرین و بەدزمان و دووزمان و زمان لێدانیش هەن. تۆ بەمێژوودا بچۆرەوە، دەبینی زۆرجاران وشە لە چەک بەکارتر بووە. ئەوەتا چەکی تەواوی پێغەمبەران وشە بووە.. وان پەیامبەران وشەیان بەپیرۆز بەخەڵک ناساندووە و داویانەتە پاڵ خواوەند.. ئیدی ئەو خەڵکەش هەر لەڕێی وشە پیرۆزەکانەوە کڕنووشیان بردووە. وشە پیرۆزەکان بوونەتە نێوەندێک (وسیط)؛ یان بوونەتە پۆستێک لە نێوان ئێمە و خواوەندا. واتە وشەیە، ئێمە بە خواوەندەوە گرێ دەدا، دەنگمان دەگەیێنێتە لای ئەو. وشە هەیە زوورە زووڕ دەمانخاتە گریان و بانگهەڵدان. وشەیش هەن سەربەقوڕ دەهێننە لیقە لیقی پێکەنین! ئەو سرروودەی کەللەی جەنگاوەرێک گەرم ڕادێنێ و دنەیدەدات سڵ لە گوللە نەکاتەوە، ڕستێک وشەی بەڕقی پیرۆز بارگاوییە. ئەگەر زمان نەبێ پەیڤیش چێ نابێ، ئاخاوتنیش نایەتە کایەوە. کەواتە گەیاندن لەوێدا دەپچڕی. هونەری دایەلۆگ، کە جوانترین سیفەتی مرۆڤە و لە زیندەوەرانی دیکەی جیا دەکاتەوە بەبێ وشە پێک نایەت.

وشە، وشەی دایکەو ڕستەی لێ دەکەوێتەوە و کۆتایی نایەت. پرس و پرسیار دروست دەکا و وەڵام دەخولقێنێ. وشەکان چەشنی درەخت لق و پۆ دەردەکەن. وشە هەیە، وەک دەڵێن شیاوی ئەوەیە بەئاوی زێڕ بنووسرێ، وشەیش هەیە وەک دەڵێن بینێیتە سەر نان، سەگ بۆنی

پێوە ناکات! بیهێنە پێش چاوت، هەموو بوونەوەرێک لەم گەردوونە فراوانەدا دەستکاری زمانە.. تەنانەت خواکان بەهۆی زمانەوە خواوەندێتی بەسەر مرۆڤەوە دەنوێنن. سەرلەبەری ڕاگەیاندن، جا دیتەنی بن یانژی بیستەنی، بەبێ زمانزان بەڕێوە ناچن!

ئەرێ بەڕاست ئەمە چ مەتەڵێکە؟ خۆ ئەمڕۆکە کوردستانی باشوور لە ڕووی ژمارەی نووسەر و زمانزانەوە لە هەموو قۆناخ و سەردەمێک دەوڵەمەندترە، کەچی زمانی کوردیی خەریکە لەوێندەرێ لەنێودەچێ؟ قەت بووە گەلێک خاوەنی زمانێکی هێند کۆن بێ، بۆخۆشی نازانێ تەمەنی چەندە، کەچی ئەوەندە ناخلاواز و کەم ئاوەزبێ، بە زمانی میللەتی دیکە بپەیڤێ و گوزارشت لەخۆی و لەکێشەکانی خۆی بکات؟ ئەوە لە پای چی هەمدیس لە کردنەوەی پەرلەمانی عیراقدا زمانی کوردیی خرایەوە پشتی کەنوو؟ بۆچی کەس خۆی لێ بە خاوەن نەکرد؟

## ساڵی زمان

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ڕاگەیێندراوەکانی (یۆنسکۆ)، حاڵی حازر نزیکەی ٦٠٠٠ زمان و شێوەزمان لە دنیادا هەن. نزیکەی نیوەیان بەرەو فەوتان دەچن. وا چاوەڕوان دەکرێ لەم سەدەیەدا بە تەواوی لەکار بکەون. واتە چیتر لە گفتوگۆی ڕۆژانەدا بەکارنەهێنرێن. لە سەدا بیستی ئەم زمانانە تەنیا زمانی گفتوگۆن و بە نووسین هیچ بوونێکیان نییە. واتە تاکو ئێستا لە هیچ جۆرە ئەلفابێتێکدا شکڵگیر نەبوون.

نزیکەی سێیەکی زمانەکانی دنیا، بەر کەرتەی ئەفریقا کەوتوون و لەوێندەرێ قسەیان پێ دەکرێ. لەوێش، واتە لە ئەفریقا. لە سەدا







هەشتای ئەو زمانانە سنووردارن و لە هەرێمێکی بەرتەسکدا گفتوگۆیان پێ دەکرێ.. هەر بە قسەی پسپۆڕانی یۆنسکۆ ئەگەری لەبەینچوونی ئەم زمانانە لە ئارادایە. لەم سۆنگەیەوە، کە یەکێتی ئەفریقا ساڵی دوو هەزار و شەشی بە ساڵی زمانە ئەفریقاییەکان ناوزەد کرد.. ئایا (کوردیی)ش لەنێو ئەو زمانانەدایە، کە لەم سەدەیەدا کۆتاییین پێدێ و بە یەکجاریی دەکوژێتەوە، یان هێشتا بە بەرییەوە ماوە؟ بەپێی قسەی یۆنسکۆ بێ کارەساتەکە ئەمەندە خێراو ترسناکە، هەر دوو هەفتەو زمانێک دەفەوتێ!

جێی باسە بەپێی نوێترین ئامار، کە لەڕۆژنامەی میترۆئێکسپرێسی دانیمارکیدا ڕۆژی ١٠ ی جانیوەریی ٢٠٠٧ بڵاو بۆتەوە، ئەو زمانانەی کە زۆرترین خەڵک قسەیان پێدەکەن ئەمانەن.

زمانی چینی: (ماندارین) (٨٧٥) ملیۆن

هیندوستانی: (٤٢٦)

ئیسپانی: (٣٦٠)

ئینگلیزی: (٣٤٠)

بەنگالی: (٢١٠)

عارەبی: (٢٠٥) (١)

پورتۆگالی: (١٧٥)

ڕووسی: (١٦٥)

یابانی: (١٢٥)

ئەڵمانی: (١٠٠)

ئەوەی ڕوون بێ، هەر ئێستا بۆشاییەکی گەورە لە نێوان زمانی گەلە پێشکەوتووەکان و گەلانی تازە پێگەیشتوودا دەبینرێ و ئەم

دیاردە و ملانێیە بە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتەوە دیارە. هەرچی سەربە گرووپی دووەمە ناتوانێ پشتەوانی تەواو لە زمانەکەی خۆی بکا. زمانی کوردیی لە ڕیزی ئەم دەستەیەدایە.

مەترسیی فەوتانی زمان لەوێوە سەر هەڵدەدا، کاتێ زمانێک پێوەندیی بتەوی بە زانستەکانەوە نەمێنێ، یان لەق ببێ. لە پرۆسەی خوێندنی ئەو زمانەدا ڕێ و شوێن و میتۆدی نوێی زانستی پەیڕەو نەکرێ. لێرەوە زمانی زاڵی ناوچەو سەردەم فشاری بۆ دێنێ. دیارە لە کورتیدانی زمانیش دەبێتە مایەی دواکەوتنی فەلسەفەو زانست و هونەرەکان و پرۆسەی داهێنان بە گشتی. چونکە زانست و هونەر لەسەر زمان بنیات دەنرێن.

نەختێ لەمەوبەر باسی ئینتەرنێتمان کرد. ئەوی ڕاستی بێ، ئەم دەستکەوتە گرینگەی سەردەمی گلۆبالیزم، یەک لە باری هەندێ ماڵپەڕ بوونەتە گۆڕستانی زمانی کوردیی!

جاخۆ ئەو مرۆڤەی زمانی خۆی دۆڕاند، ئەوا هەرچی پێوەندی هەبێ لەنێوان خۆی و ئاوەزیدا دەیدۆڕێنێ. هەر وەختێکیش کارەساتی وەها بەسەر هەر تاکێکدا هات، ئەوا ئەو مرۆڤە هەر بەناو زیندوو دەمێنێ. بەڵکو ئەو بە هەڵە لە جیهانی زیندوواندا دەژی!

کوردیی زمانێکی هێژایە. توانیوێتی لە بارودۆخی سەختی هەزاران ساڵ بێدەوڵەتی و تەپەسەریدا بەرگە بگرێ. لەوساوە سەدان زمان فەوتان و ئەو هەر بەپێوەیە. ئەگەرچی دوژمنان مەبەستیان بووە لەبیر باب و باپیرانمانی ببەنەوە بەلام بۆیان نەچۆتە سەر. هەرچەند بە درێژایی دەیان سەدەش تەنیا زمانی گفتوگۆ بووە، کەچی هێشتا هەر لەگەڵ ڕەوتی لۆقنی ئەم چەرخەدا دەردەچێ. ئەگەر کۆلکە خوێندەوار





لێی بگەڕێن، ئەوا زمانێکی زێدە زیندووە. چونکە توانای گونجاندنی لەگەڵ پێشوەچوونی کۆمەڵگەدا هەیە. بەخشندەیە و دەکارێ سەدان و هەزاران زاراوەی نوێمان بداتێ. هەروەک چۆن زمانی ئەدەبە، لە باریدا هەیە زمانی زانست و فەلسەفەش بێ. هەڵبەتە ئەوە بە خەوش ناگیرێ ئەگەر ئێمەش وەک زۆربەی زمانە زیندووەکانی دیکە، بێین لە زمانە نزیک و دوورەکانەوە زاراوەی پێویست بخوازین. جێی وتنە هیچ زمانێکی ئەورووپایی نییە وشە لەوانی دیکە قەرز نەکات.

لە ماوەی ئەم سی ساڵەی دواییدا، بە تایبەت لە ڕێکەوتننامەی ئادارەوە، هەزاران زاراوەی زانستی، لە ڕشتەکانی کیمیک و فیزیک و ماتماتیک و ئابووریدا لێ کەوتۆتەوە. ئەم زاراوانە لە قوناغەکانی خوێندندا بەکار دەبرێن و بەوەدا، کە ڕۆژانە ئەم زاراوانە بەکاردێن، دیارە لەکن خەڵکیش پەسەندن.

گەشە و پەرەسەندن و بژاری زمانی کوردیی و کردنی بەمانی نووسین، کۆششی ساڵانێکی دوور و درێژی دەیان نووسەری هێژان. بەلام وا ئێستەکانێ بەرەو شێواندن دەچێ و لەبەردەم فشار و هەڕەشەدایە. لایەنێکی بەرپرس نییە لەسەری هەڵبداتێ و خۆی لێ بەخاوەن بکا. هەموو خۆیانی لێ نەبان دەکەن. بەڵکو دەتوانم بێژم: خودی دام و دەزگە فەرمی و شێوە فەرمییەکان عەجیب دەستانێکیان لەم بشێوییەدا هەیە.. هەر کۆلکە خوێندەوارە و لای خۆیەوە، لەڕووی نەزانینەوە، بێ بەزەییانە دەیشێوێنێ. بێ پسانەوە لە ماڵپەڕەکاندا، لە گۆڤار و لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و لە توێی (بەناو) ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و میعر و (بەناو) وتارەکانیاندا زمان دەشێوێنرێ و بەپەند دەبێ، بێ ئەوەی کەسێ، لایەنێ لەسەری هەڵبداتێ و فزەی لێوە بێ.

کەناڵی تیڤی هەیە، بە ملیۆن بینەری هەیە، بەڵام لەڕووی زمانەوە هێندە وێرانە، مەگەر بە ڕێکەوتی ڕووت، دەنا جارێ لە جاران، سەری سەعاتان، لە هەواڵەکانی خۆیدا، نەیتوانیوە یەک ڕستە کوردیی چییە بە دروستی گۆبکات، یاخود لە پەڕاوێزدا بینووسێ. بەڵکو بەردەوام زمانی کوردیی پەڕاوێزکوژ دەکا! دیوانە شیعری وا هەیە، سەری بگری و بنی بگری لە چەند سەد وشەیەک پێکهاتووە کەچی ئەوەندە وێرانە بێزت لێی دێتەوە. ئێوە هەروا بەری خۆ بدەنە ئەو درامایانەی گوایە کوردین و شەوانە لە کەناڵەکانەوە پیشان دەدرێن، بزانن چۆن بە گوزارشت و زاراوەی عەرەبیی قورەیشی ئاخنراون؟ سەیر لەوەدایە، ئەوانە دەتوانن تەنیا (وشەی ڕووت)ی عارەبی بەکاربێنن و نادروست گۆی بکەن و تێکەڵ بەکوردیی بکەن، دەنا وەکیدی هیچیان عارەبیزان نین! چونکە هەرکاتێ کار گەیشتە سەر (ڕستە)، ئیدی ئەوان ساتمەی لێ دەکەن و لە هەقی نایەن!

بۆچی ئەم دیاردەیە وەها کەوتۆتەوە؟ چونکە ئەوانە زمانی خۆیان، کە کوردییە بەباشی نازانن! هەموو زانایانی زمانیش لەسەر ئەو ڕایە کۆکن، کە دەڵێ: (هەر کەسێ زمانی دایکی بە چاکی نەزانێ ناتوانێ زمانی بیانیش بە باشی فێر ببێ.)

ڕۆمانی وا هەیە هێندەی ژمارەی ڕستەکانی هەڵەی زمانی تێ کەوتووە! کەچی هەن لەڕووی نەفامییانەوە بەرگریی لێ دەکەن. دەتوانم بڵێم: لە هیچ سەردەم و قۆناغێکدا زمانی کوردی بەم مەرەیەی ئێستای نەچووە. ئەگەر بێتو دڵسۆزان بەزوویی فریای نەکەون ئەوا لانی کەم زمانی نەوەی نوێ بەجارێ دەشێوێ! نازانم ئەگەر کورد زمانەکەی دۆڕاند، چی دیکەی بە دەستەوە دەمێنێ لافی کوردێتی پێوە





لێبدا، لە کاتێدا بستێک لە خاکی کوردستانی پێ ڕزگار نەکراوە؟ لەپای چی زمانی کوردی لەم باشوورەدا بەم مەرەیە چووە؟ بۆچی بەری ڕاپەڕین بەم مەرەیەی ئێستا نەچووبوو؟ ئەدی کێن ئەوانەی بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەم کارەساتەن و ئۆباڵ لە ئەستۆی کێیە؟ لەم وتارەدا، هەوڵ دەدەم بە پێی توانا وەڵامی ئەم پرسە ترسناکە بدەمەوە.

## کێ بەرپرسیارە؟

بەشێک لەوانەی زمانزانن، بەهەر هۆیەک بێ لەدەرەوەی وڵات دەژین. هەندێکیش هێشتا لە کوردستان ژیان دەگوزەرێنن. بەڵام داخۆ ئەوانە چ دەستەڵاتێکیان لەمستە؟ ئەوان لە کوولەکەدا بانگ دەدەن. چونکە هیچکام لە هۆیەکانی گەیاندنی زانیارییان لەبەر دەستدا نییە. ئەوە دەستەبژێری دەستەڵاتە، کە سەرلەبەری هۆیەکانی ڕاگەیاندنی قۆرخ کردووە و بەکۆلکە خوێندەوار بەڕێوەیان دەبا.. لە کاتێکدا، وەک هەندێ بۆی چوون گەرەکە هیچ نەبێ توێژی ڕۆشنبیر لە نێوان دەستەبژێر و جەماوەردا گەیێنەر (وسیط) بێ. بەڵام واپێدەچێ ئەم ئەڵقە پەیوەندییەی، کە دەکاتە ڕۆشنبیر، پساو و بزربێ. بۆیە ئەوەی دەیڵێ ناگاتە جێی خۆی و بەرەوڕووی دیوارێکی ئەستوور و هەڵکشاو دەبێتەوە و کەس گوێی لێ نابێ.

هەرچی ڕۆشنبیری پەڕاگەندەی دوورە وڵاتیش هەن، ئەوا تەواو دوورە دەستن. خاوەنی میدیاش نین هەتا کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕەوتی ڕووناکبیریی لە ناوەوە دابنێن. بۆیە بێ سێودوو دەڵێم: ئەوە هەر چینی باڵا دەستە، لەم دۆخی بەربادبوونی زمانە بەرپرسە. هەر خۆشێتی زمان تێکدەدا و دەیشێوێنێ. ڕووناکبیری کورد لێی بەرپرس

نین! چونکە لە هەموو دنیادا چینی باڵادەستە، کە بە نیازی پیادەکردن و سەپاندنی دەسەڵات و بیر و بۆچوونەکانی بەسەر تەواوی قەڵەمڕەوی خۆیدا لە هەوڵدایە زمان وەک ئامرازێک بەکار بهێنێ. ئەوانن بە نیازی هێنانە ژێربار، خاپاندن، دەستەمۆکردن، بە مەبەستی هەژموون و کارکردنە سەر جەماوەری هەراوی خەڵک، لە وتاری سیاسیی ڕۆژانەی خۆیاندا زمان دەخەنە کار و لە ڕێی دروشم و کۆدو هێماکانیانەوە دەستەڵاتی چینێک، یان توێژێک بەسەر ئەوانی دیکەدا، دەسەپێنن.

بەڵێ ئەوانن زمان دەشێوێنن و کارێک دەکەن توانای زمان لە کورتی بدات و دەرەنجام لە بەرانبەر زمانێکی دیاریکراودا، یاخود تەواوی زمانانی ناوچەکەدا بچرووسێت و پاشەکشە بکا. چونکە جێی گومان نییە و هەموو لایەک ئەو ڕاستییە دەزانن، کە ڕادیۆ و تیڤی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە گشت دووکانە سیاسی و ئەدەبی و زانستییەکانەوە، نەک هەر بە دەست خۆیانەوەن. بەڵکو موڵکی مفتی خۆیانن. لەم هەراو هەنگامەیەدا ڕووناکبیر بێ سەکۆ و بێ بڵندگۆن. ڕەشە خەڵکەکە بێ دەسەڵات و بێ زمانن!

دەتوانم بڵێم زمانزان و ڕووناکبیرانی کورد بەگشتی، بە میوانی ڕێیان دەکەوێتە میدیاکان. تیڤییەکان خێریان پێدەکەن ئەگەر جارێ لە جاران بانگهێشتی گفتوگۆیەکی ڕادیۆیی یان تەلەڤزیۆنییان بکەن. ئەگەر ڕۆشنبیرێک سەر بە خۆیان نەبێ ڕەنگە بەشەش ساڵ جارێک بەری نەکەوێ، لە تیڤییەکانیانەوە هەڤپەیڤینێکی لە گەڵدا بکەن. لە کاتێکدا تیڤی و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار دەبێ خودی ڕووناکبیران بەرنامەڕێژییان بۆ بکەن و بەڕێوەیان ببەن.





جێی سەرنجە و زۆریش، کە دوو لایەنەکەی کوردستان، لە ڕووی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراوەوە لە هەموو پارت و دەستەڵاتەکانی ناوچەکە، بە ئێران و تورکیاشەوە، دەوڵەمەندترن. کەچی ئەگەر وەکوتر حسابی بۆ بکەین، ئەوا ئێمەی کوردیی باشوور لەچاو ئەواندا لە دوێنێوە شتین و دەیەکی حەشیمەتی ئەوانمان هەیە.. ئایا ئەم ڕاگەیاندنەی کورد، زۆر و بۆر نییە؟ وەک ڕێ بەڕووناکبیر نادەن نووزەی لێوە بێ، ئەدی بۆچی نەیانتوانیوە بە بەرپرسەکانی خۆیان بڵێن: تکایە لێرەوە بەکوردیی بدوێن!

دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکەین، کە کوردی باشووریش وەک عارەب دەچێتە خانەی ئەو توێژینەیەوە، کە یۆنسکۆ بۆ نیشتمانی عارەبی کردووە و تێدا ئاشکرای کردووە گوایە تاک لە نیشتمانی عارەبدا ساڵانە تەنیا (٦) خولەک دەخوێنێتەوە. بەڵێ ئەو توێژینەوەیە ئێمەش دەگرێتەوە. چونکە هێشتا بەشێکی لە عیراق دانەبڕاوین. دەمەوێ لێرەوە بڵێم: بەحوکمی ئەوەی تاکی کورد ناخوێنێتەوە، یان زۆر بەکەمی دەخوێنێتەوە ئەوا ڕاگەیاندنی نووسراو، کە لە ڕووی زمانەوە تاڕادەیەک لە بیستراو و بینراو پوختترە؛ ئەرێنی بێ یان نەرێنی کەمتر کاری تێدەکات. بەڵکو ئەوەی بەڕاستی کاردەکاتە سەر خەڵک، ڕاگەیێنراوی بینراو، واتە تیڤییەکانە.

کۆڕ و مێزگرد و چاوپێکەوتن و بەرنامەکانی تیڤیش بە زۆریی سەرپێین و بە کوردییەکی تێکشکاوی دوور لە پەیڕەوکردنی ڕێزمان، تێکەڵەیەکی ناجۆر و هەڕەمەکین، لە وشەو گوزارشت و زاراوەی عارەبی و بە سەرزاری و پەلەپرووزێ بەڕێوە دەچن. لە نوکتەکانی ڕشتەی مرواریی لەمەڕ عەلادین سەجادی دەچن، ئەوانەی لەزمانی

مەلای کوردەوە دەیانگێڕێتەوە. بێگومان ئەم دۆخەش کاردانەوەی خراپی لەسەر بەپاکی ڕاگرتنی زمانی کوردیی هەیە!

دەمەوێ بڵێم: هەر ئەوانن، واتە توێژی فەرمانڕەوایە بەهۆی زمانەوە پراکتیزەی دەستەڵات دەکا. شەو و ڕۆژ بەرپرسان لەسەر تیڤی و لەپێش مایکرۆفۆندان و ورنگە نادەن. ئەوان زمان بۆ ورد و درشتی کایەکان دەخەنە کار. لێرەوە دەکرێ بێژم. لەم سەروبەندەدا، فێربوون و گەشەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە نێو توێژەکانی کۆمەڵدا، ڕاستەوخۆ بە ئاستی زمان زانینی دەستەبژێری فەرمانڕەواوە پەیوەستە. واتە ئەگەر ئەوان بە زمانێکی پوخت پەیڤین، ئەوا گومانی تێدا نییە، سەرجەمی خەڵکەکەیش بە زمانێکی پوخت دەدوێن. پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. کاتێ کاکی بەرپرس بە دەربڕین و ڕێزمانی عارەبی دەدوێ و شڕم بڕم دەپەیڤێ؛ ئەوا خەڵکیش لاساییان دەکەنەوە. بەم شێوەیە هەڵەی ئەوان دەبێتە زمانی باو!

لێرەدا بێ ڕووپامایی و بە ڕاشکاوییەکەی خۆم ئەو ڕاستییە بدرکێنم، من لێرەدا مەبەستم لە تێکڕای بەرپرسانی حیزب و حکوومەت نییە. چونکە تاک و تەرایان تێدایە بە کوردییەکی پوخت دەدوێن، بە تایبەت کاتێ گوێمان لە (وتارە نووسراوەکانیان) دەبێ. بەڵام ئامادە نیم لێرەدا ناویان بهێنم، چونکە ئەگەرچی جەنگی ناوخۆشمان کۆن کردووە، بەڵام هێشتا بێویژدان ماون و زۆریشن، ئەگەر دەمم سووتاو ناوم هێنان ئەوا یەکسەر ڕەنگم دەکەن!

هەروەک کاری من لێرەدا پۆلێنی بەرپرسان بەسەر کوردییزان و کوردیی نەزاندا نییە.

بەڵام وەک فاکت دەتوانم بڵێم: زۆرینەی بەرپرسانی هەردوولا





عەجیب دەستانێکیان لە تێکدان و شێواندنی زماندا هەیە. زمانیان ڕێک لە زمانی ئاخاوتنی کوردانی وڵاتی (کوێت) دەچی، کە دوای ساڵانێکی زۆر لە دابڕان و دوورەپەرێزی، بە تایبەتی وەچەی نوێ، بە تەواویی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی زمان و کلتووری عارەبان. لێرەوە پرسیارێک، کە هەردەم ڕەوایە مرۆڤ بیورووژێنێ ئا ئەمەیە: (باشە خۆ ئەوان ساڵانێکی تەمەنیان لەو چیایانە لەنێو جووتیار و لەژێر ڕەشماڵدا بەسەربرد. ئایا نەدەکرا چەردەیەکیش زمانیان لێوە فێرببوونایە؟ ناکرێ خولی فێربوونی زمانیان بۆ بکرێتەوە؟ ناکرێ یەکێک لە مەرجەکانی پۆست وەرگرتن، لە پارت و حکوومەتدا کوردی زانین بێ؟)

زمان مەرج و بناغەی بەرکەماڵبوون و سەقامگیری و گەشەی کۆمەڵگەکانن. زۆر جار لەسۆنگەی بەدڕاڤەکردن و خراپ لێکدانەوەی وشەیەک، دەستەواژەیەکەوە، ناکۆکی لەنێوان دوو کەس یان دوو دەستەدا سەری هەڵداوە. نەک هەر کلکی کەر بەڵکو کلکی تانکیشی تێدا پچڕاوە! پێم وایە لە ڕۆژگاری جەنگی ناوخۆدا، بڕواو نەگەڕێتەوە؛ ئەو دوو لایەنە بەدروستی لە ئاماژە و وتارەکانی یەکدی حاڵی نەدەبوون؛ خراپ ئاماژە و کۆدەکانی یەکدییان لێکدەدایەوە. پاژێکیش لەو بەدحاڵیبوونە لە سۆنگەی کۆڵەواریی زمانەوە بوو!

ئێمە، کاتێ زمانی عارەبیمان خۆش ناوێ، لەبەر ئەوە نییە، کە زمانێکی بیانییە. بەڵکو لەبەر ئەوەیە، کە هەژموونی بۆ سەر زمانی کوردی هەیەو دەیچڕووسێنێ.. زمان هەیە ژێرچەپۆکەیە و لە لایەن زمانی داگیرکەرەوە چەوساوەیە. زمانی کوردیش وەک خودی میللەتەکە، سەدان ساڵە بەدەست زمانی عارەبییەوە دەچەوسێتەوە و

دەناڵێنێ. بەڵام زۆر جاران خۆشمان دەستمان لەم ناڕەواییەدا هەیە. بۆ نموونە تاکو نهۆش، بە ئاشکراو بە بەرچاوی پەڕلەمان و دەستەڵاتی ڕاپەڕاندنی خۆمانەوە (ناو) ی کوردی لە بەردەم هێرشی ناڕەوای (ناو)ی عارەبیدایە و تەنگی پێ هەڵچنراوە. [طلحە، زبیر، عثمان، مقداد، عمر، أبوبکر، خدیجە، فاطمە، زینب، جعفر..) کە وێڕای ئەوەی ناوی زەمانێکی بەسەرچوو و زمانێکی سەردەستن، مانا و موسیکی ئەوتۆشیان تێدا نییە شیاو بن و لەگەڵ ئەم چەرخەدا بگونجێن..

بگرە هەندێ جاران مانای ناجۆریشیان هەیە.. کەچی ناوە جوانە ئاوازدار و ماناداری و هاوچەرخەکانی خۆمان (ئەڤین، سەیران، بەختیار، کامەران، تارا، جوان، ئالان، هەتاو، هێلین و لازۆ..) پشتگوێ دەخرێن. دەچەوسێنەوە و کەسێ ناجووڵێ، تاکو چارەسەرێکی یاسایی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.

گۆرانییە جوانەکانیشمان لەبەردەم گەف و هەڕەشەی گۆرانیی عارەبی و تورکیدان و لایەنێکی فەرمی بەدەنگ نایەت.. خۆ گۆرانی بەری هەر تشتێک زمانە و زمانیش لەبەر دڵی خەڵکدا شیرینتر و ڕازاوەتر دەکا. کاتێکیش شیعر دەبێتە گۆرانی ئەوا ئێمە گوێمان لەزمان دەبێ لەوپەڕی بالاکردن و درەوشانەوەی خۆیدا!

## هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە:

بونیادگەریی، ئەگەرچی لە ئەوروپادا باوی نەماوە، هەوڵی دەدا زمان بە دەلالەتەکانییەوە ببەستێتەوە. بەر لەوان کەسێ ئەم جۆرە توێژینەوانەی ئەنجام نەدابوو. دواتر تیۆری دیکە هاتە ئاراوە، کە





تەواوی ئەو دەلالەتانە ڕەت دەکاتەوە و بە سەرلێشێواویان دەزانێ و ناوی هەڵوەشاندنەوەگەریی (التفكيكية) لە خۆی نا.

(جاک دریدا)ی داهێنەری ئەم تیۆرە، پێیوابوو: (هەر دەقێک ملی بگری بریتییە لە نیشتەنیی ڕۆشنبیریی. ئەوەی، کە خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان بۆ دەق دەیکەن، بریتییە لە پشکنین، لێرەوە ئەو ڕۆشنبیرییەی لەبنکی دەقدا نیشتبێ و بنی نابێتەوە، سەرئاو دەکەوێ و بەدیاردەکەوێ.) بۆیەکا دریدا هەوڵی دەدا ئەو ناکۆکییانە بدۆزێتەوە کە لە باریاندا هەیە دەق هەڵبتەکێن. ئەو پێیوابوو دەقی داهێنراوی سەربەخۆ ڕەسەن لەئارادا نییە. هەموو دەقێک بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستدرێژیی کردۆتە سەر کۆمەڵە دەقێکی پێش خۆی. بەم پێیە هەر دەقێک بگری خۆی خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

لە زەمینەی ئەم پێشەکییە کورتەوە دەمەوێ بڵێم: کاتێ بەرپرسێکی کورد لە باشوور بەزمانێکی تێکەڵ لەکوردیی و عارەبی دەدوێ، لەو سۆنگەیەوە نییە، کە ئەو کوردیی نازانێ. چونکە ئەو هەموو توانایەکی فێربوونی زمانی لەبەر دەستدایە. بەڵکو بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو لەپرۆسەی بنیاتنانەوەی عیراقدا سوێندی یاسایی خواردووە و واژۆی کردووە، دڵسۆزی وڵاتی عیراق و یەکێتی خاکی عیراق بێ، کە کوردستان تاکو نهۆش بەشێکی پێکدێنێ. ئەم، واتە بەرپرسی کورد، بەڕادەیەک پابەندی ئەو سوێند و هەرێیەیە، لە گفتوگۆیەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و وەک چۆن کوردستان بەشێکە لە عیراق؛ زمانی ئەمیش، بەڕستە و دەستەواژە و دەربڕین و ماناکانێوە، دەبێ بەشێک لە زمانی عیراق، کە عارەبی تێیدا زمانی بالادەستە. لێرەوە ئەم بۆچوونەی بەندە نە بونیادگەرییە و نەهەڵوەشاندنەوە. بەڵکو دۆخێکی

سایکۆلۆجییە؛ لە بنکی نەستی هەندێ بەرپرسدا بنی ناوەتەوە و ناتوانن لێی دەرچن! یان دەرباز بوون لێی، یەکسانە بەهەڵاتن و پاشگەزبوونەوە لەو قەول و بڕیێەی لەگەڵ ئەواندا کردوویەتی. کوردیش لە هەموو میللەتانی دنیا زیاتر پابەندی پەیمانە، کاتێک ئەو پەیمانە لەگەڵ بیانیدا بێ!

لێرەوە باسی فەرنجی و کوڵەباڵ و شاڵ و شەپکیش بکا هەردەبێ هەندێ زاراوەی عارەبیی ئامێتە بکا. نەبادا وەهای بنوێنێ گوایە ئەم جیابوونەوە خواز، یانژی سەربەخۆیی خوازە. ئەوە بۆیەکا (هەندێک) بەو کوردییە تێکەڵ لەعارەبییە، یان بەو عارەبییە تێکەڵ لە کوردییە دەدوێن. جێی باسە ئەو زمانەی هەندێ بەرپرس پێی دەدوێن هەموو عارەبێک تێی دەگا!

دەنا زمانی کوردیی زیندووە. ئەگەر بواری بۆ ڕەخسا، بۆی هەیە گوزارشت لە دیاردە و چەمکی نوێ بکات و خۆی لە گەڵیاندا بگونجێنێ.. وەک پێشتریش ئامەژەم پێدا، ئەو هەموو زاراوە زانستییانەی ئەمڕۆ لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگەکاندا چەسپاون، هیچ کۆسپێک لە ڕێیاندا نییە؛ قوتابی بە ئاسانی تێیان دەگات و خەڵک متمانەی پێ پەیدا کردوون؛ ئەو دڵنیاییەمان پێ دەبەخشێ، کە زمانی کوردیی خاوەنی سیستمی خۆیەتی و جیری Flexibillity تەواویشی تێدایە. دەتوانێ ناو لە هەموو دیاردەیەکی نوێ بنێ و بەپێی پێویست زاراوەی نوێش بەرهەم بێنێ. واتە پێویستی بەوە نابێ بۆ ورد و درشتی گوزارشتەکان سەر بە کۆشی زمانی عارەبیدا بکەین و پەنای بۆ بەرین، کە هیچ خزمایەتییەکی دوور و نزیکی لەگەڵ کوردیدا نییە. خۆ کوردیی





زمانێکی زڕ و بەیچەڵ نییە. بەڵکو لە توانایدا هەیە زاووزێ بکات و لەگەڵ ڕۆژگاردا زاراوەی نوێ بهێنێتە واری کارپێکردنەوە. بۆیەکا کوردیی هەرگیز لەنێو ناچێ..

## زمانی ئابووری

ئەو هۆکارەی ڕێی لە پێش گڵۆبالیزمدا تەخت کردووە، تاکو بتوانێ بە زوویی بتەنێتەوە و هزری خۆی بە دنیادا بڵاوبکاتەوە، زمانی ئینگلیزییە، کە لەم سەردەمەدا زمانی بازرگانی و ئابووری و ڕاگەیاندن و پۆلێتیکیشە. وەنەبێ لێرەدا مەبەستم ئەوە بێ کوردیی لەگەڵ ئینگلیزیدا بەراورد بکەم. چونکە هەر بەو چەند وشەیەی پێشوودا دیارە، کە ئاسمان و ڕێسمانیان نێوانەو بەشی بەراوردی تێدا نەماوەتەوە. بەڵام دەمەوێ بە ڕاشکاوی بڵێم: پێویستە ئەو کۆمپانیا بیانییانەی، کە بەنیازی سەرمایەگوزاری و بنیاتنانی پڕۆژە جۆراوجۆرەکان دێنە وڵات، جا تورکی بن یان فارسی یاخود سەربە هەر نەتەوەیەکی دی، گەرەکە ڕاستەوخۆ بە زمانی کوردیی مامەڵە لەتەک حکوومەت و کاربەدەست و کرێکار و ئەندازیاری کورددا بکەن، نەک لەڕێی زمانی دووەم و سێیەمەوە. نابێ کارێک بکەن ئێمە ناچار ببین بەزمانی ئەوان بئاخڤین. ئەوپەڕی زەبوونییە زمانەکەمان لە سایەی دەستەڵاتی خۆماڵیداو لەسەر ئاخی خۆمان ببێتە زمانی دووەم و خۆشمان لەم شانکورتییەدا دەستمان هەبێ!

چونکە لە دنیادا وەها باوە، کاتێ کەسێ، کۆمپانیایەک بیەوێ لە وڵاتی فەرەنسادا (بۆ نموونە) سەرمایەگوزاری بکات، ئەوا ئەو پێویستی بەزمانی فەرەنسییە.. ئەگەر بیەوێ بچێتە بازاڕی میسرەوە

ئەوا پێویستیی بە زمانی عارەبییە. ئەوانەشی وا لە کوردستاندا سەرمایەگوزاری دەکەن و کوردیی نازانن، سەر بەهەر نەتەوەیەکن، با بێن خۆیان فێری کوردیی بکەن! با هیچ نەبێ ئەوەندە فێرببن بتوانن کارەکانی خۆیانی پێ ڕاپەڕێنن و پێی بێنە ناو جڤاکی کوردەوارییەوە. لێرەوە، دەبێ حکوومەتی کوردستان ئەم پرۆسەیە بەهەند بگرێ. وەک دنیای ئازاد و نوێ هەنگاو بنێ و مامەڵەی لە تەکدا بکا. کاتێکیش کۆمپانیاکانی ئێمە گەشەیان سەند و وایان لێ هات بتوانن لە (ئەستەمبووڵ) سەرمایەگوزاری بکەن با ئەوانیش لەوێ خۆیان فێری زمانی(تورکی) بکەن!

گەرەکە بۆ ئەم مەبەستە دەزگەی تایبەتی واهەبێ؛ بتوانێ پرۆگرامی خوێندنی کوردیی وەک زمانی دووەم بۆ بیانی ئامادە بکا. گەرەکە ئەو دەزگەیە، ستافی تایبەت بەخۆی لە پسپۆڕ و مامۆستایانی زمان هەبێ. گەرەکە لە شارە گەورەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک، سەنتەر و پرۆگرامی تایبەت بەفێربوونی زمانی کوردی بۆ خەڵکی بیانی، کە تەواو جیاوازە لەو پرۆگرامەی بۆ منداڵانی خۆمان ئامادەکراوە، بکرێتەوە.

شتی وەها نابێت و تەواو نەگونجاوە، هەر لەبەر ئەوەی فلانە کۆمپانیا تورکییە یان ئینگلیزییە، ئیدی کرێکار و ئەندازیاری کورد لە ولاتی خۆیاندا ناچار بکرێن بە تورکی یان بە ئینگلیزی لەگەڵیاندا بئاخڤن. ئەمەی باسم کرد دەستوورێکەو لە هەموو دنیادا باوە.

کرێکارێکی تورک (بۆ نموونە) چلۆن دەتوانێ بێتە نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە ئەگەر بایی ئەوەندە زمانی کوردیی نەزانێ کاروباری ڕۆژانەی خۆی پێ ڕایی بکا؟ خۆ ناکرێ هەر ئەندازیار و کرێکارێک





وەرگێڕێکی بۆ دابین بکرێ! لە هیچ ولاتێکی دنیاشدا وەها مامەڵە لەگەڵ دەستی کاری بیانیدا ناکرێ. ناشێ وەک کەڕو لاڵ بکەونە ناو شارەکانی کوردستان. ئەگەر وەک ولاتانی دنیا لە کورستانیشدا هۆبەیەک بۆ (کوردیی وەک زمانی دووەم) بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لە کوردستاندا کاران کرایەوە، ئەوا وێڕای ئاسانکاریی و ڕێز دانان بۆ خۆمان و مێژوومان، زمانەکەشمان بە گەلانی جیهان ئاشنا دەبێ و لە قۆزاخە داخراوەکەی دەردەچێ و خۆی بەگەلانی دووریش دەناسێنێ.

**ئەنجام:**

ئەرێ بە ڕاست؛ بەمەبەستی پێوەندی گرێدان لەگەڵ جەماوەرداو بۆ لەیەکدی حاڵیبوون، ڕووناکبیر و پۆلیتیکاڵ، بێجگە لە زمان چ ئامرازێکی دیکەیان بە دەستەوەیە؟ ئەگەر لەگەڵ تێکڕای زمانانی دنیادا، کە لە دەوروبەری شەش هەزاردان بەراوردی بکەین و هەڵیبسەنگێنین، دەبینین زمانی کوردیی گەلێک هێژا و لەپێشە. چونکە زۆربەی هەرە زۆریان ئەوەندە نەناسراو و بێ دەرەتانن؛ ئێمە لەو شەش هەزارە، تەنانەت ناوی سەدیشیان نازانین! سەیر ئەوەیە زمانەکان بە ژمارە ئەوەندە زۆرن، کەچی وەکیدی ژمارەی دەوڵەتەکانی دنیا هێشتا لە دەوروبەری دوو سەدایە! لێرەشەوە دەزانین، کە چەند هەزار زمان لە دوای کوردییەوە لە پێکوتەدان! کوردی، کە بەرلە سەدەی بیستەم وەک ئەو هەزاران زمانە گومناوە دواکەوتووەی دنیا، تەنیا زمانی گفتوگۆ بووە، کەچی ئەمڕۆکە لەباریدا هەیە باوەش بۆ ئەو حەمکە زاراوە نوێیانە بکاتەوە، کە جیهانگیریی لێکدا لێکدا لە خۆرئاوا و باکوری زەوییەوە، لەگەڵ خۆیدا بەدیاری دەیانهێنێ..

ئەگەرەکو لەگەڵ زمانی عارەبیدا بەراوردی بکەین، کە لەدوای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە بە سەدان زانای کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکەش لەخاک و پایدا بوون. ڕێزمانیان بۆ داناوە و بژاریان کردووە، لەوساشەوە، پەیتا پەیتاو بە بەربڵاوی پێی دەنووسرێ و زمانی فەرمیی دەوڵەت بووە. کەچی هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە ڕووناکبیرانی ئەمڕۆی عارەب (بەتایبەتی ڕووناکبیرانی باکوری ئەفریقا) پێی ناقایلن و دەڵێن: [زمانی بیابان]ە و لە عۆدەی ئەم ڕۆژگارە نوێ و جەنجاڵە نایەت، ئەوا یەک لەباری زمانی کوردیی ڕەوشەکە تەواو پێچەوانەیە. چونکە زمانی کوردیی، بە تایبەت لە دوامای سەدەی بیستەمەوە گوڕو تینێکی زۆری وەبەر هاتووە و ڕوو لە هەڵکشانە. ڕێزمانی خۆی هەیە و کۆمەڵێ زانای زمانزان وان لە پشتییەوە و خزمەتی دەکەن. چۆمسکی لە باسی (زمان و زانستیی لە هوشیاریی بێ بەشکراو) دا دەڵێ: (زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ڕێزمان دەتوانی وەسفی بکا.. ئەو زمانەی زادەی ڕێزمان بێ کۆتایی نایە.. ئەو زمانەشی بزێ و وشەگەلی نوێ بخاتەوە کۆتایی پێ نایە.)

لە خۆرهەڵاتی ناڤینیشدا گەلێک زمان هەن. کوردیی لە زیندووەکانیانە. ئەوەندە هەیە پێوستیی بە ئازادیی زیاتر هەیە، بەتایبەت لە پارچەکانی دیکە. ڕاستە نەهۆ لە باشوور، زمانی کوردیی دووچاری قەیران هاتووە. بەڵام ئەگەر بەرپرسانی ئەم ڕۆژگارە دەماخ بسووتێنن، ئەوا هێشتا لەدەست دەرنەچووە.

با بەهەموو لایەک هەوڵی لەگەڵ بدەین ئاستی دانەبەزێ. کوردی، بەخرۆش و ترپە و زیلە و ڕەزمی خۆی دەوڵەمەندە. بە وشە و مانا و گوزارشتی وشەکانی دەوڵەمەندە. ئێوە بۆچی وا هەژار و بێدەرەتان







بۆی دەڕوانن؟ هەر زمانێک موسیکی تایبەت بەخۆی دەخوڵقێنێ کاتێ وشەکانیت لە ڕستەدا ڕیزکرد. ئەو ئاهەنگ و ئاوازەی بەدرێژایی هەزاران ساڵ بەکارهێنانی سازبووە، ئەنگۆ بۆ دەیشێوێنن و لەبەرچاوی دەخەن؟ کارێ مەکەن ئەوەندە دەستتەنگ بەدیار بکەوێ، بە ناچاریی سەر بەکۆشی ئەم و ئەو زماندا بکا. دەبێ زمانی شیرینی کوردی، پڕۆژەی ڕاچەنین و بووژانەوەی میللەتەکەمان ڕەنگ بڕێژێ و بنووسێتەوە. لەگشت زمانەکانی جیهانیش بێباک بێ..

(١) لەم ڕووەوە عارەبەکان هەمیشە ئاماری هەڵە بڵاو دەکەنەوە، چونکە هەموو ئەو گەلانەی کەوتوونەتە نێو سنووری جوگرافیایی (نیشتمانی عەرب)ەوە، وەک کوردو ئەمازیغی و گەلانی سودان و ئیگپتییەکان و ... هتد بەعارەب سەرژمێر دەکەن.

# تۆش شیعر دەنووسی

لێرۆکانە، لە ئەوروپا، خوێندەواری غەیری کوردیشم ناسی. بە تایبەت ئەوانەی لە کتێب و دنیای ئەدەبەوە نزیکن و لەبوارەکەدا کاران. پاشان لە تەکیاندا کەوتمە گفتوگۆ. ئەوان چەند جارێک بە گوێیاندا دام: (کورد کتێبی نییە، برۆ ڕەفەکانی کتێبخانەی کۆچبەران بپشکنە. ئەوی هەتانە تەنیا شیعرە!!)

نزار قبانی، لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: (من ئەوا لەکۆتایی سەدەدا، کامێرام بەدەستەوەیە، تاکو دوا گرتە شیعرییەکانی، کە لەتوانادا هەبن بگرم.. چونکە هەموو ئاماژەکان وەهای نیشان دەدەن، کە مرۆڤی سەدەی بیست و یەکەم بیری ناکەوێتەوە شیعر چییە.. نموونەکانیشی نابینێ مەگەر لە دێرینخانەکاندا!) بڕوانە: (نزار قباني، من أوراقي المجهولة، من منشورات نزار قباني، بيروت، الطبعة الاولي، نيسان ٢٠٠٠، ص/٢٨)

ئێمە هێشتا لە دەروازەی سەدەی بیست و یەکەمداین و ئەمەی نزار قەبانی وتوویەتی، وا خەریکە لێرە لە ئەوروپا بە کردەوە دێتە دی. چاپخانەکان دەیەکی جارانیش دیوانە شیعر چاپ ناکەن، چونکە سوور دەزانن زیانی ماددیان پێدەگا و خەڵک چیدی شیعر ناخوێنێتەوە، چونکە شیعر، تێکەڵەیەکە لەوەهم و خەیالات و وەڵامی پرسەکانی ئەم چەرخەی پێ نییە.

***





لیرخ، لە زمانی (ئابوفیان)ەوە دەنووسێ: (هەر کوردێک بگری، نێر بێ یان مێ، بە خۆڕسک شاعیرە) لیرخ لێرەدا، ئەم قسانەی ئابوفیانی وەک پەسەندانی میللەتی کورد نووسیوە. تۆ ڕیالانە سەیری ئەم پرسە بکە.. چۆن دەبێ میللەتێک بە نێر و مێیەوە بە خۆڕسک شاعیر بێ! ئایا ئەمە مانای ئەوەش ناگەیێنێ، کە وردو درشتی میللەتێک لە خەیاڵ و وەهمدا دەژی! ئێستا بە نزیکەی هەموو دنیای مۆدێرن دەستبەرداری شیعر بوون. دەگمەنە لێرە، کەسێ ببینی لە کتێبخانەو پاس و میترۆ و شوێنە گشتییەکانی دیکەدا دیوانە شیعری بەدەستەوە بێ. لە ئەوروپادا تەنیا مێردمنداڵ و هەرزەکار، ئەویش بەڕێژەیەکی کەم شیعر دەخوێننەوە. ئەوانیش، کاتێ قۆناغی هەرزەکارییان تێپەڕاند ئیدی چ وەک نووسین و چ وەک خوێندنەوە ناگەڕێنەوە سەری..

تۆ بڵێی ئێمەی کورد لە قۆناغی مێرد منداڵی و هەرزەکاریی بەردەوامدا بژین و لە ڕووی زەین و ئاوەزەوە لە گەشە بوەستین و لەو قۆناغەی تەمەندا پێکوتەمان بێت و بەخۆمان نەزانیبێ؟ ئەگەر وەهابێ، ئەمە چ کارەساتێکە و چلۆن چار دەکرێ؟

پێم وایە یەکێ لەو هۆیانەی وای کردووە نووسەری کورد هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری شیعر نەبێ، ئەوەیە، کە ژێردەستەی عارەبەو بە ڕادەیەکی زۆریش بەو ڕۆشنبیرییە پاشڤەڕۆیەی، کە عارەب هەیەتی سەرسامە. پێم وایە کەم میللەتی دنیا هەبێ لەدرێژایی مێژووی خۆیدا ئەوەندەی نەتەوەی عارەب شاعیری دەرباری بەرهەم هێنابێ. با نموونەیەکی سەیر بهێنمەوە، کە دڵنیام بەرچاوی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی خۆمان نەکەوتووە. (إبن هانیء) لە پەسنی خەلیفە (المعز لدين الله الفاطمي) دا دەڵێ:

ما شئت لا ماشاءت الاقدار

فاحکم فأنت الواحد القهار

لێرەدا ئەم شاعیرە بەدبەختە دەربارەی عارەب، هاتووە سیفەت و پلەی خواوەندێتی تاک و تەنیاو زاڵی داوەتە پاڵ خەلیفەی (فاطمی)! بەڵکو ئەو هاتووە بێ شەرمانە خەلیفەی لەجێی خواوەند داناوە! هیچی بۆ قەدەر و خواوەندی تاک و تەنیاش نەهێشتۆتەوە. (ئیبن هانیء)ی شاعیر بە خەلیفە دەڵێ: بەئارەزووی خۆت فەرمانڕەوایی بکە. هەر خۆت تاقانە خواوەندی بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا زاڵی!! (بڕوانە : أحمد خیر، دوائر الخوف، ص/٤٣)

ئەو هەموو شاعیرە دەربارانەی سەردەمی بەعس، بە فوسحاو جڵفەیانەوە هەمیشەو بۆ هەر بۆنەیەک ملی بگری بە سەفتە شیعری ئامادەو لەسەرپێیان لە تەنکەی باخەڵدا بوو، کە هەرە دیارترینیان (عبد الرزاق عبد الواحد) بوو. ئەمەش دیاردەیەکی سەیری شیاوی توێژینەوەیە.. ئەوی ڕاستی بێ، لەکن عەرەبەکان، لە هەندێ هەرێمدا، شیعر وتن بۆ خێڵ و بگرە بۆ کەسانی ناسراو و دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتوو، هێشتا باوی ماوە. با لەم ڕووەشەوە هیچ نەبێ نموونەیەک بهێنمەوە:

لە وڵاتی مۆریتانیادا، کە لە مێژووی کۆندا ناوی (شنقیط) بووە. پارەکەیان ناوی (هۆقە)یە و لە بەنزینخانەکانیدا بە بوتڵ بەنزین دەفرۆشن، شیعر وتن بۆ خێڵ هێشتا باوی ماوە. (المعلومة بنت المیداح)، کە ژنە گۆرانیبێژێکی ناوداری ئەوێیە. لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (.. لەبری قەسیدەکانی پێشوو، کە بریتی بوون لە پێداهەڵدانی خێڵ و کەسەکان، دیارە مەدحی تاک و خێڵ وەک نەریتێکی مۆریتانی





باوی بوو، لە ساڵی ١٩٨٦ بەدواوە، ئیدی یەکەم ئاوازیان بۆ دانام و دەستم بە چڕینی شیعری شاعیرە مۆریتانییەکان، لەمەڕ خۆشەویستی و پێوەندیی نێوان خەڵکی کرد.) بڕوانە :(الحیاة، ژمارە ١٣٩٦٤، ٢٢ ی ئایاری ٢٠٠١).

بەڵام ئەم دۆخە، واتە ژێر دەستەیی عارەب تەنیا هۆکار نییە. خۆ وتە بەناوبانگەکەی ڕۆشنبیری عارەب د. علي الراعي: [الروایة دیوان العرب] وا چارەکە سەدەیەکی بەسەردا تێدەپەڕێ. ئەو بەم کورتە وتەیەی سەرلەبەری بونیادی ڕۆشنبیریی عارەبی لنگەوقووچ کردەوە، کە هەتا ئەو ڕۆژەش عارەب و شاعیرانی عارەب بە شانازییەوە دەیانوت: [الشعر دیوان العرب!] ئەگەرچی ئەو دەم، ئەم وتەیەی ڕووناکبیری ناوبراو دووربینی و خوێندنەوەی ئایندەی پیشان دەدا، کەچێ کۆنە پارێزەکان، کە دەستیان بە چمکی ڕەشماڵی خێڵەوە گرتبوو ئەو بایەخەیان بە وتەکانی ناوبراو نەدا..

لێ تەواو بەپێچەوانەوە شکایەوە. ئەوەبوو دوای ماوەیەکی کەم، نەجیب مەحفوز خەڵاتی نۆبڵی لەسەر ڕۆمانەکانی وەرگرت. کەچی لەم ڕووەوە کەس ئاوڕێکی بەخێری لەو دەیان شاعیرەی، کە خۆیان بە (فحل – کەڵ) دەزانی نەدایەوە. دڵنیابە لە ئایندەشدا ئاوڕیان لێ نادرێتەوە.

ڕۆمان ڕووبەرێکی بەرفراوانی بۆ گوزارشت بە دەستەوەیە. بۆیە دەتوانێ بچێتە نێو وردەکاری ژیان و ڕووداوەکان و ناخی مرڤەوە و بە درێژیی قسەیان لەبارەوە بکا، کەچی هەرچی شیعرە ڕاگوزەر بە لایاندا تێدەپەڕێ و دەتوانێ تەنیا ئاماژەیان پێبدا.

ڕەنگە سکەخشکێی شیعر و بەردەوامبوونی تاکو ئێستاش، یەک

لەباری کۆمەڵگەی پاشقەڕۆی عارەب بە گشتی، پاساوی خۆی هەبێ.. چونکە هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناس وەهای بۆ دەچن، کە ڕۆمان لە سەردەمی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا پەرە دەستێنێ. بەڵام لەو قۆناخەدا، کە بارگرژیی جڤاکی بەرکەماڵ بێ، ئەوا تەرزە نووسینگەلی دیکەی وەک شیعر و وتار باو دەسێنن. ئێ کۆمەڵگەی عارەبیش بەردەوام لەتەنگژەدایە. لەم ڕووەوە (إبن سلام) دەڵێ: (شیعر بە جەنگ زۆر دەبێ، ئەو میللەتانەی جەنگیان نییە شیعریان کەمە.)

بەندە یەکەم کەس بووم لە کوردستان و لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بە وتاری (شیعر لە بەتاڵی چاکترە!) جاڕی پایدۆستی شیعرم دا! ئەو دەم شاعیرە ناسراوەکان لە ناخەوە هەژان و هەستیان بەوە کرد، کە ئیتر شیعر ئەوە نییە وەک داهێنان حسابێکی ئەوتۆی بۆ بکرێ. ئاگادارم ژمارەیەک شاعیر، بە تایبەت ئەوانەیان لە هەگبەیاندا چەردەیەک زادی مەعریفەت و ڕووناکبیرییان گومان دەبرد، کەوتنە خۆیان و لە پاڵ شیعر نووسیندا دەستیان دایە نووسینی بابەتگەلی دیکە. ئەوەتا هەیانە بەختی خۆی لە ڕۆماندا تاقی دەکاتەوە. هەشیانە بە ئەدەبی زارۆکانەوە سەرقاڵە. هەشە خووی داوەتە ڕۆژنامەوانی.. ئەم جۆرە هەوڵانە وەک چۆن وریایی ئەوان پیشان دەدا، ددان پێدانانێکیشە بەو حەقیقەتەدا، کە شیعر بە تەواوی پاشەکشەی کردووە و شایانی ئەوە نییە خۆیانی لەگەڵدا خەریک بکەن.

سەرەتا شیعر ژانری یەکەم بوو. دەقی هەموو ئەو شانۆییانەی بەر لە زایین و دواتریش نووسراون شیعرین. لەلای عارەبیش شیعر تەنیا ژانری ئەدەبی بووە. ئەوانیش وەک هەموو دنیا لە ئاستی





شارستانییەتی یۆنانییەکاندا نەبوون هەتا شانۆ و هونەری دیکەیان هەبێ. ئەوان تەنها زمانەکەی خۆیان بە دەستەوە بووە هونەری تێدا بنوێنن و گەمە بەوشەکانی بکەن. بەڵام بە هاتنی ئاینی ئیسلام، شیعر ئەو بایەخە زۆرەی جارانی لە دەست دا. چونکە قورئان هەم دەقگەلێکی ئاست بەرزە و هەم پیرۆزیشە. لێرە بەدواوە ئیدی قورئان بە پلەی یەکەم و فەرموودە و وتارەکانی محەمەد(د.خ)، دووەم و دواتر فەرموودە و وتاری خەلیفەکان دەهات و ئەوجا نۆرە دەهاتە سەر وتاری شیعری. وێڕای ئەوەی قورئان لە ئاست و پێگەی شاعیرانی ئەو سەردەمەی دابەزاند. ئەوانەیان ناڵێم، کە گوێڕایەڵییان نواند و بە تەواویی پێملی ئیسلام و ڕەمزەکانی بوون، وەک حەسانی کوڕی سابیت. قورئان بە ڕاشکاوی بە شاعیران دەڵێ: (سەرلێشێواون و گوفتار و کرداریان چون یەک نییە.) قسە قسە دێنێ ئەفلاتوونیش شاعیرانی لە کۆمارەکەیدا قاوداوە. لەم ڕووەوە وێکچوونێک لەنێوانیاندا بەدی دەکرێ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعر هەر بەرگەی ڕۆژگاری گرت. بەڕادەیەک (ئیبن عەبباس) و زۆرێک لە گەورە یارانی محەمەد (د.خ) وتوویانە: (إذا إستعجم عليكم شيء من القرآن فاطلبوة من الشعر!) واتە ئەگەر هاتوو مانای شتێک لە قورئانتان لێ عاسی بوو، ئەوا لە ڕێی شیعرەوە پەی بە مانا و مەبەستی ببەن.. ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ، کە شیعریش وەک قورئان بە عەرەبییەکی ستاندارد دەنووسرا، نەک بە زمانی ڕەشە خەڵکەکە. دیارە ئامرازی ژیری و ئاوەزیش هەر زمانە. دیارە لای هەموو لایەک ڕوونە کە قورئان بەزمانی خێڵی قورەیشە. هەر قورئانیش بوو کارێکی کرد، زمانی تەنیا ئەو خێڵە ببێتە زمانی

یەکگرتوو بۆ تەواوی عارەب و زمانی خودا پەرستی بۆ تەواوی موسوڵمانانی جیهان.

بەڵام لە سەردەمی دەستەڵاتی ئەمەوییەکانەوە ئیدی شیعریش گوڕو تین و ڕێزی جارانی پەیدا کردەوە. چونکە بە چێبوونی دەوڵەتی ئەمەوی جارێکی دی شانازی کردن بەخێڵ و جەنگی نێوان خێڵەکان لەسەر دەستەڵات، ڕێک وەک سەردەمی جاهیلی دەستی پێکردەوە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە خودی دەوڵەتی ئەمەوی لەسەر بناغەی خێڵ دروست بوو.

لە لای عارەب شیعر نووسین نیشانەی کامڵبوونی هۆش و زەین بووە. تا ئەو ڕادەیەی ئەوەی شیعری نووسیبێ بە تاکێکی زیرەک و دانا لە قەڵەم دراوە. کەچی وەکوتر، یەک لە باری شیعر، لە ئەفسانەکاندا هاتووە، کە گیانداریش توانیوێتی شیعر بنووسێ. زۆربەی قارەمانانی حیکایەت و ئەفسانەکانی نێو (هەزار و یەک شەوە) کاتێ تووشی داوی دڵداری دێن یان بەرەوڕووی دیمەنێکی سەرنجکێش دەبنەوە یانژی بەرەوڕووی تەنگانەو چورتمێک دەبنەوە، دەشیعرێنن. بۆیە هەزار و یەک شەوە، کە خۆی کتێبی کۆ هەقایەتە، بە سەدان دێڕە شیعری تێدایە. تەنانەت گیاندارە بێ زمانەکانیش بۆ سەلماندنی زیرەکی و کامڵبوونی بیر و هۆشیان و بۆ دەمکوتی بەرامبەر و ڕکابەرەکانیان شیعریان وەک پەندو چەکی بەرگری بەکار هێناوە.

ئەوەتا لە شەوی چواردەیەمی کتێبی ناوداری هەزار و یەک شەوەدا (مەیموون) ێک، کە لە کەشتییەکدایە بە بەرچاوی سەرنشینەکانەوە شیعر دەنووسێ. لەسەر بەرزیی شیعرەکەو جوانیی دەستخەتەکەی، لە





لایەن پادشاوە خەڵات دەکرێ. مەیموونیش دوای نان خواردن حەوت جاران خاکی بەرپێی پادشا ماچ دەکا!! ئەوەتا ئەم دیاردەی شیعراندنە، باڵندەشی گرتۆتەوە. ڕێک لە شەوی (١٧٧)دا بە ناوی حیکایەتێک لەمەڕ باڵندە، (حكايه تتعلق بالطيور) هەیە. لەم حیکایەتەدا مراوییەکی شیعر دۆست، هانا بۆ جووتێک تاوس دێنێ، کە لە ترسی دڕندە و مرۆڤ ڕوویان لە دورگەکە کردووە. مراوی دەڵێ: خەوم بینیوە، لە مەکر و فێڵی مرۆڤ دەترسم. ئەو بە شیعر تاوس لە فێڵ و دەهۆی مرۆڤ ئاگادار دەکاتەوە:

يعطيك من طرف اللسان حلاوة

و يروغ منك كما يروغ الثعلب

کاتێ کیسەڵ لێی دەپرسێ: لەسەر چی لە نیشتمانەکەی خۆت هەڵکەندرایت و لێرە لەسەر بەردێک لە نێو ئەم ڕووبارەدا قەرارت گرتووە؟ دیسان بەشیعر، ئاوا وەڵام دەداتەوە:

إذا حل الثقيل بارض قوم

فما للساكنين سوى الرحيل

هەروەها لە شەوانی ١٧٩ و ١٨٠ دا، ڕێوی و گورگ لە فۆرمی شیعردا گفتوگۆ دەکەن. ئەم دیاردەیەی، کە شیعر خزاوەتە ناو حیکایەت و خورافە و فێڵ و ئەفسانەوە، مانای بەهەند گرتن و ڕۆڵی گرنگی ئەم هونەرەیە لە مێژووی کۆنی ناوچەکەدا. بەڵام دەبێ لەوە دڵنیا بین، کە حیکایەت و هونەری گێڕانەوە بونیادی سەرەکیی هەزار و یەک شەوەیە نەک شیعر. بەڵکو شیعر لە هەزار و یەک شەوەدا، کەوتۆتە پەراوێزەوە!! ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی بۆ ئەو کتێبە لە مێژینەیە حساب دەکرێ.

لە کوردستان، لەکن هەندێ بەناو شاعیر، شیعری نوێ (ئەو ڕستانەیە، کە لە مانا ڕووت کراونەتەوە و پێوەندییەک کۆی نەکردوونەتەوە یان کۆمەڵێک وشەی بێ پێوەندییە، بەنیازە لە شوێندا ڕووبەرێک لە پانتایی ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک... داگیر بکات، یان ڕووبەرێکی سپی، بە وشە ڕەش بکاتەوە. هەندێ شاعیر هەڵەی زمان و ڕێزمانمان بە داهێنان پێ دەفرۆشن و بە شیعر لە قەڵەمی دەدەن.) ئەندرێ جید، لەمەڕ شیعر دەڵێ من هیچ پێناسەیەک ئا لەمە بە باشتر نازانم: (شیعر بۆی هەیە باز بداتە سەری دێڕ بێ ئەوەی ڕستەکە تەواو بووبێ.) لەمەڕ شاعیریش عارەب دەڵێن: (هەر سەدەیەک شاعیرێکی تێدا هەڵدەکەوێت!) بۆیە شاعیر کەسێکی دانسقە بووە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی هەبووە و دەمڕاستی، یان بەزمانی ئەمڕۆکە (ماسمیدیا)ی خێڵ بووە.

وەک مێژوونووسە عارەبەکان خۆیان دەڵێن، بۆ ساڵڕۆژی لە دایکبوونی ئاهەنگیان سازداوە. جێی شانازیی خێڵەکەی بووە و پلەی وەک پلە و پایەی میران بووە. هەر بەڕاستیش هەندێکیان و ئێستاشی لەگەڵدابێ میر و میرزادەن. بە پۆشاکی تایبەتییەوە لەوەی ئاخوندی ئاینەکانی ئەو سەردەمە پۆشاویانەو لە جێیەکی ڕوانگەی بەرز وەستاوە و بەدەم ئاماژەوە، دەنگی لێ هەڵبڕیوە و شیعری خوێندۆتەوە. یان ڕاستەوخۆ شیعراندوویەتی!

هەروەسا ئەوان شیعریشیان بە سیحر و ئەفسانەوە بەستۆتەوە. گوایە شاعیریش پێوەندیی بە (وادی عبقر)ەوە، ئەو دۆڵەی، لە ئەفسانەکانیاندا جێی کۆبوونەوە و گۆزەرانی خێو و جنۆکەکان بووە، هەبووە!! هەروەک ئەفسانەیەکی عارەبی بیابان نشین هەیە دەڵێ:





(ئەوەی لە خەوندا شیری حوشتر بخواتەوە، ئەوا بۆ بەیانی کاتێ لە خەو ڕابوو، بۆتە شاعیر!!)

حاڵی حازر، هێشتا لە وڵاتە هەرە دواکەوتووەکانی دنیادا شیعر ژانری ئەدەبیی زاڵ و باوە. لێرەدا مەبەستم لە دواکەوتنی جڤاکییە. دەنا لە دنیای پێشکەوتوودا شیعرنووسین باوی نەماوە و ناوبەناو گوێی لەم جۆرە پلارانەش دەبێ: (ناشێ تۆش شیعر بنووسی! بۆچی تۆش شیعر دەنووسی!)

ئەم تەشەرەیان لە خۆشم داوە، وەختێ لە نێو کۆمەڵێک خەڵکی وشیاردا منیش زارم هەڵهێنایەوە و لە مەڕ ئەدەب هەڵمدایە! بەڵام هەر زوو بۆم ڕوون کردنەوە، کە من شیعرنووس نیم! بەڵێ شیعر لەکن جڤاکە هەرە لەدواکانی دنیا هێشتا هەر برەوی ماوە، بەڵام لەگەڵ جیاوازییەکی زۆردا لە هەمبەر شیعری کوردیی.

پاشەکشەی شیعر لە خۆرئاوادا کارێکی کردووە ناوەیلی ڕۆژهەڵاتی بێنە پێشەوە. بۆ نموونە (محمد ستیتو) ی بە بنەچە مەغریبی خەڵاتی شیعری ساڵی ٢٠٠٤ ی وڵاتی هۆڵەندەی پێبڕا، کە ڕەنگە لە وڵاتی خۆی نەناسرابێ. ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە کە خودی نووسەرە خۆرئاواییەکان ئەوەندە عەوداڵی شیعر نین.. ئەگینا لەکام بواردا ڕۆژهەڵات بۆڕی ڕۆژئاوای داوە؟

با هەندێ نموونەی زیندوو بهێنمەوە: (برنار مازو) کە شاعیرێکی فەرەنسیی ناسراوە. لە گفتوگۆیەکدا، کە لە وڵاتی تونسەوە (خالد النجار) لەگەڵیدا سازدابوو، لە ڕۆژنامەی (الحیاة)ی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢٦ دا، هاتە بڵاڤکردن، دەڵێ: (ژمارەی خوێنەری هەر کۆمەڵە شیعرێک لە ٣٠٠ هەتا ٦٠٠ خوێنەر تێپەڕ ناکا... خانەکانی

پەخش و بڵاوکردنەوە ساڵانە نزیکەی هەزار دەستنووسیان پێدەگا.) فەرەنسا دڵی رووناکبیریی ئەوروپایە. وێڕای ئەوەش حەشیمەتی سەد و پەنجا ملیۆنە. ئەگەر شیعر ڕۆژگاری بەسەرنەچوایە دەبوو دیوانە شیعرێک بە دەیان هەزار دانەی لێ چاپ بکرایە و ساڵانەیش هەزاران دەستنووسی شیعر ڕەوانەی دەزگەکانی پەخش و بڵاوکردنەوە بکرانایە.

(خوان ئەنخیل خوریستو) لە ڕۆژنامەی (الحیاة) ی ژمارە (١٣١٩٩) ی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٨ دا دەڵێ: (لە سەرەتای هەشتاکاندا، هێرشی ناوەیلی نوێ لە جیهانی ڕۆماندا دەستی پێکرد و بووە دیاردەیەکی بەرچاو. ئەم دیاردەیە پاشەکشەی بە کورتە چیرۆک و شیعر کردو بەرەو خانەکانی دوای دواوە دووری خستنەوە.. ئەمەیش لە سۆنگەی ئەو نوێخوازییەوە بوو، کە نووسەرانی لاتین ئەمریکا هێنایان و بە جارێک هەرچی نووسینی ئەوروپا و ئەمریکا هەبوو هەمووی ڕاماڵی و زمانی ئیسپانیشی زیندوو کردەوە..)

خەڵکی وڵاتی مەغرێبیش شیعر ناخوێننەوە. لەو وڵاتە (بەنزیکەی) شیعر باوی نەماوە. ئەوان نووسەری باشیان هەیەو هەندێکیان بەزمانی فەرەنسی دەنووسن و پاشان بەرهەمەکانیان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی عارەبی.. هەر ئەم پشتگوێ خستنەی شیعر لە لایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە دنەی (محمد بنیس) ی سەرۆکی(ماڵی شیعر لە مەغریب) ی دا، پەنا بۆ یۆنسکۆ، کە ڕێکخراوێکی کلتووریی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە ببات و دەستەو دامانی ببێ. لێرەوە یۆنسکۆش بەدەنگ ئەم داوایەوە هات و بڕیاری دا ٣/٢١ ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی شیعر نامزەد بکرێ و یەکەم میهرەجانی ڕۆژی جیهانیی شیعر





لە شاری (دلف) وڵاتی یۆنان ساز بدرێ.

(موسی برهومە)، لە گۆڤاری (الوسط) ی ژمارە (٣٧٦ شباط ١٩٩٩)دا، لە شاری بەغدا، گفتوگۆیەکی لەگەڵ شاعیری عیراقی (یوسف الصائغ) دا سازداوە. لێی دەپرسێ: (دەڵێن شیعری عارەبی لە تەنگژەدایە نیشانەی ئەم تەنگژەیەش لەوەدا بەدیار دەکەوێ کە جەماوەر لێی تەکیوەتەوە و بە بێدەنگی ڕووی لە هونەرەکانی دیکەی وەک ڕۆمان کردووە، زۆریشن ئەوانەی ڕۆمان بە دیوانی ئەمڕۆی عەرەب حساب دەکەن. تۆ چلۆن بۆ ئەم تەنگژەیە دەڕوانی، لە کاتێدا تۆ هەردوو جۆرە ژانرەکە دەنووسی؟)

وەڵام: (بەڵێ شیعری عارەبی لە تەنگژەدایە. ئەم تەنگژەیەش وەنەبێ بە تەنها شیعری عارەبیی گرتبێتەوە، بەڵکو جیهانگیرە و پێوەندی بەو ڕاژەو (خزمەت)ەوە هەیە، کە شیعر لە توانایدایە پێشکەش بە دەزگەکانی پێوەندیی جەماوەریی، کە دیارترینیان تەلەڤزیۆنە بکات. ڕۆمان، شانۆ، سیناریۆ، هونەری شێوەکار و مۆسیک توانیویانە جێی خۆیان لە تەلەڤزیۆندا بکەنەوە، کەچی شیعر هیچی لەدەست نەهاتووە.. مەگەر لە بواری شیعری گۆرانیدا توانیبێتی شتێک بەدەست بهێنێ. بۆیە شیعر بانگ کراوە لێوەشاوەیی خۆی بنوێنێ و بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریدا بکرێتەوە. دەنا ڕۆژ بە ڕۆژ گۆشەگیرتر دەبێ، هەتا دەمرێ..)

ئەم ڕایەی (یوسف الصائغ) تەواو دروستە، چونکە کەسێ لەدووی کات بەسەربردن و زانیاری و مەعریفە بگەڕێ، ناچێ کاتی شیرینی خۆی بەفیڕۆ بدات و بەدیار تیڤییەوە دابنیشێ و گوێ لەوەهمی شاعیر بگرێ. تیڤییەکیش ڕێزی کات و زەمەن بگرێ کاتی خێراو زێڕینی

خۆی بۆ شیعر خوێندنەوە تەرخان ناکات. چونکە پێش وەخت ئاگادارە، هەر کە شاعیر دەمی هەڵهێنایەوە ئیدی بینەری وشیار دەست دەداتە کۆنترۆڵ و کەناڵەکە دەگۆڕێ، مەگەر لە وڵاتی مۆریتانیا!

دیسان لە ڕۆژنامەی (الحیاة) ژمارە ١٣٢٩٨ی ڕێکەوتی ٢٧/تەمووزی ١٩٩٧ دا، (منی عبد العظیم) لە شاعیری ناسراوی عەرەب (ئەدۆنیس) دەپرسێ: (ڕات لە هەمبەر پاشەکشەی شیعر چییە، گوایە سەردەم سەردەمی شیعر نییەو هی ڕۆمانە؟)

ئەدۆنیس: (لە خۆرئاوادا ئەمە قسەیەکی باوە. لەوانەیە ئەم چرکە مێژووییەو دۆخی ڕووناکبیریی جیهان بێ بواریان بۆ گەشەسەندنی ڕۆمان ڕەخساندبێ.. شیعر پێویستی بە ڕامان هەیەو زەحمەتە ڕێبوارێکی سەرنشینی میترۆ بتوانێ دیوانە شیعرێک بخوێنێتەوە، بەڵام ئەو دەتوانێ ڕۆمان بخوێنێتەوە، چونکە دەکرێ شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمان زیاتر بتوانێ داخوازیی خوێنەر لەنێو ئەو جەنجاڵییەدا دەستەبەر بکا تاکو شیعر. بێئەوەی مانای ئەوە بگەیێنێ گوایە هەموو ڕۆمانەکان سانان.. لە لایەکی دیکەوە دنیای شیعر زۆر شەخسی و تایبەتییە و بۆ ڕۆچوونە ناوی پێویستیی بە ڕووناکبیریی باڵاو ئەزموونی قووڵ هەیە، ئەمەش وا خەریکە لە بەردەم زۆر هۆکاردا وەک تەلەڤزیۆن و سینەماو گۆڤارە وێنەدارەکاندا پاشەکشە دەکا. بەڵکو خودی کتێب لە بەردەم هەڕەشەی نەماندایە؛ وەک ئەوەی لەوانەیە ببێتە قەوان (سی دی)، بۆ نموونە.. بەڵام بە بڕوای من لە هەموو وڵاتێکدا، لە نێو هەموو میللەتێکدا، لە نێو گشت زمانێکدا، هەزار شێت هەن شیعر بخوێنێتەوە. ئەمەش سەروزیادە.)

سەرنج بدە، سەری زمان و بنی زمانی شاعیری کورد ئەدۆنیسەو





زۆربەیان پێی سەرسامن. بەم ڕۆژگارە باس هەر باسی ئەوە. ئەدۆنیس وای وت و ئەدۆنیس وای کرد..! کەچی خودی ئەدۆنیس، کە سەردەمێ بڕوای وابوو، شیعر مۆسیقایە؛ ئەوەتا نەهۆ ئومێدی گەورە و گرانی بە شێتەکانە، بەڵکو ئەمە خوایە شێتەکان میزیان کەف بکات و بەرهەمەکانی بخوێننەوە. ئەدۆنیس ڕاستگۆیە و فێڵ لە خۆی ناکا. ڕاست دەڵێ؛ لەم ڕۆژگارەدا هەر مەگەر شێت شیعر بخوێنێتەوە! بەڵام ئەدۆنیس باسی ئەوە ناکات، کە ڕۆمان بەردەوام لەڕووی هونەر و تەکنیکەوە بەرەوپێشەوە هەنگاوی ناوە. بەزمانی سادەی دوور لەگرێ وگۆڵ دەنووسرێ. چێژی گوێگرتن و هەڵوەدای بیستنی حیکایەتی لای مرۆڤ زیندوو کردۆتەوە. جدیتر دەم لەکێشەکانی ئینسانەوە دەدات و تژییە لە خەیاڵ و فەنتازیاکەی جاران، بەڵام هونەری و سەرنجکێش. جێی هەموو هونەرەکانی دیکەی، بەشیعریشەوە تێدا دەبێتەوە. کەچی شیعر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەبەر ئەو هەموو گرێ و گۆڵانەی دووچاری هاتووە، خزاوەتە کۆڵانێکی دەرنەچووەوە.

جیاوازییەکی گەلێ گەورە لە نێوان شیعری عەرەبی و کوردیدا هەیە، کە هەمیشە دەبێ ڕەچاو بگیرێ. شیعری عەرەبی بە دوو زمانی تەواو جیاواز دەنووسرێ. زمانی خەڵک و زمانی حکوومەت، کە ئەمەی دواییان زۆرینەی هەرە زۆری عارەب لێی تێناگەن. زمانێکی خۆ بەزل زانی بەگرێ و گۆڵ، کە خۆی لە سەراوردی ڕەشە خەڵکەکەوە دادەنێ. بەڵام شیعری کوردی بە زمانی خەڵک دەدوێ. لای ئێمە زمانی دەوڵەت و زمانی خەڵک هەر یەکێکە. جێی باسە زانا (إبن خلدون) ٦٠٠ ساڵێک لەمەوبەر باسی شیعری میللیی لە مەغریب و جەزائیر و میسر کردووە و نوقڵانەشی لێداوە، کە شیعری میللی دەبێتە شیعری ئایندە.

ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە، کە شاعیری میللی بە زمانێکی ساکار دەدوێ و سینگ هەڵکێش نییە. بەو زمانە دەدوێ، کە خەڵک خەونی پێوە دەبینن و لەگەڵ ژن و براو منداڵی خۆیاندا قسەی پێدەکەن و گۆرانی پێدەڵێن. زمانی میللی زمانی جەماوەری پان و بەرینی خەڵکە، بەڵام هەرچی فوسحایە، بە تایبەتی فوسحای کۆن، ئەوا زمانی سەر ڕەفە بەرزەکان و نێو فەرهەنگە پەڕپووت بووەکانە.. ئەم پێشبینی و نوقڵانەیەی ئیبن خەلدوون ئەمڕۆ هەر بە ڕاستی هاتۆتە دی..

ئەمڕۆ جەماوەریترین شاعیرانی عارەب، ئەمانەن: ئەحمەد فوئاد نەجم، سەلاح جاهین، عەبدولڕەحمان ئەبەنودی و سەید حجاب لە میسر.. هەروەها عومەر ئەلفەڕا و عەلی شیبانی و موزەفەر نەواب و عوریان سەید خەڵەف، کە هەر هەموویان بە زمانی خەڵک واتە (عامیە ـ جڵفە) دەنووسن، یان نووسیویانە!

## شیعر لە نیمچە دورگەی عەرەب:

لەوەدەچێ شیعر لەم سەردەمەی نیمچە دورگەی عەرەبدا، کە زێدی گەورە شاعیرانی سەردەمی جاهیلییە و تاکو ئێستاش هەر شانازییان پێوە دەکرێ، نەزری ئەمیر و وەزیر و گەورە بەرپرسان بێ. دەبێ ئەوەش بڵێم، لەوێندەرێ وەک جڤاکێکی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوو، شیعر هێشتا لەهەڕەتی خۆیدایە. با بزانین ناوە دیارەکانی بواری شیعر کێن و چ جۆرە شیعرێک لەوێ باوێتی؟

لەوێندەرێ گەلێ جاران کۆڕی شیعر خوێندنەوە بەسڵاوی شاهانە دەست پێدەکات. چونکە خودی شاعیر ئەمیرە و بە پشتێک یان دووان دەچێتەوە سەر شا عەبدولعەزیزی دامەزرێنەری شانشینی عەرەبی





سعوودی. کۆڕەکە پێشتر ڕیکلامی بۆ دەکرێ و گەلێ جاران لەلایەن تیڤییەکی زۆر بەناوبانگەوە وەک (ئێم بی سی) بۆ نموونە، ڕیکلامی بۆ دەکرێ. با چەند نموونەو بەڵگەیەک بهێنمەوە:

کەناڵی (ئێم بی سی) ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٥ بانگەشە بۆ کۆڕی شیعر خوێندنەوەی شازادەی شاعیر (عبد الرحمن بن مساعد بن عبد العزیز) دەکات.

هەر ئەم کەناڵە، لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانی موتورفە (کوپر البشراوي)یەوە و لە بەرنامەکەی خۆیدا شازادەیەکی دیکەمان پێ دەناسێنێ و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، کە شیعری میللی دەخوێنێتەوە، ئەم شاعیرە بەشیعری (أون) بەناوبانگە، کە گۆرانیبێژی ناوداری کەنداو (محمد عبده) کردوویەتی بەگۆرانی.

هەروەها شازادەی شاعیر (خالد الفیصل)، کە لە هەمان کاتدا هونەرمەندی شێوەکاریشەو خاوەنی شیعری بەناوبانگی (مرت السنین و الشایب طفل ـ ساڵان تێپەڕین و پیرەمێرد هێشتا منداڵە)

شازادەی شاعیر (طلال بن عبدالعزیز الرشید)، کە ٢٠٠٣/١١/٢٨ لە جەزائیر کوژرا.

شازادەی شاعیر (بندر بن عبد المحسن)، کە شیعری گۆرانی بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژی سعودی (عبد المجید عبدالله) نووسیوە. وەک گۆرانی (منزعلك). هونەرمەندی ناوبراو بە گۆرانی (رهیب) ناوبانگی دەرکرد. بیرمە لە چاوپێکەوتنێکدا لێیان پرسی: (قەرزارباری کێیت؟) ناوبراو لە وەڵامدا وتی: (زۆر کەس، لە سەرروو هەموویانەوە شازادەی شاعیر محمد العبدالله الفیصل) ئەم ئەمیرانە جگە لە تیڤییە گرنگەکان، ڕۆژنامە هەرە گرنگەکانی جیهانی عەرەب ڕیکلام بۆ

چالاکییەکانیان دەکەن. هەر بۆ نموونە، لە ژمارەی ٨ ی شوباتی ٢٠٠٠ ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا، ئاگادارییەک بەم سەردێڕە دەخوێنیتەوە: (لە میهرەجانی جەنادرییە، ئێوارە کۆڕێک بۆ شازادە خالد الفیصل سازدەکرێت.)

هەروەها لە ژمارەی ڕۆژی ١١ی شوباتی ٢٠٠٠ ی ڕۆژنامەی (الحیاة)دا، ئەم ئاگادارییە بڵاو کراوەتەوە: (کۆمەڵەی فاس ـ سایس ی ڕۆشنبیری لە مەغریب کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ شاعیری ئیمارات الدکتور مانع سعید العتیبە، ڕاوێژکاری سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات الشیخ زاید بن سلطان آل نهیان ڕێکدەخات. کۆڕەکە ڕۆژی هەینی دەست پێدەکات.

هەروەها زنجیرە درامای (آخر الفرسان)کە لە ڕەمەزانی ساڵی ٢٠٠٠ دا لە کەناڵی (ئێم بی سی) یەوە پێشکەش کرا، شیعری پێشەکیی دراماکە، لە نووسینی (الشیخ محمد بن راشد آل مکتوم) بوو، کە دەکاتە جێگری سەرۆکی ئیماراتی ئەو سەردەمە.

هەروابێتەوە گۆرانییە بەناوبانگەکەی (أم کلثوم) بە ناوی (ثورة الشک)، شیعری شازادەی شاعیر (عبدالله بن الفیصل)ە.

## دیاردەیەکی نوێ و سەیر:

شاری (طائف) ی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢٤ ڕێزی لە (١٦٥) شاعیر نا، کە خەڵکی وڵاتی سعودییە و دەرەوەی ئەو وڵاتە بوون. ئەو شاعیرانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان شیعریان بۆ تایبەتمەندیی و مێژووی ئەو شارە نووسیوە. جێی باسە (تایف) هاوینگەی یەکەمی وڵاتەکەیە. خەڵاتەکەیش بریتی بوو لە بڕوانامەو مەتاڵێکی یادگاریی و سەرجەمی شیعرەکان، کە لە دووتوێی فەرهەنگێکی شیعریدا چاپ





کرابوون. زۆربەی ئەم خەڵاتانەش بە نەوەی ئەو شاعیرانە دەبەخشران. چونکە ژمارەیەکی زۆری ئەو شاعیرانە لە دنیادا نەمابوون. لە ناویاندا میری شاعیرانی سەردەمی خۆی (ئەحمەد شەوقی) هەبوو. بڕوانە: الشرق الاوسط، ژمارە ٧٦٣٧، ڕۆژی ١٩٩٩/١٠/٢٦

سەرنج بدەن شاعیرانی ناوچەی کەنداو بە زۆری ئەمیر و وەزیرن. شیعر بۆ گۆرانی دەنووسن. دیارە ئەمەیان ئەواو لەجێیە. چونکە ئەو شیعرەی ببێتە گۆرانی ئیدی بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بە تایبەتی ئەمان، کە شیعرەکانیان بەرەوڕووی باشترین هونەرمەندی گۆرانیبێژی سەردەمەکەیان دەکەنەوە. بەڵام خۆ شیعری گۆرانیش هەروا ئاسان نییە. لە کوردستانی باشووردا، لەو سەدان، یان هەزاران شاعیرەی، کە هەن، ژمارەی ئەوانەیان، کە دەتوانن شیعری گۆرانی بنووسی لە پەنجەی دەستێکیش کەمترن. دیارترینیان (ئەحمەد محەمەد)ە. کە بەلای بەندەوە زیندووترین شاعیری ئەم سەردەمەیە.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەمڕۆ لەلایەن نووسەرانی وڵاتانی کەنداوەوە بە گشتی ڕەوتێکی بەهێزی ڕۆمان نووسین لە ئارادایە. هەرە دیارترینیان هزرڤان و ڕۆماننووس (ترکی الحمد) ی خەڵکی وڵاتی عەرەبستانی سعوودی، بە ڕۆمانی (الکرادیب).. هەروەها (میس خالد العثمان) بە ڕۆمانی (غرفة السماء) .. (آلاء الهذلول) بە ڕۆمانی (الإنتحار المأجور).

ئەم ڕۆمانانە و گەلێکی دیکە، کاتێ دەیانخوێنیتەوە بڕواناکەی لەو وڵاتە، لە پشت ئەو کەلاوە ڕووناکبیرییەوە دەنگی وەها وریاو

ڕووناکبیر و بەدەربەست هەبن و وا بەڕوونی ڕووی ڕاستەقینەی کارەساتباری ئەوێ بخەنە ڕوو. بڕوا ناکەی لە پشت ئەو کەشوفش و بریق و باقە درۆزنە ڕووکەشەوە، کە لەوێندەرێ لەئارادایە کەسانی وەها وشیار بژین و لە خەمی خەڵک و خەمی گۆڕان و پێشڤەچووندابن. دەحەپەسێیت و ئەوەندەت لەدەست دێ دەستخۆشییان لێ بکەیت. ئەمەش لەخۆیدا مانای ئەوەیە لە پشت ئەو ستەم و دواکەوتنە جڤاکییەوە ڕووناکبیری بەدەربەست هەن، دەیانەوێ لەوەهمە درۆزنەی شیعری لە مێژوو بەجێماوی هەڵاوێرن و بەشێوەیەکی ڕیالّ و کۆنکریتی، ئەو جڤاکە بخەنەڕوو..

تۆ هەر بەخوێندنەوەی ڕۆمانی (الكراديب) بۆت ڕوون دەبێتەوە، لەوێ، لەودیو ئەو پالاوگەو چراخان و ئاپارتمانە بەرزانەوە چ کارەساتێک ڕوودەدات و چ دۆزەخێک نێڵە نێڵ دەسووتێ! لەوێندەرێ گرتووخانەکان چەند نووتەک و ترسناکن! کەچی لە شیعری میرەکاندا، ئەوێ بەهەشتی خوادایە لەسەر زەوی. لەیەک وڵاتدا، دوو دنیای دژ بەیەک؛ دوو دنیای ناکۆک.. وەهمی شیعر و ڕیالّی ڕۆمان! لە باسی خودەوە بۆ باسی ئەوانی دی. لە زمانێکی تاکلایەنەوە بۆ دایەلۆگ. زمانی ڕۆمان، ئایندەی گەشی ئەدەب.

دوا وشە: لە گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنیدا، لەگەڵ (ئەحمەد شا مەسعود)، کە سەرکردەی سەربازیی ئۆپۆزسیۆنی دژ بە بزاڤی تالیبان بوو. لەو دەمەدا کلاشینکۆفێکی لوولە ڕەشی قەترانی، دار شووشەیی نرتونوێی لە ئامێزدا بوو. لە وەڵامی (هیوایەتتان چییە؟) دا وتی: (حەزم لە کلاشینکۆف و هێستر و شیعرە!)



# شێرکۆ تالیب

# دەنگێکی تر، ڕەنگێکی تر

ئەفسوونێک لەگۆرانی و موسیکدا هەیە، لەباریدایە مرۆڤە لاسار و کەللە ڕەقەکانیش ناچار بەگوێگرتن و ڕامان و تاوێک بێدەنگی و ئارامی بکات. لەئاستی گۆرانیدا خەڵکیی بە (دەستەجەمعی) گوێ شل دەکەن و مگێزیان تەسلیمی ئاوازە نایابەکان دەکەن. کەشوهەوایی موسیک بە سروشت وەهایە، دۆخێکی ویژدانیی هاوبەش لەناخماندا دێنێتە ئاراوە. دۆخێکی وەها بۆ ساتێکیش بێ، بیر لە بەدکاریی و لادان و لاساریی و تۆڵە و هەموو (ئاوڵناوە) ناجۆرەکان نەکەینەوە و بدەینە لایەنی نتمی و داکشان بەرەو ناخ.

موسیک، کە لە خۆیدا ڕۆشنبیرییە لە فۆرمێکی هەرە باڵادا، مرۆڤ بەرەو پاکبوونەوە و سادەیی و یەکسانی بانگهێشت دەکات. تاکەکان، پێشتر هەرچییەک بووبن، پلەو پایەیان هەرچییەک بووبێ؛ کاتێ گوێدێری ئاوازێکی دڵفریو دەبن، دەچنە یەک دۆخ و یەک ئاستەوە. دۆخی تاکێکی پاک و بێگوناهی هەست ناسک. خۆ ئەگەر قسە لەسەر گۆرانی و سروودی نیشتمانی بێ، ئەوا لە هەناسەیەکدا، ڕیزبەندیمان تێدا دەبووژێنێتەوە و گشت لایەکمان دەکاتە کەس و خەمخۆری یەک و پێوەندیی سارد و سڕمان لەنوێ دەهێنێتەوە جۆش و سۆزبەندییەکی گەرموگوڕی چاوەڕوان نەکراومان پێ دەبەخشێ. هەندێ جار وەهامان لێ دەکات دەستبەرداری (کورسی)یەکەی ژێرمان ببین، هەڵسینە پاوە؛

هاوئاهەنگ، لەسەر هەمان ڕیتم هەیتا هەیتا بلەنگێین و دەستمان بکەینە مستەکۆڵە و سەرمانی لەگەڵدا بلەقێنین و ڕاسێین.

وزەیەک لە موسیک و گۆرانیدایە، مرۆڤ بە مەبەستی کوشتنی تەنیایی و خەم و کۆڤان دایهێناوە. مرۆڤ ئەگەر تەنیا بۆ خودی خۆشی گۆرانی بچڕێ، ئەوا لە دۆخی تەنیایی دەخەلەسێ. چونکە لەخۆی دەبێتە (دوان).. بەو مانایەی کاتێ گۆرانی دەچڕێ خۆی پێ شاد دەبێ و دەبێتە گۆرانیبێژ.. وەکیدی، لە هەمان کاتدا دەشبێتە گوێگر و هەستی بوونی ئاپۆرایەک لەدەوری خۆی دەکات. ئیدی باری لەشی هەرچەندە قورس بووبێ، سوکنایی بۆ دێ و کسپ و کۆی دەروونی دادەمرێتەوە..

جۆشدانێک لە مۆسیک و گۆرانیدایە، لەباریدا هەیە بەسەر کەش و هەوای قورنەگیریی و وازی وازی و خەمۆکی و ئازێتباریدا زاڵ ببێ. لێرەدا پێست هەناسە دەدات و جەستە گوڵ دەردەکات و هەوای وەستاو دەبزوێ و مرۆڤ لەباری دەروونییەوە گۆڕینی تەواوی بەسەردا دێ؛ ترس و خۆف و دڵەڕاوکێی کەم دەبنەوە. موسیک بەگشتی و لە خۆیدا بۆ ئەوانەی وا لەهەر سۆنگەیەکەوە (ڕەزم)ی ژیانیان لەنگەری لارەسەنگ بووبێ. دەبێتە ڕەزم.. لەتوانایدا هەیە دۆخە دەروونییە شپرێو و پەرگیرە نادروستەکان بهێنێتەوە جێ. یان دەتوانین بڵێین، بۆی هەیە دڵی دڵشکاوان بهێنێتەوە جێ و سوکناییان پێ ببەخشێ.

***

ئەمرۆ بواری هونەریش دەق وەک دۆخە ئەدەبییەکە، (نارەسەن)ی زۆری تێ کەوتووە. مەرگی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەرییش بۆ ئەم دۆخە ناجۆرە گەورەترین پاڵپشتێکە. بەڕادەیەک وەک دراوی ئەم دوایییەی





سەردەمی سەددامی لێ هاتووە، کە پارەی قەڵب پارەی ڕەسەنی شاردبۆوە. ئەمرۆ لەپاڵ ژمارەیەکی کەمی خاوەن بەهرەدا، دەیان کەس هەن گۆرانی دەڵێن و دەنگیان (زۆریش) ناسازە. مرۆڤی هەستیار بە بیستنیان هەراسان دەبێ و مەگەر ئەوەندەی لەدەست بێ، خێرا کەناڵەکە بێدەنگ بکا، یان بیگۆڕێ، تاکو هیچ نەبێ سەلیقەو چێژی هونەریی دوچاری لەوتاندن و نەخۆشیی نەبێ..

لە دۆخێکی ئاوەهاداو لەهیکرا، کەسێکت لێ پەیدا دەبێ تەواو پێچەوانەی دۆخە باوەکەیە. ئەو هەر دەڵێی کوڕی ئەم سەردەمەش نییە و لەنێو ئەم پاشاگەردانییە ڕووناکبیرییە کەس لەکەسەشدا نەژیاوە. ئەو بە خورجی پڕەوە، بە هونەرێکی باڵاوە گوێت پڕ خرۆش دەکات و لەناخەوە دەتهەژێنێ و ئەرێنی کار لە ئەندێشە و مگێزت دەکات..

تۆ، وەک گوێدێرێکی ئەم سەردەمە لێڕاهاتووی (چەند هونەرمەندێکی کەمی لێ بترازێ)، گۆرانییە ڕیتم خێرا بازاڕییە بەپەلەپڕووزێ هەڵپڕووکاوەکان (دمبک دمبک)، بەمۆناسەبە و بێ مۆناسەبە مێشکی سەرت بەربدەنەوە. ئەوانە کاریان تەنیا لە (شانەکانت) کردووە. واتە شانیان پێ هەڵتەکاندووی! نەهۆ شێرکۆ تالیب دێ ئەم هاوکێشەیە هەڵدەگێڕێتەوە و بە گۆرانییە ئاست بەرزەکانی سیدیی (وەرە هاوڕێمبە) کار لەناخت دەکات. دەتورووژێنێ و ساتێک بۆ جیهانێکی دیکەی ئارام دەتگوێزێتەوە. جیهانی هونەری خالیس، کە ڕۆح دەهێنێتە سەماو چێژ سەردەخا و باڵای پێدەکات.

***

بۆ ئەوەی گۆرانییەکی سەرکەوتوو چێ ببێ، پێویستیمان بە دەقێکی سەرکەوتوو؛ ئاوازێکی سەرکەوتوو؛ دابەشکارێکی سەرکەوتوو و

گۆرانیبێژێکی سەرکەوتوو دەبێ؛ کە دەستەبەرکردنی لەدنیای ئەمڕۆی بێ سەروبەردا (لەڕووی ئەدەبی و هونەرییەوە)، کارێکی هەروا سانا نییە. بەڵام شێرکۆ تالیب لەم سیدییەیدا هەر بەتەنیا گۆرانیبێژ نییە؛ بەڵکو ئەو هونەرکارێکی داهێنەریشە. چونکە ئەو لاسایی نەکردۆتەوە، کە پیشەی (تووتی)یە نەک مرۆڤ.. ئەو نە ئەوەشە بەتەنیا تاکێکی دەنگخۆش بێ. بەڵکو ئەو هەم دەنگخۆشە و هەم ئاوازدانەر.

ئەو هاتووە بەپاشخانێکی ڕووناکبیرییەوە، شیعری گۆرانییەکانی هەڵبژاردووە. لەسەر و ئەمانەشەوە ئەوەی پێشکەشی کردووین تەواو نوێیە و جیاواز. نوێی کوردییە و لەگەڵ مگێزی گوێگری ئاست بەرزی کورددا دێتەوە و گونجاوە. کەواتە بۆ گوێگری بیانیش هەر نوێیەو گونجاو.

دەکرێ دوور لە هەر ڕووپامایییەک بڵێم، دەرهەق بەم ڕەوتەی موسیک و گۆرانیی کوردیی پێدا تێدەپەڕێ (وەرە هاوڕێمبە) ڕووی گەش و نوێی گۆرانی و موسیکی کوردییە لە هەرەتی خۆیداو، لەنێو دەریایەک هاتوهاواری بێ مانادا یەکێکە لە نموونە دانسقەکان.. نەهۆ شێرکۆ لە گۆرانیبێژ و دەنگخۆش و گۆیندە و ئەم جۆرە زاراوانەی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە ئاستی هونەرمەندی داهێنەر..

نەک هەر لەلای ئێمەی کورد، بەڵکو لەکن گەلانی دیکەی دنیاش هونەرمەندی وەها دەگمەنن، کە بتوانن لە هەمان کاتدا ئاوازدانەر و گورانیبێژی سەرکەوتووش بن و گوێگری ئاست بەرز و ڕووناکبیر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە. جێی ئاماژە پێدانە. لەو حەوت گۆرانییە پێنجیان خۆی ئاوازی بۆ داناون. بەمەیش دەچێتە ڕیزی ئاوازدانەرانەوە.. لێرەوە، دکارم بێژم ئەم حەوت گۆرانییەی شێرکۆ





تالیب (وەرزیی ــــ موسیمی) نین هەتا دوای پێنج و دوو ڕۆژێک لەیاد بچنەوە. بەڵکو هەتا ئاستی ڕۆشنبیریی لای تاکی کورد لە هەڵکشاندا بێ، ئەوا ئەم گۆرانییانەش گوێگری پتر بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. واتە ئەم سترانانە هەنووکەیی و ئایندەییشن.

وەک پێشتریش وتم، بەتەواوی سەلیقەوە شیعرەکانی هەڵبژاردووە. چونەک (زۆربە) ی گۆرانیبێژانی ئەم سەر و بەندە، لەم لایەنەدا تێی ناهێنن. ئەمەش مانای وایە هەر لە بناغەوە تێیان نەهێناوە. لەدنیای ئێستای تەواو شێواو و بێ سەروبەری شیعری کوردیدا، شیعری گۆرانی کالایەکی تەواو دەگمەنە. لای چەند شاعیرێک دەست دەکەوێ، کە ژمارەیان ئەگەر هێندەی پەنجەی دەستێک بێ! لەوەش سەختتر هەڵبژاردنی شیعرێکە بتوانێ لەپاڵ ئەلەمەنتەکانی دیکەی گۆرانیدا، چێژی گوێگری وریا (نەک بازاڕیی) قایل بکات و سەریشی بخات.

سەرکەوتنی سیدیی (وەرە هاوڕێمبە) دەرئەنجامی ئالیکارییەکی هارمۆنیی نێوان شاعیر و موسیککار و دابەشکار و خودی شێرکۆیە و هەر کامێکیان بگری لە (مەحوی)یەوە بۆ (ڕەنج سەنگاوی)؛ لە (ئەرسەلان کامکار)ەوە هەتا دەگاتە (میران میرانی)، لەبواری خۆیدا پەنجە زێڕین و خاراو و سنعەتکارە. هەموو لایەک لە سەرخستنی ئەم بەرهەمە جوانەدا پشکدارن. دروود بۆ گیانی مەحوی دەنێرم و دەستی هەموو ئەوانی دیکە دەگوشم. مانەوە و درەوشانەوە هەر بۆ هونەری جوانە.

کۆبنهاون/ 30.december 2006

# گۆرانییە شان هەڵتەکێنەکان

لەم سەرزەمینەدا، کاتێک جەنەراڵەکان بڕیاری جەنگ لەدژی دەر و دراوسێکانیان ڕادەگەیێنن؛ ئیدی دەبێ بەگرمەو ناڵەی بۆمب و هەرچی چەک و چۆڵیان هەیە دەیهێننە مەیدانەوە و لەدژی یەکدی تاقی دەکەنەوە. ئیدی تەڕو وشک پێکەوە دەسووتێنن. سنوورەکان کونبڕ دەکرێن. شوورە لەنێواندا بەرز دەبێتەوە. ڕێگەوبانەکان، بە زەمینی و ئاویی و ئاسمانییەوە، بە فرمانی ئەوان گاڵە دەدرێن و خڕ دادەخرێن. هەموو ڕێگەیەک لەبەردەم دایەلۆگدا تەلبەندو مینڕێژ دەکرێن. ئەگەر بەدەستیان بێ ناهێڵن باڵندەش هامشۆ بکات! ئا لەم ئاخۆران و بخۆرانەدا، کە دڵڕەقی و گیانی تۆڵە دەگەنە لووتکە، موسیک و گۆرانیی ئەو دوو میللەتە، بەحساب بەشەڕهاتووە پردی خۆشەویستی و دایەلۆگ هەڵدەبەستن. گۆرانیبێژان سەفارەت دەگۆڕنەوە و دەکەونە دایەلۆگ.. موسیکزانان بەدەست و پەنجەی زێڕینیان ئاوازی ئاشتی و سۆزبەندیی و ئینسانددۆستیی دەژەنن و دەیکەنە دیاری.

تۆ بزانە ئەو دراوسێیانە چی ماوە بەئێمەی کوردی نەکەن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر خەڵکی کورد بە تاسەوە گوێ بۆ گۆرانییە بەسۆزەکانی نازم غەزالی، کازم ساهیر، موعین و داریوش... هتد شل دەکەن.

ئاواز و گۆرانیی دەوروبەرمان زیندوون، بۆیە بوونەتە میوانی ڕۆحسووکی چێژ و سەلیقەی زۆربەمان. موسیک و ئاوازەکانیان





نابێزرێن. کار لە ناخ و نەستمان دەکەن، کەچی ڕەنگە زۆربەمان لە شیعری زۆرێک لە گۆرانییەکانیان نەگەین.. وشەکان بیانین، وەلێ ئاوازەکان لەبیانی ناچن! وەک ئەوەی تەمەنێکی دوور و درێژ بێت بەگوێ و بە ڕۆحمان ئاشنابن، لەناخەوە دەمانهەژێنن. بۆ ساتەوەختێک دەمانگوێزنەوە دنیایەکی دیکە. دنیایەکی هاوبەش، کە هەموومان تێیدا بەشدارین.. دنیایەک کین و بوغزو ڕکابەریی تێدا جێیان نابێتەوە و لیوانلێوی پەرۆشی و خۆشەویستییە. جیهانێکی سپی و پەمبەو بنەوشەیی.. لەوێندەرێ تەبایی و ئارامیی شاسەیوانی ڕەنگاوەڕەنگی خۆیان هەڵداوە.

گۆرانی و موسیکی گەلان لە زمانەکانیانەوە نزیکن.. لە ئاوازی وشەکانیانەوە هاتوون. لەو نەغمانەوە، کە لە کانییەکانی نیشتمانەوە هەڵدەقوڵێن نزیکن.. نیشتمانی ئێمە جوان و ڕازاوەیە. ئاوازە سروشتییەکانی هەستبزوێنن. گمەی کۆتر.. زریوەی وردە مەل.. ورشەی گەڵا، کاتی بە سروەی شەماڵی دەشنێ.. خوڕە و هاژەی قەڵبەز و کانی و ڕووبار. زمانە شیرینەکەشمان زمانی شیعر و موسیک و داستانە ناخ و دڵبزوێنەکانە.

کەچی ئەوەتا گۆرانییەکانی ئەم سەردەمە (بەزۆریی) ناچنەوە سەر سروشت و هەڵکەوتی جوانی ئەم وڵاتە. ناچنەوە سەر ترپەی زمانەکەی. بەڵکو دیوارێکیان لە نێواندا هەڵچنراوە. دیوارێکی ئەستوور و بڵند. ئاوازەکان (بەزۆریی)، لەبریی ئەوەی ناخ بهەژێنن، کاریگەرییەکی کاتییان هەیە و تەنیا شانی مرۆڤ دەهەژێنن.. مرۆڤ کاتێک گوێیان لێ دەگرێ، لەبریی ئەوەی لەناخەوە بجووڵێ و بخرۆشێ. دەکەوێتە شان هەڵتەکاندنێکی بێ مانا!

لەم سەردەمەدا گۆرانی و موسیکی لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو، بۆتە کالایەکی دەگمەن. ئەمەیش لە خۆیدا هۆکارێکە، وای کردووە حەشیمەتێکی هەرا و لە خەڵک بە تاسەوە گوێ بۆ گۆرانی و موسیکی فارسی و عارەبی و تورکی ڕادێرن. خۆ بێ مەڵامەت نییە، کە وتراوە: (با گوێ لە گۆرانی و موسیکی میللەتێک بگرم ئەوجا دەتوانم بڕیار لە هەمبەر ئاستی پێشڤەچوون و شارستانییەتی بدەم!)

بەداخەوە ئەوەندەمان گوێ لە گۆرانیی بێ تام و بێ مانا، لەڕووی شیعر و ئاواز و (ئەدا)وە بوو، هەتا چێژی هەموومان نەخۆش کەوت! ئەگەر وەها نییە، ئەدی هۆی چییە لە تیڤییەکانەوە گوێ و چاوت لە کۆنسێرتی (بابا)یەکە، هەتا بڵێی دەنگ و ئەدا و تۆمارکردنیشی ناسازە، کەچی چاوت لێیە، لاوی واهەن، هۆن هۆن بۆی دەگرین و لەگەڵیدا خۆیان ڕادەژەنن؟

سروشتی مرۆڤ وەهایە، ئەگەر ماوەیەکی زۆر گوێ لە گۆرانی و موسیکی بێ تام بگرێ. ئیدی دەبێتە گوێگرێکی هەمیشەیی گۆرانی و موسیکی بێ تام و دەقی پێوە دەگرێ. یان وەک ئێرانییەکان دەڵێن (موعتاد) دەبێ. واتە (ئیدمان)ی لەسەر دەکات. هێندەمان نەشاز بیست، کەممان گوێی موسیکمان بە سەلامەتی دەرچووە!

بەڵام کێ لەم دۆخە ناهەموارەی، کە گۆرانی و موسیکی کوردیمانی تێ کەوتووە بەرپرسە؟ بێ سێ و دوو، سەرجەمی ڕادیۆ و تیڤییەکان بەرپرسیارن. ئەوانن بۆیان تۆمار دەکەن. ئەوانن وێنەیان بۆ دەگرن. ئەوان لە مایکرۆفۆن و شاشەی خۆیانەوە بۆیان بڵاو دەکەنەوە.. ئەوان لەم پیلانەدا، کە لە چێژی خەڵک و هەم لە هونەرەکەش دەکرێ پشکدارن.





با ئەو (بەناو) هونەرمەندانە لە شایی و بۆنەکاندا، هەتا دەنگیان دەکەوێ بڵێن و بڵێنەوە. بەڵام ناهەقییە، ئەمان بۆیان تۆمار و بڵاو بکەنەوە. سەیرە، هی وا هەیە تەنیا دەنگی خۆشە. هێشتا توانیوێتی گۆرانییەکی فۆلکلۆر، بێ ئەوەی هیچی لای خۆیەوە خستبێتە سەر بڵێتەوە؛ کەچی هەق بەخۆی دەدات پێی بڵێن (هونەرمەند).. پێشکەشکاری بەرنامەش، چونکە نەهیچ لە ڕاگەیاندن دەزانێ و نە لەگۆرانی و هونەری موسیک سەری دەردەچێ، ئەویش هەیتا هەیتا بە کاکی (هونەرمەند) بانگی دەکات. ئەوانە هەندێ جاران زاراوەی (مامۆستای هونەرمەند) بۆ کەسێک بەکار دەهێنن، کە ئەسڵەن (نەخوێندەوار)ە، یان نەخوێندەوار بووە! واتە: نەخوێندەوارە و پێی دەڵێن مامۆستا! یان نەخوێندەوارە و بە هونەرمەند بانگی دەکەن!!

تەنیا لە بازاڕی هونەری گۆرانی و موسیکی کوردیدا پیشە و نازناوی وەها بەدەست دەکەوێ، بە نەخوێندەوار بوترێ (مامۆستا) و بەگۆیندەیەکی دەنگخۆشی بێ بەهرەش بوترێ (هونەرمەند!) ئەم نازناوانە (بەئیمتیاز) کوردین و دەستکاری میدیا و نێوەندی گۆرانی و مۆسیکی پاشڤەڕۆی کوردن و لەکن هیچ میللەتێکی دیکەی دنیا بەچنگ ناکەون! ئەوی ڕاستی بێ هونەرمەندانی موسیک لەپرسی بەرزکردنەوەی چێژیی موسیکی، لەلای گوێگر بەرپرسن؛ هەروەک ئەوانیش دەبێ پێناسەی تەواوی هەموو ئەو زاراوە هونەرییانەیان لەلا بێ و لەکن خەڵکیش بیچەسپێنن.

بێ تامییەکە جە حەد بەرشییەن.. گەیشتۆتە ئاستێک، ئەو چەند هونەرمەندە بەتوانایەش، کە هەن و کاران. لە گێژەنی ئەم پاشاگەردانییەدا، بەژێرەوە بوون..

وتراوە (هونەر ئاوێنەی کۆمەڵە) کۆمەڵگەی باشووریش چوار ساڵان لەدۆخی ناهەمواری جەنگی ناوخۆدا ژیا. لەو سەروبەندەدا کەس ئومێدی بە ئایندە و بە ژیان نەمابوو، ئەوەبوو بەلێشاو خێزان وڵاتیان چۆڵ کرد، کەچی گۆرانی و موسیکی ئەو سەردەمە، مێش میوانیان نەبوو. ئەوان لە کەیف و چەقڵەسەمای خۆیان نەدەکەوتن. ئەوان هەدادانیان نەبوو، لێکدا لێکدا (شان)یان بە تاکی کورد هەڵتەکاند! بەڵێ، گۆرانی و موسیکی کوردی ئێستاشی لەگەڵدابێ (بەزۆریی) کار لە شان دەکات نەک لە ناخ!

10 January 2007



# دنیا لە بەهەشت جوانترە

بیرەوەرییەکانی ئوسووڵییەکی میسری

## پێشەکییەکی کورت:

ئەم کتێبەی وا لێرەدا بەخوێنەری کوردی دەناسێنم، ئیسلاممان لە دیدو بۆچوونی گرووپێکی ئیسلامیی توندڕۆوە پێ دەناسێنێ. دەتوانین بڵێین خوێندنەوەیەکی تاریک و نووتەک و توندو تیژە بۆ ئیسلام. بەڕادەیەک نەئەم وەچەیەی ئێستاو نەباب و باپیرانیشمان ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەخەیاڵیاندا نەهاتووە، کە ئیسلام بریتی بێ لەم چەمک و پرەنسیپانەو بەم جۆرە ڕاڤەو پیادە بکرێ! وەنەبێ ئەم گرووپەش هەوایی و لە خۆڕا بۆڕا قسە بکەن. بەڵکو ئەمانیش پشتیان بە ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و ڕای ڕابەر و ئیمام و ڕاڤەکارانی قورئان بەستووە.

نووسەری ئەم کتێبە بۆخۆی ساڵانێک ئەمیری کۆمەڵەی ئیسلامی (الجماعة الاسلامية) بووە. ئەم ڕێکخراوە چۆن هەڵکەتووە ئاوەهاش بۆمان باس دەکات. واتە لە ناوەوەی ڕێکخراوەکەوە قسان دەکات نەک لە دەرەوەی. بۆیە ڕایەکانی لەسەر ئەم گرووپە، جێی لەسەر ڕاوەستان و بەهەندگرتنن.. بۆچی بڕوایان بەتیرۆر، یان وەک خۆیان دەڵێن بە جیهاد هەیە؟ ئەم بڕوایەیان بەکام پاساو و کامە بەڵگە پشت ئەستوورە؟ ئەدی لە سۆنگەی چییەوە بوو دواتر نووسەر لێیان ژیوان

بووەوە؟ کتێبەکە بە گشتی بەخۆدا چوونەوەیە. ڕەخنەیە لە تیرۆر و تیرۆریستان، کە ئەوان بەناوی ناهەق زاراوەی جیهاد و موجاهیدیان لە بەرامبەردا بەکاربردووە. جێی باسە هەر ئەم گرووپە بوون، کە لە ساڵی ١٩٨١دا ساداتی کەونە سەرۆکی میسریان کوشت. ئەم کتێبەش لەو جۆرە بەڵگانەیە، کە لە بواری خۆیدا دەگمەنە. ئەم کتێبە پێمان دەڵێ: با خوداوەند چلۆنی خەلق کردووین، ئاوەها بژین و ئاوەهاش هەڵسوکەوت بکەین. نەک بێین خۆمان و خەڵکیش لە قاڵب بدەین.

بە سەرێکی دی زۆربەی توێژەر و ڕۆشنبیرانی کورد، لە دیوی دەرەوە لەسەر ئەم جۆرە گرووپانەیان نووسیوە و بیستووە. هەندێ جاران بێ بناغە و پاشخانی دەوڵەمەند گەنگەشەیان لەسەر کردووە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم: ئاگاداری ئەوە نین لەنێو خودی ئەم ڕێکخراوانەدا ڕێ و ڕەسمەکان چلۆن بەڕێوە دەچن؟ کاروباری ڕێکخراوەیی، فتوا و جیاوازییەکان، چین و لەکوێوە سەرچاوەیان گرتووە؟ پشت بەکامە ئایەت و فەرمووده دەبەستن و چلۆن ئەم سەردەمەی ئێستامان هەڵدەسەنگێنن؟

پێم وایە ئەم کتێبەش وەک زۆرێک لە بیرەوەرییەکان لە خانەی جۆرێک لە ئەدەبدا پۆلێن دەکرێ، کە لە ئەورووپا ئەم ژانرە بە (فاکشن) ناودەبرێ. واتە (فیکشن) نییە. چونکە خەیاڵی تێکەڵ نابێ. نووسەر دوور لە فەنتاسیا مێژووی خۆی دەگێڕێتەوە. وەک ئەوەی ڕوویداوە. کاتێک نووسەر لەم جۆرە شانرەدا دەپەیڤێ و ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بەکاردەبا، ئەوە مەبەست بێ، خۆیەتی. وەلێ لەچیرۆک و ڕۆماندا (بۆنموونە) کاتێ نووسەر ڕاناوی کەسی یەکەم، یان هەر ڕاناوێکی دیکەی (دیار و نادیار) بەکاردێنێ. ئەوە خودی نووسەر نییە، کە حیکایەتەکە دەگێڕێتەوە. بەڵکو نووسەر هاتووە گێڕانەوەی





چیرۆکەکەی یان ڕۆمانەکەی بەو ڕاناوە سپاردووە.

کاتی خۆی (چەرچل) ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهاندا. لەسەر کتێبی [بیرەوەرییەکانی چەرچڵ] خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا وەرگرت.. ئەوی ڕاستی بێ ئەم کتێبەی خالید ئەلبەڕی، هێندە بە شێوازێکی ناسک و وردو سەرنجکێش نووسراوە، لە باریدا هەیە خوێنەر بخاتە داوی خۆیەوە و هەتا تەواوی نەکات دەستبەرداری نەبێ. سەنجکێشیی ڕووداو و ڕاو بۆچوونەکانیش دنەی خوێنەر دەدەن. تۆی خوێنەر هەر چۆنێ بیر دەکەیتەوە ئازادی. بەڵام پێم وایە ئەم کتێبەی وا لێرەدا بەکورتی پێتی دەناسێنم شایەنی ئەوەیە بیخوێنیتەوە.

***

دنیا لە بەهەشت جوانترە [الدنیا أجمل من الجنة]، کتێبێکە ئەمڕۆ لەکن خوێنەری عارەب ڕەمێنی زۆری لەسەرە. بە ڕادەیەک، لەماوەی دوو ساڵاندا دوو جاران چاپ بووە. نازانم ئێستا گەیشتۆتە کوێ. بەڵام دڵنیام چەندین جاری دی چاپ دەکرێتەوە. هۆیەکەیشی ئەوەیە، کە (خالد البری) ی نووسەری ئەم کتێبە، ساڵانێک لە گرووپی توندڕۆی کومەڵەی ئیسلامیدا (الجماعة الاسلامیة)، لە شاری (ئەسیوت) ی وڵاتی میسر، چالاک بووە و بە تەمەنێکی کەمەوە تا پلەی (ئەمیر) سەرکەوتووە و پاشان زیندانی کراوە. دوای ئازادبوونی لە زیندان، کۆلیجی نوژداریی خوێندووە. بە حوسن و ڕەزای خۆی لەم گرووپە کشاوەتەوە و ژیوان بۆتەوە. دواتر بەرەو هەندەران کۆچی کردووە. نەهۆ وەک ڕۆژنامەنووس. لە دەستەی ڕادیۆی بەریتانیادا کارایە.

پێم وایە هۆی سەرەکی ڕەمێنی ئەم کتێبە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. کە خالید ئەلبەڕی دێت تەواو بە پێچەوانەی ئەو بیرەوەرییانەی تاکو

ئێستا بەعارەبی نووسراون و هەرە بەناوبانگترینیان بیرەوەرییەکانی (محەمەد کورد عەلی) یە، دەپەیڤێ.. ئەم دێت بە تەواوی ڕاشکاوییەوە بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.. خۆتان ئاگادارن، کە یەک لەباری کۆمەڵگەی پاشڤەڕۆی وڵاتانی عارەب بەگشتی و میسر بەتایبەتی. هەروا ئاسان نییە تۆ بێی لە دیدی کۆمەڵەی ئیسلامییەوە باسی (سێکس) بکەی؛ بیورووژێنی و بچیتە بنج و بناوانی، کە بۆخۆی تابۆیە، واتە لە قەدەغە کراوەکانەو زۆریش بڤەیە!

ئەم کتێبە پێمان دەڵێ: مرۆڤ کاتێک لەگرووپێکی وەها تیرۆریستدا دەبێتە ئەندامێکی کارا، ئیدی هەر بەجارێک لە پێستی ئینسان دەچێتە دەرەوە. سەرلەبەری گفت و لفت و ڕەوتارەکانی گۆڕانیان بەسەردا دێ. بەڕادەیەک وەک خالید ئەلبەڕی ڕوونی دەکاتەوە. تەنانەت نان خواردنیش وەک خەڵکی ئاسایی ناخۆن. وەک ئەو عالەمە بەڕێدا نارۆن. چ جای چالاکی سێکس و پۆلیتیک و دەستکاریی سەروسەکوت. وەک ڕدێن تاشین و سمێڵ هەڵپاچین و هەڵبژاردنی پۆشاک و بۆ ژن ڕوانین... هتد

ئەوان بەم دیاردەی جیاوازییە، کە بەلایانەوە زۆر گرنگەو نابێ ئاکار و هەڵسوکەوتیان لە هیچ گرووپێکی دیکەی تەنانەت ئیسلامیش وەک (التكفير والهجرة، التوقف والتبين، إخوان المسلمين، أنصار السنة...) بچێ، دەڵێن (التمايز). نووسەر دوای چەند ساڵێک کشانەوە ئەوجا بۆی ڕوون دەبێتەوە و تێدەگات چەند درێو دنیای دیوە؟ چەند ناجۆر ڕەفتاری کردووە؟ چەند کەسێکی شاز(١) بووە؟ ڕێ و ڕەسم و نەخشەکانی چەند نارِیاڵ و نالۆجیک بوون؟ بە ڕادەیەک وەک کورد دەڵێ: هیچ ئاکارێکیان لە ئۆمەتی محەمەد نەچووە! دواجار ئەگاتە ئەو ڕاستییەی، کە دنیا بەو ڕادەیەش درێو نییە وەک ئەو لە خەیاڵی خۆیدا





وێنەی کێشاوە!

زۆربەی سەرکردەکانی ئەم گرووپەش ئەوە نەبوون وەک پێشەنگ سەیریان بکرێ و ڕێزیان لێ بنرێ! بەڵکو ئەو لاوە تووڕەو ئازایەی، کە سەرەتا دەچێتە بن کلێشەی خودی (خالید)ەوە، دنەی دەدات و بۆ ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی ڕایدەکێشێ و زنجیری پایسکلی دەداتێ تاکو لەکاتی شەڕدا نەیارانی پێ داپڵۆسێ و سام بنێتە دڵی خەڵکەوە، کە ئەم لەلای خۆیەوە وەک پاڵەوانێکی نەبەز و ئەفسانەیی ناو حیکایەتەکان وێنەی کێشابوو؛ دوای ساڵانێک تێکەڵاوی لەگەڵ ئەم ڕێکخراوەدا، بۆی دەردەکەوێ کەسێکی شازی دوودەرکییە. کاتێک بە بەڵگەوە دەیگرن، زۆر بەزەبوونی ددانی پێدادەنێ و سەربوردەی دووچاربوونی بەم پەتایە لە نووکەوە دەگێڕێتەوە!

کەچی بۆ چارەسەرکردنی خاوەن زنجیری شاز، دەچن پیشانی نوژداری دەروونیی دەدەن. دیارە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشێوەیەکی (زانستییانە) مامەڵەی لەتەکدا دەکەن. لەکاتێکدا دینی کۆمەڵەی ئیسلامی یان با بڵێین ڕێبازی ئەم کۆمەڵەیە وەک دیاردەیەک سەرنجی (لەوواتی و هۆمۆساکسوال) دەدەن و مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، کە قابیلی چارەسەر نەبێ. بەڵکو بە لایانەوە تاوانێکە و ئەوەی ئەنجامی بدا، دەبێ سزای خۆی وەربگرێ.. [جێی باسە کۆمەڵە بۆ پرسی - النهى عن المنكر- سەرەتا زنجیری پایسکلیان بەکارهێناوە.!] ئەمیش، واتە خالید ئەلبەڕی بەزەیی پێدا دێتەوە. بەمەرجێ کاتی خۆی یەکێک لەو هۆیانەی پاڵی بە خالید ئەلبەڕیی مێردمنداڵەوە ناوە بچێتە ڕیزی ڕێکخراوەکەوە، بێ هێزی و لاوازیی جەستەیی بووە. دەنا وەکیدی ئەم هەمیشە قوتابییەکی زیرەک بووە.

هەر بۆیەکا ئەم لە بواری وتاربێژیدا دەردەکەوێ و دەناسرێ. لە

ماوەی چەند پشوویەکی هاویندا تەواوی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و سەربوردەی ئیمامەکان و فەرمووودەکانیان ئەزبەر دەکات.. کاتێکیش دەبێتە ئەمیر، بەم پۆستە قەرەبووی لاوازیی جەستەیی دەکاتەوە و ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە. ئەگەرچی دوای ئەزموونێک بۆی دەردەکەوێ، کە ئەو جۆرە هێزە هەتا بڵێی ناجۆرە و هیچ پێویست ناکات دەوروبەر لێی بترسن. لەم بارەیەوە دەڵێ: (لە ڕووی توانای جەستەیییەوە، بێهێزترین منداڵی شەقامەکە بووم.)

ئەم گرووپە بەپشت بەستن بەم ئایەتە: (ومن لم يحكم بما أنزل الله فأولئك هم الكافرون.) پێی وایە هەر دەستە و تاقمێک بەپێی دەقی قورئان فەرمانڕەوایی نەکات، ئەوا بەکافر حسابە. بەم پێیە کوشتنیان بەجیهاد حسابە و سەر و ماڵیشیان بەکۆمەڵەی ئیسلامی حەڵاڵە.

[إبن كثير] کە یەکێکە لە پایەکانی ڕاڤەکردنی قورئان؛ لە تەفسیرەکەی خۆیدا، ئەو فەرمانڕەوایەی بەکافر داناوە، کە بەپێی ئایەتەکانی قورئان فەرمانڕەوایی ناکا.. لە کورتی بەپێی دیدی ئەمان هەموو سیستمە دیموکراتییەکانی جیهان و نزیکەی هەموو حکوومەتەکانی ڕووی زەوی کافرن و خوێنیان حەڵاڵە و چاریان تەنیا جیهادە!

ئەم گرووپە بەنیازی پەیداکردنی پارە و پوول تاکو چەکی پێبکڕن، بە ڕۆژی نیوەڕۆ پەلاماری دووکانی کۆمەڵێک زەڕەنگەری قیبتییان دا. کوشتیانن و دوکانەکانیشیان تالان کردن. پاساویشیان ئەوەبوو، کە سەرەتای ئیسلام خودی حەزرەتی محەمەد و یارانی پەلاماری کاروانی قورەیشیان داوە. پێویستیی خۆیان، لە بژێویی و کەرەستەی جەنگ پێ دابین کردووە. ئەمانیش ئەمڕۆکە بەم کارەیان هەم شوێن





پێی حەزرەتیان هەڵگرتووە و هەم بە پارەکەی دەبنە خاوەنی چەک و چۆڵ.

ئەمان دنیا بەدوو جۆر پۆلێن دەکەن: یان ئەوەتا جاهیلییە، کە دەبێ بە زەبری هێز بەگژیدا بچیتەوە. چونکە ڕۆژگار سەلماندوویەتی، کە ڕێگەی گفتوگۆ و ئامۆژگاریی لەگەڵیاندا بێ سوود و بێ ئەنجامە.. یان ئەوەتا دنیای موسوڵمان، کە بەتەنیا خۆیانن. واتە تەنیا [الجماعة الاسلامية] ئیسلامن! جیاوازیی سەرەکیشیان لەگەڵ ئیخوان دا ئەوەیە: ئیخوان خۆیان بۆ ئەنجومونی گەلی میسر (مجلس الشعب) دەپاڵێون و بڕوایان بەهەڵبژاردن هەیە. لە کاتێکدا کۆمەڵەی ئیسلامی هەر بەپێی ئایەتەکەی پێشتر باسمان کرد. دەستەڵاتی میسر بە پەڕلەمانەکەشییەوە دەخاتە ڕیزی کافرانەوە و بڕوای پێی نییە! چونکە بەپێی کتێبی خودا فەرمانڕەوایی ناکا.

ئەمان ئەم بەرەنگاربوونەوەیە بە حەتمی دەزانن. (لا وعظ ولا إرشاد، دي قلوب خبيثة مالهاش غير الجهاد.) واتە ئەوانە ئامۆژگاری و بەسەرداهاتن کاریان تێ ناکات، چاریان تەنیا جیهادە! ئەمان تەنانەت لەگەڵ کەس و کاری خۆشیاندا حەددی و کاربڕانە مامەڵە دەکەن. لە پێناوی بڕوای خۆیاندا قوربانی بەهەموو پەیوەندییەک دەدەن. لەم هەڵوێستە یەکلاییکەرەوەیاندا، پشت بەئاکاری (مصعب بن عمير) دەبەستن، کە یەکێک بوو لە یارانی (صحابە) محەمەد. موسعەب کاتێک خەریک بوو مەککە چۆڵ بکا و بەرەو شاری مەدینە کۆچ بکا، هەواڵیان بۆ هێنا، کە دایکی بڕیاری داوە هیچ نەخوات و هیچ نەخواتەوە هەتا موسعەب نەگەڕێتەوە بۆلای. ئەمیش ڕایسپارد لە زمانی ئەمەوە بە دایکی بڵێن: (دایە، ئەگەر حەفتا ڕۆحت هەبێ و ڕۆح بەشوێنی ڕۆحدا دەرچن، من دەست لەم کارە هەڵناگرم.)

بە بۆچوونی ئەمان (رب و اله) لە یەک جیاوازن. هەر بەم پێیە دوو جۆرە تاک خواوەندێتی هەن. (توحید الربوبیة) واتە: دان بەوەدا بنێی، کە خواوەند خالقی گەردوونە. ڕزقی بەشەر دەدات و کاروباری بەڕێوە دەبات. ئەم جۆرە یەکتا پەرستییەش بەلای ئەمانەوە ناتەواوە و بەشی ئەوە ناکات مرۆڤی پێ ببێتە موسڵمان. چونکە کافرانی مەککەش بڕوایان بەم جۆرە تەوحیدە هەبووە.

ئەوی دیکەیان (توحید الالوهیة)، کە مانای وایە: خواوەند خۆی تاکە یاسادانەرە. چونکە خۆی گەردوونی دروست ئەفراندووە. هەر بەم پێیەش خۆی چاکتر دەزانێ چی بۆ نەفسی مرۆڤ شیاو و گونجاوە. هەموو نامیلکەکانی ئەم گرووپە لەسەر ئەوە کۆکن، کە جڤاکەکانی ئەم سەردەمە دەق لە کۆمەڵگەی شاری مەککەی سەردەمی ڕیسالەی محەمەدی دەچن. کاتێ بڕوایان بەوە هێنا، کە خواوەندی تاک خالیق و ڕازیقە. واتە: هەم دروستی کردووین و هەم ڕۆژووشمان دەدا. کەواتە بڕوایان بەتەوحیدی ڕبووبی هەبوو. بەڵام سیفەتی حاکمییەتیان لێ سەندەوە و دایانە دەست بەشەر.. ئەمان جیاوازیی نێوان (قتل و قتال)یش دەکەن.

دەتوانین پرۆگرامی کۆمەڵە لە ڕستەیەکدا چڕ بکەینەوە کە ئەمەیە: (هەر تایەفەیەک پارێزی ـ منع ـ لە ڕاپەڕاندنی یەکێک لە یاسا و فرمانەکانی خواوەندا کرد، ئەوا واجیبە لە دژی بجەنگیت و گوێڕایەڵی نەبیت. بەڵکو جەنگین لە دژی، لە جەنگی کافران لە پێشترە.)

بەلای ئەمانەوە ڕژێمی میسر کافرە، چونکە هەر ئیماندارێک بیەوێ خواستی خواوەند بەجێ بێنێ، ئەو ڕژێمە دەیچەوسێنێتەوە. بەلای





ئەمانەوە یەکەم کردەوە دەبێ گۆڕینی مونکەر بێ.. ئەلبەڕی، کاتێ دەبینێ لە کۆڵانەکەیاندا کچان و کوڕانی منداڵ پێکەوە تۆپانێ دەکەن و تۆپانێش کارێکی مونکەرە، دەست دەداتە تفەنگ و لە بانیژەکەی خۆیانەوە نیشانە لە تۆپەکە دەگرێتەوە و بەگوللەیەک یەکلای دەکاتەوە. تۆپ دەدڕێ و گرمەیەکی گەورە کۆڵان دەهەژێنێ. منداڵ تا ماوەیەک ئەوق دەبن. ئەمیش بەو بەرزاییەوە هەست بەدەسەڵات و هێز و(عیززەت) دەکا. ئەمێک وەک پێشتر باسمان کرد، بێهێزترین منداڵی شەقامەکە بووە. کەچی نهۆ هەرچی منداڵە لەبەری دەلەرزن و ناشزانن مەسەلەکە چییە! لەلای ئەمان گۆڕین ئەوهایە، دەبێ ترس و تۆقین بنێتە دڵی بەرامبەرەوە.

خالید ئەلبەڕی پێی وایە ڕۆشنبیریی ئایینی وەک وشە یەکتر بڕەکان (الكلمات المتقاطعة) وەهایە. وەهمی ئەوەت پێدەدا، کە تۆ هەموو شتێک دەزانی. لە کاتێکدا تۆ جیهانێکی مەعریفی چکۆلەت بۆ خۆت خولقاندووە، کە هەموو ڕۆژێک کاوێژی دەکەیەوە. ئەمانیش وەک گرووپە ئیسلامییە توندڕۆکانی دی، کتێبەکانی سەید قوتب و محەمەد قوتب بەسەرچاوە دەزانن و بەهەندیان دەگرن.

## خۆشەویستی لە دیدی کۆمەڵەی ئیسلامییەوە:

ئەمان پێیان وایە سەرنجدان و سەیرکردنی ئافرەت کارێکی تەواو ناجۆرە. سەرنج پۆستی زینایە. (النظرة برید الزنا) ئەلبەڕی دەڵێ: تێکەڵبوونم لەگەڵ کۆمەڵەی ئیسلامیدا، لەگەڵ جێهێشتنی تەمەنی منداڵی و گەیشتن بە تەمەنی باڵقبوون، واتە چواردە ساڵی، هاوکات بوو.. وەک هەموو هاوڕێکانم لەم تەمەنەدا ڕۆمانسیانە سەیری

کارەکانم دەکرد.. پێم وابوو سێکس شتێکە لەگەڵ کەسانێکدا دەیکەین، کە خۆشمان ناوێن.. بەڵام ئەوەی خۆشم بوێ، دەبێ کردەوەم لەگەڵیدا سەروو ئەم کردەوە شەرماوەرانە بکەوێ.. پێغەمبەر فەرموویەتی: (ئەگەر یەکێکتان پشکۆیەک بخاتە دەستییەوە، لەوە باشترە دەست لە دەستی ئافرەتێکەوە بدات، کە پێی حەڵاڵ نییە!)

بەلای ئەمانەوە چارەسەری ئیسلام بۆ کێشەی سێکس ڕۆژووگرتنە. (ئەی توێژی لاوان، ئەوەی دکارێ با ژن بێنێ، ئەوەشی ناتوانێ با بەڕۆژوو بێ، کە ڕۆژوو دەتوانێ بیپارێزێ.) شتێکی باش نییە مرۆڤ سەیری عەورەتی خۆی بکات. چونکە عوسمانی کوڕی عەفان، کە لە هەموو یارانی پێغەمبەر بەئابڕووتر و بەشەرمتر بوو هەرگیز سەیری عەورەتی خۆی نەکردووە! هەروەها نابێ دەستی ڕاستمان بەر عەورەتمان بکەوێ. برایان ئاگاداریان دەکردینەوە، کە دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەتەک لاوی بێ موودا (أمرد) بکەین!

ئەو کە هێشتا مووی لێ نەڕواوە نابێ لە کاتی دەست گوشیندا لە ئامێزی بگرین! وەک چۆن ئاسایی لەگەڵ هەر برایەکدا دەیکەین. هەروەها نابێ بەتەنیا لەگەڵیاندا کۆببینەوە ئەگەرچی لەوانەی قورئانیشدا بێت.. لەگەڵ ئەوەشدا لەکتێبی (تحفة العروس) دا هاتووە، کە بەناوبانگترین ئافرەتی نازونووککەر لە ئیسلامدا (عائشە بنت طلمە) یە.. ئەم ئایشێیە لە هونەری (الهزر) دا وەستا بووە. ئەم توانیوێتی لەکاتی جووتبووندا هەندێ دەنگی تایبەتی ئەوتۆ دەربێنێ بتوانێ بەهۆیانەوە زیاتر پیاو بورووژێنێ... (شێخ تاریق)ی لەمەڕ کۆمەڵە هەردەم دەیوتەوە: برام ئافرەت دەنگیشی فیتنەیە! ئافرەتان داوی شەیتانن!.. ژن سەربازی ئیبلیسە! ئەوەی بۆنی ئافرەتی کرد





ئیدی بۆنی بەهەشت ناکات!.. بۆنی ئافرەت ٥٠٠ ساڵ ڕێ کار دەکات!

لە لایەکی ترەوە (التبرج)، واتە گوێ نەدان بە داپۆشینی لەش و لەبەرکردنی جۆرە پۆشاکێ، کە ئەندامەکانی لەشی ئافرەت بەزەقی بەدیاربخات، لەسەر ئافرەتی کۆیلە فەرز بوو. بەڕادەیەک عومەری کوڕی خەتاب لەو ئافرەتە کۆیلانەی دەدا، کە سەرپۆشیان دەکرد. چونکە بەم ئاکارەیان لاسایی ئافرەتی ئازادیان دەکردەوە.

لەسایەی دەوڵەتی داپەروەریدا، بە سەرکردایەتی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز، پیاوێکی جاڕچی هەبوو ئاوا جاڕی دەدا: (هۆ خەڵکینە، کێ بوخچەی نەکراوەیە تا ژنی بۆ بێنین!) کەچی ئەوەبوو لە سەرانسەری وڵاتدا پیاوێکی باڵقی نەدۆزییەوە بێ ژن بێت!

خالید ئەلبەڕی، کە بۆخۆی یەکێک لە ئەمیرەکانی کۆمەڵەی ئیسلامی بووە. لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا هیچ شەرمی نەکردووە. هەر ئەمەیشە بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەر بەو ڕادەیە سەری تێ بکەن و بیخوێننەوە. جا توخوا ئیتر من، کە لەسەر کارەکەی ئەو دەدوێم لەپای چی شەرم بکەم؟.. یان لە کاتێکدا عارەبە موسوڵمانەکانی بەرایی ئیسلام هیچ شەرمیان نەکردووە، هەموو ئەمانەیان بە (ئایشێ)ی لەمەڕ هونەری [الهزر] یشەوە باس کردووە و بۆ وەچەی دوای خۆشیان تۆمارکردووە، ئیتر کوردێکی وەک منی سەردەمی جیهانگیری، بۆچی بەلایەوە شەرم بێ لە زمانی یەکێکی دیکەوە بیگێڕێتەوە؟

لە لاپەڕە ٥٤ دا هاتووە (الصلاة ركعتين قبل الدخول في الزوجة. والتسمية قبل الايلاج والتكبير ساعة القذف، كي لا يتلبس الشيطان الطفل الذي قد يكون في رحم الزوجة.) مەبەستی لەوەیە:

سوننەتە بەرلەوەی بچێتە لای ژنەکەت، دوو ڕکاعەت نوێژی سوننەت بەجێ بێنی. بەرلەوەی بیللامانێ چووکت داخڵ شەرمی بکەی، ناوی خوا بێنە. لە کاتی ڕەحەت بوونیشدا تەکبیر بکە. واتە بڵێ: (الله أكبر) نەبادا ئەو منداڵەی کە ڕەنگە لە منداڵدانی ژنەکەتدا بێ لەلایەن شەیتانەوە بلەوتێ!

ئەلبەڕی دەڵێ: جارێکیان پێیان ڕاگەیاندین، دوو لاوی عیسایی بە دوو کچە موسوڵمانی لەچک بەسەر (محجبة)، کە باوکیان لە وڵاتی سعودییە کاردەکات فێربوون و بیللامانێ سێکسیان لەگەڵدا دەکەن. وەڵڵا کۆمەڵەش نەیکردە نامەردی، یەکێکیانی کوشت و گوێی ئەوی دیکەیانی بڕی و پشتیشی شکاند! کۆمەڵە ئێمەیان ئاوا پەروەردە کردووە: هەرکاتێک ژن و پیاوێک پێکەوە کۆبوونەوە، ئەوا شەیتان سێیەمیانە! نابێ میوانیش لە ماڵی خانەخوێدا خۆی بشوات، نەبادا خاوەن ماڵ گومانی ئەوەی لێ بکا، لەگەڵ ژنەکەیدا نووستووە!

ئەلبەڕی دەڵێ: ئێمە وەهایان ئاماژە پێداوین، کە جووتبوون لە کردەوەکانی بەهەشتە. لەبەر ڕۆشنایی مۆم و لە نێو بۆن و بەرامەی گوڵدا ئەنجام دەدرێ، ئەویش دوای ئەوەی پیاو خۆی بۆنخۆش دەکات و ژن جەستەی خۆی لە گوڵاو هەڵدەکێشێ!

## بیرۆکەی جیاوازی:

دەبێ کۆمەڵەی ئیسلامی لە هەموو ڕوویەکەوە لە خەڵکی ئاسایی جیاواز بن. ئەم جیاوازییە پشت بە فەرموودەیەکی حەزرەت دەبەستێ، کە دەڵێ: (من تشبه بقوم فهو منهم) واتە ئەوەی لاسایی خەڵکانێکی کردەوە وەکو ئەوە وایە لەوان بێ. ئیدی ئەمان لە پۆشاک و شێوازی نان خواردن و بگرە لەهەموو جۆرە چالاکییەکدا خۆیان جودا کردەوە.





ئەمەش بۆ ئەوەیە ئیمانداران لە کەسانی دی جیا بکرێنەوە.. هەروەها کەڵک لە سوورەتی یونس، ئایەتی ٨٧ وەردەگرن، کە دەفەرموێ: (وأوحينا الى موسى وأخيه أن تبوأ لقومكما بمصر بيوتا واجعلوا بيوتكم قبلة وأقيموا الصلاة وبشر المؤمنين) هەردوو ڕاڤەکار [ابن عباس و سعد بن جبير] ئاوا ئەم ئایەتە لێکدەدەنەوە: خواوەند داوای لێ کردوون خانووەکانیان بەرامبەر بەیەک دروست بکەن. ئەمەیش بەو نیازە بووە، کە خۆیان لە خەڵکی دیکە جیابکەنەوە. ئەمان پێیان وایە، کە دیاردەی جیاوازبوون لە خۆیدا گوێڕایەڵی و دڵۆڤانی پەرە پێدەدا.

برایان داوایان لە تاکەکانی خۆیان کردووە سنوورێک بۆ پەیوەندی گرێدان بە کەسانێکەوە، کە بێدەربەست بن (غير ملتزم) دابنێن. واتە نابێ تێکەڵاوی ئەوانە بن، کە پێوەندییان بەکۆمەڵەی ئیسلامییەوە نییە. چونکە (مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی. دەبێ براکەتان ئاگادار بێ هاوڕێیەتی کێ دەکا) ئەم ڕایەش پشت بەو فەرموودەیە دەبەستێ، کە [داود الترمذي] گێڕاوێتییەوە: (المرء على دين خليله، فلينظر أخوكم من يخالل.)

هەروەها برایانی کۆمەڵ دەبێ ڕکیان لە یاریزانی تۆپی پێ بێتەوە. چونکە ئەو یاریزانانە ناوهێنانی خواوەند لە بیری خەڵک دەبەنەوە! گۆرانیبێژەکانیش بە ستران چڕین، لە خودا یاخی دەبن! ئەمان کاتێ بۆ خواردن لەسەر خوان دادەنیشن. دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت ڕۆنیشن. قاچی چەپ لە ژێر خۆیاندا بنوشتێننەوە. لاقی ڕاستیش لەشێوەی ژمارە هەشتدا بێ. گەرەکە بە سێ پەنجە نان بخۆن نەک بەدوان وەک (المتأفف). هەروەک ناشبێ بەپێنج پەنجە وەک (المنفر) نان بخۆن! دەبێ لە درێژایی ژەمە خواردنەکەدا سێ جارانیش ئاو

بخۆنەوە. هەروەها نابێ دەستی چەپ بۆ خواردن و خواردنەوە بەکاربێنن.. کاتێکیش چوونە مزگەوتەوە، دەبێ پێی ڕاست پێش بخەن.

خالید دەڵێ: ئێمە (گەلەبییە)ی کورتمان لەبەردەکرد نەک درێژ، هەتا دیاردەی خۆبادانمان پێوە دیارنەبێ. ڕدێمنان بێ دەستکاری و قەڵەم کردن و بڕین بەردەدایەوە، مەگەر ئەوەی لە مستەکۆڵەیەک درێژتربوایە. سمێڵمان هەڵدەپاچی، تاکو لە مەجووسی جیاواز بین. برۆمان هەڵنەدەگرت، تاکو لە ئافرەت خۆمان جیابکەینەوە.. پرچمان بەرنەدەدایەوە، ئەگەرچی پرچ بەردانەوە سوننەتە. ئەمەش بۆ ئەوەی خۆمان لە لاوانی لەوچەو (مائع) هەروەها لە بەرەڵڵاو حەرەڵڵا (المستهتر) جیابکەینەوە! هەروەک بەزار فیکەمان نەدەکێشا، تاکو پێچەوانەی کافران بین کاتێ بە دەوری مەککەدا فیک و هووڕیان بوو!! بەڵام میسواکمان بەکاردەهێنا و بە هەندێک بۆنی دیاریکراو خۆمان بۆنخۆش دەکرد.. کاتێکیش دەڕۆیشتینە ڕێوە بێ لاف دەڕۆیشتین، تاکو وەک خۆ بەزلزان و شانازیکار دەرنەکەوین. (ولا تمشي في الارض مرحا.. إنك لن تخرق الارض ولن تبلغ الجبال طولا) سوورەتی ئیسرا ئایەتی ٣٧.

سەرچاوە: الدنيا أجمل من الجنة، سيرة أصولي مصري، خالد البري، دار النهار للنشر، ط (٢)، آذار ,٢٠٠٢.)

(١) وشەی شاز، کە دەکاتە (شاذ)ی عارەبی، لە لایەن کوردەوە بەگشتی و شاری سلێمانییەوە بەتایبەتی هەمیشە بە هەڵە لێکدەدرێتەوە و لە ڕستەدا بەکاردێ.



# ڕۆشنبیر لەجڤاکی داخراودا

## تەنیابالی

توێژی ڕۆشنبیر هەروەک ڕیزبەندیی چینایەتییان لەنێواندا نییە، بەژمارەش کەمن و هەرکەس بۆخۆی کاردەکات و هەریەکە پڕۆژەی تایبەت بە خۆی هەیە. واتە کەمتر بەگرووپ کاردەکەن تاکو بەرنامەی هاوبەش و پلانی کار و چالاکیی هاوبەشیان هەبێ. دیارە تاکی ڕووناکبیر هەرچەند بەهرەمەندو بەتواناش بێ هێشتا هەر ناتوانێ بەتەنیابالی نەخشی بەرچاو و کاریگەری ئەوتۆی هەبێ، بتوانێ ڕۆڵی پێشەنگ ببینێ. ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی بەردەوام بێ، هەردەبێ دەزگەیەک هەبێ پشتی بگرێ.

لەئەنجامی ساڵەهای بێ سەوادی و بەنەخوێندەوار هێشتنەوەی جەماوەر لەلایەن داگیرکەرانەوە؛ پرۆسەی خوێندنەوە و بەشوێندا چوون لەکن تاکی کورد هێشتا نەبۆتە کلتوور. بۆیە زۆربەی خەڵک لەئاست وتارە هزرییەکان و تەنانەت شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و تابلۆی شێوەکارانیشدا سەراسیمەن و تەقەی سەریان دێ. ڕۆشنبیر چونکە بە زمانێکی ستانداردو بە ئاستێکی بەرزی فیکریی و ڕووناکبیریی دەنووسێ و دەپەیڤێ، ئەوانی بێ سەواد و نەخوێندەوار، کە لانی کەم سێیەکی کۆمەڵگەی کوردەواریی پێکدێنن. بەئاسانی لێی تێناگەن و هەردەم لەم بەدحاڵیبوونێکی ترسناک لەم جۆرە جڤاکانەدا لەئارادایە.

ئەگەر ئەم ستاتستیکەی لای خوارەوە، کە (گەلۆپ) ئاداری ئەمساڵ (٢٠٠٨) بۆ تەنیا (پێنج) ڕۆژنامەی بەرمێنی شانشینی دانیمارک ئەنجامی داوە، لەگەڵ ژمارەی خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی باشووری کوردستاندا بەراورد بکەین، ئەوجا ئەو بۆشاییییە ژمارەیییەی خوێنەر، یان ئەو خەرەندەی بواری خوێندنەوە لەنێوان ئەوروپاو کوردستاندا هەیە بۆمان ئاشکرا دەبێ. جێی باسە ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی دانیمارک نزیکەی پێنج ملیۆن و نیوە و بەحەشیمەت نزیکەی هێندەی کوردی باشوورە. لێرەدا ژمارەی خوێنەران بە هەزار حساب کراوە. ستاتستیکەکەش لە ڕۆژنامەی (نیوهێدئەڤیسن)ی (٣٠ نیسانی ٢٠٠٨)دا بڵاو کراوەتەوە.

ڕۆژنامەی ٢٤ تیمە (واتە، ٢٤سەعات، ڕۆژنامەیەکی خۆڕاییە) ٤٦٣ هەزار خوێنەر.

ڕۆژنامەی پۆلێتیکن (لە سۆشیال دیموکراتەوە نزیکە) ٤٧١ هەزار خوێنەر.

ڕۆژنامەی مێترۆئێکسپرێش، خۆڕاییە) ٥٠٦ هەزار خوێنەر.

ڕۆژنامەی یولاندپۆستن (لە ڕاستڕەوەکانەوە نزیکە. ئەو ڕۆژنامەیەیە، کە بۆ یەکەم جار کاریکاتێرییەکانی حەزرەتی محەمەدی بڵاو کردەوە) ٥٣٨ هەزار خوێنەر.

ڕۆژنامەی نیوهێدسئەفیسن (واتە هەواڵنامە، خۆڕاییە) ٥٨٨ هەزار خوێنەر.

***

جگە لەوەی ڕووناکبیر لە کۆڕ و سیمینارەکاندا بۆ دەستەبژێر دەدوێ و کاریشیان تێدەکا. بەڵام نەبووە بەباو یان بۆی نالوێ بچێتە





دێهات و نێو تاخە میللییەکانی شار و لەوێ لەتەک خەڵکانی ئاساییشدا پێوەندیی بگرێ. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، لەبەرئەوەی وەک ئاماژەمان پێ دا، زۆربەی خەڵک ناخوێننەوە ئەوا خودی ڕووناکبیرانیش بەچاکی ناناسن. جگەلەوەی ڕووناکبیر میدیای بەدەستەوە نییە. وەک پێشتر باسمان کردووە، بۆ خۆی خێری پێ دەکەن یان بام بڵێم لای لێ دەکەنەوە کاتێ بواری دەدەن چەند خولەکێک لە تیڤییەکدا دەربکەوێ. دیارە بەچەند خولەکێکیش هیچ بەهیچ ناکات.

دیارە هەرە گرنگترینی میدیا تیڤییەکانە، کە بۆ خۆیان لەهەموو ماڵێکدا وەک ئەندامی خێزانەکەن و کاریگەرییان لەسەر زەینی خەڵک زۆرە. بەڵام ئەوەتا ئەم ئامێرە بەهەژموونە لەبەر دەستی ڕۆشنبیردا نییە. بەچی دەچێ فلانە نووسەر ڕۆمانێکی زۆر نوێ بڵاوبکاتەوە، لە کاتێکدا تیڤییەک نەبێ تەنانەت هەواڵی بڵاو بوونەوەی جەماوەری خوێنەر ڕابگەیێنێ. بەڵام هەمان تیڤی، لەهەمبەر پرۆژەیەکی گچکەشدا، کە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە ڕایبپەڕێنێ، ئامادەیە لە دانانی بەردی بناغەوە تا بڕینی قردێلەی کردنەوەی پرۆژەکە لە لایەن بەرپرسێکەوە، چەند جارێک سەری بدات و بە هەموو دنیاشی بناسێنێ! تۆ لێرەوە سەرنج بدە ڕۆشنبیر چەندە بێ پشتوپەنایە.

## خوێنەر و ڕۆشنبیر

جێی باسە لە وڵاتی ئێمەدا ئەو کەمایەتییە خوێنەرەش هەر ئەوەندە ڕێز لە ڕۆشنبیر دەنێن تا بێلایەنە و لە ڕوانگەی هیچ پارتێکەوە نانووسێ و ناپەیڤێ. هەر ئەوەندەی سووسەیان کرد بێلایەنیی خۆی

ناپارێزێ و بەلای حیزبێکدا، یان بەلای دەستەڵاتدا دایدەشکێنێ ئیدی هەرچی بریسکەو درەوشانەوە و ڕێزێکی لە کۆمەڵدا هەیە کاڵ دەبێتەوە و نایمێنێ.

وتم ڕێز! بەڵێ خوێنەر و ئەو جەماوەرەی، کە ڕۆشنبیر ژیان و تەمەنی خۆی بۆ تەرخان کردوون، دەتوانن تەنیا ڕێز لە ڕووناکبیر بگرن و لەڕێزو سۆز بترازێ هیچی دیکەیان لە هەمبەر ڕۆشنبیردا لەدەست نایەت.

زۆر سەیرە، پێدەچێ ئەو خەڵکە پێیان خۆش بێ هەمیشە ڕووناکبیر لەبرساندا سکی خۆی هەڵگوشێ و لەسەر پەلاس بنوێ! ئەوان بیرێک لەوە ناکەنەوە، کە زەمانی قانیع و بێکەس بەسەرچوو. ئەمڕۆ پرۆسەی ڕووناکبیریی ئەگەر لە دواجاردا نەیتوانی بژێوی بۆ خاوەنەکەی پەیدا بکات جا شێوەکار بێ، ڕۆماننووس بێ.. هتد ئەوا ئەو کارەی ئەو ئاو لە دنگدا کوتانە، پووچگەراییە و بەڕووناکبیریی حساب نییە.. چونکە وەک باسم کرد، ئێمە نەهۆ لە سەردەمێکی دیکەی تەواو جیاوازدا ژیان بەسەر دەبەین. بەڵام نووسەری کورد بەکوللەمەرگی خێزانەکەی بەخێو دەکات. خەمی ژیانی ڕۆژانە خەیاڵاتی داگیر کردووە. ئەگەر نووسەرێک بەهۆی ئەوەی، کە خوێندنەوە لەکن ئێمە نەبۆتە کلتوور و هێشتا ڕێژەی نەخوێندەواری لەلامان بەرزە، نەتوانێ بەداهاتی بەرهەمەکانی دەرامەتی خۆی مسۆگەر بکات ناشتوانێ لە ئاستی ناڕەواییەکاندا دەنگی دلێر بێت. چونکە لەوەها دۆخێکدا، لە سۆنگەی هەر ڕاستی درکاندنێکدا، ئەو دەبێ بە ناچاریی قوربانی بدات.







## بەهای ڕۆشنبیریی

لەم وڵاتەی لێی دەژیم سەعاتی (قاپ شۆرین)، کە ئایەخترین کارە لە سەد کرۆن، (کە ئەمڕۆ دەکاتە نزیکەی بیست و یەک دۆلاری ئەمریکایی) کەمتر نییە. کەچی کاتێک ڕۆمانێک کۆچیرۆکێک، تۆژینەوەیەک بەرەوڕووی دەزگەکانی پەخش لە کوردستان دەکەیتەوە، هەندێکیان نەک هەر دۆلارێکیشت نادەنێ بەڵکو منەتی ئەوەشت بەسەردا دەکەن بۆیان چاپ کردووی! لە کاتێکدا ڕەنگە ئەو پرۆژەیە هەزار سەعات کاری بردبێ. ئایا ئەمە بەکۆیلەکردنی نووسەر نییە لە سەردەمی ئەلەکترۆندا؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە هیچ حسابێک بۆ ڕووناکبیریی لەئارادا نییە؟ ئایا ئەم هەڵوێستە مانای ئەوەش ناگەیێنێ، کە هێشتا ڕووناکبیریی نەبۆتە کلتوور و بەزیادە مەسرەف حسابە؟ لێرە کاتێ لەکن هەر خوێنەرێکی خەڵکی ئەم وڵاتە باسی دەکەم، یان بستێک زاری دەکاتەوە، یان فیکەیەک لێدەدا و گومان لەئاوەز و لە قسەکانیشم پەیدا دەکا!

ڕووناکبیر لێرە هەربەوەی کتێبێکی سەرکەوتووی نووسیوە ئیدی خەنی بووە.. لە مانگی نیسانی (٢٠٠٦)دا، چوومە سەردانی پیشانگەیەکی هاوبەشی شێوەکاریی. هەندێک تابلۆی برونز، کاری ئەوتۆشیان تێدا نەکرابوو بەهای پەنجا هەزار کرۆنیان لەسەر دانرابوو. ئەو هونەرمەندە دەتوانێ بەداهاتی تەنیا تابلۆیەک، خۆی و خێزانی ماوەی شەش مانگ لە دورگەکانی کەناری ڕابوێرن. شێوەکاری کوردیش دوای ئەوەی تابلۆکانی لە پیشانگەیەکدا پێشان دا، ئیدی نازانێ لەکوێ جێیان بکاتەوە! هونەر بەهەموو لقەکانیوە هەتا نەبێتە داهاتی ئابووریی، تەنیا بەفیڕۆدانی تەمەنە و

کاریگەرییەکی ئەوتۆشی نابێ. لێرەوە دەردەکەوێ رووناکبیری کورد چەند ڕەنج بەخەسارە!

یان ئەوەتا رۆشنبیران بەسەر دەستە و تاقمی بچووکدا دابەش بوون. ئەندامانی هەر دەستەو تاقمێک هەوڵ دەدەن لانی کەمی ڕیزبەندیی هزرییان لە نێواندا هەبێ. بەڵام ناتوانن.، زیاتر هەوا و هەوەس و بەرژەوەندیی پێوەندیی نێوانیانی ڕێکخستووە. ئەم تاقمانە لەنێو خۆشیاندا ناتەباو داخراون. چەند دەکۆشن هێشتا هەر ناتوانن پێوەندیی ئۆرگانی و زیندوو لەگەڵ جەماوەرێکی بەریندا گرێ بدەن. هەر کەس و تاقمە، بانگەشە بۆ گۆشەنیگا و دنیابینیی خۆی دەکات. هەندێ جاران کۆلکە گۆڤارێک، بلاڤۆکێک، کە بە پیتاک دەردەچی و لەکاتی خۆشیدا بلاو نابێتەوە، کۆی کردوونەتەوە. وەکیدی سەرجەمی رووناکبیران لە جڤاکێکی نیمچە داخراوی ئابلۆوقەدراودا دەژین و توانای کرانەوەیان بەسەر دنیادا کزە. چونکە بەحوکمی ئەوەی کوردن ئەوا دەر و دراوسێ بەگەرمی بەدەنگیانەوە ناچن، بگرە لێیان دڕدۆنگن و سڵیشیان لێ دەکەنەوە. بۆیە لە (کوردستان)دا دەستەبژێری رووناکبیر چوونەتەوە نێو کەوڵەکەی خۆیان و وەک پێویست ئاگاداری لێشاوی کتێب و ڕەوتی رووناکبیریی دنیاش نین.

## قەڵەم و ڕیش و چەک

رووناکبیر هەوڵ دەدات ئەوەی خۆی دەیزانێ و دەرکی پێدەکا، بەچوار کەناریدا بلاوی بکاتەوە. بەڵام لە کوردستاندا بەرەورووی ئاریشەی دووانەی (چەک و ڕیش) دەبێتەوە. پرسیارەکە لێرەدایە: ئایا رووناکبیر بەتای قەڵەمێکی ڕووتی بێ پشت و پەنا دەتوانێ بەرەورووی دووانەی چەک و ڕیش ببێتەوە؟ ئایا قەڵەم و چەک و ڕیش لە





ژینگەیەکی وەها لێڵ و داخراودا پێکەوە دەگونجێن؟ ئایا دەکرێ زمانی دایەلۆگ لە نێوان ڕیش و قەڵەمدا بێتە ئاراوە؟ ئایا زمانێک بۆ گفتوگۆ لە نێوان رووناکبیر و کەسانێکدا هەیە، کە باوەڕیان بەگفتوگۆ نەبێ و گوتە و فەرموودەکانی لەمەڕ خۆیان بە پیرۆز و نەگۆڕ بزانن، لە کاتێکدا لایەنەکەی دیکە دنیا و هەموو دیاردەکان لە گۆڕانی بەردەوامدا ببینێ و هیچ گوتە و فەرموودەیەکیش بە نەگۆڕ و پیرۆز نەزانێ؟

## ڕووناکبیری سوپەرمان

دوای ئەوەش، ئایا گۆڕینی کۆمەڵ بەرەو دنیایەکی کامڵتر و ئارامتر و خۆشگوزەرانتر، لە ڕووی هزرەوە کراوەتر، هەر بەتەنیا ئەرکی سەرشانی رووناکبیرە؟ دیارە وەڵامی هەموو ئەم پرسانە؛ نەخێرە! خۆ رووناکبیر سوپەرمان نییە! رۆشنبیران توێژێکی زۆر کەمن و ئەو ئامرازەی بە دەستیانەوەیە تەنیا مەعریفەت و رووناکبیرییە، کە بەتەنیا ناکاتە هەموو شتێک. ناتوانێ ببێتە ئەڵتەرناتیڤی زانست و تەکنۆلۆجیا. ئەگەرچی دەبووایە وەک هەموو دنیا لە دوا جاردا گۆڕانی چلۆنایەتی بەسەردا بهاتایە و ببوایەتە زانست و تەکنۆلۆجیا و کارگە و بەرهەمی مادیشی بدایە. دیارە تەکنۆلۆجیاش بێلایەنە و ئەو گەلەی بتوانێ بەدەستی بێنێ بەگەڕی بخات، خێری لێ دەبینێت. ئەگەرچی تەکنۆلۆجیا لە تواناشیدا نییە خۆی بە تەنیا ئاستی گوزەرانی چین و توێژە هەژارەکانی نێو کۆمەڵ بۆ ئاستێکی شیاوتر و ئینسانیتر سەربخات. جڤاکێک ئەگەر هەتا ئەو ئاستەش نا ئینسانی بێ وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەئارادایە؛ رووناکبیر و کەسانی دیکەش ناتوانن لە سایەیدا باسی سەقامگیری و خۆش گوزەرانی بکەن. ئەمەیان ئەرکی

ژێرخانێکی دەوڵەمەند و دامەزراوە. کارێکی گەلێک سەختە و نابێ لەسەر شانی رووناکبیری بار بکەین. بەڵام رووناکبیریی ئەگەر میدیای بەدەستەوە بێ، دەتوانێ رای گشتی یەک بخا. رای گشتیی یەکگرتووش، هێزێکە رێ لە کاری نادروست و ناجۆر دەگرێ و وزەیەکە بۆ یەکێتی هەڵوێست و هەنگاونان بەرەو دنیای چاکتر. بەڵام رووناکبیر لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا بایکۆت کراوە و جڵەوی میدیای بەدەستەوە نییە!

## کەلەپوور نەپیرۆزە

ئەوێتی (شوناس) هەر نەتەوەیەک بەوە ناپێوری داخۆ تاچەند بەرابوردووی خۆیدا رۆچووە و تاچەند پابەندی کەلەپووری خۆیەتی. ئەمرۆ کەلەپوور بەپیرۆز ناناسرێ. چونکە هەر شتێک وەک پیرۆز سەرنج درا، ئیدی مانای وایە تۆ ناتەوێ لێی تێپەڕینی. ئەوسا ئەو کەلەپوورەش دەبێتە زیندانێک بۆ داهێنان. داهێنانیش لەهەر بوارێکدابێ، بریتییە لە تیپەڕاندن و گۆڕین و رەخنە لەخۆو لەرابردوو گرتن..

لایەنە گەشەکانی کەلەپوور ئەگەر بۆ تێپەڕاندن پاڵپشت و سرووش بەخش نەبن و نەتوانرێ لەسەر داروبارەکانیان بینای نوێ بکرێ، ئەوا دەبێتە کۆت و دەچیتە دەست و پاو گەردنمان. بۆیەکا داهێنان پشت کردنە رابوردووە و دابرانە لەکۆن و نەریتە باوەکان. ناکرێ ئێمە لەئێستادا بژین و باپیران رێنماییمان بکەن. ئێمە دەتوانین تەنیا سوود لەلایەنە گەشەکانیان ببینین. چۆن دەبێ مردوو فەرمانڕەوایی زیندوو بکات! چۆن دەبێ گۆڕستان حوکمی شارستان بکات!

ئەمە مەرجێکە لە مەرجەکانی راپەڕین و پێشڤەچوون. هەمیشە





جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گەرانەوە بۆ کەلەپوور و مێژوو؛ لەگەڵ ئەوەدا، کە ئێمە کەلەپوور و مێژوو بۆ ئەم سەردەمە بهێنین و بەرگی ئەم چەرخ و سەردەمەیان پێ بپۆشین هەیە!

## رۆژنامە نووسەر دەچرووسێنێ

بەسەرێکی دی رۆژنامە نووسەر دەبەستێتەوە و دەیکاتە رۆشنبیرێکی کاتی. چونکە ئەو لەوێدا دەتوانێ بۆ تەنیا قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراو بنووسێ. رۆشنبیر لەو جۆرە رۆژنامانەدا بۆ ئەو رۆژگارە دەنووسێ، کە تێیدا دەژی. ئەوەی ئەمرۆ دەینووسێ سبەی لەیاد دەچێتەوە، کاری رۆژنامە وەهایە. بۆیە بە مردنی لەیاد دەچێتەوە. پێم وایە رۆژنامە، ئەگەر موڵکی حیزب بوو. هەمیشە ئەدیب دەچرووسێنێ و وزە و تواناکانی هەڵدەمژێ.

ئەوان، واتە خاوەن رۆژنامە، لە سنووری ئەو رۆژنامەیەدا هەل و مەرجێکی وەهایان رەخساندووە رووناکبیر دەکەنە میلیشیا. لە بری ئەوەی چەکی لە شان بێ، ئەو قەڵەمی لە شانە. هەر بەتای ئەو قەڵەمە جەنگێکی پێشوەخت دۆڕاوی نارەوای پێ بەرپا دەکەن. جەنگێک، رۆشنبیر لەخێر و بێریدا، بێ بەشە. سەرلەبەری دەستکەوتە مادی و مەعنەوییەکان بۆ ئەوانەیە، کە لەپشتی پەردەوە ئاشی قەڵەمە کرێگرتەکان دەگێڕن و ئاراستەیان دەکەن. لێرەوە زۆرێک رووناکبیر نابووت و مایەپووچن. لەم گەمە دۆڕاوەدا ئەوان تەنیا نانەسکی و ماندووبوونی هزری و دەروونییان پێ دەبڕێ. هەندێ جار رۆشنبیر لە گەمەی نێوان هێزەکاندا وەک داشێکی شەترەنج و دامە دەخورێ و داش بە داشی پێ دەکرێ!

## ڕووناکبیریی خالیس

ئەمرۆ لە هەموو دنیادا ڕووناکبیریی خالیس و سەد دەرسەد نەماوە. هەموو لە یەکدییان خواستووە. بەدەوروبەر سەرسامن! ڕۆشنبیریی هەر میللەتێکیش هەتا لە هی دەوروبەر و دوور سوود ببینێ ئەوا دەوڵەمەندتر و بتەوترە. دیارە من لێرەدا مەبەستم لاساییکردنەوەی ڕووت نییە. کاریگەریی هزر و هونەری یۆنانی کۆن لەسەر تەواوی دنیا هەیە. تا ئێستاش ئاسەواری ئەو کاریگەرییە هەر ماوە. هەمان دەستوور بۆ کاریگەریی فەلسەفەی ئەڵمانی بە هەموو قوتبەکانییەوە، تاکو ئەمڕۆش ماوە. چونکە خودی ڕۆشنبیریی دیاردەیەکی نێونەتەوەییە. خۆراوای بە زانست و فیکر و فەلسەفە دەوڵەمەند. خۆراوای زێدی زمانە زیندووەکان. زێدی سۆکرات و ئەرستۆ و هیگڵ، هەتا دەگاتە مارکس و هزرڤانانی دوای مارکس، کار دەکەنە سەر ئێمەی خۆرهەڵاتیی پەرێشانحاڵی، لە ڕووی هزر و فەلسەفەوە هەژار و بێ دەرەتان.

هەڵبەتە ئەوروپای لانکەی شیعر و شانۆ و ڕۆمان؛ هەر لە هۆمیرۆس و ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیسەوە بگرە هەتا بە شەکسپیر و خاوەن نۆبڵەکانی نوێ دەگات، کار دەکەنە سەر ئێمەش، وەک چۆن کاریان لە هەموو دنیا کردووە. ڕۆمانە ڕووسییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی ئەوروپا و جیهان هەیە. داهێنانیش بەگشتی یەکێ لە خاسییەتەکانی ئەوەیە، کە سنوور بەزێنە. هەر فیلمێک، ڕۆمانێک، شانۆیەک ئەگەر توانیی سنوورەکان ببەزێنێ و هەرچی زیاتر بڵاو ببێتەوە، ئەوە نیشانەی دەوڵەمەندییەتی. لێرەشەوە دەکرێ بڵێین جیهانگیریی بۆی هەیە بەرهەمی خۆماڵی دەوڵەمەند بکات نەک بیسڕێتەوە.. یان





دەتوانین بڵێین: گڵۆباڵیزم بریتییە لە توانای کەڵک وەرگرتن و خستنەکاری کلتوورە جیاوازەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆ.

## چیمان بۆ پێشوازیی جیهانگیریی پێیە؟

کاتێ ئەوروپاییەکان باس لە نوێخوازی و تازەگەریی دەکەن. وەک ئەوە وایە باسی دیاردەیەکی تەواو خۆماڵی و ئاشنا بکەن. چونکە یەکلەباری ئەوان هەر لەپێش زایینەوە، لە ناوەندی ئەوروپاوە خاوەنی شارستانییەتی پێشکەوتوو بوون. خاوەنی دەوڵەت و دەزگەکانی بوون. خاوەنی چەندین هزریار و هونەرکار و شانۆکار و ئەندازیار بوون. ئەو داهێنەرانە تاکو ئێستاش نێوی درەوشاوەی مێژوون. ئەگەرچی هەیانە بەڕەگیشە خەڵکی خودی یۆنان نین، بەڵام ئەوە سوننەتێکی مێژووییە، لە هەرکوێ شارستانییەتێک سەری هەڵدابێ، وەک ڕووناکییەکی نێو شەوەزەنگ چلۆن پەروانە ئاپۆرەی لێ دەدەن ئاوهاش زانایان لە چوارقوڕنەی دنیاوە بەرەوپیری چوون و لە دەوری خڕبوونەتەوە. چونکە لەوێندەرێ بۆیان لواوە خزمەتی خۆیان پێشکەش بکەن و هونەر بنوێنن.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم ئەوان جێ پێیان بە مێژووی خۆیان قایمە و خاوەنی پێشینەیەکی دەوڵەمەندی دیار و حاشا هەڵنەگرن. بەڵام کوا مێژووی دەوڵەمەند و زەمینەی ئێمە؟ ئێمە مەگەر ئەوەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تازەگەریدا هەمانبێ تەنیا زمانەکەمان بێ. بەڵێ ئامرازی نوێخوازیی زمانە و ئێمەش زمانمان هەیە.

هەندێک لە سیاسییەکانی لای ئێمە ئەوەندە خەمخۆری لایەنە گەشەکانی جیهانگیریی نین. ئەوان هیچ گرنگیی بەوە نادەن داخۆ لە

دەرەوەی سنووری خۆیاندا چ پێشڤەچوونێک، چ جۆش و خرۆشێک لەئارادایە. ئەوان پێیان باشە هەم خۆیان و هەم میللەتەکەیش ئاگاداری کەشوهەوایی هەندەران نەبن.

بەڵام لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیادا ئەم پرسە تەواو پێچەوانەیە. کێن ئەوانەی سوود لە لایەنە گەشەکانی جیهانگیریی وەردەگرن و جارێکی دیکە لە نێوخۆدا زانست بەرهەم دەهێننەوە؟ بێگومان زاناکانن. بەڵام کوا ڕێ و جێی زاناو پلە و پایەیان؟ هەندێک زانایان نەگەرەکە. هەن مێگەل لەسەر حسابی یەکدی کۆدەکەنەوە. ئەگەر ئەم مێگەل بەخێوکردنە لەسەر حسابی سنووری دەستەڵاتی داگیرکەریش بووایە هەر نەیسە. چونکە ئەوسا شتێکی دیکەمان دەگوت. بەڵام تەنیا لەسەر حسابی یەکدییە. زاناش ناتوانێ لەنێو مێگەلدا هەڵبکات.

هەر ئاریشەیەک ملی بگری، جا کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری بێ یان ئابووریی، ئەوا ئاریشەیەکی سیاسی وا لە پشتەوە. گەلان بەژمارەی سەعاتی کاری ڕۆڵەکانیان بەرەوپێش دەچن. شارستانییەتیش یەکسانە بەسوود بینین و بەکاربردنی ساتەکانی تەمەن. لەسەر دەستی نەکردەو دەست بەتاڵدا پێشڤەچوون ڕوونادات و هیچ کاڵایەکیش بەرهەم نایەت. لە دۆخی بێکاریدا تەنیا ژمارەی گوڵەبەڕۆژە ترووکێنەکان هەڵدەکشێ، کە کاری تەیر و تواڵە. ئێوە لەوێ، سەرنجی شەقامەکانی کوردستان بدەن. کوڕوکاڵ بەناچاری خۆیان داوەتە بەر بەڕۆچکە و خوویان بەگوڵەبەڕۆژە ترووکاندنەوە گرتووە.



# هەندێک لە پرۆبلیمەکانی ڕۆشنبیری کورد

١

لای ئێمە ڕووناکبیریی لە چوارچێوەی تەسکی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ئەدەبی زارۆکاندا پەنگی خواردۆتەوە و قەتیس ماوە. واتە سنوورێکی تەسکی بۆ کێشراوە. بەڵام ئەو ژانرانە تەنیا بەشێکی کەمی ڕووناکبیریی هەر میللەتێک پێکدێن. ڕۆشنبیریی تێکەڵەیەکی مۆنتاجکراوە لە هەموو ئەو دابونەریت، کلتوور، هەڵسوکەوت، خواردن، خواردنەوە، گۆرانی، سەما، پۆشاک و داهێنراوانەی بەدرێژایی مێژوو، لەسەرمان بوونەتە ماڵ و میللەتێکیان پێ دەناسرێتەوە. ئێمە کاتێ باس لە ڕووناکبیریی خۆرئاوا دەکەین، بەو ژانرانەوە ناوەستین. گەلێک فیگەری دیکەمان مەبەستە، کە بۆ ناسینەوەیان هیچ پێویست بەوە ناکا خۆمانی لەدوو ماندوو بکەین، چونکە لەبەرچاون. گرنگەکانیان، کە دنیایان تەنیوە، بریتین لە کۆلا، پیبسی، ماکدۆناڵد، پۆشاک و کاڵەی وەرزش، کاوبۆی و تەلەفوونی دەستی و مۆدیلە سەیرەکانی قژبڕینی کوڕان و کچان و گۆرانی و موسیکی نوێ.

ئێمەی کوردیش وەک گەلانی دیکەی دەوروبەرمان بەکاربەر و چاو لەدەستیانین. مینا دەروێش بڕوامان پێیانە. ئەم متمانەیەش هەروا بە ئاسانی پەیدا نەبووە. بەڵکو ئەوان بەهۆی ڕەنج و نەخشەکێشانی ورد؛ بە پشتەوانی ڕیکلام، لەڕێی کەناڵە هەمە جۆرەکانەوە، کە بۆ خۆشیان هەر بەرهەمی ڕووناکبیری و تەکنۆلۆجیای سەردەمن، توانیویانە وەک

کاڵای سەردەم بەدنیایان بناسێن، بۆ ئابووریی نیشتمانیی خۆیان بیانکەنە پاڵپشت.

٢

لەکنەمە، وەک لای وڵاتە گەورەکانی دنیا، ڕۆشنبیریی، لەپاڵ پۆلێتیک و ئابووریدا، نەبۆتە بەشێک لە ستراتیج. نەک هەر تەنیا لای ئێمەی پەڕاوێزکەفتەی بێ دەوڵەت وەهایە، بەڵکو لە وڵاتانی عێراق و سوریەش، کە مێژووییەکە هەم خاوەن دەوڵەتن و هەم داگیرکەر، هێشتا هەر ڕووناکبیریی نەبۆتە بەشێک لە ستراتیجیان، تاکو ڕەنگی بۆ بڕێژرێ و نەخشەو پلانی بۆ ڕۆبنرێ، چ جای کوردی داگیرکراوی تەپەسەر.. ئێمە تەنیا بەکاربەری ڕۆشنبیری و کەرەستەکانی ڕۆشنبیریی بیانین، ئەویش ئەگەر لەچاو دنیادا بەراوردی بکەین، ئەوا لە ئاستێکی نزمدایە.

دەنا ئێمەش وەک گەلێکی لە مێژینەی خۆرهەڵات خاوەنی کاڵای خۆماڵی و ڕەسەنی خۆمانین، کە مێژووی کۆنیان هەیەو بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی ڕووناکبیریمان. ئەگەر ئەو فیگەرانە نەخشەو پلانیان لە دواوە بێ، دەکرێ ئێمە بەدنیا بناسن و ببنە خشتێکیش لە بونیادی ئابووریمان. بەڵام ئەگەر بەتەنگیانەوە نەبین و خەمیان نەخۆین ئەوا ئەگەری ئەوە لەئارادایە دەرودراوسێ لێمانیان زەوت بکەن و بەنێوی خۆیانەوە بەجیهانی بناسێن.

٣

لە تەواوی ناوچەکەدا، بە باشووری کوردستانیشەوە، لە ئەنجامی شکستی سیاسەتی چەوتی چەپە سوننەتییەکان، کە بووە مایەی





پاشەکشەی خۆیان و پاشتر وەدەرنانیان لە گەمە سیاسییەکاندا. دوا بەدوای ئەوانیش، چونکە ڕەوتە شۆڤێنییەکانی ناوچەکە نەیانتوانی و نەیانزانی وەڵامی خۆزیاو بریاکانی خەڵک، بەکەمایەتییە نەتەوە و ئیتن و ئۆل و تایەفە جیاوازەکانی بن دەستیشیانەوە بدەنەوە، ئەوانیش هەرەسیان هێنا، ئەوانەیان، کە تاکو ئێستاش هەر بە زەبری داپڵۆسین لە گۆڕەپانەکەدا هەناسە دەدەن، هاکا هەرەسیان هێنا و هەناسەیان لێ بڕا.

لێرەوە، لەم خاڵە لاوازەوە، ڕەوتە ئیسلامییە توندڕۆکان زەمینەیان بۆ خۆش بووە و بەگوڕ هاتوونەتە پێشەوە. بەنیازن ببنە ئەلتەرناتیڤی دوو ڕەوتەکەی پێشوو. بەنیازن لەم چەرخی گلۆبالیزمەوە ڕەوڕەوەی مێژوو پانزە سەدە بۆ دواوە، بەرەو جەهالەت و جاهیلییەت بگێڕنە دواوە. بۆیە توێژی ڕووناکبیر، ئەوانەیان بترازێ، کە لە حیزبەکاندا کاران و ڕۆشنبیری پارتەکانن، لە دوای ڕاپەڕینەوە بەشی هەر ڕاونان و کوشتن و برسیکردن و پەڕاوێز و خەفەکردن و تۆمەتبارکردن بووە. وەک توێژێکی هەمیشە لەگەڵ هێزی تاریکیدا ناتەبا، نها جارێکی دی لێرەو لەوێ وەک سوپەر و قەزاوەگێڕ دەهێنرێتەوە چەقی مەیدان. تاکو ئەویش پێ بەپێی بزاڤە سیاسییەکان لە بەرامبەر هێزی تاریکیدا لە ملانێدابێ و بەتای قەڵەمێکەوە سەنگەر بگرێ. تاکو ڕووی گەشی ئەم هێزانەی، ئێستا لە بەرامبەر بزاڤی ئیسلامیی توندڕۆدا لە جەنگێکی دەستەویەخەی سەختدان، بخاتەڕوو.

تێگەیشتن لەم نیازە کارێکی ئاسانە. ئەگەر وای دابنێین هزر دەتوانێ لەبەرامبەر هزردا ملانێ بکات و لە سنوورێکدا بیوەستێنێ. ئەوا دەیانەوێ هزری ڕووناک و پێشکەوتووی ڕۆشنبیر، لە بەرامبەر

هزری تاریک و پاشڤەڕۆی توندڕۆدا وەک لەمپەرێک ڕابگرن. بەڵام پرسەکە لێرەدایە، کاری ڕووناکبیر تەنیا سپیکردنەوەی ڕووی ئەو دەستە و پارت و ئیدارانەیە و لەبەر خاتری چاوی کاڵی خودی ڕۆشنبیر و بزاڤی ڕۆشنبیریی نییە!

ئەوان ڕۆشنبیریان بۆ ئەوەیە تاکو ئاوێنەیەکی ئەفسانەیی بێ لەپێش جەماوەردا وەک خزمەتگوزار و بەتەنگەوەبوو و سەرڕاست، کاربەدەستان پیشان بدات! ڕەنگە لەو سۆنگەیەوە، کە دەرهەق زەمانە ئیشیان پێیەتی، لێشی قەبووڵ بکەن جاروبار لێرەو لەوێ، وەلێ بەسلووکەت، وردە ڕەخنە لە هەندێ دۆخ و دیاردەی کۆمەڵایەتیی ناگرنگ و لاوەکی و کاربەدەستە پلە دوو و سێیەکانی پارت و حکوومەت بگرێ. بەڵام هەرکاتێک ڕەخنە پێی لێ هەڵبڕی و گەیشتە سەر سیاسەتی ڕەنگ بۆڕێژراوی فڵان و فیسار پارت، هەر کاتێک ڕەخنە گەیشتە سەر ڕیزی پێشەوەی پارت و حکوومەت، ئەوا جارێکی دی ڕۆشنبیر دووچاری پەڕاوێزکەفتن و گرفتی کۆچەڵکۆچ دەبێتەوە.

لەو خۆرهەڵاتی ناڤینەدا هیچ لایەک ڕووناکبیری ڕەخنەگریان گەرەک نییە، ئەگەر ئەو ڕەخنەیە خەیاڵی گۆڕینی گەوهەریی لەخۆیدا هەڵگرتبێ. بەڵکو ئەوان دەیانەوێ هەمیشە سەری زمان و بنی زمانی ڕۆشنبیر پێداهەڵدان و باسی سەرکەوتنی پرۆژەکانیان بێ.

ئەوەش لەولاوە بوەستێ، هەندێ جاران قەبووڵکردنی ڕەخنەی ڕووناکبیر لەلایەن دەسەڵاتەوە، وەهای بەدیار دەخا ئەو دەسەڵاتە، سینگ فراوانە، بڕوای بەڕای بەرامبەر هەیە و گوێی لێ دەگرێ. کەواتە دەسەڵاتێکی دیموکراتییە و ئەم هەڵوێستەشی دیسان بەچاکەی خۆی دەشکێتەوە.





٤

بەسەرێکی دیکە ئەدەبدۆستی کورد لە سەربوردەی ژیانی (قانیع و بێکەس و گۆران)ەوە دەڕوانێتە ڕۆشنبیری ئەم سەردەمی ئەلەکترۆنە و بەو پێودانگەی ئەوسا دەینرخێنێت. خوێنەری کورد پێیان ڕەوایە ڕۆشنبیر لە برساندا زگی خۆی هەڵبگوشێ و کاتێ کۆچی دوایی کرد شەش درهەمی لەپاش جێ بمێنێ. ئەوان ڕەچاوی پێداویستییەکانی سەردەم بۆ خۆیان دەکەن، بەڵام بۆ نووسەر و هونەرمەندان بێدەربەستن. وەک بڵێین ڕووناکبیر ئەو مرۆڤەیە، کە بە هەژاری و نەدارییەوە جوانە! بێ گوێدانە ئەوەی، ئێستا باوی درهەم نەماوە و ئەرکی ژیان بۆ نووسەر و ماڵ و منداڵی هونەرمەندیش وەک خەڵکی دیکە قورس بووە!! لە بەرامبەردا جەماوەر هیچیان بۆ نووسەر و هونەرمەند پێ نییە! تەنانەت بەرهەمەکانیشی لێ ناکڕن. سیدی بێت کۆپیی دەکەنەوە. واتە گزیی لێ دەکەن!! کتێب بێت، ئەوە هەر بەلاشیدا ناچن!

ئەگەر ئەو جەماوەرە بەڕێزە، لەبریی هاودەنگی و ڕێزی دووراودوور، کە ناچێتە گیرفانەوە، ئەوەندەیان لەدەست بهاتایە مینا گەلێکی زیندووی هوشیاری دڵاوا مامەڵەیان بکردایە. وەک ئەم خەڵکی ئەورووپایە ڕەفتاریان بکردایە. یان هیچ نەبێ ئەوانەیان، کە لەئەورووپا دەژین و شەق لەپارە هەڵدەدەن، پێیان لەجەرگی خۆیان بنایەو مانگی (١٠) دۆلاریان بۆ سیدی و کتێب تەرخان بکردایە، ئەوا نووسەر و هونەرمەندی کورد لەهەموو پارت و حکوومەتێک بێ منەت دەبوون.

من لێرەدا باسی ئەو شێوەکارە بەهرەمەندە ناکەم، کە هیچ ملیۆنێرێکی چاوچنۆک و بێ زەوقی کورد دڵی نەهاتووە تابلۆیەکی بە

سەد دۆلاریش لێ بکڕێ! بەڵێ خوێنەر و هونەردۆستی کورد لەئاستی نووسەر و هونەرمەندی کورددا تەنیا هاودەنگی و پێزانینی دووراودووریان لەدەست دێ! فێرنەبوون دەست بەگیرفانیاندا بکەن و هانی ڕۆشنبیریی میللەتی خۆیان بدەن و بۆ خۆشیان شتێکیان لێوە فێر بن، یان هەر هیچ نەبێ چەردەیەک چێژ لە بەرهەمەکانیان وەربگرن. مەگەر بەدەگمەن، دەنا لە دەستیان نایەت لە ڕێی پۆستی ئەلکترۆنیشەوە، کە هیچی تێ ناچێت، پیرۆزبایی بڵاوبوونەوەی بەرهەمە نوێیەکانی لێ بکەن!

بەڵام ئەگەر نووسەر لەبەر هۆیەک لە هۆیەکان چووە پاڵ هەر پارتێک، ئیتر ئەدەبدۆست بێئەوەی ڕەچاوی ئەوەش بکات ئاخر ئێمە هێشتا لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیداین، ئاخر ئەو حیزبانە لەگەڵ ناجۆرییەکانیاندا هێشتا بەبەریانەوە ماوە. یەکسەر لە ڕۆشنبیر دڕدۆنگ دەبن و لێی دەکەونە تەقە! بەڕادەیەک ئیدی هەرچییەک بنووسێ، هەرچییەک بڵێ، قسەی ئێرە و ئەوێ بڕ ناکات. وەک قوماشی عەمارەپۆی بەرهەتاوی چلەی هاوین ڕەنگی کاڵ دەبێتەوە و ڕێزی نامێنێ. بۆ خۆشی، واتە کاکی یان خوشکی ئەدەب و هونەردۆست، هەرچی ناوی بەرپرسیارێتی بێ نایگرێتە ئەستۆ. سووک و باریک لێی دەردەچی!



## کورد میللەتێکە دەنووسێ، بەڵام ناخوێنێتەوە

ئەگەر حەشیمەتی کورد لە باشوور، کە پاژە هەرە ئازاد و پێشکەوتووەکەی کوردستانی مەزن پێکدێنێ و زۆربەی کورد لەوێ بە زمانی دایک دەنووسن و دەخوێننەوە، بە(شەش) ملیۆن بخەملێنین. نووسەرێکی ناسراوی ئەم سەردەمەش لەوێ (هەزار) دانە لە کتێبەکەی خۆی چاپ بکات؛ مانای وایە، بە (شەش هەزار) کورد (یەک) کتێبیان بەردەکەوێ. یان ڕاستتر وایە بڵێین لە نێوان شەش هەزار کورددا، دانەیەکیان دەخوێنێتەوە! واتە لەنێو شەش هەزار کورددا یەکێکیان بەخوێندەوار حسابە! دیارە ئەوەشی مایەوە نەخوێندەوارە!

بەم پێیە بێ، کە باوەڕناکەم زێدەڕۆیی تێدابێ، کورد دەچێتە ڕیزی هەرە نەخوێندەوارترین گەلانی دنیاوە! ئەمەش دەرئەنجامێکی تاڵە کۆمەڵێک هۆکاری ڕەگاژووی لەپشتەوەیە.. ڕایەکی بەڵگەنەویستیشە، ئەو تاکەی نەخوێنێتەوە، ناشزانێ! واتە زاراوەی نەخوێندەوار (بێ سەواد) پڕ بەپێستێتی، نەخاسمە لەم سەردەمی ئەلکترۆن و کۆپیکردنی مرۆڤ و شۆڕشی تەکنۆلۆجیاو زانیارییەدا. جا با ئەو تاکە هەر ڕشتەیەکی خوێندبێ و خاوەنی هەر بڕوانامەیەک بێت!

ئەگەر بڕوامان بە سرووشیش (وحی) هەبێ، ئەوا بەلای گەلی کوردی زۆرینە موسوڵمانەوە، لەوەتەی پەیامبەری ئیسلام فەرموویەتی: (بەدوای مندا پەیامبەر نایەت / لا نبي بعدي) ئەوا لەوساوە کەسی

دیکە بەپێغەمبەر ڕەوانە نەکراوە، هەتا گریمانەی ئەوەش لە ئارادابێ، کە خوداوەند هێشتا هەر سرووش بە خەڵقندەکانی خۆی ببەخشێ و بە(جوبرائیل)ی فریشتەدا زانیاری و پەیامیان بۆ بنێرێ!

ئەگەر خوێنەر نەبوو نووسینیش نییە. هەر وەک کەسێتیی (نووسەر)یش بوونێکی نییە. تۆ کاتێک دەتوانی بەخۆت بڵێی، من نووسەرم، کە خوێنەرت هەبێ، تەواو وەک چۆن شانۆ بەبێ (بینەر)و گۆرانی بەبێ (گوێگر) پێکنایەت، نووسەریش بەبێ (خوێنەر) ئۆرتێکی مادی و مەعنەویی نییە. خۆ هەر ئەنفال کارەسات نییە. ئەمەش کارەساتێکی دیکەی مەزنە، لە میللەتێکدا هەزار خوێنەر هەڵبکەوێ، ئەویش بەهەزار ناری عەلی! خۆ ئەم کارەساتەیان، بەتایبەت لەم سەروبەندەدا خۆکردە و دوژمن کرد نییە. پرسەکە لێرەدایە: داخۆ لەدەروازەی سەدەی بیست و یەکەمدا میللەتی نەخوێندەوار شیاوی ژیان و ئازادییە؟

ئەگەر جاران ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە نەبوو، خۆ ئێستا ڕێگەکە هەموارە! نووسەران تاڕادەیەکی باش بەئازادی شرۆڤەی مێژووی کۆن و نوێ دەکەن.. لەسەر جوگرافیای کوردستان و هەموو ئەو بابەتانەی، کە جاران بڤە بوون بەدەیان کتێب لەبەردەستدان. نرخی کتێب هەرزانە، توانای کڕینیش بەو ڕادەیە نزم نییە، خوێنەرێک نەتوانی ساڵی کتێبێک بکڕێ. لێرەوە کۆمەڵێک پرسیاری دیکەی ڕەوا سەرهەڵدەدەن. ئایا بوونی (یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کورد..) زیادە مەسرەف نین؟ کورد چاپخانەی بۆچییە؟ لەپای چی ئەو حەمکە پارەیە بەفیڕۆ بڕوات؟ ئایا ئەو هەموو ڕەنجەی نووسەرانی بەرایی دایان بەفیڕۆ نەچوو؟ ئەو ڕەنجەی







نووسەرانی ئەم سەردەمە دەیدەن و تەمەنی خۆیانی لەسەر دادەنێن ئاسنی سارد کوتان نییە؟ ئایا ئەوان لەلایەن گەلی خۆیانەوە کڵاویان لەسەر نەنراوە؟

تاکی کورد خووی پێوە گرتووە لە هیچ تەمەنێکدا ناخوێنێتەوە. لە منداڵیدا ناخوێنێتەوە، چونکە خوێندنەوە لەلای کورد نەبووە بە کلتوور، لەدەرێی لەکتێبە فەرمییەکانی قوتابخانە، سەرچاوەی دیکەی لەبەردەستدا نییە هەتا زەینی بەسەر ڕووناکبیریدا بکرێتەوە و خوێندنەوە لەلای ببێ بەکلتوور و خووی پێوە بگرێ و ئیدی بەگەورەییش تەرکی نەکات و هەرکاتێکیش خێزانی پێکەوەنا ئەویش منداڵەکانی لەسەر خوێندنەوە ڕابهێنێ.. بۆیە تاکی کورد بەگشتیی، لە هیچ قۆناغێکدا حەزی بە خوێندنەوە، نییە ئەگەرچی کاتێکی زۆری تەمەنیشی بێ کار بباتە سەر.

لێرە، لە ئەورووپا، خەڵک لە هەموو تەمەنێکدا دەخوێننەوە، چونکە لە تافی منداڵییەوە لەلایان بووە بەکلتوور و لەسەری ڕاهاتوون. وەکیدی چاکترین تەمەن بۆ خوێندنەوە؛ پەنجا ساڵی و بەرەوژوورە. چونکە لەم تەمەنەدا ئیدی منداڵی گچکەیان نییە هەتا زۆربەی کاتی دوای سەعاتەکانی کاری خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. بۆیە وێڕای توێژی لاوان، لە تەمەنی پەنجا ساڵ و بۆ سەرەوە، دەیانبینی لە پاسدا، لە قەتار و میترۆ و شوێنە گشتییەکاندا کتێبیان پێیە و دەخوێننەوە. کاتێ بۆ کەناری دەریا دەچن یانژی ئەودەمەی خۆیان دەدەنە بەر تیشکی خۆر هەر کتێبێکیان پێیە و ناهێڵن تاوێکی تەمەنیان بەفیڕۆ بچێت. لە هاوینی ٢٠٠٦ دا سەردانی کوردستانم کرد، سەرنجی ناو فڕۆکەکەم دا، تەنیا من کتێبم پێبوو! منیش کەوتبوومە نێوان دوو

ئازیزی سوێرقسەوە نەیانهێشت بخوێنمەوە. پێموایە تەنیا کورد دەتوانێ چوار سەعات و نیو بەئاسمانەوە بێ بێئەوەی بخوێنێتەوە!

بێگومان ئەگەر پێشبڕکێی لەم جۆرە هەبێ ئەوا هەموو جارێک کورد خەڵاتەکە دەباتەوە! شتێکی ئاشکرایە، کە چاوی مرۆڤ لە تەمەنی چلساڵی بەدواوە لە کورتی دەدا و ئیدی چ بۆ دوور و چ بۆ خوێندنەوە مرۆڤ پێویستی بە چاویلکە دەبێ. لەوێوە چاویلکە دەبێتە یەکێک لە پێویستییەکانی ژیان. کەچی تاکی کورد ئەوا چاک ئاگای لێیە، کە لە دووریی چەند مەترێکەوە (گا) و (بزن) لەیەک جیاناکاتەوە، لە نزیکیشەوە سەردێڕی ڕۆژنامەی بۆ ناخوێنرێتەوە، کەچی ناکات چاویلکەیەک بەکرد بدات، تا پێی بخوێنێتەوە و دنیای بەڕوونی پێ ببینێ و شتێ ئاگاداری ئەحواڵی دنیاببێ. یان هیچ نەبێ تاکو بینایی لەوە زیاتر دانەبەزێ و لێڵ نەبێ. بەڵکو ئەو وەها خۆی پیشانی دەور و پشتی دەدات، کە ئەو هێشتا چاوی شەش لەسەر شەشە. ئیدی تاکی کورد هێشتا هەر گەنجە ئەسبابی خوێندنەوە، کە چاوە و دەبێ زۆر لەلای ئازیزبێ وەک ئیدیۆمە کوردییەکە دەڵێ (وەک چاوی بیپارێزێ)، کەچی ئەو ئامرازی خوێندنەوەی دۆڕاندووە. ئەمەش مانای وایە بەهیوای ئەوە نەماوە چیدی یەک لاپەڕە بخوێنێتەوە. بۆیە تەواو بەپێچەوانەی ئەوروپاوە، کە چاویلکەساز هەردەم جەنجاڵن و بەرناکەون. کۆنتاکتیان لەگەڵ نزیکەی زۆربەی میللەتەکەدا هەیە و ساڵانە چەندین جارێک نامەیان بۆ دەنێرن تاکو لەنوێ سەردانیان بکەن و لەنوێ پشکنین بۆ چاو و چاویلکەکانیان بکەن، کەچی بڕوام وایە، لە شارێکی گەورەی وەک سلێمانی یان هەولێر و کەرکووکدا، ڕەنگە یەکی (دە) چاویلکەسازیان تێدا نەبێ! بەڵێ پیرەمێرد و





پیرەژنی کورد بەحاڵ چاویان دەبینێ کەچی وەک کوڕەزۆکە و کچە عازەبی چاو (زەرقای یەمامە) خۆیانمان پێ دەناسێنن!

دەزانم کورد بەئەوروپایی بەراورد ناکرێ، چونکە خاوەنی دوو کلتوور و دوو شارستانییەت و دوو مێنتەلێتیی تەواو جیاوازن. بەڵام بۆچی دەبێ، دواکەوتن بگاتە ئاستێک، لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەکوردی ئەورپانشین بوترێ نەخوێندەوار؟ یەک لەباری کوردانی ئەوروپا، لەم ڕێژەیەیان (بە شەش هەزار کتێبێک) تێپەڕاندووە. لێرە وەها نەکەوتۆتەوە، بەڵکو دۆخەکە لێرە خراپترە! ئەوی ڕاستی بێ وشەی (خراپترە) پلەی دووەمی بەراوردە، بۆیەکا پڕ بەپێستی ئەم دۆخە ناهەموارە نییە، کە کوردەیلی ئەوروپای تێ کەوتووە! بەتەواوی دڵنیاییەوە دەیڵێم، کوردەیلی وڵات خەیلێ لەمان باشترن! بەندە (هەوایی) ئەم ڕایە دەرناپەڕێنم.. بەڵکو بەڵگەم لەلایە.. وەلێ لەبەرئەوەی لەو چاوپێکەوتنەدا کە هێژا (غازی حەسەن) لە ماڵپەڕی (کلاوڕۆژنە)دا لەگەڵیدا سازدابووم بەڵگەکانم خستبوونە ڕوو، لێرەدا پاتەکردنەوەیان بە پێویست نازانم. ئەوەندەی نەبێ کە وتبووم: «کوردەیلی ئەوروپا ئامادەنین ساڵانە پارەی ئایسکرێمێک بەکتێب بدەن!»

زیادەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم تاکە چالاکییەکی ڕووناکبیریی، کە لە وڵاتێکی وەک دانیمارکدا (بۆ نموونە) لەئارادا بێت و شیاوی ئەوەبێ ئاماژەی پێ بدرێ، تەنیا (کورد تیڤی)یە، کە بەتوانا و ڕەنجی خۆبەخشانەی چەند لاوێک بەڕێوە دەچێت و یارمەتیی دارایی لە هیچ حیزبێکی کوردی و غەیرە کوردی وەرناگرێ. واتە ڕاگەیاندنی ئازادە.. بێ کەم و زیاد ئەم لاوە کارا و ئازیزانە بەڕێوەی دەبەن، کە دەبێ

بەرێزەوە ناویان بهێنم (دارا حسێن، ڕێبوار تەها، دلێر ڕەشید). بەندەش هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بە بەرنامەی (هەر جاری کتێبێک) هاوکارییان دەکەم. لێرەدا نابێ (گۆران هەڵەبجەیی)م لەیاد بچێ، کە بەدرێژایی نزیکەی چوار ساڵان بەدڵگەرمیی کاری بۆ دەکرد. جێی ئاماژەیە، بەپێی ئامار و ڕای شارەزایان، لەنێو کەناڵە لۆکاڵەکانی پایتەختدا (کورد تیڤی) زۆرترین بینەری هەیە، ئەمەش دوور لەزیادەڕۆیی مانای وایە موسیک و گۆرانی و کلتووری کورد بەدانیمارکییەکان و هەم بە ڕەوەندی گەلانی تر، دەناسێنێ. بەڵام یەک لەباری ڕەوەندی کورد لەم وڵاتە، دەکرا گەلێک لەوە چالاکتر بوایە.

ڕۆژانە سەدان کەس لەم سایتانەدا چاک و خراپ دەنووسن. ئەگەر چی یەک لەباری ئەورووپا ئینتەرنێت مەعافە و کارەباش هەردەم هەیە، بەڵام کەم نووسینی جوان هەیە، بەناوخۆ و بە دەرەوەی وڵات، سێ هەزار خوێنەری هەبێ! گەر بێتو شاعیران، کە بەسەدانن و مامۆستای زانکۆ، کە بەسەدانن و ئەندام پەرلەمان، کە بەدەیانن و وەزیران، کە ئەوانیش دەیانن، مامۆستای ناوەندی دواناوەندی و سەرەتایی، کە بە دەیان هەزارن، بخوێننەوە؛ ئەدی لە سۆنگەی چییەوەیە، کتێبێک لە ڕشتەکانی مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب و زانست، فەلسەفەدا، دوای تێپەڕینی ساڵێک لە چاپدانیان، ئەوجا بەسەد نقوجڕ سەر و هەزار دانەیان لێ دەفرۆشرێ؟ لێرەدا زۆر لەجێیە، قسەی ڕووناکبیرێکی (سویدی)، کە دەهێنێ بەئاوی زێڕ بنووسرێ و من لە کوردێکی خوێندەواری نیشتەجێی وڵاتی سویدم بیستووە، وەک خۆی بنووسمەوە. ئەو ڕووناکبیرە سویدییە فەرموویەتی: «کێشە لەوەدا نییە، کە زۆربەی کورد نەخوێندەوارن، کێشە لەوێدا، کە خوێندەوارەکانی نەخوێندەوارن!».





بەندەش لە دەورانی هەرزەکاریمدا لە حیزبدا کارم کردووە. ئەودەم داوایان لێ دەکرین بەنۆرە هەریەکە و کتێبێک بخوێنێتەوە، پاشان لە کۆبوونەوەدا پوختەکەی بۆ ئەندامانی شانەکە بگێڕێتەوە و بەدوایدا گفتوگۆی لەسەر بکرێ. ئەم چالاکییە لەخۆیدا ڕێگەیەک بوو بۆ سەرخستنی ئاستی ڕووناکبیریی لای ئەندامانی ئەو حیزبە. بەڵام لەم سەردەمەدا، کە (بەنزیکەی) تەواوی حیزبەکان پێکەوە جڵەوی وڵاتیان لەدەستە، لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕن.. من لێرەدا خەتی بەبندا دێنم، بەدەر لە چەپەکان، کە بەژمارە کەمیشن، (بەنزیکەی) هەموو هەوادارانی حیزبەکانی دیکە، هیچ ناخوێننەوە!

سەیرە، زۆرێک نە دەرچووی بەشی فەلسەفەن و نە هیچیشیان لەم بوارەدا خوێندۆتەوە، کەچی هەموویان باس لە فیکر و فەلسەفە دەکەن.. ڕشتەی یاسا و سیاسەتیان نەخوێندووە. یەک کتێبیشیان لەهەمبەر نەخوێندۆتەوە، کەچی هەموویان باسی سیاسەت دەکەن. هەروەها بۆ ڕشتەکانی ئەدەب و هونەر.. بۆیە هونەر خراپی بەسەر هاتووە. هەیە دەنگێکی تەواو نەشازی پێوەیە، کەچی کاتێ دەیکا بەڕۆژی خۆی و کۆنسێرت دەگێڕێ، زۆرترین گوێگری لێ کۆدەبێتەوە.. گوێگری وا هەن لەگەڵ ئەو دەنگە ناسازەدا هۆن هۆن دەگرین! ئەدەب بریتییە لە گەمەی زمان، هەن ڕستەیەک کوردی نازانن، کەچی وەک نووسەری داهێنەر ئاماژەیان پێدەدرێ. ئەم هەڵسەنگاندنانە دەق وەک ئەوە وەهایە کەسێ نەتوانێ بەدروستی شاپێک لە تۆپ بدات، کەچی تۆ بە چاکترین یاریزانی تۆپی پێی بەخەڵک بناسێنی! یان تەواو لە چیرۆکی (نەیژەنی مەزن) ی بەندە دەچێ! (لەم ڕووەوە، بڕوانە کۆچیرۆکی – شەوەکەی عەریف زباڵە).. لێرەوە دەڵێم، ئەگەر ئێمەی

کورد پڕۆژەیەکی ڕووناکبیریمان بەدەستەوەیە و بەنیازین لەئایندەدا کاری بۆ بکەین، گەرەکە ئەم واقیعە تاڵەمان لەبەرچاو بێت و لەم سەرەتا تاڵەوە دەستبەکار بین. نەک خۆمان لێ بووبێتە گەلانی سوید و نەرویج و...

بەڕاست دیاردەیەکی سەرسوڕمێن نییە، خەڵکانێک هەبن تەمەنێکی درێژ لەناو گەلی (سوید)دا ژیابن، کەچی لەسەر شێوەی شیعرەکەی، کە دەڵێ «یەک زەڕە کارمان تێ ناکات، تەرکی ڕێگامان پێ ناکات» هیچیان لێوە فێر نەبووبن! ئەو میللەتە وشیارەی سوید (یەک زەڕە) کاری لە ڕەوەندی کورد نەکردبێ؟

تۆ لەوەی گەڕێ، ئەگەر میللەتێک کتێبی لەسەر جادە فڕێدا، ئیتر دیارە، لە چ ئاستێکدایە. لەگەڵ ئەوەشدا هەروا سەرنجی پیادەڕەوی شارەکانی کوردستان بدە، بەسەدان کتێبی بێ مانا و پڕوپووچی وەک خوێندنەوەی برجەکان و شیعری سەقەت و خەونامە دەبینی، کە فڕیان بەسەر زانست و ئەدەبەوە نییە، کەچی ئەوانەش برەویان لە کتێبی هونەر و فیکر و فەلسەفە و ئەدەب زیاترە! واتە خوم شێواوە و چاک و خراپ تێکەڵ بوون.

بۆیە گەرەکە کاربەدەستەکانی بواری ڕووناکبیریی هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بدەن و لە پلانی ڕووناکبیریی خۆیاندا (ئەگەر پلانیان هەبێ) بەهەندی بگرن. ڕووناکبیریی پرۆسەیەکی ژیارییە، دەبێ هەردەم لە گۆڕان و گەشەدا بێ. کەچی ئەوەتا لەکن ئێمەی کورد بەخێرایی کیسەڵ بەرەوپێش دەچێ. ڕووناکبیریش ئەوێتییە (شوناس).. لەم دنیایەدا هەر گەلە و ڕووناکبیریی تایبەت بە خۆی هەیە..





هەردەم ئاستی گوێڕایەڵی بۆ نیشتمان (الولاء للوطن) لەنێو توێژی خوێندەواردا بەرزە. بەپێچەوانەشەوە، لەنێو نەخوێندەواردا، گوێڕایەڵی بەلای خێڵ و تایەفە و ئۆل و ئاینزادا دەچێ. هەر لێرەشەوە کارەساتەکان سەرهەڵدەدەن و دەتەننەوە. لەدۆخێکی وەها لێڵدا ڕەوایە بپرسین: ئایا میللەتێک ئاشنای کتێب نەبێ و نەخوێنێتەوە، مانای ئەوەنییە هێشتا هەر لەقۆناخی ڕۆشنبیریی زارەکیدا پێکوتەیەتی؟ ئایا لەم سەدەیەدا کە سەردەمی لەنێوچوونی زمان و شێوە زمانە ناکاراکانە، ئەم دیاردەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی لەمەترسیی لەبەینچوون نزیک ناخاتەوە؟ زمانێک کە چەردەیەک پێی بنووسن و چەردەیەکی کەمتر پێی بخوێننەوە؛ لە سەردەمێکدا، کە زمانی گلۆبالیزم (ئینگلیزی) و زمانی وڵاتانی خاوەن شارستانیەت و پیشەسازیی، کەونە ئیمپریالیزم، کە تاکو نهۆش، بەتایبەت لە ئەفریکا و لاتین ئەمریکا زمانی بەردەوامبوون و زانست و تەکنۆلۆجیاو ڕاگەیاندنە.

دوا ئامار دەڵێ جوولەکەیەک ساڵانە (٤٠) کتێبی عیبریی دەخوێنێتەوە. بەم پێیە توانیویانە زمانێکی مردووی وەک (عیبری) زیندوو بکەنەوە. لای ئێمەش بە نزیکەی (شەش هەزار) کورد ئەوجا کتێبێک دەخوێننەوە. دەوجا وەرە بەراوردیان بکە، ئەگەر لەڕووت دێ ئەم کارە لەئەستۆ بگری!

# ملوانكەیەك مەتەڵی فۆلكلۆری

## بەشی یەكەم

وەنەبێ ئەم نووسینەی بەردەستت بریتی بێ لە تەنیا كۆمەڵێك شتی ئەنتیك و بەو نیازەم ئامادە كردبێ بتخەمە قاقای پێكەنین.. یاخود بەو مەبەستە بێ خۆتی پێوە بخلافێنی.. نەخێر، بەم هەوڵەی، كە لە بەردەستدایە، دەمەوێ سەرنجێكی ورد لە یەكێك لە لقەكانی فۆلكلۆر بدەم، بام لقێكی بچووكیش بێت.. چونكە پێمواپە بە لێكۆڵینەوەی ئەم پاژەی فۆلكلۆر، تا ڕادەیەكی زۆر كەسێتی، خولیاو ئارەزووەكانی ناخی تاكی كوردمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە. شێوەی بیركردنەوەی و كەرەستەكانی تاكی كورد بۆ بەسەربردنی شەوگاری پاییز و زستان و پەیوەندیی باپیرانمان لەگەڵ سروشت و شوێنەواردا، كە سەرچاوەی ژیان و سرووشیان بووە، لە لا ڕوونتر دەبێ..

ئەگەر بڵێی لەكۆنیدا، تەمەنی مەتەڵ هیچی لە تەمەنی شیعر و حەكایەت كەمتر نییە، بەهەڵەدا نەچووم. كۆنترین مەتەڵێك بەرچاوانم كەوتبێت لە دەقی شانۆگەریی (ئۆدیب بە پادشایی) بوو، كە مێژووی بۆ چەند سەدەیەك بەر لە زایین دەگەڕێتەوە؛ كاتێك ئەبولهەول بە هەموو سامێكی خۆیەوە دەروازەی شاری گرتووە؛ هەر ڕێبوارێك ڕوو بكاتە ئەو شارە، ئەم بە پرسیارێك، كە لەڕاستیدا مەتەڵە، ئاوەزی ڕێبواران تاقی دەكاتەوە.. دوای ئەوەیش لە كتێبی (هەزار و یەكشەوە) دا مەتەڵ هەیە. تەمەنی ئەم كتێبەش لە هەزار ساڵ پترە.





فۆلكلۆر بەهەموو لقەكانێوە، (دەیەوێ بە مێژووی بیری مرۆڤدا بچێتەوە و تۆماری بكات. بەو شێوازە نا كە لە بەرهەمی شاعیر و فەیلەسووفە ناودارەكاندا بەدیاردەكەوێ، بەڵكو بەو شێوەیەی، كە ڕەشە خەڵكەكە بۆی چوون و مامەڵەیان لەتەكدا كردووە. دوای ئەوەیش فۆلكلۆر بەگشتی زانستییەكی مێژووییە. لەو ڕووەوە مێژووییە، كە دەیەوێ ڕۆشنایی باوێتە سەر ڕابوردووی مرۆڤ..)[١]

ڕەنگە دوا بەشی فۆلكلۆری دەماودەم مەتەڵ بێ. بەم مەتەڵەی لای خوارەوەدا، كە مێژووەكەی بۆ سەدەی دەیەمی زایین دەگەڕێتەوە، دەتوانین دەربیخەین هەتا چ ڕادەیەك لەنێو خەڵكدا بابەتێكی میللی و بڵاو بووە، (تیژ دەفڕێ بێ باڵە، چون درەختێكی بێ گەڵا دادەنیشێ، چون پیاوێكی بێ دەست دەڕوات، دارەوانەو پێی نییە، میوە دەڕنێ و نینۆكی نییە، دەخوات و دەمی نییە!)[٢]

بەو قەرەنەی یەكەمین مەتەڵی تۆماركراو، كە بەرچاوم كەوتبێ. لە دەقی شانۆنامەی (ئۆدیب بە پادشاهی) دا هاتووە. ئەم دەقەیش پێش زاین لە یۆنانی كۆن نووسراوە و نمایش كراوە؛ كەواتە دەبێ، ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم تەرزە فۆلكلۆرە لە ئەورووپای كۆنیشدا باو بووبێ و پێشینەیەكی هەبووبێ.

(مەتەڵ و مەتەڵ هەڵهێنان لەوێوە بە هەموو چەشنەكانێوە، لە نێو دیالێكتە جۆراوجۆرەكانی ئەورووپادا، بەتایبەتی لە ئەورووپای ناوەڕاست و باكووردا، دیاردەیەكی ئاشكراو بەربڵاوە، هەروەها لە هەرێمی قەفقاسیاشدا باوە. بەپێی ئەو لێكۆڵینەوەیەی زانای فینلەندی (ئانتی ئەرنی) ئەنجامی داوە و بڵاوی كردۆتەوە، وەها دەردەكەوێ، (بۆ یەكەمین جار مەتەڵ و مەتەڵۆك وەك بابەتێكی میلليی دەماودەم، لە

ناوەڕاستی ئەوروپاوە سەری هەڵدابێ و لەوێڕا بەمەلا و ئەولادا، بەتایبەتی بەرەو ڕۆژهەڵات پەلی هاویشتبێ و بووبێ بەباو..)[٣]

مەتەڵ ڕستەیەک یانژی چەند ڕستەیەکی کورتە، کورتبڕی و ڕەوانبێژیی تێدا پەیڕەو کراوە. بەو مانایەی دەقێکە خۆی لە ناواخن و زیادەوشە دەپارێزی. واتە بەچەند وشەیەک مەبەستێکی گەورە لە خۆیدا هەڵدەگرێ، کاتێک بەرەورووی بەرامبەرەکەتی دەکەیەوە تووشی جۆرە ڕامانێکی دەکەی و ناچار بە بیرکردنەوەی قووڵ دەبێ. ئەم ڕامان و بیرکردنەوەیەش، وەک وەرزشێک بۆ مێشک پێویستە و یاریدەی دەدات تاکو بەزیندوویی بمێنێتەوە و هەروا زوو دوچاری پیربوون نەبێ.

(فۆلکلۆر و ڕشتەی فۆلکلۆر بە چاوێکی سەنگینەوە دەڕوانێتە هونەری پەخشانی میللی وەک، پەندو مەتەڵ و مەتەڵۆک و هایکردنی فرۆشیارەکان و..)[٤] لێرەدا مەتەڵ تێکەڵاو بەو جۆرە هایکردنەوە بووە، کە چەرچی و وردەواڵە فرۆشەکان وەک ڕیکلامی سەرپێیی و ساکار بەڵام بەچەند وشەیەکی کەمی بەمانا ئاخنراو دایدەڕێژن، کاتێک دەیانەوێ برەو بۆ کاڵاکانیان پەیدا بکەن. ڕەنگە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم دوو هونەرە زارەکییە کورتبڕیی بێ.

هەندێک هەوڵ دەدەن وەها مەتەڵ لێک بدەنەوە گوایە، (پاشماوەی پرسیارە فەلسەفییەکانی کۆنە و ئەمجارەیان وەک گەمە سەری هەڵداوەتەوە؛ یاخود هەمدیسرۆ سەرهەڵدانەوەی تاقیکردنەوەیە لە بواری فەلسەفەدا، وەک ئەو تاقیکردنەوانەی کۆن لە هەندێ مەسەلەی ئاینیدا ئەنجام دەدران. لەکورتی مەتەڵیش وەک ئەفسانە وەهایە، چونکە هەردوولایان بەشوێن تێگەیشتن و زانیندا، بەشوێن





ڕۆشنکردنەوەی لایەنە تاریک و پەنامەکییەکانی ژیان و دیاردەکانی سروشتدا وێڵن. ئەویش لەڕێگەی پرسیار و وەڵامەوە.. جیاوازیشیان لەوەدایە کە ئەفسانە وەڵامی پرسیارێکی نادیارە، کەچی مەتەڵ شێوەی پرسیارێک وەردەگرێ، کە لەلایەن گوێگرەوە پێویستیی بەهەڵهێنان هەیە. ئەوجا گوێگر لەڕێی هەڵهێنانی مەتەڵەکەوە، دەیەوێ بیسەلمێنێ، کە شیاوی ئەوەیە ئەندامێکی ڕەسەنی کۆمەڵگە ئاینی و ڕووحییەکەی خۆی بێت. هەر بەمەدا ئاشکرایە، کە زمانی مەتەڵ هەمیشە زمانی زاناو شارەزایانە. زمانی ئەوانەیە، کە لە دیوی نهێنی پرس و دیاردەکان تێدەگەن..)[٥]

کەچی بەلای (پویکارت)ەوە، بناغەی بیری مەتەڵ لە سیحرەوە هاتووە. ئەمەش لە کلتووری سەرەتایی زۆرێک لە گەلە دواکەوتووەکاندا هەیە.. ئەوانە تاکو ئێستاش مەتەڵ بەکارێکی گەورە دەزانن.. گوێگر ئەوپەڕی کۆشش دەکا تاکو بەڕاستی مەتەڵەکە هەڵبێنێ. بەلای ئەوانەوە مەبەست لە مەتەڵ یاری و خۆخڵافاندن و کات بەسەربردن نییە.. بەڵام زۆرێک لە توێژەرەکانی فۆلکلۆر ئەم ڕایە پەرچ دەدەنەوە و دەڵێن، بەراوردکردنی مەتەڵ چ لەگەڵ سیحر و چ لەگەڵ ئەفسانەدا کارێکی ناڕەوایە. پێشەوایەتی ئەو پەرچدانەوەیە، زانایانی ئەڵمان (پانزەر و ئەدوەڵف باخ) دەیکەن..

ئەمان ئەو ڕایە ڕەت دەکەنەوە، کە مەتەڵ دەباتەوە سەر ئەفسانە، یاخود پەیوەندییەکی وەها بەتین لە نێوانیاندا دەدۆزێتەوە.. ئەمان دەڵێن، ڕاستە هەندێ جاران ڕێی ئەفسانە دەگرێتە بەر، وەک هەوڵدان بۆ بینینی جیهان و لێ تێگەیشتنی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە گوێ لەوەیش نەخەفێنین، کە پرسیارەکانی مەتەڵ بەهیچ جۆرێک

بەنیازی تاقیکردنەوەی زانیاریی خەڵکی دانەنراون.. ڕەنگە پێچەوانەش ڕاست بێ، بەو قەرەنەی مەتەڵ پرسیار لە بابەتێک دەکات، کە بەلای داهێنەر و هەڵهێنەرەوە چونیەک ئاشنابێ. چونکە ئەگەر سوور زانیمان وەڵامدانەوەی ستەمە، جا ئیتر چ پێویست بەو پرسیارە دەکات؟

(ناوەرۆکی مەتەڵ و نرخە ڕاستینەکەی وەک پانزەر دەڵێ، لەوەدا نییە، کە وەڵامەکەی لەخۆیدا کۆکردبێتەوە، بەڵکو لە پرۆسێسی بۆچوون و هەڵهێنانەکەدایە.. بەواتایەکی تر کابرای، کە مەتەڵەکە هەڵدێنێ و وەڵامی دەداتەوە، شێوەی زیرەکانەی مەتەڵەکەو کوتوپڕیی و خێرایی پرسیارەکە سەری لێ تێک دەداو زانیارییەکانی ناو مێشکی لێ تێکەڵ دەکات و پێویستی بەوە دەبێ سەرلەنوێ لە مێشکیدا دایانبڕێژێتەوە، کۆیان بکاتەوە و ڕێکیان بخاتەوە؛ تاکو دەگاتە وەڵامێکی ڕاست و دروست.. کەواتە مەتەڵ پاشماوەی تاقیکردنەوە فەلسەفییەکانی کۆن نییە. بەڵکو هەر لە مێژەوە بەو نیازە سەری هەڵداوە، کە هۆیەک بێ بۆ خۆخلافاندن و کات بەسەربردنی مرۆڤ..)[٦]

مەتەڵ دەبێتە هۆی چالاککردنەوەی مێشک و وزەو وەرزشێکی زەینی وەهایە کار لە مێشکی مرۆڤ دەکات و لە سستی بەئاگای دەهێنێ. یەکلەباری ئەوانەی بەساڵدا چوون، بەردەوامی و خەریکبوون لەگەڵیدا ڕەنگە ببێتە مایەی ئەوەی، لەلای ئەوان (خرف) بوون و نەخۆشیی لەیادچوونەوە دوا بکەوێ و زەینیان بەکراوەیی و زیندوویی بمێنێتەوە. وابێ زووتر لەتاکی ئاسایی لە بندێڕو مانای پەنامەکیی گوتەو دەربڕینە بەگرێوگۆڵەکان بگات و لەلای خۆیەوە بتوانێ پرسەکان شی





بکاتەوە و یارمەتی بدات تا ئاسۆی خەیاڵیشی فراوانتربێ..

مەتەڵ واتە قسەو گوتەی شاردراوە.. دەڵێن، فلانەکەس بە مەتەڵ قسان دەکا، یاخود قسەکانی مەتەڵن.. واتە مەبەستەکەی دەشارێتەوە، کە پێچەوانەی ڕاشکاوی و ڕوونبێژییە...

(شاعیرە کۆنەکانیش، بۆ شاردنەوەی مەبەستیان، لە چامەکانیاندا پەنایان بۆ مەتەڵ و «موعەمما» بردووە. ئەمەش تەنیا بۆ ڕۆژگار بەسەربردن و ڕابواردن نەبووە. بەڵکو بەنیازی زیرەکی و بیرتیژیی خۆیان و پەیبردنی خەڵکی بە نیازی شاردراوەیان بووە.. )[٧]

هەروەک مەتەڵ لە کلتووری گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤیندا هەیەو بەمەبەستی تاقیکردنەوەی ئاستی شارەزایی و زیرەکی بەکار هاتووە. ڕەنگە کۆنترین سەرچاوەیەکی تۆمارکراو، کە لەبەر دەستدابێ (هەزار و یەکشەوە) بێ. ئەم کتێبە لانی کەم مێژووی بۆ هەزار ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە. لێرەدا مەتەڵەکان لە فۆرمی زنجیرە پرسیاری بەشوێن یەکدا هاتوو بەدیاردەکەون. لەم دۆخەدا فەیلەسووفێک دەیەوێ کەنیزەیەک (جاریە) تاقی بکاتەوە. لە پەستا دەیداتە بەر ڕێژنەی کۆپرسیار و گەمنگردیی دایدەگرێتەوە. بابەتەکە وەک گرەوێک وەهایە لە نێوانیاندا. کەنیزەی تایینیش بەبێ وەستان، وەڵامی ڕاست دەداتەوە؛ وەک ئەوەی بڵێ، کەنیزەش، وەک چۆن خاوەنی جوانییە، ئاوا بۆی هەیە خاوەنی ئاوەزو ڕووناکبیری بێ. بۆیە لەم بوارەدا سەرکەوتن بەدەست دێنێ. لە لایەکی دیکەوە دەکرێ وەها لێکبدرێتەوە، بەتەنیا جوانی دیوی دەرەوە، وەک ڕوخسار و شێوە و قەدوباڵا بەس نین بۆ ئافرەت بەڵکو دەبێ ئەو جوانییە زانیاری و ئاوەزیشی لەگەڵدابێ.

(وتی، پێنجم پێ بڵێ، خواردبێتیان و خواردبێتیانەوە، بەڵام لە پشت

و سکی مرۆڤەوە پەیدا نەبووبن؟ وتی، ئادەم و شەمعون و وشترەکەی ساڵح و بەرانەکەی ئیسماعیل و ئەو باڵندەیەش، کە ئەبوبەکری سدیق لە ئەشکەوتەکەدا بینی! وتی، پێنجم پێ بڵێ لە بەهەشتدا بن، بەمەرجێک نە ئینس و نە جن و نە فریشتە بن؟ وتی، گورگەکەی یەعقوب، سەگی ئەسحابولکەهف، کەرەکەی عوزێر، وشترەکەی ساڵح و دوڵدوڵەکەی پێغەمبەر! وتی، پیاوێکم پێ بڵێ نوێژی کردبێ، بەڵام نە لەسەر زەوی و نە لە ئاسمان؟ وتی، ئەو پیاوە سولەیمانە کاتێ لەسەر بەرماڵەکەی نوێژی کردو بەرماڵەکەش بەسەر (با)وە بوو! وتی، پارچە زەوییەکم پێ بڵێ تەنیا جارێک خۆری لێ هەڵهاتبێ و ئیدی تا ڕۆژی قیامەت خۆری لێ هەڵنەیەتەوە؟ وتی، ئەوە بنکی دەریایە، کاتێ مووسا بەدارعەساکەی کردی بەدوانزە بەشەوە!)[٨]

هەتا ئێرە ڕای ژمارەیەک لە فۆلکلۆرناسمان زانی. دەبا ئەمجا بزانین کورد، کە خاوەنی خەرمانییەک مەتەڵە، خۆی چۆنی تێگەیشتووە و بۆ چ مەبەستێک بەکاری هێناوە؟ بەتایبەتی ئێمە دەمەتەقێکەمان لەسەر مەتەڵی کوردییە!

لەم ڕووەوە دەتوانم بڵێم، کۆنترین و بەهێزترین بەڵگەی تۆمارکراومان لە کتێبی (تحفه مظفریه)دا بەرچاو دەکەوێ، کاتێ (فەرخ) پەنا دەباتە بەر خاڵی لە وڵاتی شام. لەوێ ڕێی دەکەوێتە دیوەخانی شێخان و میری شام. ئەوان داڵدەی نادەن هەتا ئاستی هوشیاریی ئەم منداڵە سەرسوورمێنە ئەنتیکەیە، واتە (فەرخ) نەزانن و تاقیی نەکەنەوە!

میر فەرمووی:

(ئەی فرزەندەی میوانە!





ئەگەر لێت بپرسن مەسەلانە،
دەفامی جواب بدەیتەوە قسانە؟)[٩]

فەرخ ڕەزامەندیی پیشان دەداو بەهەلی دەزانێ، تاکو بۆیان بسەلمێنێ، کە ئەو منداڵێکی زیرەک و لێهاتووە. ئەمجا میری شام لە دووی (ئەحمەدە کوێر) دەنێرێ، کە قسەزان و نەدیمی شێخ و میرانە. ئەویش بەم شێوەیەی لای خوارەوە مەتەڵ یاخود بەواتەی میر ئەم (مەسەلە)یە لە فەرخ دەپرسێ و تاقیی دەکاتەوە:

ئەحمەدە کوێر دەڵێ:

(بەوەیکەم لەژووری سەرییە!
جانەوەرێک پەیدا دەبییە،
بۆ گەداو پاشا فەرقی نییە،
ئەوی دەسووتێنن بەئاورییە؟

فەرخ دەڵێ:

ئەی ئەحمەدی کوێری نادانە،
لەنگۆ وایە میوان حەیوانە،
ئەمن ڕۆنیشتووم لە مەجلیسی ئەو شێخانە،
بۆ من عەیبە بکەم ئەو قسانە،
ئەوی لە بەدەنی ئینسانی دەبێ؛
ئەوا بەرەزای بینایی چاوانە،
لەکن ئەو نییە فەرقی پادشاو گەدایانە،
ئەبلە! ئەوە ئەسپێیە، دەیکوژن بەدەستانە!)

بەم ڕەنگە بەهەڵهێنانی مەتەڵەکە، فەرخ دەیسەلمێنێ، کە شایستەی

ئەوەیە لە دیوەخـانی گـەورە پیـاواندا دابنیـشێ. بەڵام مـیـر ئەم دۆڕاندنەی ئەحمەدە کوێر، بە نشوستییەک بۆ شان و شکۆی خۆی دەزانێ. بۆیە بەدوای (مـەلا حـەسـەن) دا دەنێـرێ، تاکـو فـەرخـی بۆ بۆڕبدا، کـە وادیارە لەکن مـیـر لەپلەو پایەدا لە ئەحـمـەدە کـوێر هەڵکشاوترە.

مەلا حەسەن دەڵێ:

(ڕۆڵە گیانە!<br>
شـتـێک هەیە بێ زەبانە،<br>
بەعـەرزی دەبێ گـوزەرانە،<br>
بەدەسـتی ئی عـەبدانە،<br>
ئەوی دەبێ بەچراخـانە،<br>
پشکۆژە دەبی لەو مەکانە،<br>
هەر دەڵێی گوڵی نیسانە،<br>
.......................... (١٠)

بەم چەشنە مەتەڵەکەی (مەلا حەسەن) یش هەڵدەهێنێ و گرەوی لێ دەباتەوە.. بەمەدا بۆمان ساغ دەبێتەوە، کە مەتەڵ و مەتەڵ داهێنان:

یەکەم: لە دیوەخانی میر و شێخاندا، بەمەبەستی تاقیکردنەوەی وشیاری و شارەزایی خەڵک بەکارهاتووە. ئەو کەسەی نەیتوانیبێ وەڵامی مـەتەڵەکان بداتەوە ڕایەکی نەکەوتووە لە دیوەخـانی مـەزنە ماڵاندا پاڵی لێ بداتەوە و لینگی لێ ڕابکێشێ.

دووەم: وەک بابەتێکی ئەنتیکەو ئەدەبی میللی تەماشا کراوە، بەو حسابەی گەیشتۆتە ماڵی فەرمانڕەوایان و لەسەر زمانی میر و






شێخان بووە و ئەوان بەهەندییان زانیوە و کەسانی مەتەڵ زانیان لای خۆیان ڕاگرتووە.

سێیەم: وا دەردەکەوێ توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵ بەتایبەت لە خوێندەوار، کە خۆیان لە بنەڕەتدا سەربە چینی هەژار بوون، ئەم هونەرەیان لەلای خۆیانەوە گەیاندبێتە ئاستی دیوەخان و کۆڕی میران.. ئەحمەدە کوێر و مەلا حەسەن، کە خاوەنی مەتەڵەکانن نە شێخزادەن و نەمیرزادە. ئەمەیش ڕاستییەکی دیکەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە..

## بەشی دووەم

### ئەوانەی لە مەتەڵی کوردیی دواون

هەرچەندە مەتەڵ بەشێکە لە فۆلکلۆر و بایەخ و تام و چێژی خۆی هەیەو هیچ لکێکی دیکەی فۆلکلۆر ناتوانی جێی بگرێتەوە، کەچی لەبواری کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی ئەم لقەی فۆلکلۆردا هەوڵێکی ئەوتۆ نەدراوە، کە شایان و پڕبە پێستی بێ. دیارە دەبێ یەکەم جار ئەوانەی بەتەنگ فۆلکلۆرەوەن مشووری بخۆن دەقەکان کۆبکەنەوە. ئەوجا نۆرە دێتە سەر کەسانی دیکەی شارەزاو ئەوانیش لەسەر پشت دەکەونە تۆژینەوە و لەسەر نووسینی. هەرچۆنێک بێ ژمارەی ئەو مەتەڵانەی تاکو ئێستا لە فۆرمی کتێبدا یان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە و بەرچاوم کەوتوون، لە چەند سەدێک تێناپەڕن.. گەلێک جاران وەک سەرە مەقەست بۆشایی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان پێ پڕ کراونەتەوە، ئەوانەش بەزۆریی دووبارەو سێبارە پات کراونەتەوە.

ڕاستە مەتەڵ لکێکی بچووکی فۆلکلۆرە و بەئەندازەی بەیت و حیکایەت و شیعری فۆلکلۆریی زۆر نییە، بۆخۆشی کورت هەڵکەوتووە و جێگە کەم دەگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەبەست و چێژو گرنگیی خۆی هەیە، کە دواتر لەسەری دەدوێین. هەر ئەمەیش بوو پاڵی پێوەنام خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم. ئەگینا لەو سۆنگەیەوە، کە مەتەڵ بە هەموو دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێ، کۆکردنەوە و شرۆڤەکردنی گەلێک لەوە گرانترە بە توانای تاکە کەسێک ڕاپەڕێندرێ. جگە لەوەی لە بنەڕەتدا کارەکە بەرەوڕووی فۆلکلۆرناسان دەبێتەوە.





لە ساڵی ١٩٦١ دا، نەقابەی مامۆستایان دەستپێشخەرییەکی چاکی کرد، کاتێ لە دووتوێی کتێبێکدا، زاراوەی فۆلکلۆری بە خوێنەری کورد ناساندو وەک سەرەتایەک کۆمەڵێک تێکستیشی تۆمارکرد.. لەو کتێبە بەنرخەدا، لەژێر خانەی ژمارە (١٢)دا هاتووە: (هۆنراوەی مەتەڵ ئەو هۆنراوانەن کە مەتەڵیان تێدایە وەک..)[١١] ئەمجا هاتووە چوار مەتەڵی تۆمار کردووە.. ئەوی ڕاستی بێ نەدەبوو مەتەڵ لەژێر خانەی شیعردا پۆلێن بکا، چونکە مەتەڵ لقێکی سەربەخۆی فۆلکلۆرە. ئەگەرچی هەندێ جار لە شێوەی هەڵبەستیشدا (نەزم) داڕێژرابێ و خاوەنی کێش و سەرواش بێ، هێشتا هەر بەشیعر حساب ناکرێ. چونکە سۆزو موسیک و وێنەی هونەریی ئەوتۆی تێدا نییە بۆ ئاستی شیعر بەرزی بکاتەوە، با شیعری فۆلکلۆریش بێ.. ئەمجا لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

(مەتەڵ یان هۆنراوەیە، کە باسمان کرد لە هۆنراوەدا، یا پەخشانە). مەتەڵ دوو چەشنە:

١- بۆ هەڵهێنان وەکو..

٢- بۆ سەرلێتێکدان و زمان تەتەڵەکردن وەکو...)[١٢]

جێی باسە ئەم کتێبە تێکڕا پانزە مەتەڵی تۆمار کردووە.

جەمال بابان، لە وتارێکدا، لەو ڕووەوە، کە خاوەنەکانیان نەناسراون پەندی پێشینان بەمەتەڵ دەچوێنێ و دەڵێ:

(مەبەسمان لە ـ وتراو ـ ئەوەیە، کە پەندی پێشینان نەنووسراوە، واتا نازانرێ کێ وتوویەتی، لەم ڕووەشەوە لە پەندە کۆنەکان دەکات، کە نازانرێ کێ وتوونی، وەک:

* کڵاوی هەمزە پاڵەوان

بێ تیک و بێ دروومان

* بەسەدو یەک برا ڕیخۆڵەیەکیان هەیە)[۱۳]

د. عیزەدین، لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە سێ لاپەڕە باسی مەتەڵمان بۆ دەکات و دەڵێ: (مەتەڵ لەڕیزی فۆلکلۆر و بەرهەمی زاری، یا دەمیی خەڵکدا سنوور بۆدانانێکی کورتی ڕووداوێک یا کەرەسە یاخود (مادە)یەکە بەڵام بە پێچەوانەی قسەی نەستەقەوە خەڵکی ئەو سنوور بۆدانانە بە ئەنقەست لە شێوەی نادیار یا (تەماویدا) دەردەخەن و ڕاستی وتنی قسەکە دەخەنە شێوەیەکەوە کە خەڵکی تر بیلێن یا هەڵیبێنن.)[۱٤] دوو نموونەشی هێناوەتەوە. هەتا ئێرە لاریم لە بۆچوونەکەی دکتۆر نییە. بەڵام با بزانین ئەمجا چی دەڵێ: (هەر وەک لە مەیدانی ئەدەبدا زۆر جار هونەرمەند نیشانە بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکاردەهێنێ و زۆرجار ئەم نیشانە بەکارهێنانە یا لەبەر باری سیاسییە یا لەبەر جوانیی (نیشانە)کە خۆیەتی لە ڕووی هونەرەوە، هەروەها مەتەڵیش بۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێ..)[۱٥]

دکتۆر (نیشانە)ی لەبری (ڕەمز، هێما، سیمبول) بەکارهێناوە. ئەمجا دێت مەتەڵمان بۆ دەکات بەدوو بەشەوە (مەتەڵی مەبەسدار و مەتەڵێک، کە تەنیا بۆ زاخاوی مێشکە) هەردوو جۆرەکەیش وردی و تێبینی و ژیری و، بە وریایی و قووڵی تەماشاکردنی هەموو شتێکی دەوروپشت و هەموو ڕووداو و کەرەسەیەکی ژیان دەگەیێنێ.

(ئەگەر لە مەتەڵی کوردەوارییی بگەڕێین و کۆی بکەینەوە، ئەوا گەلێک نموونەی ئەم مەبەسەو باسی تریشمان دەست دەکەوێت..)[۱٦]

نووسەر دوای ئەوەی بە سێ لاپەڕە باسی مەتەڵی کردووە، هێشتا نەهاتووە شوێنی مەتەڵمان لە ئەدەبی فۆلکلۆردا بۆ ڕوون بکاتەوە،





هەروەک نەهاتووە ئەو هۆکارانەشمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە پاڵیان بە خەڵکەوە ناوە مەتەڵ ڕۆبنێن. لە دابەشکردنی مەتەڵدا بەشێوەیەکی ڕوون و دیار نادوێ. ئەگەر دکتۆر وشەی (مەبەسدار)ی لە بری (مانادار، واتادار) بەکارهێنابێ، ئەوا هەموو مەتەڵێک ماناو مەبەستی خۆی هەیە. تەنانەت بەوانەشیانەوە، کە بۆ تێکەوتن و زمان تەتەڵەکردن وتراون. ئەگینا (بێ مانا) دەبوون و ئەوەشیان نەدەهێنا بێین شرۆڤەیان بکەین و لەسەریان بنووسین! لە لایەکی دیکەوە باوەڕم کزە، ئەو خەڵکەی خاوەن و داهێنەری ئەدەبی زارەکین، بێ مەبەست و مانا وێڵی دوای هۆنینەوە و ڕیزکردنی وشەکان بن و بیکەنە جۆرێک لە ئەدەبیاتی خۆیان و پشتاوپشت و دەماودەم بیپارێزن. کەوابوو هەموو مەتەڵێک مانادار و مەبەسدارە. بەشی دووەمیان، کە بۆ زاخاوی مێشکە، نازانین کامەیانە؟ هەرچەند بابەتەکەی دکتۆر لێکۆڵینەوەیە، کەچی بەڵگەی پێویستی بۆ سەلماندنی ڕاکانی نەهێناوەتەوە.

وەنەبێ ئەوەشی لەیادچووبێ، کە مەتەڵێکی زۆرمان هەیە. (لەناو نەتەوەی کوردیشدا، ئەگەر بەرهەمێکی زۆری مەتەڵی فۆلکلۆرمان هەبێت و لە کۆڕ..)[۱۷] هەرچۆنێک بێت دکتۆر نەیکردووە مەبەستەکانی وەک هێلکەی پاککراو بخاتە بەردەستی خوێنەر تاکو بتوانێ بە تەواوی قایلمان بکا.

جەمال بابان، جارێکی دی لەژێر سەردێڕی (بۆ زاخاوی مێشک) دا، چواردە مەتەڵی تۆمارکردووە. زۆریان هەر ئەوانەن، کە لە کتێبی (سەرنجێک لەدەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە)دا تۆمارکراون. نووسەر بە دوو دێڕ پێشەکی دەست پێدەکا. ئەمجا دێتە سەر مەتەڵەکان. ئەمەیش نموونەیەکە لەوانەی بۆ یەکەم جار چاوم پێیان کەوتووە:

(چەوت و چەوێڵ و چەمەندە

لاشەی بێ ئێسقان، سەری بێ دیدە)[١٨]

محەمەد کەریم شەریف، لەبەشی دووەمی کتێبەکەیداو لەژێر سەردێڕی (سەر لێشێواندن و زمان تەتەڵە پێکردن) دا[١٩] هاتووە حەوت مەتەڵی تۆمار کردووە، کە سەربە ناوچەی دەشتی هەولێرن. بەڵام بەناوی مەتەڵەوە نا، بەڵکو ئەو وەک یەکێک لە یارییە فۆلکلۆرییەکان ناوی هێناون، کە دەبوایە لەخانەی مەتەڵدا پۆلێنی بکردنایە:

(قوڕی کوڕی کەر تێقڕبوو)

(شلەساوار، سێ شلەساوار، وەی بابە لەو سێ شلەساوارەی)

هەر لەم بەشەی کتێبەکەیداو لەخانەی ژمارە (٣٣)دا، بەناونیشانی (مەتەڵ)؛ نۆزدە دانەی دیکەی تۆمار کردوون. بەڵام نەچووە لە مەتەڵی ناوچەکانی دیکە نموونە بهێنێتەوە.. نووسەر دەڵێ: (گەورەو بچووک، کوڕو کچ، ژن و پیاو ئەم یارییە دەکەن، هەر تەمەنێ جۆری مەتەڵی خۆی هەیە..)[٢٠] بەڵام نووسەر وەک بەو شێوەیە مەتەڵی پۆلێن کردووە، نەهاتووە تایبەتییەکان و جۆری مەتەڵ بۆ هەر تەمەنێک دیاری بکات. بەڵکو تێکڕا مەتەڵەکانی ڕیزکردووە. جگەلەوەی هەندێکیان ژمارەو مەسەلەی حسابییان تێدایە. ئەمانەیش بە مەتەڵی فۆلکلۆریی حساب ناکرێن، وەک: (نۆ نۆردی، نۆنان نۆ نان، هەر نۆنانی نۆ کفتەی لەسەر، هەر کفتەی نۆ پشیلە لەسەر..)

چونکە ئەم جۆرە پرسیارانە هیچ جۆرە هونەر و چێژێکی فۆلکلۆرییان تێدا نییە و لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆر ناکرێن بەماڵ. پرسیارێکی ژمێرەن و هیچی تر. دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاوبێ. کە





نووسەر ڕەنجێکی چاکی داوە و تەواو ماندوو بووە، تاکو توانیویێتی ئەو هەموو یارییانە لە فەوتاندن ڕزگاربکا.

لە لاپەڕەی پێش کۆتایی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (بەیان)دا، بە ستوونێک و لەژێر سەردێڕی (گرەوی ژمارە)دا[٢٢]، بەچەند دێڕێک لێدوانەوە (دە) مەتەڵ بڵاو کراونەتەوە. زۆربەیان دووبارەکردنەوەی ئەوانەی پێشووترن، بەڵام بە هەڵەو ناڕەوان.

سەردەمانێک مەتەڵ لەکۆڕی دیوەخان و گوێ ئاگردانی کوردەواریدا هێندە باو بووە، سەرنجی کوردناسانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەوەتا کەسێکی وەک (تۆما بوا)، لەم بوارەدا دەڵێ: (کوردەکان حەز بە پێشکەش کردنی مەتەڵی کێشدار دەکەن.)[٢٣] دوو نموونەشی بە بەڵگە هێناوەتەوە.

پێموایە لەبواری کۆکردنەوە و بەتەنگەوەهاتنی فۆلکلۆردا کەسی وەها گومان نابەین بگاتە خوالێخۆشبوو (محمد توفیق وردی). ئەو ڕەنجەیشی جێی پێزانینە.

وردی مەتەڵ بەیارییەکی بیرئامێز ناودەبات. سەبارەت هۆکاری داهێنانی مەتەڵیش دەبێژێ: (مرۆڤی کۆن وەک ئێستا هۆی ڕابواردنیان شک نەبردووە، بۆیەکا مەتەڵ و یاریی هەمەجۆریان داهێناوە تاکو زاخاوی مێشکی ڕۆڵەکانیانی پێ بدەنەوە و هەم بۆشایی ژیانیانی پێ پڕبکەنەوە.. بە سۆرانی پێی دەگوترێ مەتەڵ، مەسەلۆکە، بە کرمانجی، مەسەلە، تێدەرخستنۆک. فەیلییەکانیش ـ چەوچە ـ ی پێدەڵێن.)[٢٤].

لەپاشدا لەهەرسێ شێوەکەی گۆڕیوەتە سەر زمانی عارەبی؛ تاکو پاژێک لە فۆلکلۆری کوردی بەعارەبان بناسێنێ.. مەتەڵەکانیش لەو

جۆرەن، کەبۆ زاخاوی مێشکن. وردی مەتەڵی دابەش نەکردووە. لەسەر شێوە و ناوەرۆکیشیان نەدواوە. ئەوەندە هەیە، بە لاپەڕەیەک بە خوێنەری ناساندووە، (٣٣) دانەشی تۆمار کردووە.

د. شوکریە ڕەسووڵ، ڕەخنە لە کتێبەکەی ئیسماعیل حەققی شاوەیس (قسەی پێشینان) دەگرێ؛ چونکە هەندێ جاران پەندو مەتەڵی تێکەڵ کردووە. ئەم مەتەڵەیشی بەنموونە هێناوەتەوە:

(سۆفیلکەی بەرماڵ بەشان
بەڕۆژ دەگەڕێ کۆڵانەوکۆڵان
بەشەو دەڵێ یا ئەڵلا ئیمان.)[٢٥]

مەسعود محەمەد، مەتەڵ بە بابەتێکی زەحمەت و سەخت دەزانێ و پێی وایە هونەری بەرزی تێدایە: (مەتەڵ لە مەیدانی ئەدەبدا دەوەستێتەوە بەرانبەر (لغز و معمی)، کە ئەوانیش لە بابەتەکانی تری ئەدەب زەحمەتتر و سەختترن. ئەوی ڕاستی بێ (مەتەڵ)ی کوردی گەلێکی وەهای تێدایە زۆر تێهەڵکشیوە بەرەو فەندی واتایی و وشەییەوە، هەر دەڵێی ویستوویەتی خۆی لەگەڵ فەندەکانی ئەدەبدا تاقی بکاتەوە، یەکێکیان ئەمەیە:

داری شەکراوێ، پێنج لکان ڕاداوێ
سێی لەبەر سێبەرێ، دووی لەبەر هەتاوێ.

مەبەستم ئەوە نییە بڵێم سەرلەبەری مەتەڵ پێڕەوی لوغزو موعەممای کردووە چونکە پتر بەدڵەوە دەنووسێ.)[٢٦]

کاک سەردار فەتاح، لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق دا، (٢٣) دانە مەتەڵی تۆمارکردووە. زۆربەیان پاتەکردنەوەی تێکستە بڵاوکراوەکانی





پێشووترن و تیاشیاندایە تازەکی و بۆ یەکەم جار بڵاو دەکرێنەوە وەک:

بە سەر پیرەژن، بەچنگ منداڵە
بە پشتی ڕۆستەم، نەتەوەی زاڵە[٢٧]

نووسەر هاتووە، لە ژێریانەوە واتای هەموو مەتەڵەکانی نووسیوە. ئەمەیش لایەنی ئەرێنی کارەکەیەتی.

## بەشی سێیەم

### مەتەڵی کوردی و لێکۆڵینەوە

ساڵی ساڵان، ڕۆژگاری دێرین، کاتێک مێژوو بە ڕەوتێکی سست هەنگاوی دەنا؛ ئەرکی ژیان سادەو ئاسان بوو؛ ئەو دەم خەڵکی وێڵی دوای ڕووکەش و بریق و باق نەبوون.. ڕێگەی دوور و سەختیان بەسەر پشتی چارەوا دەبڕی. بنەو بارگەیان پێ دەگوێزایەوە و گەرمیان و کوێستانیان دەکرد.. جووتیار بە گاسنی کۆنی کوردیی زەوییان دەکێڵا. بە داس و کەرەنتوو دروێنەیان دەکرد. بە گاو بەجەنجەڕ گێرەی خەرمانیان دەکرد. دەست بە شەنەوە چاوەڕوانی هەڵکردنی سروەی شەماڵ بوون تاکو ڕەنجی ئەو ساڵەیانی پێ شەن و کەو بکەن. خەرمان سوور ببێت و دان و کای لێک جودا بکەنەوە.

کات وەک ئێستە بەنرخ نەبوو. شۆڕشی پیشەسازیی هێشتا نەگەیشتبووە ئەم ئاقارە. کارگە هێمان جێی بە پیشە دەستییەکان لێژ نەکردبوو. ئێواران کاتێک خەڵکی دەگەڕانەوە ماڵ؛ بەتایبەتی شەوانی دوور و درێژی پاییزو زستان، لەبەر چرە دووکەڵی داری تەڕی نێو کوانوو و ئاگردانی گڵین دادەنیشتن و شانیان دادەدایە بان سەرینی پەڕو بەدەم شەوچەرەی ئەو وەرزەوە مەتەڵ و مەتەڵۆکیان لەیەکتری دادەهێناو شەوگاریان پێ بەسەردەبرد.

دیارە ئەو سەردەمەی باسی لێوە دەکەین هێشتا ڕادیۆ و زەبت و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و شانۆو سینەما لەئارادا نەبوون، هەتا خەڵکی هەم خۆیانیانی پێوە خەریک بکەن و هەم سوودیشیان لێ وەربگرن. بۆیە فەقێ، لە حوجرەی فەقێیان و کوڕوکاڵی دی لە دیوەخانی ئاغاو





کەیخودایان، یانژی لە ماڵان کۆدەبوونەوە و سەرگەرمی حیکایەت و بەیت گێڕانەوە و مەتەڵ لەیەکتر داهێنان دەبوون.. لەلایەکەوە بۆ زاخاوی مێشک و چالاکترکردنی، وەک ڕێیەک بۆ بیرکردنەوە و تاقیکردنەوەی ڕادەی بیرتیژی بەشداربووانی ئەو کۆڕە؛ لەلایەکی دیکەشەوە مەتەڵ هۆیەک بوو بۆ خۆ خەڵافاندن و دەمەتەقێ و بەسەربردنی شەوگاری دوور و درێژ.

ناتوانین بە تەواوەتی مەتەڵ بگێڕینەوە بۆ قۆناغێکی دیاریکراو لە قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵ و مێژوو. بەڵام ئەوەی دەتوانین جەختی لەسەربکەین ئەوەیە، کە مەتەڵ وەک بابەتێکی فۆلکلۆریی بەو سەردەمەوە پەیوەستە، کاتێک مرۆڤ توانی سەردەمی دڕندایەتی (الوحشیة) ببڕێت و پێ بنێتە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە. لێرەدا ئاسۆی بیری کراوەتر بوو.. توانی واز لەژیانی دوورەپەرێزیی بهێنێ و لە ئەشکەوت و قوولایی جەنگەڵستان خۆی ڕزگار بکات. وەها کە مرۆڤ بتوانێ ئاشکرا لەبەرانبەر مرۆڤی دیکەی هاوتوخمیدا خۆی دەربخات. کۆمەڵگەی سەرەتایی پێکبهێنێ و ببێتە خاوەنی زمانی سەربەخۆ.

ئێمە دەبێ هەردەم کە باسی مەتەڵ دەکەین جەخت لەسەر وشەو گەمەی زمان بکەین. چونکە مەتەڵ وشەکان بەپێی یاساو ڕێسای زمان ڕێزدەخات. بەشێوەیەک کورتبڕییان تێدابێت. وەک دەمامک وشە بەکاردەبات و لەپشت وشەکانەوە مانای دیکە هەن خۆیان مەڵاس داوە. هەروەک مەتەڵ دەتوانێ زمان دەوڵەمەندتر بکات و جیرپیی پێ ببەخشێ و بەمانا بارگاویی بکا.. بۆیە لێرەدا، دوای کۆڕو کۆمەڵگە پێکهێنان، پەیدابوونی زمان و بەکاربردنی زمان بەچڕیی مەرجی هەرە

سەرەکییە. مەتەڵ لەخۆیدا گەمەیەکی زیرەکانەی زمانە. پێویستی بە زمانێکی پێشکەوتووی پەرەسەندووی خاوەن ڕێساو ڕێزمان هەیە.

بەو قەرەنەی هەندێ جاران مەتەڵەکان (ئاژەڵ)یان کردۆتە ناوەرۆکی خۆیان، ئەوا ئێمە دەتوانین ئەو جۆرە مەتەڵانە بۆ ئەو سەردەمانە بگێڕینەوە کاتێ باپیرانمان بەچێوداریییەوە خەریک بوون و چارەواو باڵندەیان ڕام کردووە.

(قەلای گەچین
ڕێ نییە تێی چین)
واتە: هێلکە

(ماڵێ دیرد گەچ گەچینە
نەپا دیرد، نەپاچینە)
واتە: هێلکە، خایە

ئەو مەتەڵانەش، کە گاسن و داس و دەستاڕو ئاش و کەرەستەگەلی دیکەی کۆنی لەم بابەتانە دەکەنە ناوەرۆکی خۆیان، دەتوانین بیاندەینە پاڵ قۆناغی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ، وەک:

(خۆی لە شاخە، خۆراکی لە مالانە)
واتە: ئاش

(مردووی دەم بەش)
واتە: کەنوو

(تانجییە ڕەشەی ئەڵقە لەگوێ
خلە خلێتی لە دەوری دێ)





واتە: ساج

(سەوزە وەک شنگ، خڕە وەک دنگ)
واتە: شووتی

سەد قوتوو، سەمەن قوتوو
هەر سەد قوتوو، لەیەک قوتوو)
واتە: پیاز

(یەک پای لە دەشتێ،
دوو پای گەیشتێ،
خستییە سەر گازی پشتێ)
واتە: دروێنە

(ئاسۆیەکی نزمۆکە
لێی دەبارێ بەفرۆکە)
واتە: هێڵەک

لێرەدا بە ڕوونی دیارە، ناوەرۆکی ئەم مەتەڵانە بەژیان و ڕەنجی شان و دەرامەتی مرۆڤی کوردەوە وابەستەن. ئەو دەمەی کەوتۆتە سەر کشتوکاڵ و دەغڵ و دانی بۆ سالانی داهاتوو عەمبار کردووە. ڕەنگە هەر ئەوەیش پاڵی پێوەنابێ وەکو شتگەلێکی بەنرخ، کە مایەی دەرامەت و ژیانی بوون، لەتوێی ئەم مەتەڵانەدا جێیان بۆ بکاتەوە.

مەتەڵمان هەیە، مێژوویەکی نزیکی هەیەو بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، کە تفەنگ گەیشتۆتە کوردستان و بە تەواوی شەقڵی

ملانێی پێوە دیارە باس لەمەرگ دەکا وەک:

(لەلێم بەرزەو باریکە
قەبرە قووڵێم تاریکە)
واتە: تفەنگ

(شەو تاریکە، مل باریکە
من ناوێرم، تۆ دەنێرم)
واتە: گوللە

پرسی ئاینی ئیسلام و کاریگەریی لەسەر فۆلکلۆر بەگشتی، وەک باوەڕێکی پیرۆز، بەو مەتەڵانەدا بەدیار دەکەوێ، کە لەدەوری نوێژ و ڕۆژوو دەسووڕێنەوە و بەچاوێکی پڕ لە ڕێزەوە بۆی دەڕوانن. ئەمەشیان سادەیی دێهات نشینەکان و باوەڕی پتەویان بەئاینی ئیسلام دەردەخات. ئاینی ئیسلام بەقورئان و فەرموودە و ڕای ئیمامەکانەوە دەربڕو ڕەنگدانەوەی ژیانی چۆڵگەردو بیابان نشینە. وەختێ بەزەبری شمشێر گەیشتە دەڤەرەکە، ئیدی جێی بەئاینی کۆنی کورد لێژ کردو بووە بەشێکیش لەکلتوورمان و کاری لە ئەدەبی زارەکیشمان کردو نەخشی لەسەر هەموو کەلێنێکی ژیان دانا. سروشتی ئاینی ئیسلامیش وەهایە، دەستی خستۆتە ناو هەموو وردەکارییەکی ژیان، بەپۆشاک و بەڕێدا ڕۆیشتن و چوونە لای ئافرەتیشەوە..

(مەلێک هات بە هانە هان
شاپەڕ سپی، تیر و کەوان،





عیسا لە مووسای پرسی:
ئەو مەلە بۆ ڕۆیی بە برسی؟)
واتە: ڕەمەزان

(کاڵەکێکە دوانزە قاشە، یانزەی دەخورێ، یەکێکی حەرامە)
واتە: مانگی ڕەمەزان

(دووی لە خۆر، سێی لە سێبەر)
واتە: نوێژ

هەتا لە شار و شارستانییەت دوور بکەوینەوە، ڕووەو بەرزایی چیاو قووڵایی دۆڵەکان و تەختایی دەشتەکان بڕۆین و لە دێهات و ڕەشماڵی ڕەوەندە پەرت و بڵاوەکان نزیک ببینەوە، ئەوا دەتوانین زۆرترین دەقی فۆلکلۆر، بە مەتەڵیشەوە خڕبکەینەوە. چونکە ئەوان بەحوکمی ئەوەی لە هۆیەکانی کات بەسەربردنی شار و شارستانەوە دوورن، بۆیە ئەدەبە زارەکییە میللییەکەی خۆیان هێشتا هەر لەیادە و لە نێوەندەکەدا دەماودەم دەکا. لەکاتی بێکاری و پشوودا سەری خۆیانی پێ گەرم دەکەن. هەر بۆیەکا زۆربەی مەتەڵەکانیش لەدەوری ژینگە و گوزەرانی دێهات دەسووڕێنەوە. ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەموو ئەو مەتەڵۆکانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو دەکرێنەوە زادەی مەتەڵە کۆنەکانی ئەوسای سەردەمی چێوداری و کشتیاریی باوباپیرانەو لەنوێ دەهێنرێنەوە یاد. ژمارەیەک لەم مەتەڵانە، وەک ڕامان و سەرسوڕمان بەرانبەر بە گەورەیی ئینسان، ئەندامانی لەشی مرۆڤیان کردۆتە ناوەرۆکی خۆیان، وەک:

(سەربانێکە، بن بانێکە،
چوار بزن و شوانێکە)
واتە: دەست و پەنجەکان

(بە دوو ماڵ کۆڵەکەیەکیان هەیە)
واتە: لووت، کەپوو

(جووتێک گا هەیە، دەشت و دنیا دەکێڵن، کەچی گردۆڵکەیەک هەیە بۆیان ناکێڵرێ)
واتە: چاو، کە سەری خاوەنەکەی نابینێ

زۆر جاریش مەتەڵ بۆتە پرسیارێک، خشڵ و پۆشاک و کەلوپولی کوردەواریی لە دووتوێی خۆیدا حەشار داوە، وەک:
(هەتا ئێوارە سکی پڕەو ئێوارە بەتاڵە)
واتە: پێڵاو

(کاتێ بەستتەوە دەڕوات، کەچی کاتێ بەرەڵڵات کرد دەوەستێ)
واتە: پێڵاو

(کە دوانت هەڵکرد، چواری لێ بەردەبێتەوە)
واتە: چاکی کەوا

بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد لە سەردەمی چێوداری و کشتوکاڵدا، لەو کەرەسەو ئامێرە ساکار و سەرەتاییانەی، کە ڕۆڵێکیان لە پێشخستن





و بەرهەمهێناندا هەبووە و ژیانیانی پێوە بەند بووە، کارێکی کردووە بیانکەنە بابەتی مەتەڵ.
(سەرێکی ئاسنە، سەرێکی دارە
دەنووکێکی ڕێک، دەنووکێکی خوارە.)
واتە: تەشی

(خولخولۆکەیەکە دەستت بەساقی
جا بێرە دیار گەمەو مەزاقی.)
واتە: تەشی

باپیران ڕۆژانە بەرەوڕووی خۆری بەتین و ڕووناک بوونەتەوە؛ شەوانەیش بەمانگ و ئەستێرەکان سەرسام بوون و پەییان بە هۆکاری ئەم ئاڵوگۆڕە سروشتییە نەبردووە، هەروەک پەییان بەسۆنگە و نهێنییەکانی دەیان دیاردەی دیکەی سروشتی، کە بەبەر چاویانەوە ڕوویان داوە نەبردووە. واقیان ورماوە و سەراسیمە بوون. بۆیە بیرکردنەوە و ڕامان لەم دیاردانەی وا بەردەوام لە ژینگەکەیاندا دووبارە بوونەتەوە دنەی داون تاکو بیانکەن بە بابەتی مەتەڵ. لەڕاستیدا خودی دیاردەکانیش لەزەین و دیدی ئەواندا زنجیرەیەک مەتەڵ بوون و ئەمان لای خۆیانەوە هەوڵیان داوە هەڵیان بێنن و لێرەوە بگەنە ڕاستیی و پەی بەنهێنیی دیاردەکان ببەن. لێرەوە، لەم پەنجەرە بچووکەی ژانری مەتەڵەوە ویستوویانە بگەنە حەقیقەتی سروشتی پڕ لە نهێنی، وەک:
(شاڵینەیەکە، پڕە لە کاری پۆش)

واتە: ئاسمان و ئەستێرەکان

(ئاردی بێژراوەی هێڵەک نەدیتوو.)

واتە: بەفر

(سەری لە ئاسمانەو قاچی لە زەوی)

واتە: خۆر و تیشکی خۆر

هەندێ جاران مەتەڵی کوردەواری خۆی لەبابەتی قووڵەوە دەئاڵێنێ، کە پێوەندیی بە دوارۆژو سەرەنجامی خودی مرۆڤەوە هەیە. گەلێک جارانیش مەتەڵەکان دەبنە پرسیاری قەبەو دەم لە پرسی گەورە گەورەوە دەدەن. وەک ڕامان لە تەمەنی مرۆڤ و هەستی نەسرەوتن و بەرەوپێشەوە چوونی شتەکان، وەک:

(هەتا درێژ بێ کورت دەبێتەوە)

واتە: تەمەن

(هەر دەڕوات و لا ناکاتەوە)

واتە: ئاو

جاری وەهایش هەیە، مەتەڵەکان ئەو گیاندار و ڕووەکانە دەگرنە ئامێز. کە جوتیاری کورد لەگەڵیاندا ڕاهاتووە و ئاشنایان بووە. دیارە ئەمەیش وردبینی جوتیار و پێوەندیی بەتینی لەگەڵ سروشت و دەوروبەرەکەیدا نیشان دەدا.

(چل کەنوو، لەسەر کەنوو





هەر چل کەنوو، دەرگام هەنوو)

واتە: قامیش، نەیچە

(هەر دەڕوات و پشتێن دەبەستێ)

واتە: قامیش، نەیچە

(سنگی داکوتراوی کوتەک نەدیتوو.)

واتە: کنگر

(لەدوور مەیۆ، لەدوور مەیۆ،

گرمەی بەرانە سوور مەیۆ)

واتە: زەردەواڵە (هەورامییە)

(ئەسپە کەوەی کەچەڵخان،

دەلیابڕەو بێ سووقان.)

واتە: زالوو

هەروەها کەرەستە و پێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان کردووە بەمەتەڵ بیریشیان لەڕەخت و زەمبەری ولاخیش کردۆتەوە. هاتوون بەشێوەیەکی جوان و شارراوە، لەتوێی چەند وشەیەکی کەمدا، تارایەکی زیرەکانەیان بەسەردا داوە. بەڕادەیەک، پێویستیی بەگوێگری هوشیار و بەگەڕخستنی زەین هەبووە تاکو ئەو تارایە لابدات و مەتەڵەکەی ژێری هەڵبێنێ.

(قەلای گۆشتین

پلیکانەی ئاسنین)

واتە: ولاخ و زین

(چوومە حەوش،

وتم وەستا بۆم بکە کەوش،

نە بەدەرزی و نە بەدرەوش)

واتە: ئاوزەنگی

مەتەڵمان هەیە بە هەرێمێکی جوگرافیایی دیاریکراو تایبەتە. هەر بۆ ئەوێش ڕۆنراوە و گوتراوە. ئەمجا بەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە.. بۆ نموونە:

(گلۆڵەی بایە، تێم هەڵدایە، قەت نەبڕایە)

کە مەبەستی پێ (ڕێگە) یە. هەرچەندە بەوشەکاندا تەواو بۆمان دەردەکەوێ کە بەدەشتی هەولێر تایبەتە، لە هەمان کاتدا چاک لەگەڵ ناوچەکەدا گونجاوە، لەوێندەرێ چونکە دەشتەو تەختاییە (ڕێگە) نایەتە کۆتا. تۆ وەک ڕێبوارێک لەتافی سەفەردا، گوندەکەت لەبەرچاوە و جوان دیارە، کەچی وەکوتر هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ. بەڵام لە هەرێمە شاخاوییەکاندا تەواو بەپێچەوانەوەیە.. چونکە بەزۆریی گوند لەنەدیوییەو بە بەرچاوەوە نییە. ڕێبوار دوای چەند هەورازو نشێوێک، لووتی بەلووتی دێوە دەتەقێ و دەیگاتێ. ئەوسا وەک مژدەیەکی خۆشی بدەنێ ئاهێکی تێدەگەڕێ؛ چونکە دەگاتە شوێنی مەبەست. دیارە ئەم مەتەڵەی سەرەوەش بۆ پێش پەیدابوونی ئوتومبیل لەکن خۆمان دەگەڕێتەوە.





کاتێ دەڵێین مەتەڵ، خاوەنەکەی نەناسراوە و موڵکی ئەو گەلەیە. ئەمەیش وەک هەموو لقەکانی دیکەی فۆلکلۆر، ئەوە ناگەیێنێ، کە بێ خاوەنە. چونکە هەموو پارچە شیعرێک، هەموو پەندو مەتەڵێکیش خاوەنی خۆی هەیە. لەبەر تۆمارنەکردنێتی، کە نازانین هی کێیە. دوای ئەوەیش هونەرەکە بۆ تێکڕای ئەو گەلە دەگەڕێتەوە. چونکە پشتاوپشت پاراستوویەتی. دەماودەم گەیاندوویەتی و لێی زیادوکەم کردووە.. لە فۆرمێکی هونەریی جوانداو بەڕەوانبێژییەکی دیارەوە پاراستوویەتی و لە فەوتاندن ڕزگاری کردووە. هەر بۆیەکا داهێنانەکەیش بۆ ئەو گەلە دەگەڕێتەوە. نەک بۆ تاکێکی دیاریکراو.

پێویستە ئەوەشمان لەیاد بێ، دانیشتووی نێو کۆشک و تەلارەکانی لای خۆمان هەمیشە سوودیان لە سازو ئاوازی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ وەرگرتووە، کە بریتی بوون لە شایەر و قسەزان، لە شمشاڵی شوانی شەوبەکێو.. بە تایبەتی لەلای ئێمە موسیکی نوێ و دروست بوونی تیپە هونەرییەکان تەمەنێکی کورتیان هەیە.. هەروەها بەیتبێژو شایەر و گۆیندەکان و داهێنەرانی مەتەڵیش هەر سەربە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بوون. هەندێ جاران هونەرەکەیان بۆ چینی بالادەست بووە. ئەمانە لە دیوەخاندا لێی کەوتوون، مووچەو بەراتیان بۆ بڕاوەتەوە و ئیتر گوێیان لێ خەفاندووە. تاکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی جوتیارانی لای خۆماندا، چ گۆرانیبێژ و چ دەهۆڵکوت، چ زوڕناژەن، هەژار و پاڵە و شوانن.

مەتەڵیش، وەکو بابەتەکانی دیکەی فۆلکلۆر، لە فۆرمێکی نەگۆڕدا نامێنێتەوە. بەڵکو لەگۆڕانی بەردەوامدایە. چونکە تۆمار نەکراوە. بەڵکو بەهۆی بیستنەوە، دەماودەم و پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ

ئەوەیەکی دیکەو لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە هاتووە تاکو گەیشتۆتە ئەوەی ئەمڕۆ و بەم شێوەیە بوونی خۆی پاراستووە. هەر لێرەشەوەیە، هەرکەسەو لای خۆیەوە بەپێی سەلیقەو ئارەزووی خۆی لێی زیادوکەم کردووە. بەڵام ناوەرۆکەکەی پاراستووە.. دەکرێ بڵێین: ئەو مەتەڵەی مامۆستا مەسعود محەمەد بەنموونە هێناویێتییەوە؛ لەگەڵ ئەم نموونەیەدا، لە سەرەتادا یەک شت بوون: (دووی لە خۆر، سێی لە سێبەر)

بەڵام بەهۆی دەماودەمەوە پەڕیوەتە ناوچەی کۆیەو لەوێندەرێ لق و پۆی لێ بۆتەوە. لێی زیادوکەم کراوە، هەتا وەک ئەوەی مامۆستای ناوبراوی لێ هاتووە.. با خوێنەر، سەرنجی ئەم مەتەڵانەی ناوچەی سلێمانی بدات و دوو دوو لەگەڵ هی ناوچەکانی دیکەدا بەراوردیان بکات؛ تاکو بزانێت چ گۆڕانێکیان بەسەردا هاتووە.

(چوومە چەمی چەقان،
چەقەڵ چەڵتووکی دەتەقان.)

(چەقەڵی چەمی چەقان،
چل دەنک چەڵتووکی بەدەنووک تەقان.)

(سوارێ هات لەولاوە،
سێ توورەکە بەدواوە،
یەکێ موو، یەکێ توو، یەکێ ....
چنگم دا لەموو، قەپم دا لەتوو، لەقەم دا لە ...)

(سوارێ ئاما جە ئاشۆ،





سێ توورەکە ها بەپاشۆ،
یەکێ موی، یەکێ توی، یەکێ ...
چنگم دا لەموی، قەپم دا لە توی، لەقەم دا لە ....)

دەتوانین مەتەڵ بکەین بەدوو بەشی سەرەکییەوە. ئەو مەتەڵانەی پێشوو سەر بەبەشی یەکەمن، کە بۆ زاخاوی مێشک و هەڵهێنانی ئەو مەبەستە نهێنییەی لە ناوەرۆکی مەتەڵەکەدایەو گوێگر بۆ بیرکردنەوە و ئەنالیزە هان دەدا، تاکو مەبەستەکەی بدۆزێتەوە.

ئێستا دەتوانین لەم بەشی یەکەمە، کە بۆ زاخاوی مێشک بوو، لقێکی دیکە جودا بکەینەوە.. ئەمەش ئەو جۆرەیان دەگرێتەوە، کە بریتییە لە ڕستەیەکی کورت و چڕ، جگە لەواتا ئاشکراکەی، کە هەموو کەسێک دەرکی پێدەکات، واتایەکی دیکەی شاراوەشی هەیە. هەتا بەباشی لێی وردنەبیتەوە، نایگەیتێ و دەرکی پێ ناکەیت. هەر ئەمەشیان مەبەستە. لەم جۆرەیاندا هونەر و وەستایی لە وشەسازیدا هەست پێ دەکرێ. هونەرییەو زیاتر لە ئەدەبی نووسراو نزیک دەبێتەوە. بەتایبەتی ئەو وشانە وەک ڕەگەزدۆزیی (جناس) بەکار دەهێنرێن و پتر لە واتاو مەبەستێکیان لە خۆیاندا کۆکردۆتەوە. دیارە ئەم جۆرەیان زادەی بیری کەسانی زیرەک و زمانزانن.

(سەگی گەڕ گۆشتی دەخورێ)

(پیاوێک بوو چل کوڕی بوو، وەجاخی کوێر بوو)

(بیی تەڕ تاڵە.)

(قەل فڕی، گۆزەڵە بەقنگەوە)

(لەسەر ئەو چنارە، کانییە)

لەم دوو نموونەیەی کۆتاییدا هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆ لەنێوان چنار و کانی و قەل و گۆزەڵەدا نییە. ئەوەندە نەبی وەک داهێنەرەکەی ویستبێتی سەر لەگوێگر تێکبدات. بەسەرێکی دیکە، دوو دەستەواژەی (چنار و کا، یاخود کانی) و (قەل دەفرێ و گۆزەڵە لەسەر بنکەکەی دادەنرێ) ی هێناوە، دوای ئەوەی مۆنتاجی کردوون واتە بەیەکەوەی گرێداون، مانای نامۆی نوێی لێ دروست کردوون، بیستەر بە ئاسانی ناتوانی بچیتەوە سەر سەرەتاو بناغەکەیان. چونکە لەیەکەمدا وەها بەدیار دەکەوێ چنارێک هەبێ کانییەک لە لقەپۆپەکەیەوە هەڵبقوڵێ! لە دووەمیشدا پێدەچێ قەلێک فڕیبێ، گۆزەڵەیەک بەکلکییەوەبێ! کارەکەیش زیاتر لە مۆنتاجی سینەمایی دەکات.

ڕێکەوتێکی سەیرە کاتێک سیرجی ئیزنشتاین، لەباسی مۆنتاجدا نموونەیەک لە مەتەڵی فۆلکلۆریی لەمەڕ خۆیان دەهێنێتەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: (قەلەکە فڕی، کاتێ سەگەکە لەسەر کلکی دانیشتبوو.)(٢٨) کاتێ بە خێرایی ئەم مەتەڵە گۆدەکەی، وەهای بۆ دەچیت، لەکاتی فڕیندا، سەگەکە لەسەر کلکی قەلەکە بووبێ. کەچی لە ڕاستیدا ئەو دوو ڕووداوە، واتە فڕینی قەل و هەڵتووتانی سەگ لەسەر کلکی، هیچ پێوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بەڵکو فێڵی سینەمایە، یان بابڵێین بەهۆی هونەری مۆنتاجەوە دراونەتە دەم یەک. تەواو وەک پێوەندیی نێوان چنار و کانی و قەل و گۆزەڵەکەی لەمەڕ خۆمان.

بەشی دووەمی مەتەڵ، ئەو جۆرەیانە، دوای ئەوەی گوێگر دەیبیستێ، داوای لێ کراوە بەخێرایی دووبارەو سێبارەی بکاتەوە. بۆ ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەک زمان پاراوە. داخۆ دەتوانێ ڕەوان و بێ هەڵە بیڵێتەوە و تێنەکەوێ.. ئەم مەتەڵانە بەجۆرێکی ئەوتۆ داڕێژراون، ئەگەر





کەسێک خاوەنی زمانێکی بێ گرێ و پاراو نەبێ، ئەوا دەمی تێکەڵ و پێکەڵ دەبێ و تێدەکەوێ.

گریمان پەند، داستان، فۆلکلۆری خۆراک، پۆشاک، کاسەو کەوێل، مەشکەمەڵان و تەنانەت شیعر و ئاوازو موسیکی فۆلکلۆریمان لەژێر کاریگەریی فۆلکلۆری نەتەوەکانی دراوسێ و دەوروبەردان، یان لە بناغەوە فۆلکلۆری میللەتان بەهۆی شەڕوشۆڕو بازرگانی و... هتد بەیەکدا چوون و لەیەکەوە نزیکن. ئەوا بۆ مەسەلەی مەتەڵ؛ بە تایبەتی ئەم بەشەیان؛ دەتوانین بڵێین مەتەڵی کوردیی ڕەسەنەو لەکاریگەریی دەوروبەرەوە بەدوورە. چونکە زیاتر بریتییە لە گەمەی زمان و کارکردن لە زمانێکی تایبەتیدا. زمانی هەر میللەتێکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە. گەمەیە بە وشەو بە تایبەتکارییەکانی ڕێزمان و ڕستەسازیی زمانی کوردییەوە پەیوەستە.. ئەم جۆرە مەتەڵە بەمەبەستی خۆ خڵافاندن و کات بەسەربردن دادەهێنرێ. ئەمانەی لای خوارەوەش چەند نموونەیەکن:

(چوومە ماڵی ڕەشەی ڕەشماغە
وتم بەژنی ڕەشەی ڕەشماغە
کوانێ ڕەشمەی ماینی ڕەشەی ڕەشماغە؟)
(ئافەرین لە دایکەی پێنج پەز کوژم)
(سێ تەشت مزاش مشت مزاش)
(ساج و شازێ، کەوجێزو شەمسێ)
هەورامییە، واتە: (ساجی شازە و کەوگیری شەمسە)
(دایکی دایکم، شەکە سەر ڕەش)
(سابرێنە گەورەی ڕیش درێژ،

ڕیشم گرت و لێی هەڵاتم،

ڕیشی گرتم و لێی هەڵاتم)

***

ژمارەیەک مەتەڵی هەورامی:

(ئیلاش پەرچین ئەولاش پەرچین، دلێراسەکەش گوڵی چین چین.) (چاو)

(لەیلێم بەرزەو باریکە، قەبرەم قووڵەو تاریکە) (تفەنگ)

(زەنگەنە قوڵەم چاڵی کەنۆ) (چکەی سەربان)

(چیرش قورئانا سەرش ئاسمانا) (کوارگ)

(ئەگەر ژیرەنی ئەقڵ جەویرا، چادلی مەلانە کامشا بەشیرا؟)

(شەمشەمەکوێرە)

(هەر ملی هەر مەیاویش بەنە) (سێبەر)

(مێروار کارش هەن ملۆ سەربارش هەن) (کەوچک)

(گەرمش کەریۆ بیۆ) (هێلکە)

(مشتێن پڕو دەشتێن. یان گیرەش مشتێن وەرش دە دەشتێن.) (نەوس)

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەناوی (لاوک)ەوە، بە دوو بەش، لە ژمارەکانی یەکەم و دووەمی گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) ساڵی چوارەم، ١٩٨٠دا، بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوەکان:

١- الكزاندر هجرتي كراب، علم الفولكلور، ت:.. صالح، القاهرة ١٩٦٧، ص/١٧

٢- نفس المصدر، ص/٣٢٥

٣- نفس المصدر، ص/٣٢٦





٤- عبد الحميد العلوچي و نوري الراوي. المد... العراقي، بغداد ١٩٦٢، ص/٣٠

٥- الدكتور محمد الجوهري، علم الفولكلور، ١٩٧٥، ص/٣٣٣ ـ ٣٣٤

٦- نفس المصدر، ص/٣٣٥

٧- عطا رفعت، الالغاز والحزر الشعبية، مجلة العدد، (٨)، ١٩٧٧

٨- هەزار و یەکشەوە، (الف ليلة وليلة) هەر چاپێکی بێ، شەوی (٤٤٨)ەم.

٩- ئۆسکارمان، تحفەی مظفریە، ... ساخکردنەوەی: هێمن موکریانی، چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥، بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ، ل/١٣٦

١٠- هەمان سەرچاوە، ل/١٣٧

١١- نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر، سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە، ١٩٦١ چاپخانەی إرشاد، بەغدا، ل/٢٣

١٢- هەمان سەرچاوە، ل/٢٥

١٣- جەمال بابان، قسە هەزارە دوانی بەکارە، دەفتەری کوردەواری، ژمارە، (١)، بەغدا، ١٩٧٠، ل/٦٤

١٤- دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، ١٩٧٠، ل/١٥٩

١٥- هەمان سەرچاوە، ل/١٦٠

١٦- هەمان سەرچاوە، ل/١٦١

١٧- هەمان سەرچاوە، ل/١٦٠

١٨- جەمال بابان، پەروەردە و زانست، ژ(١)،ساڵی(١)، بەغدا، ١٩٧١، ل/٦٩ـ٧٠

١٩- محەمەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری، کەرکووک، ١٩٧١، ل/١٥٦

٢٠- هەمان سەرچاوە، ل/١٧٨

٢١- هەمان سەرچاوە، ل/١٨٠

٢٢- بەیان، ژ(١٣)، بەغدا، ١٩٧٤، ل/٣٣

٢٣- تۆما بوا، مع الاكراد، ترجمة: آواز زنگنة، بغداد، ١٩٧٥، ل/١٣٦

٢٤- محمد توفيق وردی، نماذج من التراث الشعب الكردی، نجف، ١٩٧٥، ص/٦١

٢٥- د. شوكريه ڕەسووڵ، مێژووی لێكۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردی و هەڵسەنگاندنی و ئەو كارانەی تا ئێستا لەو مەیدانەدا كراون، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی چوارەم، بەغدا، ١٩٧٦، ل/١٦٨

٢٦- مەسعود محەمەد، بەشی دووەمی فۆلكلۆر، بەیان، ژ(٣٥)، ١٩٧٦، ل/١٢

٢٧- سەردار فەتاح، ڕۆژنامەی عیراق، ژ(٤)، بەغدا، ١٩٧٧

٢٨- سيرجي م. إزنشتاين، الاحساس السينمائي، تعريب، سهيل جبر، بيروت، ١٩٧٥، ص/١٣


تێبینی: كاتی خۆی ئەم بابەتەم بەدوو بەش، بەناوی (لاوک)ەوە، لە گۆڤاری ئاسۆی زانكۆییدا بڵاو كردۆتەوە.

سەرچاوە: ئاسۆی زانكۆیی، ژمارە (٢)ساڵی (٣) (آفاق جامعية، العدد الثاني، السنة الثالثة)



## پێڕست


ئەحمەدییەی حەڵەب ........ 5

شۆرتیز ژانرێكی نوێیە ........ 16

هێمن و بۆنی غەریبی ........ 40

گفتوگۆیەک لەگەڵ هێمنی موكریانیدا ........ 66

چرا پرشنگهاوێژەكانی شاكەلی ........ 71

شار ڕۆمان دەقی شارە زێدی ڕۆمانە ........ 75

پشتئاشان، كاتێ جەنگی ناوخۆ دەبێتە بابەتی ڕۆمان ........ 90

وەک زمان بونیادێكی زیندووە، وەک ئامێر بۆی مەڕوانە ........ 110

تۆش شیعر دەنووسی ........ 131

شێركۆ تالیب، دەنگێكی تر، ڕەنگێكی تر ........ 150

گۆرانییە شانەهەڵتەكێنەكان ........ 155

دنیا لە بەهەشت جوانترە ........ 160

ڕۆشنبیر لە جڤاكی داخراودا ........ 174

هەندێک لە پرۆبلیمەكانی ڕۆشنبیری كورد ........ 186

كورد میللەتێكە دەنووسێ بەڵام ناخوێنێتەوە ........ 192

ملوانكەیەک مەتەڵی فۆلكلۆری ........ 201